زانكۆی گەشە پێدانی مرۆیی
كۆلێجی زمان

# چەند یاسایەك لە قورئانەوە

نوسینی: د. موحەممەد راتب نابولسی

وەرگێڕانی:
دەستەیەك لە خوێندكارانی بەشی عەرەبی / كۆلێجی زمان

سەرپەرشتی و پێداچوونەوەی:
د. فاتیح سەنگاوی

# چەند یاسایەك لە قورئانەوە

نوسینی د: موحەمەد راتب نابولسی

وەرگێڕانی:

مەریەم لەتیف    نەوال کەریم    هیرۆ موحەمەد

گوڵەهێرۆ فەتحوڵا    سەباح موحەمەد    حەیدەر حەمەسور

سەرگول عەلی حەمە    سۆزان عەسکەر    پەروین عومەر کاکە

ئارام فەتحوڵا    رەوەند شێروان

سەرپەرشتی و پێداچونەوەی

د. فاتیح سەنگاوی




**ناوی كتێب: چەند یاسایەك لە قورئانەوە**

**نوسەر: د: موحەممەد راتب نابولسی.**

**وەرگێرانی: دەستەیەك لە خوێندكارانی كۆلێجی زمان**

**سەرپەرشتی و پێداچونەوەی: د. فاتیح سەنگاوی**

**چاپخانە: ئەی تو زێد بۆ چاپەمەنی و ئایتی**

**نۆبەتی چاپ: یەكەم**

**ساڵی چاپ: ٢٠١٨**

**ئەم كتێبە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی كتێبخانە گشتییەكان**

**ژمارەی سپاردنی (١٠٩٣) ساڵی ٢٠١٨ دراوەتی**

# دەستپێك

زۆر جار خوو گرتن بە جۆرێك لە ژیان، بە جۆرێك لە بیرکردنەوە و کارکردن، تەنانەت نەخشە و پلان دانانیش دواتر چەقبەستوییەك بەرهەم دەهێنێ کە ئاسان نییە تێیپەڕێنین، هەندێك جار مۆرکی نەگۆڕیی پێ دەبەخشین، ئەمە نەك لە نێوکۆمەڵگەدا بەڵکو زۆرجار لە ناوەندە ئەکادیمی و زانستییەکانی ئێمەشدا باوە. ئەگەر نموونەیەك بهێنمەوە، توێژینەوەی دەرچوون( **بحث التخرج** ) لە زۆرینەی زانکۆکانی ئێمەدا بۆ چەندین ساڵە شێوازێکی نەگۆڕی وەرگرتووە، کار گەیشتوەتە ئەوەی هەندێك جار خوێندکار بەدوای شتی ئامادە و بگرە دزینی بەرهەمی خەڵکی تردا وێڵ دەبێت، هەر بۆیە زۆرجار بیرم لەوە دەکردەوە چۆن کارێك بکرێت جیاواز بێت لەوەی هەیە و ئەو گۆمە مەنگە بشڵەقێنرێ، ساڵی٢٠١٤-٢٠١٥ لە بەشی زمانی عەرەبیدا پێشنیاری ئەوەم کرد سەرپەرشتی کردنی ئەو بەشەی بە من دەسپێردرێت بریتی بێت لە پرۆژەی وەرگێڕان(بەو پێیەی وانەی زانستی وەرگێڕانم دەوتەوە)، دوای داواکردنێکی فەرمی بە سوپاسەوە خواستەکە هاتەدی و ڕەزامەندی دەربڕا، بۆ ئەو ساڵە سەرپەرشتی وەرگێڕانی کتێبێکی فەرهەنگی زمانەوانی و وێژەییم کرد، هەرچەندە نەتوانراوە تا ئێستا ئەو بەرهەمە پاکنووس بکرێ و بەچاپ بگەیەنرێت، بەڵام ڕەچەشکێنییەکی باش بوو لەو بوارەدا، لە ساڵی داهاتوشدا کارێکی هاوشێوەمان ئەنجامدا، بەردەوام بووین تاوەکو لەساڵی ٢٠١٦-٢٠١٧ بە فەرمی ئەم جۆرە پرۆژانە و هاوشێوەکانی لە لایەن کۆلێژی زمانی زانکۆی گەشەپێدانی مرۆییەوە پەسەند کرا(پێشتریش لەلایەن کۆلێژی یاساو رامیارییەوە رچەشکێنیەك ئەنجام درابوو) و ڕێژە و قەبارەیەکی باشی پرۆژەکانیش بەر وەرگێڕان کەوت، لەو ئەندازە خوێندکارەی سەرپەرشتی کردنیان

کەوتە ئەستۆی من، کارمان لەسەر دوو پرۆژە کرد، یەکێکیان بریتی بوو لە:(**قوانين من القرآن الكريم**) د. **راتب النابلسي** بوو، بەو پێیەی کتێبێکی ئاسان و بەسوود بوو، ئەویتر(**الحكم الصباحية**)**ی د.علاء الدين جنكو** بوو، بەو پێیەی چەندین پەندی کورت وچڕ و گوشراوی لە خۆی گرتبوو...

دیارە ئاستی خوێندکارەکان جیاواز بوو، هەربۆیە دوای پێداچونەوە و راستکردنەوەش هەست بە هەندێ جیاوازیی دەکرێت، هەرچەندە هەوڵێکی زۆرم داوە کەم ببێتەوە و زۆرجار لە داڕشتنەوەی وەرگێڕانەکەشدا هاوکاریم کردوون، هەر بۆیە دەکرێ جگە لەسەرپەرشتی کردن بە هاوبەشێکی وەرگێڕانەکەش ئەژماربکرێم...

لەم وەرگێڕانەدا خوێندکارانی بەڕێز جگە لە فەرهەنگی زمان، بۆ وەرگێڕانی ئەو ئایەتانەی هەن پشتیان بە تەفسیرە کوردییەکان بەستووە، جگە لەهەندێ دەستکاری کە ناوکۆ و سیاقی ئایەتەکان خواستویەتی.

بەرهەمە وەرگێڕاوەکە لە بناغەدا بریتییە لەچەندین وانەبێژی زارەکی کە دواتر گواستراوەتەوە بۆ سەر زمانی نوسین، ئەم تایبەتمەندییەش وای کردووە لە هەندێ شوێندا بە تایبەت لەکاتی جەختکردنەوەدا ئایەتەکان دووبارە هێنانەوەی تێدا بێت، بەو پێیەی دکتۆر نابلسی ڕووی لە گوێگر و بینەرانە نەك خوێنەران، وەکو ناوەڕۆکیش دەکرێت بە بەرهەمێکی باشی ئەژمار بکەین لە بواری تێگەیشتن لە قورئان و یاساگەلێك لەو بوارەدا بۆ ئاستێکی سەرەتا و مام ناوەند، هیوادارین بەم کارەمان دوای ڕەزامەندی خوای گەورە، سودێکمان گەیاندبێت بە خوێندکاران و دواتر خوێنەرانییش، سەرفراز و سەرکەوتوو بن.

**فاتیح سەنگاوی**

**سلێمانی ٢٧-٦-٢٠١٧**

# پێشەكی

لەناخی هەموو مرۆڤێكدا ژیری هەست بەشتەكان دەكاتو دڵێك هەیە خۆشویستنی پێ دەردەبڕێت، لەهەمان كاتدا خاوەنی جەستەیەكی جوڵاوە، جا ژیریەكە بەدەوری ڕاستیەكاندا وێڵە، دڵیش هەستو خۆشەویستی دەردەبڕێ، مرۆڤایەتیش هەر لەئادەمەوە تاڕۆژی دوایی ژیری و هەست بەرهەم دەهێنن.

ئەو ژیریو هەست پێكردنەی كەبەرهەمی مرۆڤایەتییە، زانایان كردویانە بەسێ بەشەوە: زانست، فەلسەفە، هونەر.

زانست ئەوەیە كەئێستا بوونی هەیە، فەلسەفەش ئەوەیە كەپێویستە ببێ، هونەریش ئەوەیە كەچێژدارو خۆشی بەخشە. بەڵام ئاین بەرهەمێكی زەمینی نییە، كلتوریش نییە لەبەرهەمی مرۆڤیش نییە، بەڵكو نیگایەكە لەلایەن خواوە كەجیاوازیەكی كرۆكی هەیە لەنێوان ئەو دوو نیگایەدا، قورئانو سوننەتی پێغەمبەر(درودی خوای لەسەربێت) لەگەڵ بەرهەمی ژیری و هەستەوەریەكانی مرۆڤ (*).

زانست ئەو وەسفەیە بەبەڵگەوە پڕاوپڕ بێت لەگەڵ دۆخدا، بەڵام یاسا پەیوەندیەكی نەگۆڕە لەنێوان دوو گۆڕاو دا، لەگەڵ واقع دا تەواوو سازە، بەڵگەش بۆئەمە هەیە و یەكلایی كراوەتەوە، جا ئەگەر لەگەڵ واقعدا یەكسان نەبوو ئەوا نەزانینە... خۆئەگەر بەڵگەی لەسەر نەبوو ئەوا چاولێكەرییە، خۆ ئەگەر یەكلایی نەكرابێتەوە ئەوا دەبێتە خەیاڵو دوودڵیو گومان ئەم قورئانە مەزنەی كە

---

(*) بەڵام زۆر جار لەڕێگەی كلتوری ئیسلامیو خوێندنەوەی دەقەكانەوە بۆچونە مرۆییەكان تێكەڵ بەتێگەیشتنی قورئانو سوننە دەبن لەڕێگەی فیكرو فیقه و بوارەكانی تری زانستە ئیسلامیەكانەوە، هەربۆیە گرنگە وەحی و تێگەیشتن لەوەحی لێك جیابكرێنەوە (وەرگێڕ).

لەبەردەستمانایە لەلایەن خواوەیە، ئایا مامەڵە کردن لەگەڵیدا شێوازێکی زانستیانەیە یان نازانستی؟!. چەند یاساو پەیوەندیەکی نەگۆڕ هەیە لەنێوان دوو شتدا، جالەبەر ئەوەی لەقورئاندا یاسای نەگۆڕ هەیە، کەواتە مامەڵە کردن لەگەڵیدا زۆر ئاسانە، ئێستا شارستانییەتی مرۆڤایەتی هەمووی لەسەر چەند یاساو پەیوندیەکی نەگۆڕ بەندە، یاسا گەلێکی بەربڵاوو گشتگیرە پشت بەخوای گەورە لەم پەرتوکەدا هەوڵ دەدەین هەندێ لەو یاسا قورئانیانە تاووتوێ بکەین، هەندێ لەموسڵمانانی ئەمڕۆ بەو جۆرە مامەڵە لەگەڵ قورئاندا ناکەن، کەچەندین یاساو ڕێسای تێدا بێت، بەڵکو وامامەڵەی لەگەڵدا دەکەن کەتەنها پەرتوکێکی پیرۆزە و بەس.

مامەڵە کردن لەگەڵ قورئاندا بەویستو ئاواتخوازی مرۆڤ نییە، بەڵکو بەجێبەجێ کردنی یاساکانیەتی، بۆ ڕوونکردنەوە: ڕێك ئەکەوێت کارمەندێك بیت لەدامودەزگایەکدا کەسیستەمێکی توندوتۆڵ ئەیبات بەڕێوەو چەند ڕێو شوێنێکی دیاری هەبێت بۆزیاد کردنی موچەو پلەو بۆسزا دانیش هەرکەسەو لاپەڕەیەکی تایبەت بەخۆی هەبێت لەم دامەرزاوەیەدا. مامەڵەی زانستی لەگەڵ بەڕێوەبەری ئەم دەزگایە یاخود لەگەڵ سیستەمەکانی ئەم دامەزراوەیە زۆر ئاسانو بێ کێشەیە بەڵام ئەگەر مامەڵە کردنەکە بەپێی خواستی شەخسیو حولحولیانە بێت ئەوا زۆر بێزارکەروماندوکەرە، (سُنَّةَ اللَّهِ فِي الَّذِينَ خَلَوْا مِن قَبْلُ وَلَن تَجِدَ لِسُنَّةِ اللَّهِ تَبْدِيلًا)(الأحزاب: ٦٢)، واتە:(دژایەتی ئەو دوو ڕووانە) لەبەرنامەی خودایە، لەڕابردوشدا ئەنجام دراوە، هەرگیز گۆڕاناکاری نابینی لەیاساو بەرنامەکانی خوادا[1]، (سُنَّةَ مَن قَدْ أَرْسَلْنَا قَبْلَكَ مِن رُّسُلِنَا وَلاَ تَجِدُ لِسُنَّتِنَا تَحْوِيلاً)(الإسراء:٧٧)، واتە:(باوێکە (لەئێمەوە) بۆئەوانەی کەناردومانن

---

[1] تەفسیری ئاسان، بورهان محمد أمین، دار النشر إحسان، ط ١، ٢٠٠٤، ایران،قم،ص ٤٢٦.

لەپێغەمبەرانمان پێش تۆ، باوو یاسای ئێمەش گۆڕانی بەسەردا نایەت)[٢]، لەقورئاندا یاسای نەگۆڕ هەیە، کەهەرگیز ناگۆڕێتو جێگۆڕکێی پێناکرێت، ناوەسترێنرێت، لەکارناخرێتو هەموار ناکرێت، بۆی زیاد ناکرێو لێی ناسڕدرێتەوە.

موسڵمانان لەسەردەمی دواکەتوو بونیاندا، مامەڵەیان لەگەڵ ئەم یاساو ڕێسایانەی قورئان دا نەکردووە، بەڵکو تەنها وەکو پەرتوکێکی پیرۆز مامەڵەیان لەگەڵ کردووە، پاشان دەستیان کردووە بەئاواتخواستن لەخوای گەورە، خوای گەورە فەرموویەتی:(لَّيْسَ بِأَمَانِيِّكُمْ وَلا أَمَانِيِّ أَهْلِ الْكِتَابِ مَن يَعْمَلْ سُوءًا يُجْزَ بِهِ)(النساء: ١٢٣)، واتە:(پاداشتو ڕێز و نرخ، نەبەئارەزووی ئێوەیەو ونەبەئارەزووی خاوەنانی کتێبە، ئەوەی خراپەو گوناهێك ئەنجام بدات، ئەوە بەهۆیەوە سزا دەدرێت)[٣].

لەزمانی عەرەبیدا بۆدروستکردنی ڕستە ڕیزبەندیەکی مەرجدار هەیە، دوو کردار لەگەڵ ئامرازێکی مەرج، وەك ئەوەی بڵێیت: هەرکەس هەوڵ بدات سەرکەوتوو دەبێت، (من يجتهد ينجح)، جا هەرکەس (مَنْ) لێرەدا مەرجە، کرداری مەرجو وەڵامی مەرجیش هەیە، وەڵامی مەرجەکە نابێت هەتا کرداری مەرج نەبێت.

ئەم یاسایە (مَن يَعْمَلْ سُوءًا يُجْزَ بِهِ)، ئەوەی خراپە ئەنجام بدات بەهۆیەوە سزا دەدرێت، جا ئەوکەسەی گومانی وابێت کە هەرکەس کردەوەی خراپەو گوناه ئەنجام بدات و سزا نەدرێت ئەوە بەهەڵەدا چووە، خەیاڵ پڵاوو مامەڵەیەکی لێڵو نازانستیانەی لەگەڵ قورئاندا کردووە.

---

(٢) پوختەی تەفسیری قورئان، محمد ملا صالح،چاپی هەشتەم، کتێبخانەی تیشك، سلێمانی،٢٠٠٤،ل ٢٩٠

(٣) تەفسیری ئاسان،جوزئی پێنجەم،ل ٩٨.

زۆر گرنگە موسڵمانان ئەم یاسایە بزانن و پێشەکیەکانیان بخەنەڕوو، تاوەکو ئەنجامەکانیان وەرگرن، بەڵام بەبێ پێشەکی دڵنیابن هیچ ئەنجامێکی خوازراو وەرناگرن. هەر بۆنموونە: یەکێك لەویاسایانە ئەوەیە کەخوای گەورە لەبارەیەوە دەفەرمووێت:(إِنَّ اللّهَ لاَ يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّى يُغَيِّرُواْ مَا بِأَنْفُسِهِمْ)(الرعد:١١)، واتە:(بێگومان خوای گەورە چارەنوس‌و نازو نیعمەتی خۆی لەهەر هۆزو نەتەوەیەك ناگۆڕێ و لێیان تێك نادات تاوەکو ئەوان دڵ و دەروونی خۆیان نەگۆڕن بەرەو لارو خراپ، ئەوکات خوای گەورەش ژیانیان لێ تێك دەدات)[1].

ئەستەمە و هەزاران جار ئەستەمە موسڵمانان لەم مەینەتیە دەرچن، لەوەی هەموو گەلانی تر سەریان تێ کردوون، توشی چەوسانەوە هاتوون، هەژار کراون، توشی گومڕایی‌و خراپە هاتوون، ناکرێ بگۆڕێن، ئەگەر نەگۆڕێن، ئەوا خوای گەورەش گۆڕانکاریان بەسەردا ناهێنێ.

بەڵام ئەگەر چاوەڕوانی گۆڕانکاریەك بن، یاخود موعجیزەو سەرئاسایەك، یان سەرکەوتنێکی بێ بەرامبەر بن ئەوا ئەوان خەیاڵ پڵاوو بێ ئاگان، چونکە هەروەك وتمان خوای گەورە فەرموویەتی:(إِنَّ اللّهَ لاَ يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّى يُغَيِّرُواْ مَا بِأَنْفُسِهِمْ)(الرعد:١١)، بەتەواوی وەکو یاساکانی فیزیا، کانزاکان بەگەرما ئەکشێن، بەڵام ئەگەر مەودایەکی نەبێت بۆکشان لەبیناسازیدا ئەوا بێگومان ئەتەقێ‌و شەق دەباتـ ئەم یاسایە جێگیرە و ناگۆڕێ، پەك ناخرێ، جێ گۆڕکێی پێ ناکرێ، هەموار ناکرێتەوە، لێی ناسڕدرێتەوە، ناوەستێت، ئەگەر گرنگیت پێ نەدا، ئەوا بێگومان کاریگەرییەکەی بەسەردا دەکەوێ، ناتوانێ لێی دەرباز بێت.

---

[1] تەفسیری ڕامان، أحمد کاکە محمود،چاپی دووەهەم، ٢٠٠٩، دار الفکر،بیروت،لبنان، ل ٥٠٣.

لەفیزیادا یاسای کەوتن هەیە، ئەگەر مرۆڤ خۆی هەڵداتە خوارەوەلەفڕۆکەیەکەوە، ئەوە تەنێکە، ئەو تەنە لەکەوتنی دا یاسایەکی هەیە توندی تیایە، بەپێی قورساییەکەیە، بەپێی هێزی ڕاکێشانە، جا ئەگەر کەسێك خۆی هەڵدایە خوار لەفڕۆکەیەکەوە بەبێ پەڕەشود، بەپێی یاسای کەوتنە خوار، بەتوندیەکی زۆر بەرەو خوار کێش دەکرێ، بەشێویەك وای لێدەکات کاتێ کەوتە سەر زەوی گیانی لەدەست دەدات.

جا ئەگەر چی مرۆڤ باوەڕی بەم یاسایە هەبێت یانەبێت، یاساکانی خوای گەورە هەرجێبەجێ دەبن، بەلایەوە گرنگ بێت یان نەبێت، هەربەدی دێن.

هەربۆیە مامەڵە کردن لەگەڵ ئەم قورئانەدا بەشێوەیەکی زانستی زۆر ئارامبەخشە، (وَمَن يَتَّقِ اللَّهَ يَجْعَل لَّهُ مَخْرَجًا)(الطلاق:٢)، واتە:(ئەوەی لەخواترس بێت و پارێزگار بێت ئەوە خوای گەورە دەرووی لێدەکاتەوە)[1]، لەهەر زەمانێکدا بێت، لەهەر جێگەیەك بێت، لەهەر سەردەمێك بێت، لەهەر وڵاتێك بێت، لەهەر بارودۆخێکی ناهەمواردا بێت، لەدەوڵەتە هەژارەکان بێت یاخود دەوڵەمەندەکان، یاولاتانی سەرمایەدار بێت یان بێ سەرمایەکان، لەدۆخێکی باشدا بن یا خراپ (وَمَن يَتَّقِ اللَّهَ يَجْعَل لَّهُ مَخْرَجًا)(الطلاق:٢)، ئەمە یاسایە، هەرکەس بەڕاستی خۆ بپارێزێت و تەقوای هەبێت لەهەر بوارێکدا، ڕزگاری دەبینێ، ئاسانکاری و هاوکاری خوایی‌و سەرخستن و پشتیوانی کردنی ئەو دەبینێ.

هەر بۆنموونە: یاسای دوژمنایەتی‌و بوغزاندن (العدواة والبغضاء)، لەم بارەیەوە خوای گەورە دەفەرموویت:(فَنَسُواْ حَظًّا مِّمَّا ذُكِّرُواْ بِهِ فَأَغْرَيْنَا بَيْنَهُمُ الْعَدَاوَةَ وَالْبَغْضَاء إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ)(المائدة:١٤)، واتە:(پەیمانمان لەنەسارا وەرگرت،

---

[1] تەفسیری ئاسان،ل ٥٥٨.

کەیارمەتی دەری ئاینی خودا بن، کەچی ئەو بڕیارو ئامۆژگاریەیان فەرامۆش کرد، ئێمەش تاڕۆژی بەرێ دوژمنایەتی و ڕکەبەرایەتیمان لەنێوانیاندا بەرپاکرد)[٢].

هەرکێشەیەك، هەر دوژمنایەتیەك، هەر بوغزو کینەیەك، هەر ناکۆکیەك، هەر ڕقێك، هەر لێکترازانێك لەنێوان دوو کەسدا، یاخود دوو خێزاندا هەبێت، ڕاڤەی ئەم ناکۆکیو دوژمنایەتیە ئەوەیە کە یەکێك لەو دوو لایەنە لەڕێبازی خودا دەرچووە، چونکە خوای گەورە دەفەرمووێت:(فَنَسُواْ حَظًّا مِّمَّا ذُكِّرُواْ بِهِ فَأَغْرَيْنَا بَيْنَهُمُ الْعَدَاوَةَ وَالْبَغْضَاء إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ)(المائدة:١٤).

بۆنموونە: ژیانی خۆشو شیرین بریتییە لە ژیانێکی پڕ ئاسایشو پڕ ئارامیو دامەزراوەیی، ژیانێکی گەشبینانە، پڕ بەختەوەریو ساغو سەلامەتی، بەڵێ ئەمەیە ژیانی خۆش، کەئەم سیفەتانەلەخۆبگرێ، هەر لەم بارەیەشەوە خوای گەورە فەرموویەتی:(مَنْ عَمِلَ صَالِحًا مِّن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَى وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَلَنُحْيِيَنَّهُ حَيَاةً طَيِّبَةً)(النحل: ٩٧).

سوێند بەخوا لەناوچوونی گەردوون لای خوا ئاسانترە لەوەی کەبەڵێنەکانی جێبەجێ نەکات بۆئیمانداران، جالەبەر ئەمە مامەڵەت لەگەڵ قورئاندا لەسەر ئەو بنەمایە بێت کەیاسا گەلێکە، هەرکات قورئانت خوێندەوە، هەوڵ بدە ئەو یاسایانە ئاشکرا بکەیت... یاساکانی ئێجگار زۆرن.

بۆنموونە: قورسی ژیان، دڵتەنگی، ئازار، ڕوخانو دۆشدامان، نائومێدیو ڕەش بینی، بێزاری، ئەمانە هەمووی لەوانەیە سەرەنجامی خۆکوژی بێت، (وَمَنْ أَعْرَضَ عَن ذِكْرِي فَإِنَّ لَهُ مَعِيشَةً ضَنكًا وَنَحْشُرُهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ أَعْمَى)(طه: ١٢٤)،

---

(٢) تەفسیری ڕامان،ل ٢٤٨.

واتە:(هەرکەس ڕووی وەرگێڕاو پشتی کردە ئەم قورئانە بێگومان ژیانێکی سەخت و ترش‌و تاڵ چاوەڕێی دەکات ولەڕۆژی دوایشدا بەکوێری حەشری دەکەین)[١].

خوای گەورە داوامان لێدەکات کەمامەڵەیەکی زانستیانە لەگەڵ پەرتوکەکەیدا بکەین، هەروەها پێمان دەفەرموویت:(وَلَن تَجِدَ لِسُنَّةِ اللَّهِ تَبْدِيلًا)(الأحزاب: ٦٢)، واتە:(هەرگیز باوو سوننەتی خوا گۆڕانی بۆنییە)[٢]، هەروەها دەفەرموویت:(وَلاَ تَجِدُ لِسُنَّتِنَا تَحْوِيلاً)(الإسراء: ٧٧)، واتە:(باوو یاسای ئێمە گۆڕانی بەسەردا نایەت)، ئابەم جۆرە مامەڵە لەگەڵ خوادا بکە. زۆرێك لەموسڵمانان بەردەوامن لەسەر پێچی کردن و کەمترەخەمی، لەخواردنی ماڵی حەرامکراو، درۆ دەکەن، فێل دەکەن، و ساختەچین، هەموو تاوانە گەورەکان ئەنجام دەدەن، بەڵام کەدێنە مزگەوت ئەڵێن: پەروەردگارا سەرمانخە بەسەر دوژمنەکانماندا، پەروەردگارا هەر تۆ سەرخەری، بەڕاستی نزاو پاڕانەوە پێویستی بەپێشەکی هەیە، بۆ توشی نائومێدی نەبین، یاخود واگومان نەکەین کەخوای گەورە وازی لێهێناوین، یاخود نزاکانمان وەرناگرێ؛ بەڕاستی پێویستە بەم یاسایانە کاربکەین، دەبێت گرنگی پێ بدەین؛ هەروەها زۆر بەڕێزەوە لێی بڕوانین تاوەکو بەروبومەکەی بچنینەوە.

---

[١] وەرگێڕ.

[٢] تەفسیری ڕامان.

# دیداری پەروەردگار

سۆزان عسكر علی

# دیداری پەروەردگار

((قُلْ إِنَّمَا أَنَا بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ يُوحَى إِلَيَّ أَنَّمَا إِلَهُكُمْ إِلَهٌ وَاحِدٌ فَمَن كَانَ يَرْجُو لِقَاء رَبِّهِ فَلْيَعْمَلْ عَمَلًا صَالِحًا وَلَا يُشْرِكْ بِعِبَادَةِ رَبِّهِ أَحَدًا) (كهف: ١١٠).

((ئەی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) پێیان بڵێ: بەڕاستی من تەنها ئادەمیزادێكم وەك ئێوە، بەڵام ئەوەندە هەیە وەحیو نیگام بۆدێت (ئەم ڕاستیەتان تێبگەیەنم)، كەبێگومان خوای ئێوە خوایەكی تاكو تەنهایە، جا ئەوەی دەیەوێت بەدیداری خوای گەورە شاد بێت، با بەخۆشنودییەوە كارو كردەوەی چاكو دروست ئەنجام بداتو بەهیچ شێوەیەك لەپەرستندا هیچ كەسێك نەكاتە هاوەڵو شەریك بۆی). [١]

دیداری خوای گەورەو مەزن واتایەكی زۆر فراوانی هەیە، بریتییە لەوەی پەیوەندی بەپەروەردگارەوە بكەیت، رووی تێبكەی، لەپەنایدا دڵخۆشبیت، لەتەواویو بێ كەموكورپیەكانی وزە وەرگریت، بەم پەیوەندیەت خوای گەورە دڵت پڕدەكات لەڕوناكیەك بتوانیت ڕاستیو ڕەوایی وەك خۆی ببینیتو ناڕەوایی وەك ناڕەوایی بناسی، پەروەردگار بەم پەیوەندیە دڵت پڕ دەكات لەئارامی، هەرگیز لەكەس نەترسیتو لەبەرامبەر كەسیشدا نەلەرزیت، پەروەردگار بەم پەیوەندیە دڵت پڕدەكات لەشكۆو پایە بەرزی بەشێوەیەك زەبوونو مل كەچو سەرشۆڕی كەس نەبیت. دیداری پەروەردگار نرخێكی هەیە، (فَلْيَعْمَلْ عَمَلًا صَالِحًا) (كهف: ١١٠)، بەخۆشنودیەوە كارو كردەوەی چاك ئەنجام بدەیت، باوكو دایكی چاكو خێزانو كوڕی چاك هەیە، هەروەها كرێكاری چاكیش هەیە كەبەشارەزایی ئیشەكەی جێبەجێ دەكات، كەبەحەلاڵی كرێكەی دەست دەكەوێت، هەروەها جوتیارو پزیشكو پارێزەرو ئەندازیاری چاك هەیە، وشەی چاك بەواتای ئەوە دێت كەمرۆڤ ئازار بەكەس نەگەیەنێت، پارەی خەڵكیش نەخوات، ترسو دڵەڕاوكێ نەخاتە ناو دڵیانەوە، هەروەها فێڵیشیان لێ

---

[١] تەفسیری ئاسان، ل ٣٠٤.

نەكات، درۆشیان لەگەڵ نەكات، هیچ شتێك نەبات كەپەیوەندی بەخۆیەوە نە بێت، چەن لەو مرۆڤانە هەیە كە شتێكی خراپ پێشكەش دەكاتو كرێیەكی زۆریش وەردەگرێت؟ چەن لەو مرۆڤانەش هەیە هەوڵی داپۆشینی كەموكوڕیەكان دەدات؟ چەن لەو مرۆڤانە هەیە وەسفو كوالێتیەكی نادروست دەدەنە شتومەكەكانیان؟ لەكاتێكدا ڕاستیەكی تێدا نییە؟ چەندە لەو مرۆڤانەمان هەیە پارە كۆدەكاتەوە بەڕێگای حەرام؟

﴿فَلْيَعْمَلْ عَمَلًا صَالِحًا﴾ (كهف:١١٠)، بەخۆشنودیەوە كارو كردەوەی چاك ئەنجام بدات. باوكی چاكیش هەیە كەمناڵەكانی پەروەردە كردووە، گرنگی داوە بەئایینو بیروباوەڕو ڕەوشتیان. دایكی چاكیش هەیە گرنگی داوە بەكچەكانی، بەڕەوشتی كچەكانی، دیاری كردنی هاوسەری چاك بۆكچەكانی، دراوسێی چاكیش هەیە كەخراپە بەرامبەر دراوسێكەی ناكات، دراوسێی خراپیش هەیە، ئەگەر شتێكی چاكە ببینێت دای دەپۆشێ، بەڵام ئەگەر خراپەیەك ببینێت بڵاوی دەكاتەوە. لەوانەیە مرۆڤ هەبێت بۆ (٣٠) سی ساڵ هەڵسوكەوتی لەگەڵدا دەكەیت، دەتوانی ڕەوشتو ڕەفتارو هەڵسوكەوتی لەیەك وشەدا كۆبكەیتەوە، ئەویش چاكەیە، چاكە كار بووە، هەروەها هەندێ مرۆڤیش هەیە بۆماوەی (٣٠) سی ساڵ هەڵسوكەوتی لەگەڵدا دەكەیت، بەڵام كاتێك دەمرێت، دەڵێت: خراپەی لەگەڵ كردم، هەڵی خەڵەتاندم، ئامۆژگاری نەكردم، هەڵسوكەوتی توندی لەگەڵدا كردم، فێڵی لێكردم، شتێكی برد كەپەیوەندی بەخۆیەوە نەبوو، هی ئەو نەبوو، گەورەیی ئەم ئاینە لەوەدایە كەپەروەردگار وەرت ناگرێت ئەگەر لەگەڵ بەندەكانی چاك نەبیت، بەڵام زۆردارەكان وەرت ئەگرن تەنانەت ئەگەر خراپیش بیت بەرامبەر خەڵكی ئەوەندە بەسە كارێك بكەیت لێیان نزیك بیتەوەو ستایشیان بكەیت، یاخود خراپەیەكی زیاد بەرامبەر خەڵكی بكەیت، بەڵام خوای گەورە ناكرێت بەو ڕێگایانە لێی نزیك بیتو ناتوانیت پەیوەندی پێوە بكەیت ئەگەر لەگەڵ بەندەكانی باش نەبیت، بۆیە خاوەن باوەڕ پلەی زۆر بەرزی تایبەتمەندی خۆی هەیە، ئەگەر گفتوگۆی لەگەڵ كردی ئەوە ڕاستگۆیە، ئەگەر هەڵسوكەوتی لەگەڵ كردی ئەوە دەست پاكە، ئەگەر ئارەزووەكانی جوڵا خۆی دەپارێزێو داوێن پاكە.

﴿فَمَن كَانَ يَرْجُو لِقَاء رَبِّهِ﴾(كهف:١١٠) (جائەوەی ئەیەوێت بەدیداری پەروەردگار شاد بێت)، ئەستەمە کەسێکی ناپاك پەیوەندی بەپەروەردگارەوە بکات، بەڵام پەیوەندی هەیە، و جێبەجێ کردنی فەرزەکانیش هەیە، جیاوازی نێوانیان زۆر گەورەیە، مرۆڤ هەیە هەرچەندە لەڕەوشتیدا لادەربێ، بەڵام دەتوانێت دەست نوێژ بگرێتو، نوێژ بکات، سورەتی فاتیحە بخوێنێت، کڕنوش بەرێت، بەڵام ناتوانێت پەیوەندی بەپەروەردگارەوە بکات.

دەتوانێت لەنوێژدا بوەستێت، بخوێنێ، کڕنوش بەرێ، مل کەچ بێت، بەڵام ناتوانێت پەیوەندی بەپەروەردگارەوە بکات، ئەگەر هاتوو خراپ بێت لەگەڵ بەندەکانی، خانویەك داگیر بکەیت کەهی خۆت نییە، بازرگانییەکەت فێڵبازی تێدا بێت، شکۆو پایەبەرزی خۆت لەسەر داروپەردووی خەڵکی بنیات بنێیت، ئەگەر وابیت هەرگیز پەیوەندیت لەگەڵ پەروەردگار باش نابێت، دەکرێت حەجو عومرەو نوێژ بکەیت، بەڵام ئەوەی پەروەردگاری خۆش بوێت، یان پەروەردگار تۆی خۆش بوێت، لێتەوە نزیك بێت، لەنوێژکردنیشدا بگریتو، دڵیشت بترسێت، ئەمانە ئەستەمە ئەگەر کردەوەکانت باش نەبێت، داهاتت حەڵاڵ نەبێتو خاوو خێزانت موسڵمانانە نەژین.

﴿فَمَن كَانَ يَرْجُو لِقَاء رَبِّهِ فَلْيَعْمَلْ عَمَلًا صَالِحًا﴾(كهف:١١٠)، هیچ ئومێدێکت نیە بەکەسە خاوەن هێزو دەسەڵاتەکان بگەیت، هەزار بەربەستو هەزار ڕێگریان هەیە، بەڵام پەروەردگارمان (جل جلاله) بۆئەوەی دەرگای بەزەیی خۆیمان بۆبکاتەوە، تاوەکو هەست بەنزیکی ئەو بکەین ئەوەندە بەسە کە خزمەت بە بەندەکانی بکەین، ئامۆژگاری کەرێکی دەست پاك بین، ڕاستگۆبین لەگەڵ خەڵکدا. نموونەیەك بۆڕوون کردنەوە: سەربازێك تەنها پێش دوو ڕۆژ پەیوەندی کرد بەخزمەتی سەربازیەوە، خۆی خزمەت دەکات لە تیپ (فرقە)ی سەربازی، تیپی سەبازیش لەسێ لیوا پێك هاتووە لەسەرووی هەموویانەوە سەرکردەی تیپ هەیە، ئەم سەربازە نوێیە لەهەموو سوپاکانی دونیادا، بۆی نییە چاوی بکەوێت بەسەرکردەی گشتی سەربازی، چونکە ڕیز بەندی هەیە، بەڵام ئەگەر هاتوو بینی کوڕی سەرکردەی لیوا سەربازیەکە

خەریکە بخنکێت، یەکسەر ڕزگای بکات، ژیانی خۆی بخاتە مەترسیەوە، لەپێناو ڕزگار کردنی، ئەوکاتە بۆی هەیە بچێتە ژوری تایبەتی سەرکردەکە، بەبێ مۆڵەت وەرگرتن، لەوانەیە هەر خۆی میوانداری بۆڕێکبخات، لەتەنیشتیەوە داینیشێنێت، پاداشتی دەداتەوەو ڕێزی لێ دەگرێت لەبەرئەوەی کارێکی چاکی ئەنجام داوە.

خزمەتی بەندەکانی خوا دەکەیت، ئامۆژگاریان دەکەیتو ڕاستگۆ دەبیت لەگەڵیاندا، شتومەکی باشیان بەنرخێکی گونجاو پێ دەفرۆشیت، تۆ فەرمانبەریو سەردان کەران دێن بۆلات لەشارێکی ترەوە، پێیان دەڵێیت: سبەی وەرنەوە، لەکاتێکدا دەتوانیت یەکسەر کارەکەی بۆجێبەجێ بکەیت، کەواتە ناچار دەبێت لەئوتێل بمێنێتەوە بەنرخێك کەلەتوانایدا نییە بیدات.

ئەوکاتە کارێکی باشت نەکردووە، جائەگەر دەتەوێت بەدیداری پەروەردگارت بگەیت، ئەوا کردەوەی چاك ئەنجام بدە، هەروەك خوای گەورە دەفەرمووێت:((فَمَن كَانَ يَرْجُو لِقَاء رَبِّهِ فَلْيَعْمَلْ عَمَلًا صَالِحًا) (کهف:١١٠).

تۆ پزیشکێکی باشی، نەخۆش پێویستی بەو هەموو پشکنینانە نییە، پێویستی بەتیشکێك نییە کە تێچوونی زۆرەو ماندووی ناکەیت، چەندەها چیرۆکی بێ ژمارە هەیە، مرۆڤ دەبێت بەکەسێکی درەوشاوەو زۆر گەورە لای پەروەردگار، تەنها لەبەر ئەوەی هاوکاری خەڵکی کردووە، ڕاستگۆ بووە لەگەڵیانو دەست پاك بووە، سپاردەی گەیاندۆتە دەستی خاوەنەکانیان، ((فَمَن كَانَ يَرْجُو لِقَاء رَبِّهِ فَلْيَعْمَلْ عَمَلًا صَالِحًا)(کهف:١١٠)، گەورەترین شت ئەوەیە کەپەیوەندی بەپەروەردگارەوە بکەیت، گەورەترین دەست کەوت ئەوەیە بگەیتە پەروەردگارتو، پەیوەندیت پێوەی هەبێت، گەورەترین دەست کەوت ئەوەیە خوای گەورەت لێ ڕازی بێت، هەست بکەیت خوات لەگەڵەو بەرگریت لێدەکاتو پاڵپشتیت دەکاو نزیکت دەکاتەوە، سەرپەرشتی کارەکانت دەکاتو دەی بات بەڕێوە.

عَن مُعاذ بن جَبَل أنَّ رسولَ الله (صلّى اللهُ عَلَيه وسلَّم) أخَذَ بِيَدِه وَقَال:((يا مُعاذ والله إنِّي لأحِبُّك والله إنِّي لأحِبُّك)) (سنن أبي داود)، لەموعازی کوڕی جەبەلەوە (خوای

لێ ڕازی بێت) دەگێڕنەوە کەپێغەمبەرمان محمد (صلى الله عليه وسلم) دەستی گرتووەو پێی فەرمووە:(ئەی موعاز سوێند بەخوا تۆم خۆش ئەوێت، سوێند بەخوا تۆم خۆش دەوێت)(لە سوننەنی ئەبو داودا هاتووە).

لەژیانمدا دەستکەوتێکم نەبینیوە گەورەتر بێت لەوەی خواو پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) خۆشیان بوێیت، ئەو کارە لەدەستی خۆت دایە، دەبێت ڕاستگۆ بیت، دەست پاك بیت، پاك بیت، لێبوردە بیت، لێخۆشبونت زۆر بێت، ببە بەیارمەتی دەرو خزمەتکار بۆ دەوروبەرت، سادەو خاکی بە، ئامۆژگاری دەوروبەرت بکە، لوتبەرز مەبە لەگەڵیان، مەخورە بەسەریاندا، پارەیان نەخۆیت، شکۆی خۆت بنیات مەنێ لەسەر دارو پەردووی ئەوان، پایەی بەرزی خۆت بنیات مەنێ لەسەر سەرشۆڕکردنی ئەوان، دەوڵەمەندی خۆت بنیات مەنێ لەسەر هەژاری ئەوان.

خواپەرستی تەنها لەناو مزگەوتا نییە، ئایین لەڕێگاو کارگەو فرۆشگاو فەرمانگە حکومیەکاندا هەیە، ئەم هاوڵاتییەك دەتوانیت یارمەتی بدەیت بەئاسانی، دودڵ مەبە لەیارمەتی دانی، هەندێك فەرمانبەر هەیە ئەیەوێت ئیشەکەی قورس بکات، داوای بڕوانامەی لێدەکات کەپێویستی نییە، دەیەوێت هەستی پێ بکات کەپۆستێکی گەورەی هەیە، بەخوا دەمەوێ پێت بڵێم: ئەگەر مێرولەیەك ڕزگار بکەیت ئەم چاکەیە ون نابێت لای پەروەردگار بەیەك وشە ئەگەر ئامۆژگاری مرۆڤ بکەیت ئەگەر یارمەتیەك پێشکەش بکەیت، ئەگەر بە ئۆتۆمبێلەکەت بۆکەسێکی بەتەمەن بوەستیت لەڕێگا، ئەگەر بینیت ئافرەتێکی بەتەمەن وەستابوو لەڕیزدا چاوەڕێی سەرەکەی دەکات، پێت وت: وەرە خوشکەکەم سەرەکەم بەرە من لەجێگەی تۆ دەوەستم، ئەم ئیشە ون نابێت لای پەروەردگار.

﴿مَّن ذَا الَّذِي يُقْرِضُ اللَّهَ قَرْضًا حَسَنًا فَيُضَاعِفَهُ لَهُ أَضْعَافًا كَثِيرَةً﴾(البقرة:٢٤٥)، (کێیە ئەوکەسەی قەرز بدات بەخوا بەقەرزێکی باش، ئەوا خوای گەورە بۆی زیاد دەکاتو چەند قاتی دەکات).

تەنانەت ئەوکەسەی کاری چاکە دەکات بەرامبەر پشیلەیەك، یان سەگێك، هەندێك بەرامبەر زیندەوەرێك پاداشتێکی چاکی دەبێت لای پەروەردگار، مرۆڤ کاتێك کەلەخودا دەترسێ بەوەی کەلەنێوان تۆو ئەودا هەیە نایەڵێت لەکەس بترسی، نایەڵێت مل کەچ بیت بەرامبەر بەکەس کەهێشتا ترست هەیە لەپەروەردگار، بەڵام ئەگەر هاتوو لەپەروەردگار نەترسی، چەندەها ئامرازو ڕێگاو چارەسەری دڵ تۆقێنەری هەیە.

(فَمَن كَانَ يَرْجُو لِقَاء رَبِّهِ فَلْيَعْمَلْ عَمَلًا صَالِحًا)(کهف:١١٠)، (جائەوەی دەیەوێت بەدیداری پەروەردگار شاد بێت بەخۆشنودیەوە کارو کردەوەی چاكو دروست ئەنجام بدات)، (فَلْيَعْمَلْ عَمَلًا صَالِحًا)(کهف:١١٠)، (ئەوا باکارو کردەوەی چاكو دروست ئەنجام بدات).

کاری چاکە جێگای قبوڵ نییە ئەگەر پوختو دروست نەبێت، پوختەیەك کەمەبەست تیایدا پەروەردگار بێت، دروستیەك بگونجێت لەگەڵ سوننەت دا، (وَلَا يُشْرِكْ بِعِبَادَةِ رَبِّهِ أَحَدًا) (کهف:١١٠). (بەهیچ شێوەیەك لەپەرستندا هیچ کەسێك نەکاتە هاوەڵو شەریك بۆی).

هەروەها دوو جۆر هاوەڵ دانانمان هەیە، ئاشکراو شاراوە، هاوەڵ دانانی ئاشکرا لەجیهانی ئیسلامی دا بوونی نییە، تەنانەت هیچ بتێك نییە بپەرسترێت لەجێگای پەروەردگار، بەڵام هاوەڵی شاراوەمان هەیە، خوای گەورە دەفەرموێت:(وَمَا يُؤْمِنُ أَكْثَرُهُمْ بِاللّهِ إِلاَّ وَهُم مُّشْرِكُونَ) (یوسف:١٠٦)، (جازۆربەیان باوەڕناهێنن بەخوا مەگەر ئەوان لەوکاتەدا هاوبەش بڕیاردەرن بۆخوا)[1].

هاوەڵ دانانی شاراوە ئەوەیە کەسێکی تر لەگەڵ پەروەردگار دابنێی، ڕەزامەندی دروست کراوێك بەدەست بهێنی لەسەر سەرپێچی کردنی دروستکەر، بۆچونت وابێ ئەو بڕە پارە زۆرەی کەدەستت دەکەوێت لەڕێگای فێڵ کردن لەموسڵمانانەوە لات گەورە ترە لەخودا، ئەوکاتە کردوتە بەهاوەڵ لەگەڵ خوداو پارەکەت پەرستووە، سەروەتو

---

[1] تەفسیری ئاسان، ل ٢٤٨.

سامانت کردووە بەخواوەندی خۆت، ئائەمەیە پێی دەڵێن هاوەڵ دانانی شاراوە، کەزۆریش ترسناکە بەڵام تەنهاگەری‌و یەکتا پەرستی بریتییە لەوەی لەپێناو خودا کەس‌و شتەکانت خۆش بوێت، جیاوازی گەورە هەیە لەنێوان ئەوەی کەسێك یان شتێکت خۆش بوێت لەگەڵ خوداو ئەوەی لەبەر خودا کەسێك یان شتێکت خۆش بوێ. ئەوەی کەکەسێکت خۆش بوێت لەگەڵ خودا ئەوە هاوبەش دانانێکی ڕوون‌و ڕەوانە، بەڵام ئەگەر لەبەر خودا کەس‌و شتەکانت خۆش ویست ئەوا کرۆکی یەکتا پەرستیە.

موژدەیەك لەپێغەمبەرمان محەمەد (درودی خوای لەسەر بێت) هەیە کەلەموعازی کوڕی جەبەلەوە هاتووە کە فەرموویەتی:(بينم أنا رَدِفُ النبيِّ (صلّى اللّهُ عليه وسلّم) لّيس بيني وَبيْنه إلاّ آخرةُ الرّحلِ، فَقَالَ:(يا مُعاذ بنُ جَبَل، قُلْتُ: لَبيّكَ رسوُل الله وَسَعْدَيك، ثمّ قَال يا مُعاذ، قُلْتُ: لَبيّكَ رسوُل الله وَسَعْدَيك، ثمّ سَار ساعةً، ثمّ قَال يا مُعاذ، قُلْتُ: لَبيّكَ رسوُل الله وَسَعْدَيك، ثمّ سَار ساعةً، قُلْتُ: لَبيّكَ رسوُل الله وَسَعْدَيك، قال: هَلْ تَدري ما حقُّ الله عَلى عِبادهِ؟ قُلْتُ الله ورَسُولهُ أعْلَم، قَالَ: حَقُّ الله عَلى عِبادهِ أن يَعْبدوهُ ولا يُشرِكُوا به شيئاً، ثمّ سَار ساعةً، قُلْتُ: لَبيّكَ رسوُل الله وَسَعْدَيك، فقَالَ: هَلْ تَدري ما حقُّ العِبادِ على الله؟ إذا فَعَلوه قُلْتُ الله ورَسُولهُ أعْلَم، حَقُّ العِبادِ على الله أن لا يُعّذِّبهُم) (متفق عليه).

واتە: موعاز (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێ: من لەپشت پێغەمبەری خواوە (صلى الله عليه وسلم) سوار بوبوم، لەنێوان ومن‌و ئەودا هیچ شتێك نەبوو جگە لەپالپشتی زینەکە، فەرمووی ئەی موعازی کوڕی جەبەل، وتم: ئامادەم فەرمان کە ئەی پێغەمبەری خوا (د.خ)، پاش ماوەیەکی تریش ڕۆیشت، دووبارە فەرمووی ئەی موعاز، وتم: ئامادەم فەرمان کە ئەی پێغەمبەری خوا (د.خ)، پاش ماوەیەکی تریش ڕۆیشت، دووبارە فەرمووی ئەی موعازی کوڕی جەبەل، وتم: ئامادەم فەرمان کە ئەی پێغەمبەری خوا (د.خ)، فەرمووی: ئایا ئەزانی مافی خوا لەسەر بەندەکانی چییە؟ وتم: خواو پێغەمبەرەکەی (د.خ) زاناترن، فەرمووی: لەڕاستیدا مافی خوای گەورە لەسەر بەندەکانی ئەوەیە بیپەرستن‌و هیچ شتێك نەکەن بەهاوبەشی، ماوەیەکی تریش

ڕۆیشت، دووبارە فەرمووی ئەی موعازی کوڕی جەبەل، وتم: ئامادەم فەرمان کە ئەی پێغەمبەری خوا (د.خ)، فەرمووی: ئایا دەزانی مافی بەندەکان چییە لەسەر خوا ئەگەر وایان کردو بەوکارە هەستان؟ وتم: خواو پێغەمبەرەکەی (صلى الله عليه وسلم) زاناترن، فەرمووی: ئەوەیە سزایان نەدا).

ئەگەر خودا بپەرستیتو هاوەڵی بۆ دانەنێیت، پاداشتی تۆ لای ئەو ئەوە دەبێت کەئازاری نەدات، ئەمەش بەخششێکی گەورەیە، ئەم فەرموودەیە دڵت پڕ دەکات لەئارامی، باوەڕ بەخۆ بوونو ئاسودەیی.

# یاسای کۆچکردن

ئارام فتح الله محمد

## یاسای کۆچکردن

(وَمَن يُهَاجِرْ فِي سَبِيلِ اللهِ يَجِدْ فِي الأَرْضِ مُرَاغَمًا كَثِيرًا وَسَعَةً وَمَن يَخْرُجْ مِن بَيْتِهِ مُهَاجِرًا إِلَى اللهِ وَرَسُولِهِ ثُمَّ يُدْرِكْهُ الْمَوْتُ فَقَدْ وَقَعَ أَجْرُهُ عَلى اللهِ وَكَانَ اللهُ غَفُورًا رَّحِيمًا) (النساء:١٠٠)، (هەر کەسێك لە ڕێی خوداکۆچ بکات لە زەویدا جێگە و ڕێگەی زۆر باش و ڕۆزی فراوانی دەست دەکەوێت هەر کەسێك لە ماڵی خۆی دەرچێت و کۆچ بکات بۆ لای خودا و پێغەمبەرەکەی، پاشان مردن یەخەی بگرێ، ئەوە بێگومان پاداشتی ئەو کەسە کەوتۆتە سەر خودا و خودا هەمیشە لێبوردەی بە بەزەییە)[1].

**کۆچکردن:** گواستنەوەیە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، مرۆڤەکان لە هەر شوێنێکی زەویداو لەهەر سەردەمێکدا دەگوازنەوە، ئەگەرلە شوێنێکەوە بارو بنەت گواستەوە بۆ شوێنێکی تر ئەوا تۆ کۆچبەریت،بەڵام ئەم ئایەتە پیرۆزە کۆچکردنی گرێ داوە بەوەی لە پێناوی خودادا بێت، لەبەرئەوەی دەکرێ کۆچکردن لەپێناوی دونیادا یان لەپێناوی شەیتانیشدابێت، جائەگەر لە پێناوی بە دەست هێنانی ماڵ و سامانێکدا بوورێپێدراو بوو ئەوا لە پێناوی دونیادایە، لە پێناو ڕێگەی تاوان و خراپە دا بێت ئەوە لە پێناو شەیتاندایە، لەوانەیە بەجێهێشتنی خاك و نیشتمان جۆرێك بێت لە مەزنترین جۆری خودا پەرستی، وەك چۆن پێغەمبەرمان (د.خ) دەفەرمووێت:(وأن الهجره تهدم ما كان قبلها) (رواه مسلم) (کۆچکردن تاوانی پێش خۆی دەسرێتەوە) بە ڵام پێ دەچێت مرۆڤ وابیر بکاتەوە کە پاش پێغەمبەر (د.خ) هاوەڵە بە ڕێزەکانی پێویست بە کۆچکردن ناکات، چونکە ئەوان بە کۆچکردنیان پلەی بەرزیان لای خودا

---

[1] تەفسیری ئاسان.

بە دەستهێنا، بە کۆچکردنیان لە نێوان مەککەو مەدینە و دوای رزگارکردنی مەککە دەرگای کۆچ کردن داخرا، بەڵام دەرگای کۆچکردن کراوەیە لە نێوان هەموو دووشارێکدا، لە هەر شوێنێکی جیهاندا بێت کە لە دۆخی مەککە و مەدینە بچێت، ئەگەر نەتوانیت لە شوێنی خۆت دا خودا پەرەستی بکەیت پێویستە ئەو شوێنە جێ بهێڵییت هەر وەك خودای گەورە دەفەرمووێت (ئەگەر ئەنجامدانی دروشمە ئیسلامیەکانمانیان لیَ قەدەغە کردیت،نوێژ کردنیان لیَ قەدەغە کردیت، ڕێگەیان نەدا کچەکانمان بالاّ پۆش بن، ئەوە و ئەوەیان لیَ قەدەغە کردین یان لە ولاّتێك دا بوویت لە بەرامبەر ئە نجامدانی دروشمە ئاینییە کانماندا ڕوبەڕوی توندویژی لە ڕادەبەبەدەر دەبوینەوە، وای لێهاتبوو ئەگەر مرۆڤ بۆ جارێك چووە مزگەوتێك ڕوبەڕوی لێپێچینەوەی دامودەزگای ئاسایش بوویەوە، ئەوکاتانە کۆچکردن پێویست دەبیت.
ڕاڤە کارانی قورئان لە سەر وشەی (مستضعفین) وەستاون، بەوە لێکیان داوەتەوە لە کە لەوانەیە چەوساوەو لاواز بیت و نە توانیت خودا پەرەستی ئەنجام بدەیت یا هەر شتێکی تر ئەنجام بدەیت کە پەیوەندی بە ئاینەوە هەبێت، ئەگەر تۆ لاوازو چەوساوە بویت لە ولاّتێك دەمکوت کرای لە سەر دەربڕینی هەر ئاراستە یەکی ئاینی، و لەبەر ئەوەی تۆ لەپێناو خودا پەرستیدا دروست کراویت و هۆکاری بونت خودا پەرەستییە پێویستە لەویَ کۆچ بکەیت.

بۆ نموونە: ئە گەر تۆ خوێندکارێکی هەژار بویت ڕۆشتیت بۆ وولاتێکی ڕۆژ ئاوایی لە پێناو بە دەستهێنانی دوکتۆرا هیچ ئومێدێکت لە ژیان نییە تەنها ئەو دکتۆرایە نەبێت، ئامادەیت کاری پاسەوانی بۆ بکەیت و لە چێشتخانە یەکدا کار بکەیت و گرانترین کارێك بکەی لە پێناو دەستکەوتنی زانکۆیەك تا دکتۆرای تیادا بەدەست بهێنیت، جا ئەگەر وەر نە گیرایت لە هیچ زانکۆیەك ئایا واتایەك دە مێنێتەوە بۆ مانە

وەت لەو وولاّتەدا؟ئەمە بپێوە بە هۆی دروست بونی تۆلەم دونیایەدا کە خودا پەرەستیە، جائەگەر ڕێگریت لێ کرا خودا پەرەستی بکەیت، ئەوا ڕۆژی دوایی لێپر سینەوەی توندت لەگەڵ دەکرێ ئەگەر کۆچت نەکرد بۆ ولاّتێك کە خودا پەرەستی تیادا ئەنجام بدەیت.

(إِنَّ الَّذِينَ تَوَفَّاهُمُ الْمَلآئِكَةُ ظَالِمِي أَنْفُسِهِمْ قَالُواْ فِيمَ كُنتُمْ قَالُواْ كُنَّا مُسْتَضْعَفِينَ فِي الأَرْضِ قَالْوَاْ أَلَمْ تَكُنْ أَرْضُ اللهِ وَاسِعَةً فَتُهَاجِرُواْ فِيهَا فَأُوْلَـئِكَ مَأْوَاهُمْ جَهَنَّمُ وَسَاءتْ مَصِيرًا)(النساء:٩٧)، بە ڕاستی ئەوانەی کە فریشتەکان گیانیان دەکێشن لە کاتێکدا کە ستەمیان لە خۆیان دەکرد (بە کۆچ نە کردنیان) بەتەشەرەوە پێیان دەڵێن (دەربارەی ئاینەکەتان) لە چیدا بوون؟! دەڵێن ئێمە چەوساوە بوین لە سەر زەوی)[1].

(أَلَمْ تَكُنْ أَرْضُ اللهِ وَاسِعَةً فَتُهَاجِرُواْ فِيهَا فَأُوْلَـئِكَ مَأْوَاهُمْ جَهَنَّمُ وَسَاءتْ مَصِيرًا)(النساء:٩٧)، (پێیان دەڵێن مەگەرزەوی خودا فراوان نەبوو؟ تا کۆچتان بۆی بکردایە،جائەوانە شوێنیان دۆزەخە ئای چ پاشەڕۆژێکی خراپە)[2]، لە هەندێ ولاّتدا ڕێگری کردن لە جێبەجێکردنی دروشمە خوداییەکان بوونی نییە بەلاّم ناتوانیت منداڵە کانت لە سەر ڕێبازی خودا پەروەردە بکەیت، هە ڵخەڵەتێنەرەکانی ژیان بە هێزترە لە هەر بانگەوازێکی ئیسلامی، تاوانی گەورەی تیادایە بەد ڕەوشتی وەك ئاو خواردنەوە وایە تیایدا، لەبەر ئەوەی کاتێك دەچیتە ولاّتێکی پڕ خێرو بێرو داهات و ڕازاوە مرۆۋ هەست بەسەر بەستیەکی زۆر دەکات، هەر شتێکت دێ بە خەیاڵدا تەنها تەلەفونێکی بەسە، بەلاّم ناتوانیت منداڵەکانت بە پەروەردەیەکی باش پەروەردە

---

(1) تەفسیری ئاسان.

(2) تەفسیری ئاسان.

بكەیت، كەواتە تۆ لەوانەی كە ئەم حوكمە قورئانیەت بە سەردا جیَ بە جیَ دەبێت، تۆ وەكوو چەوساوە وەهایت.

لە وڵاتێكدای حەرام كراوەكان بە نوێژی نیوەڕۆ و بەئاشكرایی ئەنجام دەدرێت، كاتێك باوكێك گەنجێك دەبینێت لەگەڵ كچەكەیدا لە بەر ئەوەی موسڵمانە و بەشێك لە پیاوەتی و مەردایەتی و غیرەتی تێداماوە،دەنگ بەرز دەكاتەوە بەسەر كچەكەی دا،كاتێك دەنگ بەرز دەكاتەوە كچەكەی شكاتی لێدەكات و دەبرێت بۆ ناوەندی پۆلیس، بەڵێنامەی پیَ پڕ دەكرێتەوە كە جارێكی تر دەنگ بەرز نەكاتەوە بەسەریدا چونكە ئەوگەنجەی لەگەڵیدایە میوانە لە ژورە كەیدا و ئەم بانگ هێشتی كردووە هەربۆیە كاتێك لە وڵاتێكدای كە نەتوانیت خوا بپەرستیت تێیدا ئەوا. ئایەتی(أَلَمْ تَكُنْ أَرْضُ اللَّهِ وَاسِعَةً فَتُهَاجِرُوا فِيهَا ۚ فَأُولَٰئِكَ مَأْوَاهُمْ جَهَنَّمُ وَسَاءَتْ مَصِيرًا) (النساء٩٧:)دەتگرێتەوە، كەواتەوشەی (مُسْتَضْعَفِ) تەنها چەوساوەو سەركوتكراو ناگرێتەوە لەوانەیە لەوڵاتێكدا ئازادی هەبێت بەڵام بلێسەی ئارەزوەكان تیایدا داگیرساوە ودەرگاكانی والآیە، مرۆڤ لەبەردەم تاقیكردنەوەی یەكجار زۆردایە،گەورەترین تاوان لەشەقام و پاركەكاندا لە بەرچاو خەڵكیدا بە بیَ باكی و شەرم ئەنجام دەدرێت، ئەم جۆرە شوێنانە مروڤ ناتوانێت دان بە خۆیدا بگرێت،كەواتە خۆشی و سەرفرازی بۆ ئە كەسەی كە دەستی بە سوننەتەوە گرتووە و بیدعەو و خراپە كاریەكان هەڵی نەخەڵە تاندووە و كەمەندكێشی نەكردووە.

هەمیشە بەو برابەڕێزانەم دەڵێم كە نیشتە جێی وڵاتانی ڕۆژئاوا بون، بەراورد نەكەن لە نێوان وڵاتێك كە بۆ ماوەی دوو سەد ساڵە ئابوری جێگیرە،هەموو شتێكی تێدا دەستەبەرە و ئازادیەكانی مرۆڤ لە بەرزترین پلەدایە، وڵاتێكی زۆر جوان و كە شخە،خزمەتگوزاریەكان لەو پەڕی دایە،مافەكان زۆر چاك پارێزراوە، لەگەڵ وڵاتێكدا

تازە بەرەو گەشەسەندن دەڕوات و پڕیەتی لە چەرمە سەری لە نێوان مەرگ و ژیاندایە، ئەگەر هاتوو مرۆڤێك گەیشتە پلەی سەرۆکی ئەمریکا، وەك دەوڵەمەندترین مرۆڤی دونیازانستێکی هەبێ وەك زانستەکەی (ئەنشتایین) لە گەڵ ئەوەدا کوڕەکەی بەو شێوەیە نەبوو کە ئاواتە خوازێتی ئەوە خراپترین کەسە.

گەورەترین کێشە کە خەڵك هەستی پێکردووە لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا منداڵە کانێتی، کەسێك کە دانیشتوی ڕۆژئاوا بوو پێی وتم کورەکەم خەریك بوو لە ناوم بەرێ، هەموو جارێ کە پێم دەوت ئەوە حەرامەو قەدەغە کراوە پێی دەوتم: بۆچی حەرامە؟!کە پێی دەوت ئەوە نەنگی و عەیبە؟ پێی دەگوتم: بۆچی عەیبە؟ لەم وڵاتانەدا چارەنوسی مرۆڤەکان وەك ئەوە وایە کە لەم ئایەتەدا هاتووە .

(إِنَّ الَّذِينَ تَوَفَّاهُمُ الْمَلائِكَةُ ظَالِمِي أَنفُسِهِمْ قَالُوا فِيمَ كُنتُمْ قَالُوا كُنَّا مُسْتَضْعَفِينَ فِي الأَرْضِ قَالُوا أَلَمْ تَكُنْ أَرْضُ اللَّهِ وَاسِعَةً فَتُهَاجِرُوا فِيهَا فَأُوْلَئِكَ مَأْوَاهُمْ جَهَنَّمُ وَسَاءَتْ مَصِيرًا)(النساء:٩٧)(بە ڕاستی ئەوانەی کە فریشتەکان گیانیان دەکێشن لە کاتێکدا کە ستەمیان لە خۆیان دەکرد (بە کۆچ نە کردنیان) بە تەشەرەوە پێیان دەڵێن:(دەربارەی ئاینەکەتان) لە چیدابون؟ دەڵێن ئێمە چەوساوە بوین لە سەرزەویدا پێیان دەڵێن مەگەرزەوی خودا فراوان نەبوو؟ تاکۆچتان بکردایە تیایدا جائەوانە شوێنیان دۆزەخە ئای چ پاشە ڕۆژێکی خراپە)[1].

جوڵەی مرۆڤ بەردەوامە جا ئیتر لە پێناو خوادایە یا لە پێناو شەیتان ، لەپێناوی دونیادایە یان لەپێناوی دواڕۆژ، جا لەبەر حیکمەت و داناییەکی گرنگ خودای گەورە وای ڕەخساندووە کە هەندێ وڵات بە شێوەیەکە بتوانی باشتر پەروەردەی منداڵەکانی تێدا بکەی و لە وڵاتێکی تردا ماندو بونێکی زیاتر بکێشی، هەروەك خوای

[1] تەفسیری ئاسان.

گەورە هەندێ جار بەدە ستهێنانی ڕێپێدراوەکان (حەڵاڵەکان)ی قورس کردووە لە سەرمان و، قەدەغە کراو و حەرامەکانی ئاسان کردووە، ئەگەر پێچەوانەی بکەیتەوە خەڵك ڕێپێدراوەکانی پەسەند نەدەکرد،نەك لەبەر خۆشەویستی خوداو بە گۆی کردنی ئەو، وە نەلەبەر حەزیان بۆ قیامەت، بە ڵکو لەبەر ئەوەی ئاسانتر بە دەست دێ. (ومن يهاجر في سبيل الله) (النساء: ٩٧) (هەرکەس لەپێناوی ڕێگەی خودا کۆچ بکات)

ئەوەی پاڵی پێوە دەنێت بۆ کۆچ کردن تەنها پاراستنی ئاینەکەیەتی، پاراستنی ئاین و ماڵ و منداڵ و خێزانە کەیەتی، فیتنەو تاقیکردنەوەی خراپ لە کوشتن خراپترە هەندێك لە عەرەبەکان لە جاهیلیەتدا چیان دەکرد؟ کچە کانیان زیندە بە چاڵ دەکرد، کچێك کە وەك گوڵ وابوو چاڵێکی بۆ هەڵدەکەندو تێیدەکرد و لمی بەسەردا دەکرد تاوەکو خوای گەورە فەرمووی (وَإِذَا الْمَوْءُودَةُ سُئِلَتْ،بِأَيِّ ذَنبٍ قُتِلَتْ) (التكوير:٨-٩). کاتێك پرسیار کرا لە کچانی زیندە بە چاڵ کە بە چ گوناهێك کوژراون. ئەوکچە کوژرا، ئەگەر کەسێك کچەکەی لەسەر بەد باری پەروەردە بکات و جلی نەشیاو بپۆشێت و ئەو جلە ببێتە هۆی دەرکەوتنی هەموو شوێنە هەست بزوێنەکان و هەر گەنجێکی بوێت چاو پێکەوتنی لەگەڵدا بکات و لەگەڵ هەرکە سێك کە بیەوێت شەوان بمێنیێتەوە خۆی بکات بەهەموو ماڵێکدا بە بێ هیچ کۆت و بەندێك،لەوانەیە بکەوێتە ناو خراپەوە،ئەم کچە توشی بێ ڕەوشتی و تاوانکاری ببێت لە ڕۆژی دوایدا کامیان سزای توندترە؟ ئەوەی کەوا بە بچوکی زیندەبەچاڵ کرا یان ئەوەی گەورە دەبێت توشی تاوان و خراپە کاری دەبێت؟وەڵامەکەی لە قورئانی پیرۆزدا هەیە (وَالْفِتْنَةُ أَشَدُّ مِنَ الْقَتْلِ) (البقرة: ٩)(لادان لەڕێی ئاینی پیرۆز لە

کوشتن سەخترە)[1] لەبەر ئەوە مانەوەی موسڵمان لەوڵاتی موسڵمانانداگرەنتی زیاترە،ناڵێین مەترسی لەسەرنییە، لەبەر ئەوەی جهانگیری هەموو وڵاتانی دونیای وەك یەك وڵات لێکردوە و هەڵەی وڵاتان هەمووی گوازراونەتەوە بۆلامان. بەڵام لە ڕوی سەرنج و بۆ چونی خۆمەوە دەڵێم لە ولاّتی موسڵماناندا توانات باشتر و زیاترە بۆ پەروەردەکردنی مناڵە کانت لەوەی لە وولاّتانی تردا هەیە. مندالّ مام و خالّ و کەس و کاری هەیە، مزگەوت هەیە وتاری تێدا دەدرێ و پەیوەندی موسڵمانانە و جوامێری و شەرم و حەیاو سرپۆشین بونیان هەیە و ژینگەکەی ئێرە نزیکترە لە ئاین وەك لەوێ، بەڵام لەگەڵ پەیوەندی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و شۆڕشی زانست و زانیاری خراپە کاریش هەموو بستێکی ئەم جیهانەی گرتۆتەوە.

(وَمَنْ يُهَاجِرْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ يَجِدْ فِي الْأَرْضِ مُرَاغَمًا كَثِيرًا وَسَعَةً) (نساء١٠٠)بەڵێنی خودای گەورەیە و یاسایە، تەنها لە بەرئەوەی لە پێناو خودا کۆچت کرد.برایەك لە تورکیا قسەی بۆ کردم پێی وتم ئێمە لە دەسەڵاردارێکی ستەمکار ڕامانکرد کە دەیوست ئیسلام بەتەواوی هەڵ بووەشێنێتەوە، بەپێ هەڵهاتین بۆ وڵاتی شام، سوێندی بۆ خواردم کە ئەمڕۆ (سی و پێنج) ماڵی هەیەلەشامدا (يَجِدْ فِي الْأَرْضِ مُرَاغَمًا كَثِيرًا وَسَعَةً) (النساء١٠٠)دەرفەتێك دەبینیتەوە هەموو ئەوانە شەرمەزار دەکات کە سەرزە نشتیان دەکرد لەسەر سەفەرکردنەکەی.

خەڵکانێکی زۆر هەن لە ڕۆژ ئاوادا لە لوتکەی سەرکەوتندان،بەڵام سووربونی لەسەر پەروەردە کردنی مناڵەکانی زۆرگەورەیەو کۆتایی بەهەموو پەیوەندیەکانی دێنێت، ئەوەی هەیەتی دەیفرۆشێت، دێتەوە بۆ وڵاتەکەی خۆی، هەرچەندە پرپەتی لە چەرمەسەری، بەڵام پاداشتێکی گەورەی هەیە، ساڵێك بۆ دووساڵ ئەم گواستنەوەیە

---

[1] تەفسیری ئاسان.

گواستەوەیەکی بێزار کەرو ناڕەحەتە، بە تایبەت لە شوێنێکی باش دەگوازێتەوە بۆ شوێنێکی تر ماندو بونێکی زۆری تێدایە. بە هیچ شێوەیەك بەراورد ناکرێ لە نێوان وڵاتێکی ڕۆژ ئاوایی پێشکەوتوو کە دوو سەد ساڵە سە قامگیری و ئاسایشی تێدا دەستەبەرە لەگەڵ ولاتێکی تازە پێگەیشتوو کە بەدەست سەدان کێشەوە دەناڵێنێت.

گومان مەبەن موسڵمانان لەوێ دڵخۆش بن، زۆرێك لەوان لەژیانێکی بێزاری و شپرزەیی و نائارامیدا دەژین هەرچەندە لەگەڵ ئەودا پارەو پێویستیەکانی ژیان فەراهەمە بەشێوەیەکی وا فراوان کە بە خەیاڵیشدا نایەت. لە پێناو داناییەکی پڕ بایەخ داخودای گەورە خستوتیەتە وڵاتێکی ئیسلامیەوە کە بەشێك لەشەرم و ڕێز و وەفا و خۆشەویستی و بەزەیی تێدایە، لەوانەیە لە ڕووی پارە و سامانەوە شتێکی کەمت هەبێ بەڵام لەگەڵ ئەوەدا دڵخوشی پێی: ئەمەیە واتای.(وَمَنْ يُهَاجِرْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ يَجِدْ فِي الْأَرْضِ مُرَاغَمًا كَثِيرًا وَسَعَةً وَمَنْ يَخْرُجْ مِنْ بَيْتِهِ مُهَاجِرًا إِلَى اللَّهِ وَرَسُولِهِ ثُمَّ يُدْرِكْهُ الْمَوْتُ)(نساء: ١٠٠).

گەنجێك هەبوو لە ئەمریکا گوێبستی چەندین وانەی ئاینی بوو، لە ناخی خۆیدا بە خۆی وت: ئەو دەرسانە پێم دەڵێتن کە بگەڕێمەوە بۆ شام، لە کاتێکدا ئەو لەوپەڕی سەرکەوتندا بوو، دەستی لە کارەکەی کێشایەوە، پێداویستیە کانی ناو ماڵی فرۆشت، هەموو پارەکانی کۆکردەوە هات بۆ شام، لە چوارەم ڕۆژدا بە هۆی ڕوداوێکەوە کۆچی دوای کرد، پاداشتەکەی کەوتە لای خودای گەورە.ڕۆژی کۆچ کردنەکەی دەکرا لێرە بایە یان لەوێ، بەڵام ئەو دەیویست ئاینەکەی خۆی بپارێزێ لەو پێناوە شدا گەڕایەوە.

دەبینی بەشێك لەوانەی سەر بە رۆژئاوان، پەیوەندییان بە وڵاتی خۆیانەوە لاوازە، رەخنە لە ئومەتی خۆیان دەگرن، پاشان رقی لێ هەڵ دەگرن، پاشان دەگەنە ئاین و رەخنە لێگرتنی!

مردن کۆتایی بە هەموو شتێك دێنێ، بڕست لە هێزی هێزداران دەبڕێ، کۆتایی بە لاوازی لاوەزەکان و دەوڵەمەندی دەوڵەمەندەکان و جوانی جوانەکان و ناشیرینی ناشیرینەکان و زیرەکی زیرەکەکان دێنێ،ئەگەر مرۆڤ بە باوەڕداری مرد ئەو کاتە ژیانی ئەبەدیی بەدەست دێنێ و دوارۆژ دەباتەوە و بەهەشت مسۆگەر دەکات، خۆ ئەگەر لە سەر تاوانکاری بمرێ ئەو کات دوارۆژی لەدەست داوە(ذَٰلِكَ هُوَ الْخُسْرَانُ الْمُبِينُ)(الحج:١١).

دەرگای کۆچکردن والآیە بۆ هەردوو شارێك لە مەککە و مەدینە بچن.عیکریمەی کوڕی ئەبو جەهل دەڵێ: ئەو کاتەی چومەوە بۆ لای پەیامبەر، پەیامبەری خوا(د.خ) پێی فەرمووم:(بەخێر هاتی ئەی سواری کۆچکەر). ترمزی گێڕاویەتییەوە.

کۆچکەر پێگە و پایەی خۆی هەیە لە ئاییندا، دەکرێ هەندێجار بەرژەوەندیت لەو شارەدا بێت، بەڵام ئاینەکەت ئەوەت لێ دەخوازێ بەجێی بهێڵی بۆ وڵاتێکیتر، وەك ئەوەیە لە رەگ و ریشەوە هەڵت کێشن.

مرۆڤ لە وڵاتی خۆیدا نیشتمانی هەیە، خانووی هەیە، ناسراوی هەیە، لە ماڵی خۆی هەڵکەنراوە، نرخی خواردنی پێ نییە، کۆچکردن ئاسان نییە،کۆچکردن هەڵکێشانە لە ریشەوە.

خۆشەویستی وڵات شتێکی سروشتییە لە هەر مرۆڤێکدا، بەڵام ئایین بەنرخ و بەهادار ترە، هۆکاری بوونی تۆ پەرستشی خوای گەورەیە، هەر شوێنێك بووە رێگر لەوەی ئەو خودایە بپەرستی، پێویستە بە جێی بهێڵی.

کۆچ لە پێناوی خوای خاوەن میهردا چێژ و بەختەوەرییە. خوای گەورەش یاسایەکی بۆ کۆچکۆدن داناوە ئەویش بریتییە لە ئایەتی:(وَمَنْ يُهَاجِرْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ يَجِدْ فِي الْأَرْضِ مُرَاغَمًا كَثِيرًا وَسَعَةً )) النساء: ١٠٠)، (هەرکەسێك کۆچ بکات

لەڕێی خودادا، لەزەویدا جێگە و ڕێگەی زۆر باشی دەست دەکەوێت و دەرگای ڕۆزیی لێدەکرێتەوە). بەڵام کۆچکردن لە پێناوی شەیتاندا زیان لێکەوتنی دونیاو دوارۆژی تێدایە.

# یاسای ئاسایش

مريم لطيف عبدالله

# یاسای ئاسایش

(فَأَيُّ الْفَرِيقَيْنِ أَحَقُّ بِالأَمْنِ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ - الَّذِينَ آمَنُواْ وَلَمْ يَلْبِسُواْ إِيمَانَهُم بِظُلْمٍ أُوْلَـئِكَ لَهُمُ الأَمْنُ وَهُم مُّهْتَدُونَ)(الأنعام:٨١ - ٨٢)، واته:(کام دەستە شایستەی ئەوەیە بێ ترس‌و بیم بێت‌و بەئاسودەیی بژی؟ ئەگەر ئێوە دەزانن پێم بڵێن، ئەوانەی ئیمان‌و باوەڕیان هێناوە ستەم‌و هاوەڵگەریان تێکەڵ بەئیمانەکەیان نەکردووە، ئاسودەیی‌و هێمنی هەر بۆ ئەوانە، هەر ئەوانەش ڕێنمونی کراون)[1].

لەسەرەتادا بزانن گەورەترین بەخشش کەخودا دەیبەخشێتە مرۆڤ دوانن، یەکەم: نیعمەتی تێربوون پاشان نیعمەتی ئاسایش، هەروەك خوای مەزن دەفەرموێت:(أَطْعَمَهُم مِّن جُوعٍ وَآمَنَهُم مِّنْ خَوْفٍ)(قريش:٤)، واته:(ئەوزاتەی کەلەبرسێتی ڕزگاری کردن‌و خۆراکی پێ بەخشین‌و لەترس‌و بیمی (جەردەو ڕێگران) پاراستونی‌و ئاسایشی بۆدابین کردوون)[2].

گەورەترین سزای خودا بۆئەوانەی کەهەڵدێن لەڕێبازەکەی، ترس‌و سزای برسێتیە، هەروەك دەفەرموێت:(وَضَرَبَ اللّهُ مَثَلاً قَرْيَةً كَانَتْ آمِنَةً مُّطْمَئِنَّةً يَأْتِيهَا رِزْقُهَا رَغَدًا مِّن كُلِّ مَكَانٍ فَكَفَرَتْ بِأَنْعُمِ اللّهِ فَأَذَاقَهَا اللّهُ لِبَاسَ الْجُوعِ وَالْخَوْفِ بِمَا كَانُواْ يَصْنَعُونَ)(النحل:١١٢)، واته:(خودا نموونەی هێناوەتەوە بە(دانیشتوانی) شارێك کەژیانیان بەهێمنی‌و ئاسودەیی دەبردەسەر، لەهەموو لایەکەوە ڕزق‌وڕۆزی جۆراوجۆریان بۆدەهات، (بەڵام لەجیاتی سوپاسگوزاری) ناشکورو قەدر

---

[1] تەفسیری ئاسان،ل، ١٣٧ – ١٣٨.

[2] تەفسیری ئاسان،ل ٦٠٢.

نەزانی نازو نیعمەتەکانی خودا بوون، ئینجا خوای گەورە پۆشاکی برسێتیو ترسی کردە کاڵای باڵایانو تاڵاوی نەداری و ترسی پێ چەشتن، لەسەرەنجامی ئەو ئیشوکارە ناپوختو ناڕێکانەدا کەدەیانکردە پیشەی خۆیان)[٣].

بەلام لێرەدا لەوانەیە کەسێك بپرسێت: بۆچی مرۆڤ دەترسێت؟ لەڕاستیدا ترس شتێکی سروشتییە لەمرۆڤدا، بەڵگەش لەسەر ئەمە (إِنَّ الْإِنسَانَ خُلِقَ هَلُوعًا)(المعارج ١٩)، واتە:(بەڕاستی ئینسان بەشپرزەییو تەنگەتاوی دروست کراون)[١]. ئەمە لەبناغەی دروستبووندایە، لەبەرژەوەندی خۆیدایە، (هلوع) واتە ترسێکی زۆر بۆ زیادەو زۆرییە کەلەعەرەبیدا پێی دەڵێن (صیغة المبالغة).

(إِذَا مَسَّهُ الشَّرُّ جَزُوعًا، وَإِذَا مَسَّهُ الْخَيْرُ مَنُوعًا، إِلَّا الْمُصَلِّينَ)(المعارج: ٢٠ - ٢٢)، واتە:(کەناخۆشیەکی توش بێت هاوارو ناڵە دەست پێدەکات، کەسامانیش ڕووی تێبکات ئەیگرێتەوە (لەخەڵکی)، مەگەر نوێژکەران)[٢].

یەکەم ڕێگا بۆدەربازبوون لەترسو تێپەڕاندنی، ئەوەیەکە پەیوەندی بکەیت بەزاتێکی دەسەڵات دارو بەهێزو دەوڵەمەندەوە، پەیوەندی بکەیت بەحەققەوە، پەیوەندی بکەیت بەدادپەروەرەوە، کەواتە:(إِنَّ الْإِنسَانَ خُلِقَ هَلُوعًا)(المعارج:١٩)، زۆر دەترسێت، ترسی بۆ تەندروستی، ترسی بۆڕزقو ڕۆزی، ترسی بۆ داهاتووی، ترسی بۆپێگەو پلەوپایەی، ترسی بۆ ناووناوبانگ، (إِلَّا الْمُصَلِّينَ - الَّذِينَ هُمْ عَلَى صَلَاتِهِمْ دَائِمُونَ - وَالَّذِينَ فِي أَمْوَالِهِمْ حَقٌّ مَّعْلُومٌ - لِّلسَّائِلِ وَالْمَحْرُومِ - وَالَّذِينَ يُصَدِّقُونَ بِيَوْمِ الدِّينِ - وَالَّذِينَ هُم مِّنْ عَذَابِ رَبِّهِم مُّشْفِقُونَ - إِنَّ عَذَابَ رَبِّهِمْ غَيْرُ مَأْمُونٍ - وَالَّذِينَ هُمْ لِفُرُوجِهِمْ حَافِظُونَ - إِلَّا عَلَى

---

(٣) تەفسیری ئاسان، ل ٢٨٠.

(١) تەفسیری ئاسان،ل ٥٦٩.

(٢) تەفسیری ئاسان،ل ٥٦٩.

أَزْوَاجِهِمْ أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُمْ فَإِنَّهُمْ غَيْرُ مَلُومِينَ - فَمَنِ ابْتَغَى وَرَاء ذَلِكَ فَأُوْلَئِكَ هُمُ الْعَادُونَ - وَالَّذِينَ هُمْ لِأَمَانَاتِهِمْ وَعَهْدِهِمْ رَاعُونَ - وَالَّذِينَ هُم بِشَهَادَاتِهِمْ قَائِمُونَ - وَالَّذِينَ هُمْ عَلَى صَلَاتِهِمْ يُحَافِظُونَ - أُوْلَئِكَ فِي جَنَّاتٍ مُّكْرَمُونَ)(المعارج:٢٢ - ٣٥)، واتە:(تەنها ئەو نوێژکەرانە نەبێت... ئەوانەی لەسەر نوێژەکانیان بەردەوامن، هەروەها ئەوانەی کەبەشێکی دیاری کراو لەسامانیاندا هەیە (بۆجیهادو تێکۆشان) بۆهەژاری داواکارو داوانەکەر (نەفس بەرز)بیٚ، ئەوانەی کەباوەڕی ڕاستوڕەوان دەهێنن بەڕۆژی پاداشت، ئەوکەسانەی کەدڵە لەرزەیان هەیە لەتۆڵەی پەروەردگاریان، بەڕاستی سزای پەروەردگاریان کەس لێی ئەمین نابێت، ئەوانەی داوێنی خۆیان دەپارێزن مەگەر لەگەڵ هاسەرەکانیاندا یاخود کەنیزەکەکانیان (کەبەهۆی بارودۆخی تایبەتیەوە هەبووە) ئەوانە بەڕاستی لۆمەکراو نابن، جالەبەر ئەوەی بێجگە لەو حاڵەتانە ڕێگەی تر بگریٚ (بۆتێرکردنی ئارەزووەکانی) ئەوانە لەسنور ترازاوو دەستدرێژ کەرن، هەروەها ئەوانەی کەئەمانەت دەپارێزنو پەیمان دەبەنەسەر، ئەوانەی هەڵدەسن بەو شایەتیەی کەلایانە، ئەوانەی کەپارێزگاری نوێژەکانیان دەکەنو (لەکاتی خۆیدا ئەنجامی دەدەن)، ئائەوانە لەباخەکانی بەهەشتدا ڕێز لێنراون)[٣].

ئاوەڵناو کۆتبەندو سنور داركردنە، بۆنموونە: ئەگەر گوتت: مرۆڤ، ئەم وشەیە حەوت هەزار ملیۆن کەس دەگرێتەوە، بەڵام ئەگەر بڵێیت مرۆڤێکی موسڵمان، ملیارو نیوێك کەس ئەگرێتەوە، بازنەکە بچوكو بەرتەسك بوویەوە، بەڵام ئەگەر وتت: مرۆڤێکی عەرەبی موسڵمان، ئەوە چوارسەد هەزار کەس ئەگرێتەوە، بەڵام ئەگەر

---

[٣] تەفسیری ئاسان،ل ٥٦٩.

بلێیت: مرۆڤێكی عەرەبی موسڵمانی ڕۆشنبیر ئەوە كەمتر دەبێتەوە، هەر بەم شێوەیە هەتا ئاوەڵناوێك زیاد بكەیت بازنەكە تەسكتر دەبێتەوە.

لەڕاستیدا ترس یەكێكە لەتونترین ئەو هەستانەی كەمرۆڤ تێكدەشكێنێت، چونكە ترس لەناخ‌و سروشتدایە، بەڵام بۆبەرژەوەندی خۆیەتی، بۆنموونە: ئامێرێكی زۆر گرانبەها، زۆر مەزن، زۆر ئاڵۆز، زۆر سود بەخش ڕاگرێكی لاوازی تیایە، بۆئەوەی ئەگەر لەناكاو كارەبا بێتەوە نەسوتێ، لەڕاستیدا ئەم ڕاگرە ئەتوێتەوەو كارەبا دەبڕێت‌و ئامێرەكە دەپارێزێت.

خوای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا داكۆكی لەسەر ئەوەدەكات كەیەك جۆر مرۆڤ چێژ لەنیعمەتی ئاسایش وەردەگرێ، هەروەك دەفەرموویێت:(فَأَيُّ الْفَرِيقَيْنِ أَحَقُّ بِالأَمْنِ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ)(الأنعام:٨١)، واتە:(جاكەواتە كام دەستە شایستەی ئەوەیە بێ ترس‌و بیم بێت و بەئاسودەیی بژی؟ ئەگەر ئێوە دەزانن ئەوە پێم بڵێن)[1]. وەڵامەكەی بەم جۆرەیە:(الَّذِينَ آمَنُواْ وَلَمْ يَلْبِسُواْ إِيمَانَهُم بِظُلْمٍ أُوْلَـئِكَ لَهُمُ الأَمْنُ وَهُم مُّهْتَدُونَ)(الأنعام:٨٢)، واتە:(ئەوانەی ئیمان‌و باوەڕیان هێناوەو ستەم و هاوەڵگەریان تێكەڵ بەئیمانەكەیان نەكردووە، ئاسودەیی‌و هێمنی هەر بۆئەوانەیە، هەر ئەوانەش ڕێنمایی كراون)[2]، كەواتە بڕوا بكەن بەوتەی بەدیهێنەری ئەرزو ئاسمانەكان، كە ئاسایش تەنها بۆئیماندارەو هەر ئەو چێژی لێ دەبینێ، هەربۆیە وتویانە: تۆ لەترسی هەژاریدا هەژاریت، وەلەترسی نەخۆشیدا نەخۆشیت، ئەگەر لەپێشبینی كارەساتدا بژیت، ئەوا لەكارەساتێكی گەورەتردایت.

---

(١) تەفسیری ئاسان،ل ١٣٧.

(٢) تەفسیری ئاسان،ل ١٣٨.

(فَأَيُّ الْفَرِيقَيْنِ أَحَقُّ بِالأَمْنِ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ ــ الَّذِينَ آمَنُواْ)(الأنعام٨١ - ٨٢)، ئەمە ئەوە ئەگەیەنێت ئەو ئیماندارەی پەیوەستە بەخوداوە، هەرگیز ناترسێت، هەربۆیە خوای بەرزو بالاّ دەفەرمووێت:(إِنَّ الَّذِينَ قَالُوا رَبُّنَا اللَّهُ ثُمَّ اسْتَقَامُوا تَتَنَزَّلُ عَلَيْهِمُ الْمَلَائِكَةُ أَلَّا تَخَافُوا)(فصلت: ٣٠)، واتە:(ئەوانەی بەڕاستی وتیان: پەروەردگارمان (الله)یە، لەوەودوا بەردەوام پابەندی ئەو ڕێبازە ڕاستە بوون، ئەوە لەسەرەمەرگدا دەستەدەستە فریشتەکان دادەبەزن بۆلایان، پێیان دەڵێن:(لاتخافوا) هیچ ترس‌و بیمێکتان نەبێت لەداهاتوو، (ولاتحزنوا) هیچ غەم‌و پەژارەیەکتان نەبێت بۆڕابردوو[1].

ئایا تێگەیشتنی لەمە جوانتر هەیە بۆئەم ئایەتە؟ کەخودا داهاتوو و ڕابردووی بۆڕوون کردوینەتەوە ئەگەر بەپێی ڕێبازی خودا ڕەفتار بکەین، خوای گەورە دەفەرمووێت:(قُل لَّن يُصِيبَنَا إِلاَّ مَا كَتَبَ اللّهُ لَنَا)(التوبة ٥١)، واتە:(ئەی محمد بڵێ: هیچمان تووش نابێت بێجگە لەوەی کەخودا نوسیویەتی بۆمان)[2]، (اللّهُ وَلِيُّ الَّذِينَ آمَنُواْ)(البقرة ٢٥٧)، واتە:(خودا دۆست‌و کارسازی ئەوانەیە کەبڕوادارن)[3].

لەبەرامبەر ئەمەشدا یاسای ترس هەیە، یاسای ترس چیە؟ خوای پەروەردگار دەفەرمووێت:(سَنُلْقِي فِي قُلُوبِ الَّذِينَ كَفَرُواْ الرُّعْبَ بِمَا أَشْرَكُواْ)(آل عمران ١٥١)، واتە:(– ئەی گرۆی ئیمانداران دڵنیا بن – کەلەمەودوا ئێمە ترس‌و بیم فڕێ دەدەینە دڵی ئەوانەی کەبێباوەڕن، بەهۆی ئەوەی شەریك‌و هاوەڵیان بۆخوا بڕیار

---

[1] تەفسیری ئاسان، ل ٤٨٠.

[2] پوختەی تەفسیری قورئان، ل ١٩٥.

[3] پوختەی تەفسیری قورئان، ل ٤٣.

داوە)[٤]، ئەمە مانای ئەوەیە کەیەکتا پەرستی واتە ئاسایش، بت پەرستی واتە ترسو دڵەڕاوکێ، کەواتە یاسای هەیە، مرۆڤی بێ باوەڕ (بت پەرست) هەرچەندە بەهێزیش بێت ترس لەدڵیایەتیو مرۆڤی باوەڕدار هەرچەندە لاوازیش بێت دڵئارامو دڵنیایە، ئەو تەندروستییە باشەی کە باب‌وباپیرانمان چێژیان لێوەردەگرت، هۆکارەکەی ئەوەبوو کەلەژیانی ئەواندا ماندوو بوونی ماسولکەیی گەورە هەبوو، کەئەمەش یەکێکە لەپایەکانی تەندروستی، ئارامیەکی دەروونی هەبووە، ئەمەش یەکێکە لەپایەکانی تەندروستی، ڕەنجو هەوڵدان، بەهێزی بازوو، ئارامییەکی دەروونی.

بەڵام ئێستا بۆچی ڕێژەی نەخۆشیەکان بەرزە؟ بێگومان فشاری دەروونی لەپشت زۆربەی نەخۆشیەکانە، هەر لەبەر ئەمەیە کۆئەندامی بەرگری بەدەست هاتووە، ئەو ئامرازە مەزنەیە خوای گەورە پێی بەخشیوین، کەئیشی قەڵاچۆ کردنی نەخۆشیە بەکتریاییو گواستراوەو شێرپەنجەییەکانە، ئەم کۆئەندامە بەئاسایشو خۆشەویستی بەهێز دەبێت، ترسو دڵەڕاوکێ لاوازی دەکات، ئایەتێکی پیرۆز ئاماژەی بەوەداوە کەترس بۆی هەیە کوشندە بێت، کەدەفەرموویێت:(قُلْ مُوتُواْ بِغَيْظِكُمْ)(آل عمران:١١٩)، واتە:(پێیان بڵێ دەك بمرن بەداخو ڕقی خۆتانەوە)[١].

ئالەم سەردەمەشدا فشاری دەروونی لەبەرزترین ڕێژەدایە بەهۆی بێ باوەڕییەوە، (وَمَا يُؤْمِنُ أَكْثَرُهُمْ بِاللهِ إِلاَّ وَهُم مُّشْرِكُونَ)(یوسف:١٠٦)، واتە:(جا زۆربەیان باوەڕناهێنن بەخوا (إِلاَّ وَهُم مُّشْرِكُونَ)مەگەر ئەوان لەوکاتەدا هاوبەش بڕیاردەرن بۆخوا)[٢]،نابینێت کەخودا تاکە هەڵسوڕێنەری ئەم گەردونەیە، ئارامو ئازاد دەبینێ،

---

[٤] تەفسیری ئاسان،ل ٦٩.

[١] پوختەی تەفسیری قورئان،ل ٦٥.

[٢] پوختەی تەفسیری قورئان،ل ٢٤٨.

ئەبینێت کەسە بەهێزەکان ئەوەی دەیڵێن دەیکەن، هەستو سۆزیان نییە، هیچ بنەمایەکی بەهاداریان نییە، ئائەم بیرکردنەوانەیە کەمرۆڤ پایەماڵ دەکات، بەڵام خوای پەروەردگار دڵنیات دەکاتو پێت دەفەرموویت:(إِلَيْهِ يُرْجَعُ الأَمْرُ كُلُّهُ فَاعْبُدْهُ وَتَوَكَّلْ عَلَيْهِ)(هود:١٢٣)، واتە:(هەموو کاروبارێك هەر بۆلای ئەو دەگەڕێیتەوە، کەواتە ئەو بپەرستەو هەرپشت بەو ببەستە)[٣].

بۆنموونە: دەزگایەك پێکهاتووە لەدە نهۆم، لەهەر نهۆمێکدا سەد فەرمانبەر هەیە، بەڵام ئیشەکەی تۆ تەنها بەڕەزامەندی بەڕێوەبەری گشتی نەبێت جێبەجێ ناکرێت، لەبەر ئەوە ئەستەمە کەداوا لەفەرمانبەرێك بکەیت و خۆت ڕووزەردی لای ئەو بکەیت، هەروەك دەفەرموویت:(فَكِيدُونِي جَمِيعًا ثُمَّ لاَ تُنظِرُونِ - إِنِّي تَوَكَّلْتُ عَلَى اللهِ رَبِّي وَرَبِّكُم مَّا مِن دَآبَّةٍ إِلاَّ هُوَ آخِذٌ بِنَاصِيَتِهَا إِنَّ رَبِّي عَلَى صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ)(هود:٥٥-٥٦)، واتە:(جاهەموتان پیلانم لێبگێڕن، لەپاشان مۆڵەتیشم مەدەن (لێم مەوەستن)، بەڕاستی من پشتم بەخوا بەستووە کە پەروەردگاری منو پەروەردگاری ئێوەشە، هیچ گیانلەبەرێك نییە، مەگەر خوا دەسەڵات دارە بەسەریدا بەڕاستی پەروەردگارم لەسەر ڕێگەیەکی ڕاستە)[٤].

بەڕاستی هەست کردن بەئاسایش، بەپارەوپول نانرخێنرێت، ئیماندار دڵی پڕ دەبێت لەئارامی و ئاسایش و متمانە بەخوای بەرزو باڵا، بەڵام غەیری ئیماندار ملیۆنەهای لەگەڵدایە بەڵام دەترسێتو لەدڵە ڕاوکێدایە، و لەوانەیە بەهێز بێت بەڵام دەترسێت، بەڵگەش ئەم ئایەتەیە کەخوا دەفەرموویت:(سَنُلْقِي فِي قُلُوبِ الَّذِينَ كَفَرُواْ الرُّعْبَ بِمَا أَشْرَكُواْ بِاللهِ مَا لَمْ يُنَزِّلْ بِهِ سُلْطَانًا)(آل عمران:١٥١)، (فَلَا

---

[٣] پوختەی تەفسیری قورئان، ل ٢٣٥.

[٤] پوختەی تەفسیری قورئان، ل٢٢٨.

تَدْعُ مَعَ اللَّهِ إِلَهًا آخَرَ فَتَكُونَ مِنَ الْمُعَذَّبِينَ)(الشعراء:٢١٣)، واتە:(جاكەوابوو تۆ هیچ كەسێكی تر بانگ مەكە و مەیپەرستە لەگەڵ خوادا (فَتَكُونَ مِنَ الْمُعَذَّبِينَ) دەنا لەڕیزی سزاداراون دەبیت)[1]، باوەڕ واتە یەكتاپەرستی، بەندەكان شتێك فێرنەبوون لەیەكتاپەرستی چاكتر بێت.

یەكتا پەرستی واتە ئاسایش، واتە نوێژ، واتە سەرڕاستی، (فَأَيُّ الْفَرِيقَيْنِ أَحَقُّ بِالأَمْنِ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ - الَّذِينَ آمَنُواْ وَلَمْ يَلْبِسُواْ إِيمَانَهُم بِظُلْمٍ أُوْلَـئِكَ لَهُمُ الأَمْنُ وَهُم مُّهْتَدُونَ)(الأنعام ٨١ - ٨٢)، واتە:(جاكام دەستە شایستەی ئەوەیە بێ ترس‌و بیم بێت‌و بەئاسودەیی بژی، ئەگەر ئێوە دەزانن پێم بڵێن، ئەوانەی باوەڕیان هێناوە، ستەم‌و هاوەڵگەری تێكەڵ بەئیمانەكەیان نەكردووە، ئاسودەیی‌و هێمنی هەر بۆ ئەوانەیە، هەر ئەوانەش ڕێنمایی كراون).

ترس‌و دڵەڕاوكێ هەروەكو شمشێر گەلێك وەهایە كەلەمرۆڤدا كاردەكات‌و كوشت‌و بڕی دەكات، هەر لەبەر ئەوەیە ئەو مرۆڤانەی لاوازی لەیەكتاپەرستیەكەیاندا هەیە دوو ڕویی دەكەن نەوەكو پلەوپایەو پێگەیان لەدەست دەرچێ یان نان براو كرێن، یاخود ئەو هەل‌و بەخششانەی كەلەدەسەلاتەوە وەری گرتووە نەمێنێت.

كەسی باوەڕ لاواز دەڕوخێ‌و دوو ڕوویی دەكات، بەلام ئیماندار هەرگیز دووڕوویی ناكات‌و ڕیاكارو خۆدەرخەر نییە و ناشترسێت، (اللّهُ وَلِيُّ الَّذِينَ آمَنُواْ يُخْرِجُهُم مِّنَ الظُّلُمَاتِ إِلَى النُّوُرِ وَالَّذِينَ كَفَرُواْ أَوْلِيَآؤُهُمُ الطَّاغُوتُ يُخْرِجُونَهُم مِّنَ النُّورِ إِلَى الظُّلُمَاتِ)(البقرة ٢٥٧)، واتە:(خوا دۆست‌و كارسازی ئەوانەیە كەبڕوادارن دەریان

---

(1) تەفسیری ڕامان،ل ٧٥٠.

دەهێنن لەتاریکستانی بێ بڕوایی بۆڕوناکی باوەڕو ڕێنمونی، ئەوانەی کەبێ بڕوان شەیتان دۆستیانە، دەریان دەهێنێ لەڕوناکی (بیروباوەڕەوە) بۆتاریکستانی)[٢].

ئەگەر بەدیهێنەری ئەرزو ئاسمانەکان پشتیوانت بێت؟ ئایا هیچ کەس دەتوانێت زیانت پێ بگەیەنێت؟ ئەگەر خوات لەگەڵدا بێت کێ دژی تۆیە؟ ئەگەر خوا دژت بێت ئەوا تۆکێت لەگەڵە؟

پەروەردگارا... ئەوکەسەی تۆی دۆزیوەتەوەو ئەتناسێ چی وون کردووە؟.. ئەو کەسەی تۆی ون کردووە چی دۆزیوەتەوە؟

هەرگیز هەست بەچێژی باوەڕ ناکەیت لەواتای ئاسایشو دڵنیاییو تەسلیم بوون بەخوای بەرزو باڵا ناگەیت هەتا یەکتاپەرستو خوا پەرست نەبیت.

مرۆڤەکان دوو جۆرن، یەکتاپەرستێکی بێ ترسو بیم، هاوبەش پەیداکەرێکی ترسنۆك، کەئەمەش بەسەر تاکەکانو گەلیش پیادە دەبێت، ئەگەر بەروبومی باوەڕو نوێژ تەنها ئاسایش بوایە، ئەوا بەس بوو، چونکە ترس دڵی خەڵکی پڕ کردووە.

سەرەنجام توشی درۆ، فێڵو جادوگەریو ڕیابازیو خۆ نواندن و دوو ڕوویی دەبن، هەروەها سەرئەکێشێ بۆ گرێ دەروونیەکانو لاوازی لەکەسایەتیاندا.

---

[٢] پوختەی تەفسیری قورئان،ل ٤٣.

# یاسای دوژمنایەتی و ڕق لێبوون

پەروین عمر كاكە عبداللّٰە

# یاسای دوژمنایەتی و ڕق لێبوون

﴿فَنَسُواْ حَظًّا مِّمَّا ذُكِّرُواْ بِهِ فَأَغْرَيْنَا بَيْنَهُمُ الْعَدَاوَةَ وَالْبَغْضَاء إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ﴾ (المائدة: ١٤)[١] ((ئەوانەی بەشێك لەو شتانەیان فەرامۆش كردووە كە پێی یاداوەری كرابوون، (بەتایبەتی دەربارەی پێغەمبەرایەتی محمد – صلى الله عليه وسلّم–)، ئێمەش هەتا ڕۆژی قیامەت دوژمنایەتی‌و ڕق‌و كینەمان پێوە لكاندن، لەئایندەشدا خوا هەموو ئەو كارو كردەوانەیان دەخاتەوە بەرچاوو پێیان ڕادەگەیەنێت).

گرنگە لەسەرەتاوە ئاماژە بدەین بەوەی مرۆڤ دروستكراوێكی تایبەتمەندە، خوای گەورە هەڵگرتنی ئەمانەتی پیشان داوەو گرتویەتییە ئەستۆ:﴿إِنَّا عَرَضْنَا الْأَمَانَةَ عَلَى السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَالْجِبَالِ فَأَبَيْنَ أَن يَحْمِلْنَهَا وَأَشْفَقْنَ مِنْهَا وَحَمَلَهَا الْإِنسَانُ﴾(الأحزاب: ٧٢)[٢]، گرنگە لەسەرەتاوە ئاماژە بدەین بەوەی مرۆڤ دروستكراوێكی تایبەتمەندە، خوای گەورە هەڵگرتنی ئەمانەتی پێشان داوە، ئەمانەت‌و سپاردەی نیشانی ئاسمانەكان‌و زەوی‌و كێوەكان دا بەڵام هەمووان دەستیان پێوەناو ترسان لێی‌و كەچی ئادەمیزاد هەڵی گرت‌و گرتیە ئەستۆی خۆی).

ئەوكەسەی سپاردە پارێزە بەوشێوەی پێویستە دەبێ چەندین خووڕەوشتی جوان لەخۆ بگرێت، ئەوانەش كەناپاكی لەسپاردە دەكەن خاوەنی كۆمەڵێك خووڕەوشتی تایبەتن، ئەم دوو شتە تەواو جیاوازن لەیەكتری، تۆش ئەوەندەی خاڵی هاوبەشت هەبێت لەگەڵ هەر دەستەیاندا ئەوەندە مەیل‌و ئارەزوو بۆلای ئەوكەسە هەیە، ئەمەش بنەمایەكی زانستییە، خۆشەویستیت بەئەندازەی ئەو خاڵە هاوبەشانە

---

[١] تەفسیری ئاسان، بورهان محمد أمین، قم، ئیران، چ ١، چاپخانە بزرگ كریم، ١٣٨ ش – ق – ل ١١٠.

[٢] هەمان سەرچاوە، ل ٤٢٧.

هەیە بۆیان، بەئەندازەی خاڵی ناکۆکی لەنێوان تۆو ئەواندا ناکۆکن‌و ڕقت هەیە بەرامبەریان، بۆیە کاتێك لەگەڵ مرۆڤێك دادەنیشیت هاوڕای لەگەڵێدا لەڕووی کۆمەڵێك بنەماو بەهاو خوڕەوشت‌و هەڵسوکەوت‌و سیفەت‌و ئەدگارو تایبەتمەندی‌و هەڵوێستگەلێك دا، لەمەوە هەست دەکەین نزیك بونەوەیەکی سەرسوڕهێنەرت لەگەڵ ئەو کەسەدا هەیە، بەڵام کاتێك لەگەڵ کەسێکدا دادەنیشیت کەجیاوازی هەیە لەگەڵت دا لەچەندین بنەماو بەهاو خووڕەوشت‌و سیفەت‌و بنەمای کارکردندا، ئالەو کاتەدا هەست بەدوور کەوتنەوەیەکی زیاد دەکەین لەگەڵیدا، بۆیە خوای گەورە ئەمەی لەقورئاندا بەڕوونی باس کردووە کەمرۆڤەکان بەجیاوازی بیروباوەڕو ڕێبازو نەژادو ڕەگەزو دیدو تێڕوانین‌و تەوژم‌و چین‌و ڕەنگە جیاوازەکانیانەوە لای خوای گەورە دوو جۆرن:

﴿فَأَمَّا مَن أَعْطَى وَاتَّقَى - وَصَدَّقَ بِالْحُسْنَى﴾ (اللیل:٥ - ٦)، ﴿وَأَمَّا مَن بَخِلَ وَاسْتَغْنَى - وَكَذَّبَ بِالْحُسْنَى﴾(: اليل ٨-٩)، واتە:(ئەوەی باوەڕ دێنێ خۆی پابەند دەکات بەڕێبازو بەرنامەی خوای گەورەوە، لەگەڵ بەندەکانیدا چاکە دەکات، ئەوە سەلامەت دەبێ‌و دڵشاد دەبێ لەدونیاو دواڕۆژدا، ئەوکەسەشی باوەڕ ناهێنێ‌و پابەند نابێ بەبەرنامەی خواوە، خۆی بێ نیاز دەگرێ لەگوێڕایەڵی خوا، لەگەڵ خەڵکیدا خراپە دەکات، سەر لێشێواو دەبێ‌و لەدونیاو دواڕۆژدا تیا دەچێ.

دەستەی یەکەم: دڵنیایە کەبۆبەهەشت دروست کراوە، خۆی دوور دەگرێ لەسنور شکێنی‌و بێ ئەمری خوداو بینای ژیانی لەسەر بەخشین دەکات، دەستەی دووەم: بەڕاستی نازانێ کەبۆبەهەشت دروست کراوە، باوەڕی تەنها بەم دونیایە، خۆی بێ نیاز دەگرێ لەگوێڕایەڵی خوا، ژیانی بۆ وەرگرتن‌و کۆکردنەوە تەرخان کردووە.

کەواتە دوو دەستەی جیاوازو دژ بەیەکمان هەیە، کەخاوەنی کۆمەڵێ ڕەوشت‌و بنەماو ئامانج‌و بەهاو هەڵوێستن ئاساییە جیاوازی لەنێوانیاندا هەبێت، بەڵام دەگونجێت دەستەیەکیان لەسەر ئەستێرەیەك بێت‌و دەستەیەکیان لەسەر ئەستێرەیەکی تر، ئەوکاتە: نەجیاوازی‌و نەڕق لێبوون‌و نەدوژمنایەتی‌و نەکوشت‌و نەکوشتار، نەخوێن

ڕشتن ڕووی نەدەدا، بەڵام بڕیاری خودای گەورە هەمووی دانایی‌و دادپەروەرەیە، هەموو سۆزو میهرەبانی‌و بەرژەوەندی شتێکی ئاساییە کەشەڕی بەردەوام دروست ببێت لەنێوان ڕەواو ناڕەوادا، ناکۆکی بەردەوام بێت، تادەگاتە ئاستی خوێن ڕشتن، هەروەك **لەسەرانسەری جیهاندا دەبینرێ**.

لەلوتکەی هەرەمی مرۆڤایەتی دوو دەستە هەن:-

بەهێزەکان‌و پێغەمبەران، بەهێزەکان نوێنەرایەتی هێزو دونیا دەکەن، پێغەمبەران (علیهم الصلاه والسلام) نوێنەرایەتی بەها باڵاکان‌و ژیانی دوا ڕۆژ دەکەن، بەهێزەکان گەردنی خەڵکیان لەژێر دەستدایە، پێغەمبەران دڵی خەڵکی داگیر دەکەن، جیاوازیەکی زۆر هەیە لەنێوان ئەوەی گەردنی خەڵکیت بەدەست بێ‌و دڵیان کەمەند کێش کردبێ، زۆردارەکان بەزەبری شمشێر وەردەگرن‌و نابەخشن، پێغەمبەران دەبەخشن‌و وەرناگرن، پێغەمبەران بۆ خەڵك ژیاون، بەگشتی خەڵکی شوێن کەوتەی بەهێزو زۆردار یان پێغەمبەرانن.

کەواتە دوژمنایەتی‌و قین نەخۆشیەکی مەترسیدارە، لەبەرئەوەی خوای گەورە ویستی پێکەوە کۆ ببینەوە، پێکەوە بین بەڵام ڕەوا بەکێبڕکێ نەبێت گەشە ناکات، شتێکی سروشتی یە هەندێك خاڵی بەیەك گەیشتن دەبێتە هۆی خۆشەویستی‌و سۆز، خاڵی ناکۆك هۆکاری دوژمنایەتی‌و قینە، بەشێوەیەکی ڕوون‌و نزیك: هاوڕێیەکت هەیە باوەڕی بەوەهەیە کەتۆ باوەڕت پێیەتی، حەزی لەشتێکە کەتۆ حەزت لێیەتی، میهرەبان‌و نەرم‌ونیان و خاکی، چەند کاتژمێرێکی زۆر لەگەڵیدا دادەنیشیت، هەست بەکات ناکەیت، لەگەڵ مرۆڤێکدا دائەنیشیت کەپێچەوانەیە لەگەڵتدا، لەبیروڕا، لەبنەماکان، لەبەهاکاندا، زمان بەدو بەهەڵپە، خۆپەرست، ناتوانیت یەك خولەك لەگەڵیدا دانیشیت، چونکە کۆلکەی هاوبەش نییە لەنێوانتانا.

ئێستا دەگەڕێینەوە بۆئەو ئایەتەی کەبنەڕەتە لەم بابەتەدا، ئەم ئایەتە جێبەجێ دەبێت بەسەر دوو کەسدا، بەسەر دوو هاوسەردا، بەسەر دوو هاوبەشدا، بەسەر دوو دراوسێدا، بەسەر دوو هاوڕێدا، بەسەر دوو خزمدا، بەسەر دوو خێزاندا،

بەسەر دوو بنەماڵەدا، بەسەر دوو هۆزدا، بەسەر دوو تیرەدا، بەسەر دوو گەلدا، بەسەر دوو نەتەوەدا، بەسەر دوو شارستانییەتدا، ئەمە یاسایە، خوای گەورە دەفەرموویت:(فَنَسُواْ حَظًّا مِّمَّا ذُكِّرُواْ بِهِ فَأَغْرَيْنَا بَيْنَهُمُ الْعَدَاوَةَ وَالْبَغْضَاء إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ وَسَوْفَ يُنَبِّئُهُمُ اللّهُ بِمَا كَانُواْ يَصْنَعُونَ) (المائدة: ١٤)، واتە (هەندێك لەوشتانەیان فەرامۆش کرد کەپێیان ڕاگەیەنرا، ئێمەش هەتا ڕۆژی دوایی دوژمنایەتیو ڕقو کینەمان لەنێوانیاندا بەرپاکرد، لەئایندەشدا خوای گەورە هەموو کارو کردەوەکانیان دەخاتەوە بەرچاوو پێیان ڕادەگەیەنێت)، کاتێك لەگەڵ مرۆڤێکدا ناکۆك دەبیت، کاتێك لەنێوان دوو مرۆڤدا دوژمنایەتیو قین پەیدا دەبێت باش بزانە کەئەم دوژمنایەتیو قینە هۆکارەکەی سەرپێچیە، لەفەرموودەیەکدا لە (ابن عمر)ەوە دەگێڕنەوە (خوای لێ ڕازی بێت) کە پەیامبەر (درودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی:(والّذي نَفسُ مُحَمّد بيدِهِ ما تَوادَ اثنانِ فَفُرق بَيْنَهُما إلاّ بِذَنبٍ يُحدِثُهُ أحَدُهُما)، واتە(بەوکەسەی گیانی موحەممەدی بەدەستە، دووکەس خۆشەویستی لەنێوانیاندا بێت، بەهیچ لێك جیا نابنەوە مەگەر بەتاوانێك نەبێت کەیەکێکیان بیکات)(لەموسنەدی ئیمام ئەحمەد دا هاتووە بەرچەیەکی دروست (صحيح).

لەبەر ئەوەی ڕۆژی دوایی هەموو کەس دەگرێتە خۆ ولەبەر ئەوەی کەچاکەی خوا گشتگیرە، ولەبەر ئەوەی کەس لەگەڵ کەسێکی تردا لەبارەی ڕۆژی دوایی کێبڕکێ ناکات، بەڵام کەبەرەو دونیا دەڕۆین گوێ نادەینە ڕۆژی دوایی ئەوا دونیا سنوردارە، دەستکەوتەکان سنوردارن، بیرە نەوتیەکان سنوردارن، دەبێ ڕکابەر هەبێت، دەبێت خوێن ڕشتن هەبێت،بابەتەکە زۆر ڕوونە، دونیا یەکێکە لەهۆکارەکانی دوژمنایەتیو قین، ڕۆژی دوایی یەکێکە لەهۆکارەکانی خۆشەویستیو بەیەك گەیشتن.

(فَنَسُواْ حَظًّا مِّمَّا ذُكِّرُواْ بِهِ فَأَغْرَيْنَا بَيْنَهُمُ الْعَدَاوَةَ وَالْبَغْضَاء إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ)(المائدة:١٤) (ئەوانەی بەشێك لەو شتانەیان فەرامۆش کردووە کە بیریانخرابویەوە،، ئێمەش هەتا ڕۆژی (قیامەت) دوژمنایەتیو ڕقو کینەمان پێوە لکاندن.

لەئاسایشی تاوانەوە یاسایەك وەردەگرم، كەوتویەتی:(لەهەموو تاوانێكدا بگەڕێ بەدوای ئافرەت دا)، منیش دەڵێم لەهەموو بەڵاو ناخۆشیەك دا بگەڕی بەشوێن گوناهو تاوانا، لەهەموو بێ فەرمانیو سەرپێچیەكدا بگەڕێ بەشوێن نەزانی دا، نەزانی دوژمنترین دوژمنی مرۆڤە، مرۆڤی نەزان كارێك بەخۆی دەكات كەهیچ دوژمنێك ناتوانێت ئەو كارەی پێ بكات.

لەنێوان دوو هاوبەش دا یەكێكیان چەوتە، ئەیەوێ ئەوەی كەهی ئەو نییە بیبات، دوژمنایەتیو قین پەیدا دەبێت، لەنێوان دوو هاوسەردا، مێردەكە دەیەوێت سەروەتو سامانی ژنەكەی ببات، ئەویش ڕەتی دەكاتەوە، بۆیە لێی جیادەبێتەوە، هیچ دوژمنایەتیەك نییە لەسەر ڕووی زەوی مەگەر بەهۆی كەموكورتیەك لەبەجێ هێنانی شەرع دا نەبێت، مەزنێتی شەرع لەوەدایە كەبەرپرسیارێتیەكان، سنورەكان، مافەكان، ئەركەكان دیاری دەكات لەپێناو ئەوەی كەژیانێكی بەختەوەرانەو ئارامو دڵنیا بژیت، ئەگەر ئێمە وێنەی كۆمەڵگایەكی موسڵمان بكەین كەڕاستگۆیی تیادا بێت، كەسپاردەی تیادا بێت، كەدادپەروەری تیادا بێت، كەویژدانی تیادا بێت، كەبەزەیی تیایدا بێت، كەژیری تیادا بێت، كۆمەڵگایەك وەك بەهەشتە، هەموو ماندوێتیەكانمان لەسەرپێچیو گوناهەكان، ئەوانە هۆكاری دوژمنایەتیو قینن.

فریشتە موژدە دەدات، شەیتان ئەچرپێنێ، یەكێك لەگەورەترین ئامانجەكانی شەیتان ئەوەیە كەدوژمنایەتیو قین بخاتە نێو بڕوادارانەوە.

شەیتان هەندێك جار دڵەڕاوكێ بۆ بڕواداران دروست دەكات بەمەبەستی بێ بڕوا بونیان، ناشتوانێت، دەبینێ بڕوادارە، ئەچرپێنێ بەگوێیدا كەهاوبەش پەیدا بكات، ناشتوانێت، دەبینێ یەكتاپەرستە، ئەچرپێنێ بەگوێیدا گوناهی گەورە بكات، ناشتوانێت، ئەبینێ ملكەچە، ئەچرپێنێ بەگوێیدا گوناهی بچوك بكات، ناشتوانێت ئەبینێ پاكە، دوو كارت ماوە، بچرپێنێ بەگوێیدا بەڕێپێدراوەكان تاوەكو تیایدا نقوم بێت و ڕۆژی دوایی بیر بچێت، ئەگەر بینی كەسێكی خوا پەرستە ئەوا یەك كارت بەدەستیەوە ماوە كەیاری پێ بكات، ئەوكارتەش یەخە پێگرتنی نێوان باوەڕدارانە.

خوای گەورە دەفەرمووێ:(إِنَّمَا يُرِيدُ الشَّيْطَانُ أَن يُوقِعَ بَيْنَكُمُ الْعَدَاوَةَ وَالْبَغْضَاء فِي الْخَمْرِ وَالْمَيْسِرِ وَيَصُدَّكُمْ عَن ذِكْرِ اللّهِ وَعَنِ الصَّلاَةِ فَهَلْ أَنتُم مُّنتَهُونَ)(المائدة: ٩١)، واتە (بەڕاستی شەیتان دەیەوێت لەڕێگەی مەیو قومارەوە دوژمنایەتیو قین بخاتە نێوانتانەوە لەیاد کردنی خواو ناوە پیرۆزەکانی وێڵتان بکات، هەروەها سستو تەمەڵتان بکات لەئەنجامدانی نوێژەکان، ئایا ئیتر بەس نییە؟ ئایا ئیتر کۆڵ نادەن؟!)[1].

یەکەم هۆکاری دوژمنایەتیو قین دژیەکییە لەبنچینە دەرونییەکانی مرۆڤ، کاتێ بڕوادار سپاردەکەی بەجێدێنێ، پەیوەندی دەکات بەخوای خۆیەوە، ئەوکاتە مرۆڤێکی تەواو دەردەچێتو دەبێتە کەسێکی میهرەبان، خاکی، دڵنەوا، بەوەفا بوو، ئەوەی لایەتی دەیداتەوە، بەڵێنەکەی دەباتە سەر.

ئەوەی سپاردە ناگێڕێتەوەو ناپاکی لێدەکات ناهەموارە، بێ نرخە، زمان پیسە، چڵێسە، خۆپەرستە، بەهەڵپەیە، دوو ڕووە، درۆزنە، لەئەبی دەردائەوە (خوای لێ ڕازی بێت) دەگێڕنەوە کە پێغەمبەر (صلی الله علە وسلّم) فەرموویەتی:(ألا أخبركُم بأفضَلَ مِن دَرَجة الصِّيامِ والصَّلاةِ والصَّدَقةِ؟ قالوا بَلى، قَال اصلاح ذاتَ البين، فإنَّ فسادَ ذاتَ البَين هِيَ الحالقة، ويُروى عن النَّبيِّ صلى الله عليه وَسَلَّم أنَّهُ قَال: هِيَ الحالِقَة لا أقولُ تُحلِق الشَّعْرَ ولكِن تُحلق الدِّين)(الترمذي و قال حديث صحيح).

واتە (پێتان بڵێم پلەی چی باشترە لەڕۆژوو نوێژو بەخشین؟ وتیان بەڵێ، فەرمووی ئاشتەوایی نێوان دوو کەس، چونکە تێکدانی نێوان دوو کەس دەبێتە تاشەر. لە پێغەمبەرەوە (درودی خوای لەسەر بێت) دەگێڕنەوە کە فەرموویەتی: ئەو تاشەرە مەبەستم پێی تاشینی قژ نییە بەڵکو ئاین ئەتاشێ)(ترمزی گێڕاویەتیەوە و فەرموویەتی فەرموودەیەکی سەحیحە).

---

[1] تەفسیری ئاسان، سەرچاوەی پێشوو،ل ١٢٣.

ئاگاتان لەخۆتان بێت، خراپی نێوانتان پەیوەندی خراپی نێوان دوو برایە، نێوان دوو هاوبەش، نێوان دوو خزم، نێوان دوو دراوسێ، نێوان دوو هاوسەر، نێوان دوو مرۆڤ.

یەكێك لەگەورەترین هۆكارەكانی لاواز بوون خراپی نێوان خەڵكیە، بۆیە خوای گەورە دەفەرمووێت:(فَاتَّقُواْ اللّهَ وَأَصْلِحُواْ ذَاتَ بِيْنِكُمْ وَأَطِيعُواْ اللّهَ وَرَسُولَهُ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ) (الأنفال:١)، واتە:(كەواتە لەخوا بترسنو نێوان خۆتان چاك بكەنو هەمیشە گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەرەكەی بن ئەگەر ئێوە بڕوادارن)[1].

نێوان خۆتو خوا چاك بكە بە تەوبەو پەشیمانی، نێوان خۆتو خەڵك چاك بكە بەلێخۆش بوونو لێبوردنو دیاریو ڕوون كردنەوە و خستنەڕوو، نێوان دوو كەس چاك بكە بەكردەوەی چاك.

[1] تەفسیری ئاسان، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٣.

# یاسای ئاسان و دژوارکردن

رەوەند شێروان ئەحمەد

# یاسای ئاسان و دژوارکردن *

(فَأَمَّا مَنْ أَعْطَى وَاتَّقَى (5) وَصَدَّقَ بِالْحُسْنَى (٦) فَسَنُيَسِّرُهُ لِلْيُسْرَى (٧) وَأَمَّا مَنْ بَخِلَ وَاسْتَغْنَى (٨) وَكَذَّبَ بِالْحُسْنَى (٩) فَسَنُيَسِّرُهُ لِلْعُسْرَى (١٠)الليل، واتە: جا ئەوەی (ماڵ و سامان و زانستی....هتد)دەبەخشێت و پارێزکار و لە خواترسە، بڕوای پتەوی بە پاداشتی چاك و بەنرخی خوایی هەیە، ئەوە ڕێگەی چاکە و چاکەکاری بۆ ئاسان دەکەین و سەرئەنجام دەیخەینە خێرو خۆشیەوە، بەڵام ئەوەی ڕەزیل و دەست نووقاو بێت و خۆی بێ نیاز بزانێت و (ڕەزامەندی خوایی مەبەست نەبێت)، بڕوای نەبێت بەپاداشت و بەهرەی چاکی خوایی و بەدرۆی بزانێت، ئەوە ئێمە ڕێبازی تەنگانەو ناخۆشی بۆ ئاسان دەکەین و سەرئەنجام بە دۆزەخی دەگەیەنین[1].

لەناو خەڵکیدا قسەو باسی زۆر هەن: فڵانە کەس شانسی نییە، فڵانە کەس ڕۆژگار ڕووی قەڵغانەکەی لێ هەڵگێڕاوەتەوە، فڵانە کەس ڕووی لە (با)یە، فڵانەکەس هەرچۆنێك بجوڵێتەوە هەردەوەستێت و گۆڕانکاری بەسەردا نایەت، ئەم قسەیە هیچ مانایەکی نییە و بەڵگەش نییە بۆ ڕوودانی.

ڕاستی یەکەم لە یاسای (ئاسان و دژوارکردن): ئەوەیە کە کردەوەی بەندەکان بەدەستی خوای باڵا دەستە، بۆیە مرۆڤ سەربەستە لەوەی ڕووبکاتە ئەنجامدانی هەرکارێ، بەڵام ئامرازی کارەکە بە تەنها بەدەستی خوای گەورە خۆیەتی.

* (یاسای ئاسان و قورس کردن)یش گونجاوە بۆ ئەم ناونیشانە(وەرگێڕ).

[1] تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان، ل٥٩٥.

بۆ نموونە: کاتێ فیرعەون لە خەویدا بینی منداڵێك لە نەوەی ئیسرائیل دەستدەگرێت بەسەر دەسەڵاتەکەیدا، بڕیارێکی خێرای دەرکرد بە کوشتنی هەموو کوڕەکانی نەوەی ئیسرائیل و هەر ئافرەتێك هەواڵی لەدایکبوونی کوڕێك نەدات و بیشارێتەوە لە شوێنی ئەو منداڵە دەکوژرێت، بەمەش کارەکە کۆتایی پێهات.

بەڵام ئەو منداڵەی کەدەستدەگرێت بەسەر دەسەڵاتەکەیدا لە کۆشکەکەی خۆیدا بە خێوی دەکات!

**(وَأَوْحَيْنَا إِلَىٰ أُمِّ مُوسَىٰ أَنْ أَرْضِعِيهِ ۖ فَإِذَا خِفْتِ عَلَيْهِ فَأَلْقِيهِ فِي الْيَمِّ وَلَا تَخَافِي وَلَا تَحْزَنِي ۖ إِنَّا رَادُّوهُ إِلَيْكِ وَجَاعِلُوهُ مِنَ الْمُرْسَلِينَ)** القصص:٧.

واتە: بە دایکی (مووسا)مان ڕاگەیاند: شیری دەیەو هەروەختێ لێی نیگەران بووی بیهاوێژە ناو دەریاوە، نە بترسە (لەوەی تووشی بەلاّ ببێت) نەخەفەتیشی بۆ بخۆو چونکە ئێمە بەڕاستی دەیگێڕینەوە بۆلات و لە ئایندەشدا دەیکەین بە یەکێك لە پێغەمبەرە پەیامدارەکان [٢].

منداڵێکی بچووك فرێدەدرێتە ناو ڕووبارەوە کە لەناو سندوقێکی داریندایە، کێ بوو بردیە تەنیشتی کۆشکەکەی فیرعەون؟ کێ بوو کە ڕایگرت و وایکرد کە پەلبهاوێژێ و بچێتە لای کەنارەکە؟

کێ خستیە دڵی خێزانی فیرعەونەوە کە بچێتە سەر کەناری ڕووبارەکە و لە ناکاودا ئەم سندوقە ببینێ و بیکاتەوە؟کێ بوو خۆشەویستی ئەو منداڵەی خستە دڵی خێزانی فیرعەون؟

[٢] قورئانی پیرۆز وەرگێڕانی هەژار،ل٣٨٦

(فَالْتَقَطَهُ آلُ فِرْعَوْنَ لِيَكُونَ لَهُمْ عَدُوًّا وَحَزَنًا ۗ إِنَّ فِرْعَوْنَ وَهَامَانَ وَجُنُودَهُمَا كَانُوا خَاطِئِينَ) القصص:٨.

واتە:دەستەو بەستەی فیرعەون ئەویان هەڵگرتەوە، تا ببێتە دوژمنیان و هۆی مەینەتیان[٣].

ئەوە ناگونجێ کە منداڵێك هەڵبگریتەوە بۆ ئەوەی ببێت بە دوژمنت بەڵام لە کۆتایی دا ئەوەی کە دەبێت ئەوەیە کە دەسەڵاتی فیرعەون لەسەردەستی ئەم منداڵە کۆتایی پێدێت.

دەسەڵات بەدەستی خوای گەورەیە، ژیانت، بژێویت، ماڵەکەت، خێزانت، منداڵەکانت، ئەوەی کە لەدەوروبەرتدایە، ئەوەی کە لەسەرووی تۆیە،ئەوەی کە لە خوارووی تۆیە، دروستکراوەکان، هەموو ئەو شتانەی دەوربەرت بەدەستی خوای گەورەیە، سەرکەوتنت بەدەستی خوای گەورەیە، بژێویت بەدەستی خوای گەورەیە، خۆشگوزەرانیت، ئاسایشت، ترست، خوێنبەری تاجی لەدڵدا بەدەستی خوای گەورەیە.

گەشەی خانەکان، شلی خوێن لەناو مولوولەکانی خوێن بەدەستی خوای گەورەیە. ئەمەیە باوەڕ: هەموو شتێك بەدەستی خوای گەورەیە.

خوای گەورە دەفەرموێت:(**وَإِلَيْهِ يُرْجَعُ الْأَمْرُ كُلُّهُ فَاعْبُدْهُ وَتَوَكَّلْ عَلَيْهِ ۚ وَمَا رَبُّكَ بِغَافِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ**) هود:١٢٣.

---

[٣] قورئانی پیرۆز وەرگێڕانی هەژار ل٢٣٥.

واتە: هەموو کارێك هەر سەر بەوە، ساتۆ هەر ئەو بپەرستە و چارەنووست بەو بسپێرە !.

لەکاتێکدا بڕوات وابێت کە هەموو شتەکان بەدەستی خوای گەورەن، هیچ بەخشەرێك نییە، هیچ ڕێگرێك نییە، هیچ کەسێك نییە شکۆدارت بکات، هیچ سەرشۆڕکەرێك نییە، هیچ کەسێك نییە نزمت بکاتەوە، هیچ (بەرزکەرەوە)و (سەرخەرێك) نییە، هیچ کەسێك نییە بەڕێزت بکات، هیچ کەسێك ناتوانێت ئابرووت بەرێت ئەگەر خوای گەورە نەیەوێت، هەموو پەیوەندیەکانت لەگەڵ خوای گەورەدا بەدەست خوای گەورە خۆیەتی، کاتێك خاوەنی ئەم باوەڕە بیت تەنها ڕوودەکەیتە خوای گەورە، هیوات تەنها بەخوای گەورەوە وا بەستە دەبێت.

لە هیچ کەس ناترسی تەنها خودا نەبێت، بێ باکی لە هەموو کەس جگە لە خودا. تەنها داوا لە خوای گەورە دەکەیت و هیوات بە خوای گەورە هەیە، هیچ شتێکت لە کەس ناوێت تەنها لە خوای گەورە نەبێت، ئەمەیە باوەڕهێنان بە یەکتاپەرستی خوای گەورە.

لەبەرئەوەی کارەکان بەدەست خوای گەورەیە، کاری خێزانەکەت بەدەست خوای گەورەیە، یان بەشێوەیەکی ناوازە گوێڕایەڵیت دەکات و هەڵسوکەت لەگەڵیدا ئاسانە، یاخود دەبینی خێزانت پارچەیەکە لە ئاگر، ئایا ئەوە وەك خێزانێکی باش وایە؟! لەوەدەچێ خوای گەورە بیەوێت مرۆڤێك تەمێ بکات بە خێزانێك کە ئەستێرەی لە نیوەڕۆدا پیشان بدات *، خێزانی خراپیشی بۆ باش دەبیت، کارەکە بەدەستی خوای

---

* ئەمە کاتێك ڕاستە کەمەبەست پێی ئەوە بیت خوای گەورە تواناو ئیرادەی بە مرۆڤ بەخشیوە،ئەگینا مرۆڤەکان خۆیان بەرپرسن لە کارەکانیان. (وەرگێڕ)

گەورەیە لە خشاندنی دار (عود)ێکەوە بۆ هەڵگیرساندنی جەنگی ناوخۆ و کاولکردن و داگیرکردن.

تۆ درووستکراوی یەکەمی، تۆ درستکراوێکی کە ڕێزت لێگیراوە، تۆ دروستکراوێکی کە ئەرکت پێسپێردراوە، ئەگەر بێت و خوای گەورە ئازادیت هەڵبوەشێنێتەوە ئەوا سپاردنی ئەرك کۆتای پێدێت، هەڵگرتنی ئەمانەت کۆتایی پێدێت، ئاگر کۆتایی پیدێت، پاداشت کۆتایی پێدێت، سزا کۆتایی پێدێت، تۆ سەربەستی هەر لەسەر ئەم بنەمایە تۆ هاتوویتەتە دونیا، تۆ سەربەستی دەتوانیت کارێك بکەیت کە پێداگریت لەسەری، بەڵام خوای گەورە ڕازی نىیە بەکردنی هەروەك چۆن فەرمانیشی پێ نەکردووی کە بیکەیت.

تۆ دەرمانسازی، پێویستیت بەکارمەندێك هەیە بۆ ئەوەی گرنگی بەکارەکانت بدات، دەتەوێت تاقی بکەیتەوە، هەر بۆیە چەند دەرمانێکی بۆ دەهێنی پێی دەڵیی: ئەم دەرمانانە لە شوێنی شیاوی خۆیان دابنێ لەم دەرمانخانەیەدا، ئەم ڤیتامینانە، ئەم دژە ژەهرانە، ئەم دژە زیندەییانە، ئەم بەهێزکەرانە، ئەویش دەچێت دەرمانی دژە ژەهرەکان لە شوێنی ڤیتامینەکان دادەنێ، ئەگەر ڕێگری لێ بکەیت ئەرکەکەی هەڵدەوەشێتەوە و هەموو تاقیکردنەوەکەش هەڵدەوەشێتەوە، بەڵام ئەگەر بێدەنگ بیت ئەوە تۆ لەو بەهێزتری، دەتوانی دەستی بگریت و پێی بڵێیت: لێرەدا داینێ، کەواتە ئێستا تاقیکردنەوەکە هەڵوەشایەوەو تەواو بوو.

بۆیە خوای گەورە ویستی هەیە کارێك ڕووبدات بەڵام ڕەنگە ڕازیش نەبێت بەو کارە، یاخود ویستی هەیە کە کارێك ڕووبدات هەرچەندە ڕازی نییە بەکردنی ئەو کارە و فرمانیشی پێ نەکردووە واتە ڕێی پێدەدات، لەبەر ئەوەی ناگونجێ ڕووداوێك ڕووبدات

لەنێو موڵکی خوای گەورەدا و خوای گەورەش ویستی لەسەر نەبێت، ڕووداوێك لەناو موڵکی خوای گەورەدا ڕوودەدات، خوای گەورەش ویستی نییە؟! ئەمە گونجاو نییە لەگەڵ خوایەتی خوای گەورە، کەواتە هەموو شتێك کە ڕوودەدات خوای گەورە دەیەوێت ڕووبدات بەواتای ئەوەی کە ڕێی پێدەدات، هەموو شتێك کە خوای گەورە دەیەوێت ڕووبدات ڕوودەدات، ویستی خوای گەورەیە پەیوەستە بەدانایی و ژیرییەکی بێ سنوور، دانایی و ژیری بێ سنووری خوای گەورەش پەیوەستە بە (چاکە ویستیەکی) بێ سنوور.

لەبەر ئەوەیە وتراوە: هەموو ڕووداوێك داناییەکی تێدایە، شتێك ڕوودەدات لە ڕووکەشدا زیانێکی گەورەی تێدایە، بەڵام لەبەرئەوەی خوای گەورە ڕێی پێداوە کە ڕووبدات کەواتە خێرو چاکەیەکی زۆری تێدایە، ئیتر بەشێك لە خەڵکی کرۆکی ئەو ڕاستیە دەزانن و کۆمەڵێکیش نازانن.

مەبەست لە (دانایی و ژیری) بێ سنوور چی یە؟ ئەوەی کە ڕوویداوە ئەگەر ڕووینەدایە ئەوە خوای گەورە سەرزەنشتکراو دەبوو، ئەوەشی کە ڕوویداوە ئەگەر ڕووینەدایە ئەوە کەم و کوڕییەك دەبوو لە دانایی و ژیری خوای گەورە.

خراپەی بێ سنوور بوونی نییە لە گەردووندا، خراپەی بێ سنوور دژیەکە لەگەڵ بوونی خوای گەورەدا، ناکرێت خراپەی بێ سنوور هەبێت، تەنها خراپەکی ڕێژەیی و دیاریکراو نەبێت کە خوای گەورە دەیباتە لای چاکەی بێ سنوور.

ئاسانکردن و دژوارکردن یاسای خۆی هەیە، ئەو یاسایەی کە ئاسانکردن و دژوارکردن ڕێکدەخاتەوە ئەم ئایەتەیە، کە خوای گەورە دەفەرمووێت:

(فَأَمَّا مَنْ أَعْطَى وَاتَّقَى (5) وَصَدَّقَ بِالْحُسْنَى (٦) فَسَنُيَسِّرُهُ لِلْيُسْرَى (٧) الليل:٥-٧

واتە: جا ئەوەی (ماڵ و سامان و زانستی....هتد)دەبەخشێت و پارێزکار و لە خواترسە، بڕوای پتەوی بە پاداشتی چاك و بەنرخی خوایی هەیە، ئەوە ڕێگەی چاکە و چاکەکاری بۆ ئاسان دەکەین و سەرئەنجام دەیخەینە خێرو خۆشیەوە.

ئەو کەسە کێ یە؟ ئەوەی کە بڕوای بە ڕۆژی دوایی هەیە، بڕوای وایە، کە دروستکراوە بۆ ئەوەی بچێتە بەهەشت، بنیات لەسەر ئەم باوەڕە پاکترە لەوەی کە بێ باوەڕی خوای گەورە بکات.

ژیانی لەسەر بەخشین بونیاتدەنێ، لەکاتەکانی دەبەخشێ لەماڵەکەی، لە زانستەکەی، لە گەورەیی. هاوسەرگیریەکەی سەرکەوتووە، خێزانێکی باشی هەیە، کاتی کە سەیری دەکات دڵخۆشی دەکات، ناموسی دەپارێزێ کە لە لای نەبێت.

گوێڕایەڵی دەبێت کە فەرمانی پێدەکات، هاوسەرگیری ئاسانکردنی تێدا هەیە، کار ئاسانکردنی تێدا هەیە، بژێوی ئاسانکردنی تێدا هەیە، تەندروستی ئاسانکردنی تێدا هەیە، هەندێك جار هەڵەیەکی سادە لە لەشدا کە ڕوودەدات ژیانی مرۆڤ هەڵدەگەڕێتەوە و دەیکات بە دۆزەخ، هەندێکجاریش خواردنی دەرمانێك بەهەڵە ئەنجامی زۆر ترسناکی لێدەکەوێتەوە، هەندێکجار مرۆڤ نەشتەرگەری دەرهێنانی گورچیلە دەکات کە لە کارکردن وەستاوە، مرۆڤ تەمەنێکی درێژ بەیەك گورچیلەوە دەژی بەڵام پزیشکەکە گورچیلە ساغەکەی دەردەهێنێ.

برایەك پێی وتم شتنی گورچیلەکانی باوکم دە ساڵی خایاند، لەبەر ئەوەی پزیشکەکە گورچیلە ساغەکەی بەهەڵە دەرهێنابوو، لێرەوە یارمەتیدانی خوایی لە تەندروستی، لە

هاوسەرگیری، لە کار، لە پەیوەندییە گشتیەکان و لە بەدەستهێنانی بژێوی و لە بەخشینی ماڵ و لە گەشتکردندا هەیە.

خوای گەورە دەفەرموویت:)وَأَمَّا مَنْ بَخِلَ وَاسْتَغْنَى (٨) وَكَذَّبَ بِالْحُسْنَى(٩)الليل:٨-٩

واتە: بەلاّم ئەوەی ڕژدی کردو وتی، کارم بە کەس نییە، پاداشی هەرە باشیشی پێ درۆ بوو[1].

بڕوای بە دونیایەو ڕۆژی دوایی بە درۆ دەخاتەوە، لەبەر ئەوەی بڕوای بە دونیایەو دەستی هەڵگرتووە لە گوێڕایەڵی خوای گەورەو خۆی بێ نیاز دەبینێ لەو بارەیەوە، هەر لەبەر هەمان هۆ ژیانی بنیات ناوە لەسەر وەرگرتن، هەر بۆیە ئەم مرۆڤە چۆن بجووڵێتەوە کارەکانی دژوار دەبن، خۆشی نییە، سەرکەوتن نییە، ئاسانی نییە، هەرکاتێك لەدەرگایەك بدات دەبینێ داخراوە*.

برایەك بۆی باسکردم کە کاری دەکرد لە پیشەیەکی پێشکەوتوو، لە پیشەسازی کۆمپیوتەر، کە شارەزایەکی گەورە بوو تیایدا. بۆی باسکردم و وتی: کەسێك داوای لیکردم کۆمپیوتەری کارگەیەك چاك بکەمەوە، منیش داوای بڕێك پارەم کرد کە پێی ڕازی بم کە بڕێکی گونجاو بوو، بەڵام پیاوەکە لەسەری قورس بوو، ژماردی داوای لێکردم نرخەکەی کەم بکەمەوە بە پێداگریەکی زۆر هەتا لێی تووڕە بووم،

---

[1] قورئانی پیرۆز وەرگێڕانی هەژار،ل٥٩٥

* ئەمەش ناکرێ زۆر بە ڕەهایی بوترێ،چونکە دەکرێ هەندێك جار کەسی یاخی لە هەندێ باروگوزەراندا ئاسوودە دەبێت یان شتەکانی بۆ بەدەست بێت چونکە هەرکەس دونیای بوێت خوای گەورە پێی دەدات بەڵام زۆرجار دەروونی ناڕەحەتە. (وەرگێڕ)

پێم وت: من پێویستم بە تۆ نییە، تۆ پویستت بە منە ئەگەر دەتەوێت بێم بۆ لات ئەوە پارەکە بدە، بۆیە ڕازیبوو.

ئەو برایە سوێندی بۆ خواردم لە ڕێگەی ئەزموونی چەند ساڵەیەوە کە کارەکەی پێویستی بە دوو یان سێ کاتژمێر هەیە، پێی وتم یەکەم ڕۆژ گرفتەکەی نەدۆزییەوە، دووەم ڕۆژ، سێ یەم ڕۆژ، چوارەم ڕۆژ، پێنجەم ڕۆژ، شەشەم ڕۆژ، نۆ ڕۆژ نەگەیشت بە چارەسەر.

لەدوای ئەوە داوای مۆڵەتی کرد، بە خۆیدا چووەوە، کێشەکە لە کوێدایە من پێم وت: من پێویستم بە تۆ نییە، تۆ پێویستت بە منە، ئەم قسەیەش لە خۆ بە گەورە زانینەوە بوو، گەڕایەوە بۆ لای خوای گەورە و خێرێکی کرد، پێی وتم: لە دەیەم ڕۆژدا کێشەکە چارەسەر بوو لەماوەی چارەکە سەعاتێك.

لەوانەیە کارەکان دژوار و قورس ببن و هەندێکجاریش ئاسان دەبن، هەندێك جار فەرمانبەرێك بەبیریدا دێت داوای قەواڵەیەك بکات داوای (بەڵگەنامەیەك) بکات کە نابێت داوات لێبکات، ناچارت دەکات هەشت ڕۆژ سەفەری بۆ بکەیت، هەندێك جاریش وا هەست دەکەیت کە ئەم فەرمانبەرە ویستی ئەوەی هەیە ئارەزوومەندانە کە یارمەتیت بدات، لەم بارەیەوە فەرموودەیەك دەهێنین.

(عَنْ أَنَسٍ قَالَ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يُكْثِرُ أَنْ يَقُولَ:(يَا مُقَلِّبَ الْقُلُوبِ ثَبِّتْ قَلْبِي عَلَى دِينِكَ، فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ آمَنَّا بِكَ وَبِمَا جِئْتَ بِهِ، فَهَلْ تَخَافُ عَلَيْنَا؟ قَالَ :نَعَمْ، إِنَّ الْقُلُوبَ بَيْنَ أُصْبُعَيْنِ مِنْ أَصَابِعِ اللَّهِ يُقَلِّبُهَا كَيْفَ يَشَاءُ). (رواه الترمذي).

واتە: لە ئەنەسەوە (خوای لیٚ ڕازی بێت) دەفەرمووێ: پێغەمبەری خودا (درود و سەلامی خوای لەسەر بێت) زۆرجار دەیوت:(ئەی هەلگێڕەوەی دڵەکان دڵم دامەزراوم بکە لەسەر دینەکەت، منیش وتم: ئەی پێغەمبەری خودا، بڕوامان بە تۆ هێنا، بەوەشی کە پێی هاتووی، ئایا لە ئێمە دەترسی؟

فەرمووی بەڵێ: دڵەکان لە نێوان دوو پەنجە لە پەنجەکانی خوای گەورەدان هەڵیدەگێڕێتەوە چۆنی بوێت).ئیمامی ترمزی ڕێوایەتی کردووە.

بۆیە ئەگەر تۆ شایەنی ڕێزلێنانی ڕووبکەرە خوای گەورە، خۆشەویستیت لە دڵی خەڵکدا دەبێت، گرنگیت پیٚ دەدەن، ئەگەر مرۆڤ شایەنی سزا دان بێت خوای گەورە ڕق لیٚ بوونی دەخاتە دڵی خەڵکیەوە، گێچەڵی پێدەکەن و بە گیری دەهێنن، بێزاری دەکەن، کارەکانی لیٚ ئاڵۆز دەکەن.

ئاسانکردن زۆر ئاسوودە بەخشە، دژوارکردنیش زۆر گرانە، ئاسانکردن ئاسوودە بەخشە و بەهاشی هەیە، دژوارکردن بێزارکەرەو هۆکاریشی هەیە. بنچینەی ئەم بابەتە ئەم ئایەتەی خوای گەورەیە:)فَأَمَّا مَنْ أَعْطَى وَاتَّقَى (5) وَصَدَّقَ بِالْحُسْنَى (٦) فَسَنُيَسِّرُهُ لِلْيُسْرَى (٧) وَأَمَّا مَنْ بَخِلَ وَاسْتَغْنَى (٨) وَكَذَّبَ بِالْحُسْنَى (٩) فَسَنُيَسِّرُهُ لِلْعُسْرَى (١٠)الليل:٥-١٠.

واتە: جا ئەوەی (ماڵ و سامان و زانستی....هتد)دەبەخشێت و پارێزکار و لە خواترسە، بڕوای پتەوییە پاداشی چاك و بەنرخی خوایی هەیە، ئەوە ڕێگەی چاکە و چاکەکاری بۆ ئاسان دەکەین و سەرئەنجام دەیخەینە خێرو خۆشیەوە، بەڵام ئەوەی

ڕەزیل و دەست نووقاو بێت و خۆی بێ نیاز بزانێت و ڕەزامەندی خوایی مەبەست نەبێت.[1]

ئایەتێك هەیە سوێند بەو خوایەی کە هیچ پەرستراوێك نییە بە حەق جگە لەو، ئەگەر بە تەنها ئەم ئایەتە لە قورئاندا هەبووایە بەسبوو، خوای گەورە دەفەرمووێت:(وَمَن يَتَّقِ اللَّهَ يَجْعَل لَّهُ مَخْرَجًا) الطلاق:٢. واتە: هەرکەسێ لە خودا بترسێ، خودا دەرگایەکی لێ دەکاتەوە.[2]

ئەستەمە هەزار هەزار جاریش ئەستەمە لە خوا بترسیت و ئاسوودەیی دەروونی بەدەست نەهێنی، کە لە خوا بترسیت و هەموو ئەوانەی لە دەوربەرتدان لە خزمەتی تۆدانەبن.

ئەگەر خوای گەورە کارەکانتی ئاسانکرد دوژمنەکەت خزمەتت دەکات، ئەگەر خوای گەورە کارەکانتی گران کرد نزیکترین کەسەکانت بەربەرەکانێت لەگەڵدا دەکات. هەر بۆیە (وَمَن يَتَّقِ اللَّهَ) واتە:هەرکەس لە خودا بترسێ، هەرکەس لە خودا بترسێ لە هەڵبژاردنی هاوسەریدا (يَجْعَل لَّهُ مَخْرَجًا) واتە: دەرگایەکی لێدەکاتەوە، هەرکەس لە خودا بترسێ لە بەخێوکردنی منداڵەکانی خوای گەورە دەرگایەکی لێ دەکاتەوە و ڕزگاری دەکات لەوەی تووشی دژواری بێت هەرکەسێك لە خودا بترسێ لە پەیداکردنی ساماندا خودای گەورە دەرگایەکی لێ دەکاتەوە و سامانەکەی ڕزگار دەکات لەناوبردن و دەست بەسەرداگرتنی، یاخود لە دۆڕاندنی سامانەکەی لە بازرگانییەکدا یان لە زەرەرکردن، هەرکەسێك لە خودا بترسێ و تەنها خودا بپەرستێ، خوای گەورە دەرگای

---

[1] تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان،ل ٥٩٥

[2] تەفسیری ئاسان بۆتێگەیشتنی قورئان، ل٥٥٨

ڕزگاربوونی لێدەکاتەوە لە هاوەڵدانان، هەرکەسێکیش لە کاتی لەشساغیدا لە خوای گەورە بترسیّ، خوای گەورە لەکاتی نەخۆشیدا دەرگای لێدەکاتەوە.

ئایەتی دووەم:(وَمَن يَتَّقِ اللَّهَ يَجْعَل لَّهُ مَخْرَجًا) الطلاق:٢. واتە: هەرکەسێکیش لەخودا بترسیّ، خودا کاری هاسان دەکا[1].

خودای باڵادەست ڕێگات پێدەدات بەکردنی کارێك کە دەرئەنجامەکەی دژوارکردن و قورسکردنی کارەکانتە، لەبەر ئەوەی کە تۆخۆت هەڵتبژاردووە، بۆیە ڕێگات پێدەدات بە کردنی کارێك وەدەرئەنجامەکەشی دژوارکردنی ئیشەکانتە، لەبەر ئەوەی:(يُرِيدُ اللَّهُ بِكُمُ الْيُسْرَ وَلَا يُرِيدُ بِكُمُ الْعُسْرَ) البقرة:١٨٥.

واتە: خودا ئاسانکاری بۆ ئێوە دەوێت و نایەوێت (پەرستن و فەرزەکانتان)لەسەر قورس و گران بکات[1]

خوای گەورە دەفەرمووێت:(إنّ مع العُسر يسراً) الشرح:٦. واتە: بێگومان بە دڵنیاییەوە هاوڕێ لەگەڵ تەنگانەدا خۆشی و ئاسوودەیی هەر دەبێت [2].

پێغەمبەری خودا (درودو سەلامی خوای لەسەر بێت) ڕۆژێك بە دڵخۆشیەوە لە ماڵ دەرچوو دەیفەرموو:(لن يغلب عسر يسرين، إن مع العسر يسرا، إن مع العسر يسرا). واتە: دژواری و قورسیەك باڵ ناکێشیّ بەسەر دوو ئاسانکاریدا، لەپاش تەنگانەو دژواری و خۆشی، لەپاش تەنگانەو دژواری خۆشی هەیە. (ئیمامی حاکم لە (مستدرك) دەریهێناوە لە (حسن)ەوە.

[1] قورئانی پیرۆز وەرگێڕانی هەژار، ل٥٥٨
[1] قورئانی پیرۆز وەرگێڕانی هەژار،ل٢٨
[2] قورئانی پیرۆز وەرگێڕانی هەژار،٥٩٦

وشەیەك ئەگەر دووبارە بووەوە، ناسراو بوو (معرفة) بوو ئەوا یەك واتای هەیە، بەڵام ئەگەر بە نەناسراوی (نکرة) هاتبوو، دووبارە بووەوە ئەوا بە واتایەکی دیکە دێت، هەر بۆیە یەك (عسر) هاتووە و دوو (یسر) یش هاتووە، کەواتە یەك دژواری و قورسی باڵ ناکێشێ بەسەر دوو ئاسانکاریدا.

ئاسانکار بن و کارەکان دژوار مەکەن، موژدەدەربن و خەڵکی دوور مەخەنەوە، ئامانجەکەتان بپێکن و نزیکبنەوە، هەروەك تۆ چۆن لە خودای گەورەت دەوێت کە ئاسانکار بێت لەسەرت، تۆش ئاسانکاربە بۆ ئەوانەی لە دەوروبەرتدان.

لە جابری کوڕی عبدالله (خوای گەورە لێیان ڕازی بێت) کە پێغەمبەری خودا (درودو سەلامی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی:(رَحِمَ اللَّهُ رَجُلًا سَمْحًا إِذَا بَاعَ وَإِذَا اشْتَرَى وَإِذَا اقْتَضَى) (رواه البخاري).

واتە: خوای گەورە لەو کەسە خۆش بێت کە ئاسانکارە کاتێ کە کڕین و فرۆشتنی ئەنجامدا کاتێ دادوەری کردووە). (ئیمامی بوخاری ڕیوایەتی کردوە)

# یاسای بەدەمەوە بوون و لێکدابڕان

پەروین عمر کاکە عبداللە

# یاسای بەدەمەوە بوون و لێکدابڕان

خوای گەورە دەفەرموویت:(فَبِمَا رَحْمَةٍ مِّنَ اللّهِ لِنتَ لَهُمْ وَلَوْ كُنتَ فَظًّا غَلِيظَ الْقَلْبِ لاَنفَضُّواْ مِنْ حَوْلِكَ فَاعْفُ عَنْهُمْ وَاسْتَغْفِرْ لَهُمْ وَشَاوِرْهُمْ فِي الأَمْرِ فَإِذَا عَزَمْتَ فَتَوَكَّلْ عَلَى اللّهِ) (آل عمران:١٥٩).

واتە:(ئەی محمد (صلی الله علیه وسلّم) بەهۆی ڕەحمەتی خواوەیە تۆ نەرم و نیانی لەگەڵ ئەواندا، خۆئەگەر توڕەو دڵڕەق بویتایە، هەموان لەدەورت ئەتەکینەوە، کەواتە چاوپۆشیان لێ بکەو لێیان ببورەو داوای لێخۆشبونیان بۆبکە، لەکارو پێشهاتدا ڕاوێژیان پێبکە، ئەگەر بڕیارت دا ئەوا پشت بەخوا ببەستە)[1].

کاتێك مرۆڤێك بڕوای تەواو دەهێنێت کەدروستکراوە بۆبەهەشت، بەهەشتیش پڕیەتی لەو شتانەی کە(ما لا عَينٌ رَأَت ولا أُذنٌ سَمِعَت، ولا خَطَرَ على قلبِ بَشَر)، (ئەوەی بەچاو نەبینراوە، وەبەگوێ نەبیستراوە، بەهزری مرۆڤدا نەهاتووە)، (ئەم فەرموودەیە هەریەکە لە بوخاریو موسلیم هاوڕان لەسەریو لەئەبو هورەیرەوە گێڕدراوەتەوە).

ئەم ژیانی دونیایە نامێنێت، شتێکیش کۆتایی بێت هیچ بەهایەکی نییە، لەسەهلی کوڕی سەعدەوە گێڕدراوەتەوە، کەدەفەرمووێ: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێت) فەرموویەتی:(لَو كانَت الدُّنيا تَعدِلُ عندَ اللهِ جَناحَ بَعوضةٍ ما سَقى كافراً منها شَربة ماءٍ) (رواه الترمذي)، واتە:(ئەگەر دونیا لەلای خوا هاوتای باڵە مێشولەیەك بوایە تەنها قومە ئاوێکی نەدەدا بە بێ بڕوایەك).

ئەم دونیایە ڕێڕەوێکە، نەك شوێنگەی مانەوە، خانەی ڕاسپاردنە نەك خانەی خزمەت کردن و ڕێز لێنان، خانەی کارکردنە نەك خانەی هیوا خواستن، ئەم دونیایە کێڵگەی ڕۆژی دواییە، بەهەشتێکی تیایە ئەویش بەهەشتی نزیکیە، هەرکاتێك مرۆڤ

---

[1] تەفسیری ئاسان، سەرچاوەی پێشوو،ل ٧١.

بڕوای هێنا کەبۆبەهەشت دروست کراوە، گەورە ترین سەرفرازیەك بریتییە لە:(فَمَن زُحْزِحَ عَنِ النَّارِ وَأُدْخِلَ) (آل عمران:١٨٥)، واتە:(ئەوەی دەرباز بوو لەدۆزەخ‌و خرایە بەهەشتەوە)، هەروەها گەورە ترین دۆڕاندنێ کەترسی لەئەستۆ گرتنی هەبێ دۆڕاندنی ڕۆژی دواییە)، (قُلْ إِنَّ الْخَاسِرِينَ الَّذِينَ خَسِرُوا أَنفُسَهُمْ وَأَهْلِيهِمْ يَوْمَ)(الزمر:١٥)، واتە: (پێیان بڵێ: دۆڕاوەکان ئەوانەن کەخۆیان‌و کەس‌و کاریان دۆڕاندووە لەڕۆژی دواییدا)[٢].

ئەگەر بڕوای هێنا کەدروستکراوە بۆبەهەشت، لەکاتێکدا ئێستا لەدونیادایە، باشترین کار کامەیە بەڕەهایی؟ ئەوەیە کارێك بکات شایستەی بکات بۆچونە ناو بەهەشت، ئەم کارە پەیوەستە بەمرۆڤەوە، ئەگەر ڕاستگۆو دەست پاك، دڵسۆز، داد پەروەر، بەسۆز بێت، ڕاوەستێ لەسنوری خوادا، ئەو مرۆڤانە ئەرکی یەکەمی تۆیە ڕێنماییان بکەیت بەرەو خوا، دەبێت لەدەورت کۆ ببنەوە.

ئەم یاسایە، گرنگە بۆ بانگخوازان، بۆپەروەردەکاران، هەر مرۆڤێك پلەیەکی سەرۆکایەتی هەیە، یان کارێکی بانگ خوازی، لەباوکەوە دەست پێدەکات و بەفەرمانڕەوا کۆتایی پێبێت.

چۆن خەڵك لەدەورت ئەگەڕێن؟ خۆشیان دەوێیت، گوێت بۆ ڕائەگرن، بایەخ بەوتەکانت ئەدەن، بەڵام ئەگەر لەدەورت تەکینەوە دەتوانیت خزمەتێکیان پێشکەش بکەیت، یان ڕێنوێنیان بکەیت بۆڕێگەیەکی ڕاست، یان دەستیان بگریت بەرەو خوا، یان بڕوات پێ بکەن؟! باوك، دایك، مامۆستا، بڕوادار، هەر مرۆڤێك پێویستی بەم یاسایە هەیە بۆئەوەی بیکاتە هۆکارێك بۆخڕکردنەوەی خەڵك بەدەوریدا.

پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) دەفەرمووێت:(فوَاللَّه لأن يُهدِيَ بكَ رجلٌ واحدٌ خَيرٌ لَكَ مِن حُمرِ النَّعم) (متفق عليه عن سهل بن سعد)، واتە (بەخوا ئەگەر بەهۆی تۆوە کەسێك ڕێنمایی کەسێك وەرگرێ باشترە لەحوشترێکی سوور) (کە بەنرخترین

---

[٢] تەفسیری ئاسان، سەرچاوەی پێشوو،ل ٧٤.

شت بووە لەوکاتەدا) (ئەم فەرموودەیە جێی هاوڕاییە، بوخاریو موسلیم لەسەهلی کوڕی سەعدەوە گێڕاویانەتەوە).

گەورە ترین کار ئەوەیە دەستی کەسێك بگریت بەرەو خوا:

من گفتوگۆ لەگەڵ ئەو کەسە ئەکەم کەبڕوای بەخوا هێناوەو ئەم باوەڕەش پاڵی پێوە ناوە بۆ گوێڕایەڵی، هەرکەسێ بڕوای بەڕۆژی دوایی هێنابێت، بڕوایەك کەڕێی لێ بگرێت زیندەوەرێك ئازار بدات، بڕوای هێناوە بەوەی کەبۆبەهەشت دروستکراوە، نرخی بەهەشتیش لەدونیادا ئەدرێت، گەورەترین پاداشت، و بەقازانجترین کار ئەوەیە کەببێتە هۆکاری ڕێنوێنی خەڵك، خەڵکیشت پێ ڕێنوێنی ناکرێت هەتاوەکو لەدەورت کۆدەبنەوە، چۆن لەدەورت کۆدەبنەوە؟ ئەوە یاسای ڕووتێکردنو بەدەمەو هاتنە، بۆچی لێت ئەتەکێنەوە، ئەوە یاسای لێتەکینەوەیە.

پاڵەوانێتی ئەوە نییە کەتەنها ڕاست بڵێیت، بەڵکو دەبێت ئەو قسەیە بچێتە ناودڵی گوێگرانتەوە، پاڵەوانێتی ئەوە نییە کەقسە بکەیت بەڵکو دەبێت کاریگەری هەبێت، خوای گەورە کاتێك پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) دەدوێنێت دەفەرموویێت:(فَبِمَا رَحْمَةٍ مِّنَ اللهِ لِنتَ لَهُمْ) (آل عمران:١٥٩) [١]، واتە بەهۆی بەزەییەکەوە لەدڵتا جێگیر) بوو ئەی محمد (لِنتَ لَهُمْ) نەرمو نیان بووی لەگەڵیان، ئەم بەزەییەی لەکوێوە بۆ هات؟ لەوپەیوەندییەوە بەخواوە، ڕەوشتە جوانەکان لەلای خوای گەورە عەمبار کراون، ئەگەر خوا بەندەیەکی خۆش بوێ ڕەوشتی جوانی پێ ئەبەخشێ، ڕەوشتە ڕەسەنەکان ئەوانەن کە نەدەکەونە ژێر کاریگەری بەرەوپیری دونیا چوون وەنە پشت تێکردنی، وەنە بەپیاهەڵدانی خەڵك و نەبە سەرزەنشتکردنیان.

ڕەوشتە ڕەسەنەکان بەرهەمی پەیوەندی کردنتە بەخواوە، ئەستەمە پەیوەندیت بەخواوە هەبێتو دڵت ڕەق بێت)، ئەسەفە پەیوەندیت بەداد پەروەرەوە هەبێتو ستەمکار بیت، ئەستەمە پەیوەندیت بەمیهرەبانەوە هەبێتو دڵ ڕەقو ڕو گرژ بیت، بۆیە نیشانەی بڕوای بڕوادارو نیشانەی پتەوی پەیوەندی بەخواوە ئەوەیە کەتەواوی لەخوا وەرگرێت، خوای گەورە دەفەرموویێت:(وَلِلّهِ الأَسْمَاء الْحُسْنَى فَادْعُوهُ بِهَا —

الأعراف ١٨٠)، واتە:(هەرچی ناوە جوانو پیرۆزەکان هەیە هەمووی شایستەی خوان، جابەو ناوانە نزابکەنو هاناو هاواری بۆبەرن) ١.

(فَبِمَا) پیتی بێ (باء السبب)ە بۆ هۆ دەبێت، واتە: بەهۆی سۆزێکەوە کەلەدڵتدا ئۆقرەی گرتووە ئەی محمد، بەهۆی پەیوەندیت پێمانەوە بەزەییت بەکەسو کارتدا دێتەوە، بەزەیت بەباوکتدا دێتەوە، بەزەیت بەدایکتدا دێتەوە، بەزەیت بەهاوسەرتدا دێتەوەو بەزەیت بە منداڵەکانتدا دێتەوە.

دڵی بەبەزەیی مامەڵە کردنی نەرمی لێدەکەوێتەوە، بڕواداری بەسۆزو وردکارو هۆگر، هۆگر دەبێو هۆگری دەبیت، چوار دەوری خۆش ئەوێو چاودێری بەرژەوەندیەکانیان دەکاتو بایەخ بەهەستەکانیان دەدات، ڕێزیان ئەگریت، بەرز ڕایان ئەگرین، خۆی بەسەریان دا زاڵ ناکاتو زیادەڕۆ نییە لەبەرامبەریاندا، (فَبِمَا رَحْمَةٍ مِّنَ اللّهِ لِنتَ لَهُمْ)، ئەم نەرمیە پەرچە کرداری سۆزە، لەدڵتا سۆز هەیە،لەڕەفتاردا نەرمی هەیە لەبەرامبەردا هۆی لێتەکینەوەی خەڵك لێت چی یە؟ ڕەنگە هەڵگری بڕوانامەیەکی بەرز بیت، یاخود زمان پاراو بیت، بەڵگەو شیکردنەوەت پێیە، لەگەڵ ئەوەشدا خەڵك لێت ئەتەکنەوە، ئەمە بەرەنجامی ئەو ڕەفتارەیە کەخوای گەورە لەم ئایەتەدا باسی کردووە (وَلَوْ كُنتَ فَظًّا غَلِيظَ الْقَلْبِ لاَنفَضُّواْ مِنْ حَوْلِكَ) (آل عمران:١٥٩)، ئەگەر تۆ زبرو دڵ ڕەق بویتایە لێت دەتەکینەوە[٢]، واتە: ئەگەر لێمان دابڕێیت، ئەگەر مرۆڤ لەخوای گەورە دابڕێت دڵڕەق بێت، ئەم دڵڕەقیە دەگۆڕێت بۆزبریو سەرسەختی لەڕەفتادا.

(فَبِمَا رَحْمَةٍ مِّنَ اللّهِ لِنتَ لَهُمْ وَلَوْ كُنتَ فَظًّا غَلِيظَ الْقَلْبِ لاَنفَضُّواْ مِنْ حَوْلِكَ فَاعْفُ عَنْهُمْ وَاسْتَغْفِرْ لَهُمْ وَشَاوِرْهُمْ فِي الأَمْرِ فَإِذَا عَزَمْتَ فَتَوَكَّلْ عَلَى اللّهِ) (آل عمران:١٥٩).

حەز ئەکەی کوڕەکەت بەدەورتدا بگەڕێت؟ نەرم بە لەگەڵیا، بەسۆز بە بۆی، دادپەروەربە لەکارەکەتدا، حەز ئەکەی هاوسەرەکەت مەیلی بۆت هەبێت، گوێڕایەڵت

---

[٢] تەفسیری ئاسان، سەرچاوەی پێشوو،ل ٧١.

بێتو فەرمانت جێبەجێ بکات، لەویستی تۆدا؟ لەئەنەسەوە (خوای لێ ڕازی بێت) دەگێڕنەوە کەفەرموویەتی:(دەساڵ خزمەتی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلّم)م کرد هەرگیز پێی نەوتووم: ئۆف، بۆوات نەکرد؟ بۆوات کرد؟) (هەریەکە لەبوخاریو موسلیم کۆکن لەسەر ئەم فەرموودەیە)، لە عائیشەوە (خوای لێ ڕازی بێت) دەگێڕنەوە کەفەرموویەتی:(عەرەبێك هاتە خزمەت پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) وتی: مناڵەکانتان ماچ ئەکەن، ئێمە ماچیان ناکەین، پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) فەرمووی: چیت لێ بکەم کەخوا سۆزی لەدڵت دەرهێناوە!) (متفق علیه).

(فَوَيْلٌ لِّلْقَاسِيَةِ قُلُوبُهُم مِّن ذِكْرِ اللَّهِ) (الزمر:٢٢)، واتە:(هاوار بۆئەوانەی کەدڵیان ڕەقە لەئاستی یادی خودا) [1] لەدڵتدا بەزەیی هەیە؟ لەدڵتدا بەزەیی بۆ پشیلەیەك هەیە؟ لەدڵتدا بەزەیی بۆ مێرووڵەیەك هەیەبەسەر دەستشۆرەکەدا سەردەکەوێ، کاتێ کەئاوەکەت بەردایەوەو نقومت کرد؟

بەخوا بەزەییت بۆمێرولەیەك پاداشتەکەی لای خوا ون نابێت، بەخوا بڕوادار ناتوانێت بەمەبەست پێ بنێ بە مێرووڵەیەکدا.(فَبِمَا رَحْمَةٍ مِّنَ اللهِ لِنتَ لَهُمْ).

بڕوادار بەبەزەییە، بڕوادار میهرەبانە، بڕوادار نەرمونیانە، بڕوادار چواردەوری خۆی خۆش دەوێ، (فَبِمَا رَحْمَةٍ مِّنَ اللهِ لِنتَ لَهُمْ وَلَوْ كُنتَ فَظًّا غَلِيظَ الْقَلْبِ)، ئەگەر لێمان دابڕایتایە دڵت پڕ ئەبوو لەقین، قینەکە دەگۆڕا بەدڵڕەقیو زبری، ئەوکاتە خەڵکی لێت ئەتەکینەوە، ئەم قسانە باوك پێویستیەتی، مامۆستا پێویستیەتی، پەروەرشیار پێویستیەتی، بانگخواز پێویستیەتی، بەڕێوەبەری دامەزراوە پێویستیەتی، تاوەکو چالاکیەکان لەدامەزراوەکەیدا سوكو ئاسانی بەڕێوەبچن بەدەونێکی ئارامەوە، و بەئارەزوویەکی خزمەتگوزاریانەوە. لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بووم، کەوڵاتێکی سەرکەوتووە لەپیشەسازی ئۆتۆمبێل دا، سەردانی کارگەیەکم کرد، گەورە ئەندازیارەکەیان پێی ڕاگەیاندم کەئەم وڵاتە یەکەمی

---

[1] هەمان سەرچاوە،ل ٤٦١.

جیهانە لەپیشەسازی ئۆتۆمبێلدا، پاشان تووشی شۆك بوو كەدەیزانی هەر دە ئۆتۆمبێلێك لەوێ، هەشت ئۆتۆمبێلی لەژاپۆن دروست دەكرێ، ئەو وڵاتە سەركەوتووە لەپیشەسازی ئۆتۆمبێلدا لەماڵی خۆیدا داگیر كراوە، ئەو ئەندازیارە پێی وتم: شارەزایانیان نارد بۆئەو وڵاتە، بۆئەوەی بزانن سەركەوتنەكە لەكوێیە، تووشی شۆك بوون كەدەبینن یابان هەرگیز وەكو وڵاتەكەی خۆیان پێشكەوتوو نییە كەواتە سەركەوتنەكە لەكوێدایە؟ ئەوە كۆمەڵایەتییە، بەڕێوبەری كارگە لەگەڵ كرێكارەكان نان دەخوات، دڵنیایان دەكات، چاودێری بەرژەوەندییەكانیان دەكات، بایەخیان پێ دەدات، كارگە نابێت كرێكارەكانی دەربكات، ئەم خۆشەویستیە زۆرە لەنێوان بەڕێوبەری كارگەو كرێكارەكاندا وایكردوە ئەو كرێكارانە كارەكانیان زۆر بەباشی ئەنجام بدەن، بەباش ئەنجامدانی كارەكە ڕەنگی داوەتەوە لەبرەودانی ئەو ئۆتۆمبێلەو ڕەنگی داوەتەوە لەفرۆشی زۆر بەرز، پێی وتم: هۆی سەركەوتنەكە هونەری نییە بەڵكو كۆمەڵایەتیە.

هەندێك جار باوك ڕاوێژ بەكوڕەكەی دەكات، وورەی بەرز دەكاتەوە زۆر سەختە ئەوەی كەمتمانەت پێیەتی ناپاكیت لێ بكات، باوك هەیە متمانە دەدات بەكوڕەكەی، برا هەیە متمانە دەدات بەبراكەی، مامۆستا هەیە متمانە دەدات بەقوتابیەكانی، تاوەكو متمانەی دوو لایەنە ئاڵوگۆڕ بێت، بەزەیی‌و سۆز هەبێت، نەرم‌و نیانی هەبێت، دۆخەكە سازو گونجاوە، چی ڕێگرە ئەگەر بەڕێوەبەری دامەزراوەیەك بیت، و كارگوزارو دەرگاوانێكت هەبێت، لێی بپرسیت: تەندروستیت چۆنە كوڕم؟ ئاسودەیت؟ باشیت؟ ڕەنگە تاوەكو مانگێك ئەو نەرم‌ونیانیەی تۆی لەبیر نەچێت، پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) لەگەڵ خزمەتكاردا دادەنیشت، لەڕێگادا دەڕۆیشت ژنێكی لاوازو هەژار وەستاندی زۆر لەگەڵیدا وەستاو قسەی لەگەڵ دەكرد لەبارەی پێداویستیەكەیەوە، عەدی كوڕی حاتەم لەگەڵیابوو، وتی: وەڵڵا ئەوە كاری شا نییە، ئەوە پێغەمبەرە نەك پاشا.

کاتێك گەورەمان عومەر (خوای لێ ڕازی بێت) چووە ژوورەوە بۆلای بینی لەسەر حەسیر ئەخەوێ، و کاری لەڕومەتی پیرۆزی کردوە، عومەر گریا، پێی فەرموو: ئەی عومەر چی ئەتگریەنێت؟ پێی وت: پێغەمبەری خوا لەسەر حەسیر بخەوێ، و کیسرا شای فارسەکان لەسەر ئاوریشم بخەوێ؟! فەرمووی: ئەی عومەر ئەوە پێغەمبەرایەتی یە، نەك پاشایەتی، بێ فیز بیت، نەرمو نیان بیت لەگەڵ خەڵك ئەوا خۆشیان ئەوێیت، و لەدەورت کۆدەبنەوە، گوێت لێ دەگرن، ئاگایان لەقسەکانت دەبێت، بەدەمتەوە دەێنو بەهاناتەوە دەبن، برایەك قسەی بۆکردم مامۆستا بوو، بەڕێوەبەرەکەی زۆر دڵڕەق بوو، ئەگەر زەنگ لێی بدایە مامۆستاکە نەی توانی پەرداخێك ئاو بخواتەوە، دەست بەجێ دەچوە وانەکەیەوە، پێی وتم: پەرداخێك چام تێکرد، حەزم کرد بیخۆمەوە زەنگ لێی دا، لەبەردەمیا خزمەتکارێك هەبوو لەوێ پێیان دەوت فەڕاش (کارگوزار) پەرداخە چاکەم پێدا، ڕۆژی دواتر پێی وتم: دوو ساڵە لێرەم، کەس سڵاوی لێ نەکردووم، بۆچی ئەو پەرداخە چایەت پێدام؟ چی پێ بڵێ؟ پێی وت: تۆیەکێکیت لەئێمە بۆیە ویستم میوانداریت بکەم، لەوەڵام دا وتی: سوپاس، من ماجستێرم هەیە لەوڵاتەکەم بەڵام لەوێ کارم نەدۆزیەوە.

ئەو برایە پێی وتم: بڕوام پێی نەکرد، بانگهێشتم کرد بۆ ماڵەکەم، چیرۆکێکم بەئنگلیزی بۆهێنا، باش خوێندویەتیەوە، ئەو کەسێکی ناموسڵمان بوو، پێی وتم: بەپێنج دانیشتن بووە بەموسڵمان، و لەگەڵیا دوانزە پیاو موسڵمان بوون، و وانەی هەفتانە دەخوێنن لەماڵەوە، ئەمە هەموی پاداشتی پەرداخێك چا بوو، (فَبِمَا رَحْمَةٍ مِّنَ اللهِ لِنتَ لَهُمْ).

حەز ناکەیت ڕێنوێنی ئەوانەی چواردەورت بکەیت، حەزناکەیت خەڵکی خۆشیان بوێیت؟ بۆیە: پەیوەندی بەخواوە بکەو دڵت پڕدەبێت لەبەزەیی، بەزەییش نەرمو نیانی لێدەکەوێتەوە، ئەوکاتە خەڵکی لەدەورت کۆدەبنەوە، ئەگەر پەیوەندیت بەخواوە نەبێت دڵت پڕ دەبێت لەڕەقی، لەگەڵ ئەم ڕەقیەدا قینو زبریت پێوە دەردەکەوێت، خەڵکی لەدەورت دەتەکێنەوە. ئەی باوك تۆ کەدەچیتە ماڵەوە جەژنە

بۆخاوخێزانەکەت یان ئەچیتە دەرەوەی ماڵ؟ باوك هەیە بەچونەدەرەوەی لەماڵ ماڵەوەیان جەژن دەگێڕن لەبەر ئەوەی دڵڕەقە لەماڵەوە، باوکیش هەیە کەدێتە ماڵەوە دۆخێکی جەژن ئاسا دەسازێنێ، هەواڵی منداڵەکانی دەپرسێ، لەوانەکانتدا چۆنی؟ قوتابخانەکەت چۆنە؟ دڵنیام بکەرەوە، ئەمە وانەیە بۆهەمومان، بۆباوك و بۆدایكو بۆمامۆستاو بۆ بانگخواز.

﴿فَبِمَا رَحْمَةٍ مِّنَ اللهِ لِنتَ لَهُمْ وَلَوْ كُنتَ فَظًّا غَلِيظَ الْقَلْبِ لاَنفَضُّواْ مِنْ حَوْلِكَ فَاعْفُ عَنْهُمْ وَاسْتَغْفِرْ لَهُمْ وَشَاوِرْهُمْ فِي الأَمْرِ فَإِذَا عَزَمْتَ فَتَوَكَّلْ عَلَى اللّهِ﴾.

حەزناکەی کارێکی باش بکەیت؟

حەز ناکەی خەڵك بەتۆ ڕێنوێنی بکرێت؟

حەزناکەی ڕێبەرو ڕێ نیشاندەر بیت؟

حەزناکەیت بانگخوازێك بیت بۆ خوا؟

تۆ پێویستیت بەپەیوەندی کردنە بەخواوە، ئەو پەیوەندییە دڵت بەبەزەیی دەکات، ئەو بەزەییە ڕەنگدانەوەکەی نەرمو نیانی دەبێت، ئەو نەرمو نیانیە سەرنجی خەڵکی بۆلات ڕادەکێشێ وا لەدەورت کۆ دەبنەوە.

پێغەمبەر (درودو سڵاوی خوای لەسەر بێت) سەرگەورەی پێغەمبەرانو نێردراوانە و سەرگەورەی دروستکراوانە، و خۆشەویستی ڕاستەقینەیە، و سەرگەورەی نەوەی ئادەمە، سروشی بۆدێت، و قورئانی پێیە، و سەرئاسای لەگەڵە، و ڕوخساری جوان بوو و زمان پاراو بوو، و بەبەزەیی بوو، پەروەردگار پێی فەرموو: تۆ ئەی محمد لەگەڵ ئەو هەموو خەسڵەتانەدا:﴿وَلَوْ كُنتَ فَظًّا غَلِيظَ الْقَلْبِ لاَنفَضُّواْ مِنْ حَوْلِكَ﴾.

ئەگەر زبرو دڵڕەق بویتایە لەدەورت بڵاوەیان دەکرد و کۆنەدەبونەوە، ئێستا بانگخوازێك دێت کە پێغەمبەر نییە، نێردراو نییە، و سروشی بۆنایەت، و قورئانی پێ نییە، و موعجیزەشی نییە، و زمان پاراویش نییە، و ڕوخسار جوانیش نییە، لەگەڵ ئەوەشدا توڕەو دڵڕەقە! دوو پیاوی سووری هەن لەلەندەن، هاوڕێیەکی بەریتانیان

هەیە، هەرکاتێ لێیان نزیك بێتەوە بەئینگلیزی قسە دەکەن، بۆیە ئەوە سەرنجی ڕاکێشا! پێیان وت: پێغەمبەرمان (درودو سڵاوی خوای لەسەر بێت) ئاگاداری کردویەتەوە خۆمان بپارێزین لە چرپەچرپی دوو کەس بەدەر لە سێیەم، لەبەر ئەوەی دڵتەنگی دەکات.

(إذا كنتم ثلاثاً فَلا يتناجى اثنان دُون الآخر حتّى تختلطوا بالناس من أجل أنّ ذلك يُحزِنُهُ)، (بوخاریو موسلیم لەکوڕی مسعودەوە خوایان لێ ڕازی بێت دەیگێڕنەوە).

واتە: (ئەگەر سێ کەس بوون دوانتان چرپەچرپ مەکەن بێ ئەوەی ئەوی تر گوێی لێبێت، هەتاوەکو تێکەڵی خەڵك بن، لەبەر ئەوەی ئەمە دڵتەنگی دەکات).

# یاسای ژیانی خۆش و گوزەرانی ناخۆش و تاڵ

مەریم لەتیف عەبدوڵا

## یاسای ژیانی خۆش و گوزەرانی ناخۆش و تاڵ

(مَنْ عَمِلَ صَالِحًا مِّن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَى وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَلَنُحْيِيَنَّهُ حَيَاةً طَيِّبَةً)(النحل: ٩٧)، واتە:(هەرکەس لەنێر یان مێ‌ کردەوەی چاکی کردبێ بڕواداریش بوبێ، ئەوا سوێند بەخوا بەژیانێکی خۆش دەیانژێنین)،[1] (وَمَنْ أَعْرَضَ عَن ذِكْرِي فَإِنَّ لَهُ مَعِيشَةً ضَنكًا)(طه: ١٢٤)، واتە:(هەرکەس ڕوو وەربگێڕێت لەبەرنامەو یادی من وپشتی تێ بکات، بێگومان بۆ ئەو جۆرە کەسانە ژیانێکی ترش‌و تاڵ‌و ناخۆش پێش دێت)[2].

لەسەر ئەم گۆی زەوییە نزیکەی حەوت هەزار ملیۆن خەڵك دەژی، کەهەموویان حەز بەتەندروستی‌و بەختەوەری دەکەن، کەبەداڕشتن‌و دەربڕینە قورئانیەکە خوازیاری ژیانێکی خۆش‌و باشن (الحَيَاةً الطَيِّبَةً)، کەئەمەش بریتییە لەئارامی دەروون، ناوو ناوبانگێکی باش، تەندروستی، پلەو پایە، ئاسانکاری‌ دڵخۆشی، ڕەزامەندی، سەرکەوتن....

ئەمانەن ژیانێکی خۆش، و هەرشتێك ڕەها بێت بەڕەهایی دەمێنێتەوە، هەموو کەسێك ئازارێکی بێ سنور دەچێژێت‌ ژیانێك پڕ لەناخۆشی‌و تەنگو تاڵی، لەوانە قورسی ژیان، دڵتەنگی، هەست کردن بەدۆڕاوی، سەرنەکەوتن، نائومێدی، ڕق‌و کینە، ئەویان ژیانی خۆش‌و باش بوو‌ ئەمیان ژیانی تەنگو تاڵە.

یەکەم: ئەستەمە وهەزاران جار ئەستەمە کەخوای گەورە مامەڵەی کەسێکی چاکەکار وەك خراپەکارێك بکات، کەسێکی سەر ڕاست وەك کەسێکی لادەر بکات،

---

[1] پوختەی تەفسیری قورئان، ل ٢٧٨.

[2] تەفسیری ئاسان — ل ٣٢٠.

یاخود کەسێکی دادیار وەك ستەم کارێكو دڵسۆزێك وەك خۆفرۆشێك بکات، هەروەك دەفەرموویت:(أَمْ حَسِبَ الَّذِينَ اجْتَرَحُوا السَّيِّئَاتِ)(الجاثية: ٢١)، واتە:(ئاخۆ ئەوانەی بڕوایان نییە و گوناحو تاوانیش ئەنجامدەدەن پێیان وایە (أَّن نَّجْعَلَهُمْ كَالَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ سَوَاء)(الجاثية: ٢١) کەوەك ئەوانەیان دانێین، بڕوایان هێناوەو کارە چاکەکانیان ئەنجام داوە؟ هەرگیز شتی وا نابێ)[٣].

لەکڕینو فرۆشتن دا گزی درۆ دەکات، کاتێ هەست دەکات کڕیارەکە شارەزای نرخ نییە، نرخەکەی لەسەر زیاد دەکات، یاخود ئەگەر نەشارەزا بێت لەجۆری کاڵاکە ئەوا جۆری خراپی دەداتێ، بەناوی باشو نایاب، ئائەمەیە خراپەکاری، خراپی لەکڕینو فرۆشتندا، هەروەها خراپە هەیە لەخوێندندا، خراپە هەیە لە کارکردندا، هەندێ جار کارمەندێك پێی خۆشە پشوویەك بدات، کەسێك دێتەلای لەشوێنێکی دوورەوە، بەڵام ئەکارەکەی بۆ جێبەجێ ناکات، یاخود کۆسپو بەربەست دەخاتە بەردەمی تاکو پارەی لێبکێشێتەوە، (أَّن نَّجْعَلَهُمْ كَالَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ)(الجاثية:٢١)، بڕوا بکەن بەبێ زیادەڕەویش ئەمە نەك هەر پێچەوانەی دادگەری خودایە، بەڵکو پێچەوانەی بوونی خوداشە، (أَفَحَسِبْتُمْ أَنَّمَا خَلَقْنَاكُمْ عَبَثًا وَأَنَّكُمْ إِلَيْنَا لَا تُرْجَعُونَ)(المؤمنون:١١٥)، واتە:(ئایا ئێوە گومانتان وادەبرد کەبەڕاستی ئێمە ئێوەمان بەبێ مەبەست دروست کردووە؟ ئێوە بۆلای ئێمە ناهێنرێنەوە[١]؟! (أَيَحْسَبُ الْإِنسَانُ أَن يُتْرَكَ سُدًى)(القيامة ٣٦)، واتە:(ئایا ئادەمیزاد وا دەزانێت هەروا وازی لێدەهێنرێت بەخۆڕایی – لێپرسینەوەی نابێت–)[٢].

---

[٣] تەفسیری ڕامان – ل ٩٦٦.

[١] تەفسیری ئاسان، ل ٣٤٩.

[٢] تەفسیری ئاسان، ل ٥٧٨.

مرۆڤێك گزیو فێڵ لەموسڵمانان بكات، كاڵاو شمەكێكیان پێ بفرۆشێت كەبۆخواردن ناشێت، بەڵام بەجۆرێك لەجۆرەكان تێكەڵی دەكات، یاخود بەهەڵاوێردن دەیفرۆشێت بەخەڵك، وا گومان دەبات كەقازانجێكی زۆر دەكاتو ژیانێكی خۆشگوزەران دەباتە سەر، بەڵام لەناكاو توشی دەردێك دێت كەدەرمانی نییە، یاخود لەناكاوماڵەكەی لێ زەوت دەكرێت، یاخود زیان بەكاڵاكەی دەگاتو خەسار دەبێت، یاخود لەناكاو توشی كێشەیەكی گەورە دەبێت، پاشان خودای گەورە لەناوی دەباتو تێكی دەشكێنێت.

سوێند بەوخودایەی كەجگە لەو خودایەكی دیكە نییە، هەموو كەسێك هەر بەسروشتی خۆیو بەزگماكی، بێ ئەوەی فێری بكەنو پێی بڵێن بەبێ ڕێنمایی هەرخۆی لەخواییەوە دەزانێت كەچاكەكار بێت یان خەتابار، یاخراپەكار بێت یان ساختەچیو گزی كەربێت، دڵسۆز بێت یان خۆفرۆش، دڵنەرم بیت یان دڵڕەق، دادپەروەر بێت یان سپڵەو بەدنمەك، هەروەك خودای پەروەردگار دەفەرمووێت:(أَمْ حَسِبَ الَّذِينَ اجْتَرَحُوا السَّيِّئَاتِ أَّن نَّجْعَلَهُمْ كَالَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ)(الجاثية: ٢١)، من مزگێنی دەدەم بەو برا موسڵمانانەی كەسەر ڕاستن، بەژیانێكی ئاسودەو خۆش، ئەم مزگێنییەش لەلایەن منەوە نییە بەڵكو لەلایەن بەدیهێنەری ئەرزو ئاسمانەكانە.

برایەك لەگەڵ خوشكەكەی خانوویەكی كڕی، هەریەكەو بەنیوەیی پارەی خانووەكەیان دا، بەڵام ماڵەكە بۆ (كۆمەڵگایەكی هاوكاری تایبەت بەپارێزەران) دانرا، چونكە خوشكەكەی خۆی پارێزەر بوو، هەربۆیە خانەوەكە بەناوی خوشكەكەیەوە بوو، براكەی نیوەی نرخەكەی بەتەواوی دابوو، خانووەكە نرخەكەی دوصەدو پەنجا هەزار لیرەبوو، دواتر نرخەكەی بوو بە (دەملیۆن) لیرە، خوشكەكەی چڵێس بوو،

لەدادگابوو، شارەزاو پارێزەر بوو ناچاری کرد کەلەماڵەکە دەرچێت، خوشکەکەی خانووەکەی داگیر کرد بۆخۆی.

بەکوڕکەم گوت: خوای گەورە تۆڵەی تۆی لێ دەسێنێت بەتوند ترین شێوە، بەڵام کەی؟ نازانم، سوێندم بەخوا مانگێك دیار نەما، دواتر هاتەلامو گوتی: خوشکەکەم نەخۆشی شێرپەنجەی گرتووە، لەوانەیە ئەو نەخۆشییە درێژە بخایەنێت، ڕۆیشت تامانگێکی تر دیارنەمایەوە، ئەم جارە کەهاتەوە وتی: خوشکەکەم مرد، ئەتوانی بێیت وتارێك بدەیت لەپرسەکەیدا؟ دواتر چووم، بۆماڵەوەیان وتارەکەم دا، بەڵام دەزانن کێ تەنها میرات گریەتی؟ براکەی.

بەڕاستی ئەگەر مرۆڤ خوای گەورە ڕەچاو نەکات لەمامەڵەکانیدا ئەوە زۆر گەمژەیە، بێ عەقڵە، بەدەستی خۆی خۆی لەناو دەبات، (أَمْ حَسِبَ الَّذِينَ اجْتَرَحُوا السَّيِّئَاتِ أَن نَّجْعَلَهُمْ كَالَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ سَوَاء مَّحْيَاهُم وَمَمَاتُهُمْ سَاء مَا يَحْكُمُونَ)(الجاثية: ٢١)، ئەوپەڕی گەمژەییو نەفامیو گوومڕاییە ئەگەر وا گومان بەریت کەدەتوانیت بەزیرەکی خۆت سەروەتو سامان کۆبکەیتەوە لەسەر بەرژەوەندی کەسانی ترو ڕزگارت ببێ لەسزای خوایی، بەڵام ئیماندار زۆر دووربینە و وەك ئەوە وایە پەنهانییەکان بزانێ.

(مَنْ عَمِلَ صَالِحًا)(النحل ٩٧)، واتە:(هەرکەس چاکەکار بێت)، ئەم وشەیە زۆر فراوانەو مانای زۆر هەڵدەگرێ، بۆنموونە: لەهاوسەرگیریدا چاكو شیاو بووە، لەبەدەست هێنانی ماڵو سامانەکەی کەسێکی دەست پاكو سەرڕاستە، لەپەیوەندی لەگەڵ ئافرەتان کەسێکی ڕەوشت بەرزو داوێن پاکە، لەدادوەری کردندا داد پەروەرە (مَنْ عَمِلَ صَالِحًا)(النحل ٩٧)، زۆر قوڵەو فراوانە، هەموو چاکەکارەکان دەگرێتەوە، هەر پیشەیەکی هەبێت، خوێندکارە چاکەکارە، وانەبێژ چاکەکارە،

پارێزەر چاکەکارە، پزیشك چاکەکارە، بازرگان چاکەکارە، بەدڵنیاییەوە دەزانێتو بەسروشتی خۆت تێدەگات ئەگەر چاکەکار بێت یان نا، (مَنْ عَمِلَ صَالِحًا)(النحل ٩٧)، بەشێویەکی ڕەها، لەهەر جێیەك بێت، لەهەرکاتێکدا بێت، لەهەر سەردەمێکدا بێت، لەهەر شارێك بێت، هەر لەئادەمەوە هەتا ڕۆژی دوایی.

ئەم ئایەتە مژدەیەکە بۆهەموو لاوێکی موسڵمانو ئیماندار، تەنانەت ئەگەر خاوەنی هیچیش نەبێت، نەخانوو، نەدەرامەت، نەپیشە، نەبازرگانی، کەچۆن خوای پەروەردگار هەموو ئەمانەی بۆدەڕەخسێنێ (کار، هاوسەر، ماڵ، ژیانێکی خۆش)، لەگەڵ خوای گەورە زیرەك سەرکەوتوو نابێت، بەڵکو کەسی سەرڕاست سەرکەوتووە، لەشوێنێکەوە تووش دەبێت کەچاوەڕێی نەدەکرد.

بەڵێ.. ئەمە خوایە، ئەم وادەو بەڵێنە لەسەرو شوێنو کاتە، سەروو هەموو بارودۆخێکە، وڵاتانی دواکەوتوو بێت یان پێشکەوتوو، سەرمایەدارو دەوڵەمەند بێت یاخود هەژار، ئەو پیاوەی لەگوندە یان لەشار، درامەتی سنوردارە یان بێسنور، کارمەندە، بازرگانە، لەهەر جێگە وشوێنێك بێتو لەهەر کاتێك بێت، لەهەر سەردەمێك دا بێت، لەهەر شارێك بێت، لەهەر بارودۆخێك دا بێت، لەهەر ژینگەیەکدا بێت، (مَنْ عَمِلَ صَالِحًا مِّن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَى وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَلَنُحْيِيَنَّهُ حَيَاةً طَيِّبَةً)، ئەمە وتەی بەدیهێنەری بونەوەرە، نەمانی ئەم بونەوەرە لای خوای گەورە زۆر ئاسانترە لەوەی کەئەم بەڵێنەی نەهێنێتە دی، ئەوکەسەی کە نوێژناکات، یادی خوا ناکات، بەڕۆژوو نابێت، حەجی ماڵی خوا ناکاتو لەتواناشیایەتی، قورئان ناخوێنێت، بەڵکو شوێن کەوتەی زنجیرەی درامیو فیلمو گۆڤارەکان بوو، هەمیشە سەرقاڵی ئینتەرنێتو کەناڵە ئاسمانیەکان بوو، هەرگیز نەقورئانی دەخوێندو نەفەرموودەو نەژیاننامەی پێغەمبەری خوا(درودی خوای لەسەربێت)، نەئاکارە جوانو بەرزەکانی ژیانی هاوەڵان، (وَمَنْ

أَعْرَضَ عَن ذِكْرِي فَإِنَّ لَهُ مَعِيشَةً ضَنكًا وَنَحْشُرُهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ أَعْمَى)(طه:١٢٤)، واتە:(هەركەس پشت هەڵبكات لەیادی ئێمەو بەرنامەی قورئان ئەوا ژیانێكی ناخۆش و تەنگو تاڵی دەبێت).

ژیانێكی پڕ لەماندوویی، ئەگەر چی كابرا دەوڵەمەندیش بێت، چونكە دڵتەنگ دەبێت، زۆر ئاگاداربەو نەخەڵەتابیت واتێبگەیت كەگوزەرانی خۆش بریتییە لەدەوڵەمەندی، جاری واهەیە ئازادیەكەت لەدەست دەدەیت، بەڵام چونكە لەگەڵ خودایت ئەو زیندانەت لێ دەبێتە بەهەشت، ناوزگی نەهەنگ بەهەشتە، ئەشكەوت بەهەشتە، خوای گەورە ئارامی و ئاسودەییت پێدەبەخشێت، كەپێی دڵخۆش‌و شادومان دەبیت، ئەگەرچی هەموو شتێكت لەدەست دابێ، بەپێچەوانەشەوە بەدبەخت دەبیت ئەگەرچی ماڵی دونیات هەبێت‌و خاوەنی هەموو شتێك بیت، ئەگەر هات‌و پشتت كردبێ لەیادی خواو خوات لەبیر كردبێ (وَمَنْ أَعْرَضَ عَن ذِكْرِي فَإِنَّ لَهُ مَعِيشَةً ضَنكًا)(طه:١٢٤).

كەسێك لێی پرسیم: باشە ئاخۆ بۆچی دەبێت پادشاو دەوڵەمەندەكان هەست بەدڵتەنگی بكەن، لەكاتێكدا پارەو سامان لەبەردەستیاندا هەڵڕژاوە؟! وەڵامەكەی: دڵتەنگ بونیانە؛ خوای گەورە لەدڵی بڕواداراندا ڕەزامەندییە، ئارامییە، خۆشبەختییە، ئاسایشە، گەشبینی‌و دڵخۆشییە، سوێند بەخوا ئەم شتانە ئەگەر دابەشبكرێت بەسەر خەڵكی شارێكدا بەشیان دەكات، ملیۆنەها تایبەتمەندیت هەیە لەلای خوای گەورەو مەزن، داناییت پێدەبەخشێت، ڕەزامەندی‌و ئارامی و خۆشحاڵیت دەداتێ، هەندێ جار دەبینیت ماڵێكی زۆر سادەو خاكی، هەست دەكەیت پارچەیەكە لەبەهەشت، ماڵیش هەیە نرخەكەی بەملیۆنەها مەزەندە دەكرێت، بەڵام پارچەیەكە لەدۆزەخ، لەژیاندا

لەوکەسە بەد بەخت تر نییە کە بێ ئامانجە، ئەم ئادەمیزادە بەدیهاتووە بۆناسنی خودا، بۆئامانجێکی بێ کۆتایی.

کاتێك مرۆڤ ئامانجێکی کۆتایی سنووردار هەڵدەبژێرێت هەست بەخۆشحاڵی دەکات، پێش ئەوەی پێی بگات، چونکە لەوخەونەدا دەژی، بەڵام کاتێ کەپێی گەیشت ژیان کۆتایی دێت لای ئەو، ئەمە ماڵەکەیەتی، ئەمە ئۆتۆمبیلەکەی، ئەمە خێزانو منالّی باش، ئەمە دەرامەتی.

ئالێرەدا بەدبەختی دەست پێدەکات، ئەگەر ئامانجێکی گەورەت نەبێتو هەوڵ نەدەیت بۆڕەزا مەندی خوا سەرکەوتوو نابیت لەژیاندا، ئیماندار پیر نابێت، لەنەوەد ساڵیشدا گەنجە، زانایەك هەبوو، باڵای ڕێك، بینایی تیژ، گوێی سوك، ددانەکانی لەدەمی دا مابوون، بەلاوێکی وت کەبەڕێدا دەڕۆیشت: تۆ قوتابی من بوویت، بابیشت خوێندکاری من بوو، باپیریشت هەروەها، پێیان وت: گەورەم ئەم تەندروستییە چییە؟! گوتی: کوڕم، ئێمە لەگەنجیدا پاراستمان، خوای گەورەش بۆی پاراستین لەگەورەییماندا، هەرکەس لەخوا ترسانە بژی بەهێز دەژی.

خوای گەورە دەفەرمووێت:(بَلْ كَذَّبُواْ بِمَا لَمْ يُحِيطُواْ بِعِلْمِهِ وَلَمَّا يَأْتِهِمْ تَأْوِيلُهُ كَذَلِكَ كَذَّبَ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ فَانظُرْ كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الظَّالِمِينَ)(یونس:٣٩)،

واتە:(نەخێر کەباوەڕیش ناهێنن هی ناتەواوی قورئان نییە، بەڵکوبەدرۆی دەزانن و لەماناو مەبەستەکانی تێنەگەیشتوون، (وَلَمَّا يَأْتِهِمْ تَأْوِيلُهُ)هێشتا ڕاستیشان بۆدەرنەکەوتووە[1]، لێکدانەوەی (تأویل)ی قورئانی بۆچییە؟ هەندێ لەزانایان فەرموویانە: هاتنەدی بەڵێنو وتەکانی خوای پەروەردگارە، جێبەجێ کردنی هەڕەشەو سزاکانیەتی..

---

[1] تەفسیری ڕامان،ل ٤٣٦.

بۆنموونە: ئەگەر خوای گەورە بەسەری کردیتەوەو ژیانێکی ئاسودەو ئارامی پێ بەخشیت،، ئەم ژیانە خۆشەت لێکدانەوەی ئەم ئایەتەیە، بەپێچەوانەشەوە ئەگەر مرۆڤ لەڕەنجو مەینەتیابوو، ئەوا ئەو ژیانە تەنگو ناخۆشەی تەئویلی ئەم ئایەتەیە...

خێرخوازێکی گەورە بۆی گێڕامەوە گوتی: لەلای کەسێکی زۆر سەرمایەدار بووم، پێیان گوتم سوێند بەخوا سەرمایەکەی بەچوار هەزار ملیۆن مەزەندە دەکرێ، سکالای خۆی بۆکردم کەزۆر بێزارو دڵتەنگە، لەوڵات، لەشار، لەخێزانەکەی، لەمناڵەکانی، لەکارو بازرگانیەکەی، کەقازانج ناکات.

پێی وتم: دوای کاتژمێرێك ئافرەتێکی باڵا پۆش هاتەلام، داوای یارمەتی هەزار لیرەی کرد لەمانگێکدا، خێرخوازەکە سەردانی ماڵی ئەو ئافرەتەی کرد، پاشان پێی گوتم: لەماڵەکەیدا دەژیا لەژێر پلەکاندا بەشی سەرەوەی ژورێك بوو، کەمێ نزمتر چێشتخانەکەی بوو، پاشان گەرماوەکەیان.

وتی: هەستمان بەئارامیەکی زۆر سەیر ئەکرد لەوماڵەدا، دڵخۆشو بەختەوەری، لەکاتێکدا پێی وتم: ئەستەمە کەس تێیدا بژی، (هێندە بچوكو ناخۆش بوو) هاوسەرە نەخۆشەکەی خەوتبوو، دوو مناڵی جوانی هەبوو، پاكو ڕێكو پێك، ماڵەکە تەبایی تێدابوو، پڕ بوو لەخۆشەویستیو میهرەبانی، لەکاتێکدا کەئەم ماڵە زۆر خاکیو سادەو هەژار بوون، پێی وتن: دووهەزارتان دەدەمێ لەمانگێکدا، ئافرەتەکە وەڵامی دایەوە: نەخێر ئەم هەزار لیرەیەمان بەسە، دەرامەتی هاوسەرم بەشمان دەکات، پێویستمان بەهەزارە بۆکرێی ماڵەکە، پێی وتم: لەوکاتەدا بەراوردم کرد لەنێوان ٤ هەزار ملیۆنی کابرای دەوڵەمەند کەسکالای بۆکردن، و لەنێوان ئەم ماڵە سادەو هەژارە.

بەڕاستی خوای گەورە تەندروستیو ژیریو ماڵو جوانی دەبەخشێتە زۆرێك لەبەندەکانی، بەڵام بەو ئەندازەیە ئارامی دڵو دەروون دەبەخشێتە ئیماندارە هەڵبژاردەکانی.

کەتۆ لەگەڵ خودا بیت، لەگەڵ بەهێزدایت، لەگەڵ دەوڵەمەندایت، لەگەڵ میهرەبان دایت، لەگەڵ چاکەخوازیدایت، لەگەڵ بەسۆزدایت، لەگەڵ سوپاگوزار دایت...

لەگەڵ خودا ئەشکەنجەو مەینەتی نییە، بەڵکو تۆ لەبەختەوەریدایت، هەربۆیە وەك ڕابیعەی عەدەوی دەڵێت:

فليتك تحلو والحياة مريرة ... وليتك ترضى والأنام غضابٌ

وليتَ الذي بيني وبينك عامِرٌ ... وبيني وبين العاملين خرابٌ

إذا صحّ الود فالكُلُّ هيّنٌ ... وكلّ مافوق التراب تُرابٌ

تۆ شیرن بی چش باژیان تاڵ بێ ... بێ تۆ چش باخەڵك نامۆ بێ

گەر ئاوەدان بێت نێوانی منو تۆ ... باکم نییە عالەم لەدژم کۆبێ

گەر خۆشەویستت بم هەمووشت سەهلە ... هەرچی لەسەر خاکە بەرەو گلۆر بێ[1]

ڕۆژێك پێغەمبەری خوا(درودی خوای لەسەربێت) سەیری کرد سەعدی کوڕی ڕەبیع دیار نییە، هەواڵی پرسی، نەیدۆزیەوە، یەکێك لەهاوەڵانی نارد بۆسۆراغکردنی لەگۆڕەپانی شەڕ، بینی لەگەڵ بریندارەکاندا دەناڵێنێ، پێی گوت: ئەی سەعد تۆ لەگەڵ مردووەکانی یان زیندووەکان؟ وتی: من لەگەڵ مردووەکانم بەڵام سەلامم بگەیەنە بەپێغەمبەری خوا(درودی خوای لەسەربێت) پێی بڵێ: خوای گەورە پاداشتت بداتەوە بەباشترین پاداشتێ کەخودا دابێتی بەپەیامبەران لەسەر نەتەوەکەیان،

---

[1] دیوانی د. صباح بەرزنجی، دەستنوس.

بەهاوەڵانیش ڕابگەیەنە کەهیچ پاساوێکیان نییە ئەگەر ناحەزان بتوانن دەستیان بە پەیامبەر بگات و ئێوە زیندوو بن.

مێژووی هاوەڵان بخوێنەوە، کەکاتێ دەگەیشتن بەخودا یان نزیك دەبونەوە لەبەرزترین لوتکەی خۆشحاڵیدا دەبوون، مردن خەڵاتی ئیمانداره، مردن ئاهەنگی ئیمانداره.

هەروەك لەم فەرموودە قودسیەدا خوای بەرزو باڵا دەفەرمووێت:(بەندەکانم، ئەگەر یەکەمو دواین کەستان، مرۆڤ و جنۆکەتان، لەیەك ئاستدا بووەستن، داوام لێبکەن، هەریەکەو داواکاری خۆی پێ دەبەخشم، هیچ لەموڵکی من کەم نابێتەوە، هەروەك چۆن نوکە دەرزیەك ڕۆبکەیتە نێو دەریایەك (چەندە ئاو هەڵدەگرێ)،... ئەی بەندەکانم؛ تەنها کردەوەکانتانە بۆتان کۆدەکەمەوە، پاشان دەیگەڕێنمەوە بۆتان، جاهەرکەس خێرو چاکەی دی باسوپاسگوزاری خوا بێتو هەرکەس جگە لەمەی دی باتەنها گلەیی لەخۆی بکات...) موسلیم لەئەبوزەرەوە هێناویەتی[1].

هەمیشە خۆت تاوانبار بکە، بێگومان کەموکوڕییەك هەیە، هەڵەیەك هەیە، وشەیەکی ڕەقو ناخۆش بێت، یامالێك کەبەناڕەوا خواردووتە، یاهەڵوێستێکی لەخۆبایت نواندووە، کەواتە، هەرکات شتێکت دی لەژیانتا کەپێچەوانەی حەزو ئاواتەکانت دێتە پێش؛ تەنها خۆت تاوانبار بکەو گلەیی لەخۆت بکە، هەربۆیە پەروەردگارمان دەفەرمووێت:(فَاعْلَمْ أَنَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَاسْتَغْفِرْ لِذَنبِكَ وَلِلْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ وَاللَّهُ يَعْلَمُ مُتَقَلَّبَكُمْ وَمَثْوَاكُمْ)(محمد ١٩:١)، واتە: کەواتە دڵنیابەو بزانە بێجگە لە (الله) هیچ پەرستراوێکی (ڕاست) نییە، داوای لێبوردن بکە (لەخوا) بۆگوناهی

[1] فەورمودەکە دروستە، صحیحی موسلیم، ژمارە (٢٥٧٧).

خۆت[٢]، فەرمان بەدەست خۆیەتی، جائەگەر کارەکانت بەپێچەوانەی خواستەکانت نەهاتە دی ئەوا بزانە کەگوناهێك هەیە، بگەڕی  لەدوی ئەو گوناهو تاوانە، داوای لێخۆش بوون بکەو بڕیار بدە نەگەڕێیتەوە سەری.

[٢] تەفسیری ئاسان، جوزئی ٢٦، لا ١٠٨.

# یــاســای گـــۆڕان

نەوال کەریم ئەحمد

## یاسای گۆڕان

(إِنَّ اللّهَ لاَ يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّى يُغَيِّرُواْ مَا بِأَنْفُسِهِمْ)(الرعد ١١)، واتە:(بەڕاستی خوای گەورە حاڵی هیچ گەلێك ناگۆڕی هەتا ئەوان خۆیان بارو حاڵی خۆیان نەگۆڕن)[1].

هەر لەسەرەتاوە گرنگە بزانین قورئانی پیرۆز پڕە لەبەڵێن پێدان، لەوانە (وَعَدَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنكُمْ وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَيَسْتَخْلِفَنَّهُم فِي الْأَرْضِ كَمَا اسْتَخْلَفَ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ وَلَيُمَكِّنَنَّ لَهُمْ دِينَهُمُ الَّذِي ارْتَضَى لَهُمْ وَلَيُبَدِّلَنَّهُم مِّن بَعْدِ خَوْفِهِمْ أَمْنًا)(النور: ٥٥)، واتە:(خودا بەڵێنی داوە بەو کەسانەتان کەباوەڕیان هێناوەو کردەوەی چاکەیان کردووە کەبێگومان دەیانکاتە جێنیشنی (خەڵکیتر) لەزەویدا هەروەك ئەوانی پێش ئەمانی کردە جێنشین وئاینەکەیان بۆ دەچەسپێنێ، ئەو (ئاینە)ی کەخودا پێی ڕازی بووە بۆیان، ترسو بیمیان بۆدەگۆڕێ بەئاسایشو ئارامی)(٢).

لەئایەتێکی تردا دەفەرمووێ:(وَإِنَّ جُندَنَا لَهُمُ الْغَالِبُونَ)(الصافات: ١٧٣)، واتە:(دیاریشە هەر سەربازانی ئێمە سەردەکەون)[3]، لەئایەتی سێیەمدا دەفەرمووێ:(إِنَّا لَنَنصُرُ رُسُلَنَا وَالَّذِينَ آمَنُوا فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا)(الغافر:٥١)،

---

[1] پوختەی تەفسیری قورئان، محمد ملا صالح، کتێبخانەی تیشك، عیراق – سلێمانی، ٢٠٠٤، ل٢٤٩.

[2] پوختەی تەفسیری قورئان،ل ٣٥٧.

[3] پوختەی تەفسیری قورئان،ل ٤٧٣.

واتە:(بەڕاستی ئێمە پێغەمبەرانمانو ئەوانەی باوەڕیان هێناوە سەرکەوتوو دەکەین لەژیانی دونیادا)[٤].

یان دەفەرمووێ:(وَكَانَ حَقًّا عَلَيْنَا نَصْرُ الْمُؤْمِنِينَ)(الروم ٤٧)، واتە:(یارمەتی دانی باوەڕداران مافێکە لەسەرمان)[٥]، دەفەرمووێ:(وَلَن يَجْعَلَ اللّهُ لِلْكَافِرِينَ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ سَبِيلاً)(النساء ١٤١)، واتە:(هەرگیز خوای گەورە بەڵگەی کافران بەسەر ئیماندارانی ڕاستەقینەدا سەرناخات لەم جیهانەدا)[٦].

ئەمە وتەی دروستکەری هەموو گەردونە، گەر گەردوون لابەرێ بۆخوا ئاسانترە لەوەی بەڵێنەکانی بەرامبەر بڕواداران جێبەجێ نەکات، چۆن گوزەرانی موسڵمان کەئێرەیی پێ نابرێت، بسازێنین لەگەڵ ئەو بەڵێنانەی پەروەردگاردا؟ چۆن لەم وتەیەی خودای گەورە تێبگەین؟ (وَمَنْ أَصْدَقُ مِنَ اللّهِ حَدِيثًا)(النساء ٨٧)، واتە:(جا کێ لەخوا قسەو بەڵێنی ڕاسترە؟)، هەروەها دەفەرمووێ:(وَمَنْ أَوْفَى بِعَهْدِهِ مِنَ اللّهِ)(التوبة:١١١)، واتە:(جا کێ بەبەڵێنو پەیمانی خۆی وەفادارترە لەخوای گەورە؟)[١]، دەبێت ڕوونکردنەوەیەك بۆئەمە بکرێت، بێگومان هەموو موسڵمانان لەهەموو دونیا ئارەزووی گۆڕان دەکەن، بێگومان هەموو موسڵمانی جیهان خواستو ئارەزووی گۆڕانکاری و سەرکەوتنیان هەیە، خواستو ئارەزووی سەربەرزی دەکەن، ئارەزووی ئەوە دەکەن بگەڕێنەوە بۆسەرکردایەتی کردنو سەرکردەیی، نەتەوەی عەرەب لەنەفامیدا بەخێوکەری مەڕوماڵات بوون، بەڵام بەهۆی باشی ئیسلامەوە بوون

---

[٤] پوختەی تەفسیری قورئان،ل ٤٠٩.

[٥] پوختەی تەفسیری قورئان،ل ٤٠٩.

[٦] پوختەی تەفسیری قورئان، ل ١٠١.

[١] پوختەی تەفسیری قورئان,ل ٢٠٤.

بە سەرکردەی نەتەوەکان، هەموو موسڵمانان ئاواتیان سەرکەوتنە، ئاواتیان سەرفرازیە، ئاواتیان ئەوەیە ئازاد بن، بەڵام بارودۆخی ژیانیان پێچەوانەی ئەمەیە، دەبێ چۆن ڕاڤەی ئەمە بکەینەوەو لێکی بدەینەوە؟

لەموعازەوە (خوای گەورە لێی ڕازی بێت) وتی: لەدوای پێغەمبەرەوە (درودی خوای لەسەر بێت) سوار ببوم لەسەر پشتی گوێدرێژەکەی کەپێی دەوترا (عوفەیر)ن پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) فەرمووی:(ئەی موعاز ئایا دەزانی مافی خوا بەسەر بەندەکانییەوە چییە؟ مافی بەندەکانی بەسەر خوداوە چین؟ وتم: خوداو پێغەمبەرەکەی زاناترن، فەرمووی: لەڕاستیدا مافی خودا بەسەر بەندەکانیەوە ئەوەیە بیپەرستن‌و هاوبەشی بۆپەیدا نەکەن، مافی بەندەکانیش بەسەر خوداوە ئەوەیە کەئازاری ئەو کەسە نەدات کەهاوبەشی بۆدانانێت، وتم ئەی پێغەمبەری خوا ئەم مژدانەیە نەدەم بەخەڵکی؟ فەرمووی: نەخێر موژدەیان مەدەرێ تا پشتی لێ نەکەنەوە) (بوخاری‌و موسلیم ڕێکن لەسەری – متفق علیه –).

دەگەڕێینەوە بۆیاسای گۆڕانکاری، وەك یاسایەکی قورئانی (إِنَّ اللّهَ لاَ يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ) (الرعد: ١١)، واتە:(بەڕاستی خودا بارودۆخی گەلێك ناگۆڕێ)[٢].

لەداڕوخانەوە بۆسەرککەوتن، لەپەرتەوازەییەوە بۆ یەکرپزی، لەبێهێزییەوە بۆبەهێزی، لەسەرشۆڕییەوە بۆ سەربەرزی، لەبەرێوەبراوەییەوە بۆسەرکردەیی‌و پێشەوایەتی، لەوەی چارەنووسی نەتەوە بەدەستی خاوەنەکەیەوە بێت نەك دوژمنانی، (إِنَّ اللّهَ لاَ يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ)(الرعد: ١١)، واتە:(بەڕاستی خودا بارودۆخی گەلێك ناگۆڕێ)[٣].

---

(٢) پوختەی تەفسیری قورئان,ل ٢٤٩.

(٣) پوختەی تەفسیری قورئان,ل ٢٤٩.

ئەستەمە هەزارو هەزار جار ئەستەمە، خودا بارودۆخمان بگۆڕێت ئەگەر ئەوەی لەناخماندایە نەیگۆڕین، هەندێك موسڵمانان بەسادەییو نەزانی خۆیان چاوەڕێی سەرئاساو موعجیزە ئەکەن، ئەوان دەستەو ئەژنۆ لەماڵەکانیان دانیشتوون، بێ ئەوەی بجولێن، تێورەدەکەن، ناوو ناتۆرە دابەش ئەکەن، کەواتە ئەمە ڕاستی بارودۆخی موسڵمانانە کە هیچ کارو چالاکیو گۆڕانکارییەکی تێدا نییە، ئاشتبوونەوەیەکی تێدا نییە لەگەڵ خوادا، بێ جولەو پابەند بوونو هاوکارییە، هەڵگری خەمی موسڵمانان نییە، ئەگەر ئەمانە ئەنجام نەدەین خوا گۆڕانکاری بەسەرماندا ناهێنێت.

بەردەوامی لەتاوان کردندا چەوسانەوەو خۆلەگۆڕنانە، سەرەنجامی بەرەو گۆڕو لەناوچوونە، بەڵام گوێڕایەڵی لەگەڵ ئارامگری دا ڕێگەی سەرکەوتنە.

باوەڕێەکەن کەلەقورئانی پیرۆزدا ئایەتێك هەیە ڕزگاربوونی موسڵمانانی تێدایە، تەنها ئایەتێك دوو وشەی تێدایە، لەناو ئەو دوو وشەیەدا ڕزگاربوونی موسڵمانانی هەموو گۆی زەوی تێدایە.

ئەمە وتەی دروستکەری هەموو گەردونە، ئەگەر گەردوون لابەرێ بۆخودا ئاسانترە لەوەی بەڵێنەکانی بەرامبەر بڕواداران جێبەجێ نەکات، (وَقَدْ مَكَرُواْ مَكْرَهُمْ وَعِندَ اللهِ مَكْرُهُمْ وَإِن كَانَ مَكْرُهُمْ لِتَزُولَ مِنْهُ الْجِبَالُ)(إبراهيم:٤٦)، واتە:(بێگومان ئەو (بێباوەڕانە) پیلانی گەورەی خۆیانیان گێڕا (دژی پێغەمبەرکانیان) خوای گەورە ئاگادارە بەپیلانەکانیان، هەرچەندە پیلانەکانیان شاخەکانی پێ بترازێ و لەبن بێ)[1].

توخوا، ئەو چیا بچوکەی لوتکەی چیای (قاسیۆن) لەدیمەشق، ئەگەر بێتو هەرچی هێزی گۆی زەوی هەیە کۆی بکەیتەوە دەتوانیت بیگوازێتەوە بۆشاری دەرعا؟

---

[1] پوختەی تەفسیری قورئان,ل ٢١٦.

خودای گەورە لەم ئایەتەدا جێگیری کردووە کە پیلانگێڕی دوژمنانی ئاین قەبارەی وەکو قەبارەی گواستنەوەی چیایەکە لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر.

خوای گەورە ڕاستیەکی ترمان بۆ ڕوون دەکاتەوەو دەفەرمووێ:(وَإِن تَصْبِرُواْ وَتَتَّقُواْ لاَ يَضُرُّكُمْ كَيْدُهُمْ شَيْئًا)(آل عمران: ١٢٠)، واتە:(ئەگەر ئێوە بەئارام بن (لەسەر گوێڕایەڵی خودا) و لەخوا بترسن پیلانی ئەوان هیچ زیانێکتان پێ ناگەیەنێت)[٢].

موشەکەکانیان، هەڵگری فڕۆکەکانیان، مانگە دەستکردەکانیان، ڕاگەیاندنیان بەدەستە، سەروەتو سامانیان بەدەستە، هاوپەیمانیەتیان بەدەستە، هەرگیزو هەزاران جار هەرگیز ئەگەر موسڵمانان لەخوا بترسنو ئارام بگرن، ئەوا دەبنەوە سەرکردەی نەتەوەکانو سەربەرزو سەرکەوتوو دەبن، ئەوە یاسای خودایە (إِنَّ اللّهَ لاَ يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ)(الرعد: ١١)، واتە:(بەڕاستی خودا بارودۆخی گەلێك ناگۆڕێ)[١].

وای دابنێ کەپارچەیەك زەویت هەیە، هەژمونی تۆی بەسەرەوەیە، تۆ خاوەنیت، دەسەڵاتت لەزەویەکەدا دەڕوات، ئەگەر گۆڕانکاریت لەچوارچێوەی ئەو پارچەیەدا کرد تۆ خاوەنیت، قسەت بەسەریدا دەڕوات، چی لەتوانای تۆیە ئەی باوەڕدار؟ خودی خۆتت بەدەستە، ئیسلامو موسڵمانێتی لەخودی خۆتدا بەرجەستە بکە، بیرو باوەڕت ڕاست بکەرەوە، لەگەڵ خودای خۆتدا ئاشت بەرەوە.

خواپەرستیت بەشێوەیەکی ڕێكو پێك ئەنجام بدە، شەونوێژەکانت ئەنجام بدە، قورئان بخوێنە، چاوەکانت بپارێزە، زمانت بپارێزە، داهاتەکانت ڕێکبخە، خەرجیەکانت ڕێکبخە، هەرچی لەناو دڵتایە بیگۆڕە، باوەڕ بچەسپێنە لەناختدا.

---

[٢] پوختەی تەفسیری قورئان، ل ٢٦١.

[١] پوختەی تەفسیری قورئان،ل ٢٤٩.

چ سامانێکی ترت هەیە؟ماڵەکەت، ماڵەکەت شانشینێکە، خۆ تۆ لەماڵەکەی خۆتدای، مندالّت هەیە، کچو خێزانت هەیە، ئایا موسڵمانێتیت پەیڕەو کردووە لەخانەوادەکەتدا؟

چ سامانێکی ترت هەیە؟ کارەکەت، کێ ڕێگرتە لەکارەکەتدا ڕاستگۆیانە بیت، کێ ڕێگرتە لەکارەکەت دەستپاك نەبیت، کێ ڕێگرتە لەکارەکەت دڵسۆز نەبیت، کێ ڕێگرتە لەکارەکەت ئامۆژگاری کار نەبیت، ئەگەر فەرمانی خودات لەخۆتدا جێبەجێ کرد، لەناو خانەوادەکەتو لەکارەکەت جێبەجێ کرد، تۆ خاوەنی هەموو ئەو شتانەی، (إِنَّ اللّهَ لاَ يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّى يُغَيِّرُواْ مَا بِأَنْفُسِهِمْ)(الرعد:١١)، واتە:(بەڕاستی خوای گەورە حاڵی هیچ کەسێك ناگۆڕێت تا ئەوان خۆیان نەگۆڕێن)[٢].

لەڕەوشتیدا، لەڕێکوپێکیدا، لەڕاوەستانیدا بەرامبەر حەڵاڵو حەرام، لەوەستانی بەرامبەر ئەوەی لەقورئاندا هەیە، لەکردنو نەکردنی نەبێت، ئەوا ئەوەی لەناخماندا هەیە خودای گەورە نایگۆڕێت، ئەمە بنچینەیەکی گرنگە، ئەمە یاسایە، حەز ئەکەن زۆر بەسادەیی ڕوونی بکەمەوە بۆتان، واتە: ئەی بەندەکەم ئایا تۆ ئاسوودەی؟ ئەگەر نەگۆڕێ نایگۆڕم، تۆ ماندوویت، بگۆڕێ بابیگۆڕم، ئەمە پوختەی پوختەیە، ئەگەر ماندوو بویت، ئازارت هەیە، چەوساوەیت، لەبارێکی بەرتەسكو دڵتەنگ دایت، بیگۆڕە تا بیگۆڕم، ئەگەر تۆ لەخۆشیو بەختەوەریدایت، مەیگۆڕە، نایگۆڕم، ڕزگار بوونی موسڵمانان لەمەدایە.

بێگومان ڕزگاربوونی مرۆڤی موسڵمان لەهێنانی پرۆگرامی ڕۆژئاواییو ڕۆهەڵاتی دا نییە، ڕزگاربونیان بەوە نییە لەدەرەوە بگۆڕێن، خودای باڵا دەست دەیەوێت گۆڕانکاری لەناوەڕۆكو لەناخەوە بێت، مەگەر لەناختەوە بگۆڕێیت، ئەگەر

---

(٢) پوختەی تەفسیری قورئان، ل ٢٥٠.

گۆڕانکاریەکە لەخودی مرۆڤەکەدا نەبێت لەبیرکردنەوەدا، لەبیروبۆچوون دا، لەباوەڕیدا، لەتێگەیشتنی قورئاندا، لەڕەوشتیدا، لەڕێكو پێکیدا، لەڕاوەستانیدا لەبەرامبەر حەڵاڵو حەرام، لەوەستانی بەرامبەر ئەوەی لەقورئاندا هەیە، لەکردنو نەکردنی نەبێت، ئەوا ئەوەی لەناخماندایە خودای گەورە نایگۆڕێت، ئەمە بنچینەیەکی گرنگە، (إِنَّ اللّهَ لاَ يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّى يُغَيِّرُواْ مَا بِأَنْفُسِهِمْ)(الرعد:١١).

خودای میهرەبان داوای لێنەکردوین هێزی هاوتا ئامادەبکەین، ڕەنگە ئەمە لەسەرووی توانای ئێمەوە بێت، بەڵام میهرەبانیەکەی ئەوەمان لێدەخوازێ کەرەسەی پێویست ئامادە بکەین، بۆیە سەرکەوتن دوو مەرجی هەیە، هەر مەرجێك پێویستە گەرچی تەواویش نەبێ، مەرجی یەکەم: باوەڕێك دەگۆڕێ بۆ ڕەفتار، بۆپابەند بوون، بۆڕاوەستان لەئاستی حەڵاڵو حەرامدا، باوەڕێك خاوەنەکەی دەبات بەرەو گوێڕایەڵی خودا، ئەوە مەرجی یەکەمە هەرچەندە تەواویش نییە، مەرجی دووەم: ئامادەکردنو خۆسازدان، لەبەرفەرموودەی خوای گەورە کەدەفەرمووێ:(وَأَعِدُّواْ لَهُم مَّا اسْتَطَعْتُم مِّن قُوَّةٍ)(الأنفال:٦٠)، واتە:(ئەی باوەڕداران خۆتان سازو ئامادە بکەن بۆیان؟ بەو هێزەی لەتواناتاندا هەیە)[1]، مەرجی یەکەم: پێویستە هەرچەندە هەمووشت نییە، مەرجی دووەم: مەرجێکی پێویستە هەرچەندە هەمووشت نییە، چۆن ئەو ڕستەیە ڕوون بکەینەوە؟ سەری غاز مەرجە نەك هەموو شت، بتڵی غازەکە خۆی بەتەنها مەرجە نەك هەموو شت، بتڵکە بەبێ سەر هیچ نرخێکی نییە، سەریش بەبێ بتڵەکە هیچ نرخێکی نییە، هەردوکیان مەرجن، نەك تەواو بن بۆ ناساندنی ڕاستی بوتڵە غازێك وەك ئەوەی هەیە.

---

(1) پوختەی تەفسیری قورئان، ل ١٨٤.

باوەڕ یارمەتی خاوەنەکەی دەدات بۆپەرستنی خودا، خۆ ئامادەکردن بەپێی ئەو هێزەی بەردەستە، ئەوە دوو یاسان بۆسەرکەوتن، بۆیە خوای گەورە بەچەند دەربڕین دەفەرمووێ:(وَمَا النَّصْرُ إِلاَّ مِنْ عِندِ اللهِ)(الأنفال:١٠)، واتە: سەرکەوتن تەنها لای خوداوەیەو بەس)[١]، (إِن تَنصُرُوا اللَّهَ يَنصُرْكُمْ وَيُثَبِّتْ أَقْدَامَكُمْ)(محمد:٧)، واتە:(ئەگەر ئێوە یارمەتی ئاینی خودا بدەن، خواش ئێوە زاڵو سەرکەوتوو دەکات بەسەرکافراندا)[٢]، (إِنَّا لَنَنصُرُ رُسُلَنَا وَالَّذِينَ آمَنُوا فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا)(غافر:٥١)، واتە:(بەڕاستی ئێمە پێغەمبەرانمانو ئەوانەی باوەڕیان هەیە سەرکەوتوو دەکەین لەژیانی دونیادا)[٣]، (وَلَن يَجْعَلَ اللهُ لِلْكَافِرِينَ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ سَبِيلاً)(النساء: ١٤١)، واتە:(هەرگیز خوای گەورە (بەڵگە)ی کافران بەسەر ئیماندارانی ڕاستەقینەدا سەرناخات لەجیهاندا)[٤].

ئەمە یاسای گۆڕانە، بگۆڕێن تائەوەی لەناخماندایە خودا بیگۆڕێ، خودای گەورە چاوەڕێمان دەکات، تۆپەکە لەگۆڕەپانی ئێمەدایە، لەش ساغیمان، سەربەرزیمان، سەرکەوتنمان لەدەستی خۆماندایە، دەبێت ببزوێین بەرەو پەرستنی خودای گەورەو میهرەبانو ئاشت بونەوە لەگەڵیدا.

ئەگەر گۆڕانکاری بەتاکی ئەنجامبدرایە، ئەوا ڕزگاربوون بە تاکی دەبوو، جاکاتێ گۆڕانکاری بەکۆمەڵ ئەنجام دەدرێ ئەوا ڕزگار بوونیش بەکۆمەڵ دەبێت، بۆئەوەی نەکەویتە نائومێدییەوەو بڵێیت: خەڵکی ناگۆڕێن، تاوانی تۆ چییە؟ خۆت بگۆڕە،

---

(١) پوختەی تەفسیری قورئان، ل
(٢) پوختەی تەفسیری قورئان، ل
(٣) پوختەی تەفسیری قورئان، ل
(٤) پوختەی تەفسیری قورئان، ل

خودای گەورەو میهرەبان ئەوەی لەناختایەئەیگۆڕێت، سەرکەوتنی تاکی هەیە، ڕزگاربوونی تەنهاش هەیە، دڵخۆشی تاکەکەسیش هەیە، سەرکەوتنی بەکۆمەڵ هەیە، ڕزگاربوونی بەکۆمەڵیش هەیە، خۆشی بەکۆمەڵیش هەیە، ئەم کێشەیە بەدەست خۆتە، گەورەیی ئەم ئاینە ئەوەیە کەئاینی بەکۆمەڵە، ئاینی تاکەکەسیشە، ئەگەر خەڵکی پشتیان تێکرد، بڕگەکانیان جێبەجێ نەکرد تەنها خۆت جێبەجێی بکە.

(يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ عَلَيْكُمْ أَنفُسَكُمْ لاَ يَضُرُّكُم مَّن ضَلَّ إِذَا اهْتَدَيْتُمْ)(المائدة: ١٠٥)، واتە:(ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە هۆشتان بەخۆتانەوە بێت، زیانتان پێناگەیەنێت ئەوەی گومڕا بووە)، بۆیە لێرەدا سەرکەوتنی بێبەخشین هەیە، سەرکەوتنی پێبەخشین چۆن؟ وەك ئەوەی ڕۆم سەرکەوتن بەسەر فارسدا، خودای گەورە دەفەرمووێ:(غُلِبَتِ الرُّومُ - فِي أَدْنَى الْأَرْضِ وَهُم مِّن بَعْدِ غَلَبِهِمْ سَيَغْلِبُونَ - فِي بِضْعِ سِنِينَ لِلَّهِ الْأَمْرُ مِن قَبْلُ وَمِن بَعْدُ وَيَوْمَئِذٍ يَفْرَحُ الْمُؤْمِنُونَ بِنَصْرِ اللَّهِ)(الروم: ١ - ٥)، واتە:(ڕۆم شکێنران و ژێرکەوتن (فارس زاڵ بوو) بەسەریاندا، لەنزیکترین خاکیان (لەمەککەوە یا لەوڵاتی فارسەوە) وڕۆمەکان دوای تێکشکانیان لەداهاتوودا سەردەکەون (بەسەر فارسەکان) دا لەماوەی چەندساڵێکدا (لەنێوان سێ تا نۆ ساڵ)، جۆرە کاروبارو جۆرە سەرکەوتنێکی تر هەیە ئەویش سەرکەوتنی گەردونییە، ئەگەر هەردوو کۆمەڵەکە بێ ئاگا بوون لەخودا، دوور بوون لەخودا، ئەوە بەهێزەکە سەردەکەوێت، ئەمە سەرکەوتنی گەردونییە، سەرکەوتنی بیروباوەڕیانەش هەیە، ئەگەر مرۆڤ مرد و ڕەفتاری ڕاستو دروستبوو، باوەڕ ڕاست بوو، ئەوە سەرکەوتووە، ئەگەر لەمەیدانی جەنگیشدا کوژرابێت)، ئەمە یاسای گۆڕانە.

لەئایەتێکی تردا کە واتاکەی لەئایەتی پێشوو نزیکە، خوای گەورە ئەفەرمووێ:(ذَلِكَ بِأَنَّ اللّهَ لَمْ يَكُ مُغَيِّرًا نِّعْمَةً أَنْعَمَهَا عَلَى قَوْمٍ حَتَّى يُغَيِّرُواْ مَا

بِأَنفُسِهِمْ وَأَنَّ اللّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ)(الأنفال ٥٣)، واتە: ئەوە بەهۆی ئەوەوەیە بەراستی خواد هیچ بەهرەو نیعمەتێك ناگۆڕی کەبەنسیبی هەر هۆزێك بووە هەتا ئەوەی لەخۆیاندا نەیگۆڕن، بەڕاستی خودا بیسەری زانایە.

# یاسای گەڕانەوە و پەشیمانی

سۆزان عەسکەر عەلی

# یاسای گەڕانەوە و پەشیمانی

﴿إِنَّمَا التَّوْبَةُ عَلَى اللهِ لِلَّذِينَ يَعْمَلُونَ السُّوَءَ بِجَهَالَةٍ ثُمَّ يَتُوبُونَ مِن قَرِيبٍ فَأُوْلَـئِكَ يَتُوبُ اللهُ عَلَيْهِمْ وَكَانَ اللهُ عَلِيماً حَكِيماً﴾(النساء:١٧).

(بێگومان وەرگرتنی تەوبە لای خوا تەنها بۆئەوانەیە کەگوناه دەکەن بەنەفامی، پاشان پەشیمان دەبنەوە بەزوویی (پێش مردن)، ئائەوانەن خوای گەورە گەڕانەوەیان لێ وەردەگرێت، خواش هەمیشە زاناو دانایە)[1].

ئێسقانی مرۆڤ مەترسی شکانی هەیە، بۆیە پەروەردگار بۆئەم ئێسقانە تایبەتمەندییەکی زۆر جوانی بۆداناوە، ئەگەر بێتو بشکێت ساڕێژ دەبێت، ئیشی پزیشك ئەوەیە ئێسقانەکە بگەڕێنێتەوە شوێنی دروستی خۆی، شانەکان هەڵدەسنەوە، شکاوەکان ساڕێژ دەبنەوە، دەگەڕێنەوە بۆباری پێشووی خۆی، بۆیە دروستکردنەکانی خوای گەورە لەوپەڕی تەواوێتی دان، لەبەر ئەوەی خوای پەروەردگار دەیزانی ئێسقانی مرۆڤ مەترسی شکانی هەیە، بۆیە کردارێکی ئاڵۆزی بۆ ساڕێژکردنەوەی شانەی ئێسقانەکان ئامادە کردووە، لەلایەکی ترەوە، خوای گەورە بەلاوازی مرۆڤی دەزانی، هەروەها دەیزانی کە حەزو ئارەزووەکانی زۆرن، ئەگەر بێتوو هۆشیارو وریاو بەرچاوڕوونو تێگەیشتوو نەبێت پێی هەڵدەخلیسکێو لەپەروەردگاریش یاخی دەبێت.

ئەگەر گەڕانەوە نەبوایە ئەوکاتە بچوکترین گوناح ئەبووە هۆی چوونە دۆزەخەوە، کاتێك مرۆڤ بیبینیایە گەڕانەوە نییە، بەردەوام دەبوو لەیاخی بوون، ئاستی یاخی بوونی بەرز دەکردەوە، یاخود بەهەموو تاوانێك هەڵدەسا،تاوەکو شایستەی دۆزەخ

---

[1] تەفسیری ئاسان، ل ١٨٠.

دەبوو، ئەگەر پەروەردگار ڕەوایی ڕێگەی گەڕانەوەی دانەنایە گەڕانەوەی نەکردایە زۆربەی خەڵکی تیا دەچوون.

ئەگەر چویتە ناو مزگەوتێکەوە، لەوانەیە بەهەزاران کەس ببینی، ئەوا چاك بزانەو دڵنیابە کەزۆرێك لەوانە بۆچارەسەری دانایانە هاتونەتە لای خوداو خوداش توشی هەندێك تەنگانەی کردوون‌و ئەوانیش پەشیمان بوونەتەوە و پەشیمانی قبوڵکردوون.

خودای گەورە دەفەرموویت:(وَاللهُ يُرِيدُ أَن يَتُوبَ عَلَيْكُمْ) (النساء:٢٧) (خودا دەیەوێ تەوبەتان لێ قبوڵ بکات)[٢]، (إِنَّ اللهَ يُحِبُّ التَّوَّابِينَ وَيُحِبُّ الْمُتَطَهِّرِينَ) (البقرة:٢٢٢)، (خودا خۆشی دێ لەوکەسانەی کەلەگوناح پەژیوانن‌و دەیانەوێ بەپاك‌و خاوێنی بژین).

پێغەمبەر (صلّى الله عليه وسلّم) وێنەیەکی زۆر جوانی پێشکەش کردوین، کاتێك چیرۆکی ئەو عەرەبە کۆچەرییەی بۆباسکردوین کەسواری حوشترەکەی بووە، خواردن‌و خواردنەوەکەشی لەسەر بووە وەستاوە تا پشویەك بدات‌و خەوی لێ کەوتووە، کاتێك خەبەری بۆتەوە حوشترەکەی دیار نەماوە، ئەوەی لەبیابان ژیابێت ئەوە ئەزانێت کەهەر کەس حوشترەکەی ون بکات ئەوە مردنی مسۆگەرە، دواتر زۆر گریاوە تا خەوی لێ کەوتووە، کاتێك هەستاوە حوشترەکەی بینییەوە زۆر شپرزە بووە لەخۆشیا هاواری کردووە: ئەی خودا من من خودای تۆم‌و تۆش بەندەی منی!

لەئەنەسی کوڕی مالیکەوە دەگێڕنەوە: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی:(الله أشَدّ فَرَحاً بتوبَةِ عَبده حينَ يَتوبُ إليه مِن أحَدكم كَان على راحلتهِ بأرضٍ فَلاتٍ فَانفَلَتَت مِنهُ وَعَلَيها طَعامُهُ وَشَرابهُ فَأيسَ مِنهَا فأتىَ شَجَرَةً فَاضطجَعَ فِي ظِلّهَا قَد أيسَ مِن رَاحِلَته فَبينَا هُوَ كذلك إذا هُوَ بِهَا قَائمةً عِنْدَه فَأخَذَ بِخَطَامهَا ثمّ قَالَ مِن شدّة الفَرَح: اللهمّ أنْتَ عَبدِي وَأنَا رَبّك أخطَأ مِن شدّة الفَرَح) (مسلم) (خودا زۆر دڵخۆشترە بە تۆبەی بەندەکەی وەك ئەو کەسەتان کەلەسەر حوشترەکەتان دەبن‌و

---

[٢] تەفسیری مامۆستا هەژار، ل٨٣.

لەبیابانێکی وشكو گەرمدا، کەخواردنو خواردەنەوەکەی بەسەر حوشترەکەیەوەتی، لێی ون دەبێت، لێی بی ئومێد دەبێت، دەچێتە بن درەختێك ڕادەكشێت لەسێبەرەکەیداو لەحوشترەکەی بێ ئومێد دەبێت لەوکاتەدا سەیر دەکات هاتۆتەوە لای، جڵەوەکەی دەگرێتو لەخۆشیانا هاوار دەکات: خودایە تۆ بەندەی منیو من خودای تۆم، لەخۆشیانا هەڵەی کردوە) (موسلیم گێڕاویەتیەوە).

کەواتە: خوداوەند بەلاوازیمان دەزانێت، دەزانێت کەئەو حەزو ئارەزووەی کەلەئێمەدا دایناوە پێویستی بەبینینو، ڕوناکی، وریابونەوەو بێداری هەیە، لەهەندێك دۆخی بێ ئاگاییدا مرۆڤ دەکەوێتە هەڵەوەو پێی دەخلیسکێ، بەڵام خوداوەند تۆبەی بۆئامادە کردویت وەك چارەسەرێکی ئەو دۆخو بارە، هەروەك چۆن تایبەتمەندی ئەوەی داوە بەئێسك کەیەك بگرێتەوە، چونکە دەزانێت کەئەو ئێسکە هەندێك جار دەشکێت، بەڵام تۆبەش یاسای خۆی هەیە، کەخۆی پەتی ڕزگار بوونەو دەمەوانەی ئاسودەییە، ڕاستکردنەوەی ڕێڕەوو گرتنی دەستی بەندەیە بەرەو خودا.

خوداوەند کە دەفەرمووێت:(وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌ) (البقرة ١٨٦)، واتە (هەرگایەکی عەبدەکانم لەمەڕ من لەتۆ دەپرسن من نزیکم)[1]، ئەوەی جێی سەرنجە ئەم شێوازە (یسألونك — لێت دەپرسن) زیاتر لە ١٠ جار لەکتێبی خودادا هاتووە:(وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الْمَحِيضِ قُلْ هُوَ أَذًى فَاعْتَزِلُواْ النِّسَاء فِي الْمَحِيضِ) (البقرة:٢٢٢)، (لەمەڕ عوزری ژنانەوەش لێت دەپرسن بێژە: ئەویش ئازارێکە ئەوچەن ڕۆژە خوێنیان هەیە، سەرجێیی ژنان مەکەن، ڕاوەستن تاپاك دەبنەوە)[1]، (وَيَسْأَلُونَكَ مَاذَا يُنفِقُونَ قُلِ الْعَفْوَ) (البقرة:٢١٩)، (پرسی ئەوەت پێدەکەن، چی لەڕێی خودادا بەخت بکەن؟ بێژە: زێدە لەپێویست)[2]، (يَسْأَلُونَكَ عَنِ الْخَمْرِ وَالْمَيْسِرِ قُلْ فِيهِمَا إِثْمٌ كَبِيرٌ) (البقرة:٢١٩)، (لەمەڕ شەراب و قوماریش دەپرسن،

---

[1] تەفسیری مامۆستا هەژار،ل ٢٨.

[1] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٥.

[2] تەفسیری مامۆستا هەژار ، ل ٣٤.

بێژە: تاوانیان گەورەیە)[٣]، (يَسْأَلُونَكَ عَنِ الأهِلَّةِ قُلْ هِيَ مَوَاقِيتُ لِلنَّاسِ وَالْحَجِّ) (البقرة:١٨٩)، (دەربارەی مانگ نوێبوونەوەش لێت دەپرسن، بێژە بۆزانینی وەختو چوونە حەجی مەردم بەهرە دەگەیەنێ)[٤]، بەڵام ئەم ئایەتە (فقل)ی تێدا نییە واتە:(پێیان بڵێ):(وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌ) (البقرة:١٨٦)، واتە: هەرگایەکی عەبدەکانم لەمەڕ من لەتۆ دەپرسن من نزیکم)، هەندێك لەزانایان لەم ئایەتەوە گەیشتونەتە ئەوەی کەواتای بەرەبەست لەنێوان بەندەو خوداوەندا نییە، ئایەتەکانی تۆبەو پاڕانەوە لەنێو ئایەتەکانی ڕۆژوو دا هاتوون تا دەریخەن کەخودای گەورە وەك پاداشتێك بۆ ڕۆژووگر دوعای گیرادەکات، نزا پەتوو بەلەمی ڕزگار بوونە، ڕاستکردنەوەی ڕێڕەوی چارەسەری لاوازی مرۆڤە.

خوای گەورە دەفەرمووێت:(إِنَّمَا التَّوْبَةُ عَلَى اللهِ) (النساء:١٧)، (بێگومان وەرگرتنی تەوبە لای خوایە)[٥]، ئەم ئایەتە واتای یاسا دەبەخشێت، (علی الله) لەسەر خودایە، دراوەتە پاڵ وشەی (الله)، بەواتای کەخودا خودی بەرزی خۆی بەوە پەیوەست کردووە کەلە بەندەکانی خۆش بێتو تۆبەیان قبوڵ بکات، وەك چۆن خوداوەند فەرموویەتی:(إِنَّ رَبِّي عَلَى صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ) (هود:٥٦)، (بەڕاستی پەروەردگارم لەسەر ڕێگەی ڕاستە)[٦].(وَعَلَى اللهِ قَصْدُ السَّبِيلِ)(النحل:٩)، (خودا هەر هێندەی لەسەر ڕێگەی ڕاست دەست نیشان بکا)[٧]، (وَمَا مِن دَآبَّةٍ فِي الأَرْضِ إِلاَّ عَلَى اللهِ رِزْقُهَا)(هود:٦)، (لەم زەمینە هەرشتێ دەجولێتەوە گشتی ڕۆزی لەسەر خوایە)[٨]، (كَتَبَ رَبُّكُمْ عَلَى نَفْسِهِ الرَّحْمَةَ) (الأنعام:٥٤)، (پەروەرێنتان

---

[٣] هەمان سەرچاوە، ل ٣٤.

[٤] هەمان سەرچاوە،ل ٢٩.

[٥] هەمان سەرچاوە،ل ٢٨.

[٦] تەفسیری ئاسان،ل ٢٢٨.

[٧] تەفسیری مامۆستا هەژار،ل ٢٦٨.

[٨] هەمان سەرچاوە،ل ٢٢٢.

هەر خۆی لەسەر خۆی نووسیووە، بەر بەزەیی خۆیتان بخا)[٩]، (إِنَّمَا التَّوْبَةُ عَلَى اللهِ لِلَّذِينَ يَعْمَلُونَ السُّوءَ بِجَهَالَةٍ) (النساء:١٧)، (خودا تەوبە هەر لەوانە قبولّ دەکا کەلەڕووی نەزانییەوە خراپەیان لیّ ڕوودەدا)[١]، گوناحێك بەناقایل بوون وبەرەنگاربوونەوە[٢] ئەنجام دەدات، لەگەڵ ئەوەی کەگوناح بەنەزانیو، لاوازی ئەنجام دەدات، ماوەی نێوان ئەم دوو گوناح کارە زۆر گەورەیە، (إِنَّمَا التَّوْبَةُ عَلَى اللهِ لِلَّذِينَ يَعْمَلُونَ السُّوءَ بِجَهَالَةٍ ثُمَّ يَتُوبُونَ مِن قَرِيبٍ) (النساء:١٧)، (خودا تەوبە هەر لەوانە قبولّ دەکا کە لەڕووی نەزانیەوە خراپەیان لیّ ڕوو دەداو گورجیّ پەژیوان دەبنەوە)[٣]، واتە: یەکسەر دوای گوناحەکە زوو تەوبە بکەی، چونکە تا تۆبەکردن دوا بکەوێت مرۆڤ ئالّودەی ئەو گوناحە دەبێت، و بەئەستەمی دەتوانێت وازی لیّ بهێنێتو ڕەنگە ببێتە دیلی.

وتراوە: تازووتر واز لەجگەرە کێشان بهێنی ئاسانترە، واتە تاماوەکەی درێژ بێت واز لێهێنانی قورستر دەبێت، (ثُمَّ يَتُوبُونَ مِن قَرِيبٍ)، (گورجیّ پەژیوان دەبنەوە)ئەو گوناحەی کەخێرا تۆبەی لێدەکەی، زۆربەی کات بەنەزانی کردوتە، بەلاّم ئەگەر سوور بزانیت کەئەوە گوناحەو بیکەیت پاشان بلّێی: لەمەودوا پەشیمان دەبمەوە ئەوا بەگشتی ناتوانیت تۆبە بکەیت، ئەگەر نەزانی تێدابێت ئەوا بابەتەکە ئاسانە، چونکە نەزانی واتای ئەوەیە کەگوناحکار بیّ دەسەلاّتە، بەلاّم ئەگەر دلّنیابیت کەئەو گوناحە گەورەیەو بەمەبەستەوە بیکات ئەوا ناقایل بوون و لوتبەرزیە.

مەرجی دووەم: پەشیمان بوونەوە کە لەنزیکترین کاتدا بێت، تاماوەی تۆبە کردنەکە زۆری پێبچێت، لەدوای گوناح کردنەکە، ئەوا تۆبە کردنەکە ئەستەمو قورستر دەبێت.

---

[٩] هەمان سەرچاوە،ل ١٣٤

[١] هەمان سەرچاوە,ل ٨٠.

[٢] تەفسیری مامۆستا هەژار،ل ١٢٠.

[٣] هەمان سەرچاوە،ل ٨٠.

ڕەنگە مرۆڤ بزانێت کاتێ بەسەر شۆستەیەکدا دەڕوات، قاچی دەخزێت، بۆیە لەسەر شۆستەکە دێتە خوارەوە، بەهەڵە وابزانێت کەئەو لەهەر ساتێکدابێت دەگەڕێتەوە، ڕەنگە نەتوانێت تۆبە بکات، ئەمەش گوناحو یاخی بوونی لا زیاد دەکات، بەردەوام دەبێت لەسەری، ڕۆژێك دێت کەناتوانێت تۆبە بکاتو دەروونی لاواز دەبێت. (فَأُوْلَـئِكَ يَتُوبُ اللّهُ عَلَيْهِمْ وَكَانَ اللّهُ عَلِيماً حَكِيماً)(النساء:١٧)، (ئائەوانە خودا گەڕانەوەیان لێ وەردەگرێت، خواش هەمیشە زانای دانایە)[٤].

خوداوەند زانایە بەوەی کەمرۆڤ دەشێت هەڵە بکات، بکەوێتە گوناحەوە، دانایە بەوەی کەچارەسەری ئەو کێشەیەی بۆداناوە ئەویش تۆبە کردنە، بۆیە وتوویانە: خوداوەند بۆیە فەرمانی ئەوەی پێکردوین کەپەشیمان ببینەوە تاوەکو ئەویش لێمان خۆش ببێت، بۆئەوە فەرمانی داوە داوای لێخۆش بوونی لێبکەین تالێمان خۆش ببێت، بۆئەوەش فەرمانی نزاو پاڕانەوەی لێکردوین تاوەڵاممان بداتەوە، (وَلَيْسَتِ التَّوْبَةُ لِلَّذِينَ يَعْمَلُونَ السَّيِّئَاتِ حَتَّى إِذَا حَضَرَ أَحَدَهُمُ الْمَوْتُ قَالَ إِنِّي تُبْتُ الآنَ وَلاَ الَّذِينَ يَمُوتُونَ وَهُمْ كُفَّارٌ أُوْلَـئِكَ أَعْتَدْنَا لَهُمْ عَذَابًا أَلِيمًا) (النساء:١٨)، (ئیتر پەژیوان بونەوەی ئەوان هیچ بەهرەیەکی نییە کەلەوەختی گیانەڵادا دەڵێن: ئێمە پەژیوانین، پەژیوانی ئەوانەش قبوڵ نییە کەبەخوانەناسی دەمرن، ئێمە بۆوان ئازارێکی زۆر بەژانمان ساز کردووە)[١]، تۆبە لەسەرە مەرگدا قبوڵ ناکرێت.

بژاردەی ئێمە لەگەڵ ئیمانو باوەڕدا بژاردەی کاتە، بۆیە کافری سەر زەوی فیرعەون، کاتی وتی:(فَقَالَ أَنَا رَبُّكُمُ الْأَعْلَى) (النازعات:٢٤)، (من خوداوەندی بەرزو بڵندتانم)[٢]، هەرئەویشە کەوتوویەتی:(مَا عَلِمْتُ لَكُم مِّنْ إِلَهٍ غَيْرِي) (القصص:٣٨)، (وانازانم جگە لەمن خوایەکتان هەبێ)[٣]، ئەمە قسەی فیرعەونی

---

[٤] هەمان سەرچاوە،ل ٨٠.

[١] تەفسیری مامۆستا هەژار،ل ٨٠.

[٢] هەمان سەرچاوە،ل ٥٨٢.

[٣] هەمان سەرچاوە،ل ٣٩٠.

کافره کەدژی خودا وەستاوەتەوەو کێبەرکێی دەکرد، بەڵام کاتێك لەدەریادا نقومبوو وتی:(آمَنتُ أَنَّهُ لا إِلِـهَ إِلاَّ الَّذِي آمَنَتْ بِهِ بَنُو إِسْرَائِيلَ) (يونس:٩٠)، (من باوەڕم هێنا، هیچ کەس بۆپەرستن ناشێ مەگەر ئەوەی کەتۆرەمەی ئیسرائیل باوەڕیان پێته)[٤]، خوای بەرزو خاوەن پایەش فەرمووی:(آلآنَ وَقَدْ عَصَيْتَ قَبْلُ وَكُنتَ مِنَ الْمُفْسِدِينَ)(يونس:٩١)، (جا تازه تۆیەك لەپێشدا یاخی بوی)[٥]، گەڕانەوە بنەمای هەیە، ئەویش زانستە، دۆخو حاڵە، کرداره زانایەکی کۆمەڵناسی هەیە یاسایەکی دۆزیوەتەوە کەدەربارەی مامەڵە کردنی مرۆڤە لەگەڵ ژینگەی دەوروبەری، ئەم یاسایە لەسێ وشە پێکدێت، درك کردن، هەڵچوون، ڕەفتار.

مرۆڤێك ئەگەر بەباخچەیەکدا ڕۆیشتو مارێکی بینی ئەوە درك کردنە، چونکە دەرك بەوە کردووە کەئەوە مارەو پێوەدانەکەی کوشندەیە، بۆیە دەشڵەژێو هەڵدەچێ، چونکە هەڵچوون کردارێکی پێویستە چ بۆ کوشتنی مارەکە بێت یان ڕاکردن لێی، ئەم نموونە سادەیە یاسای پەیوەندی لەگەڵ دەوروبەردا ڕوون دەکاتەوە، دەرك کردن – هەڵچوون – ڕەفتار، ئەگەر پیاوێك بەکەسێکی وت: دووپشکێك لەسەر شانتە، بەڵام کابرا بەهێمنیو بی خەم وەستاو بەئاگادارکەرەوەکەی وت: سوپاس بۆ تێبینیەکەت، خودا پاداشتی چاکەت بداتەوەو خودا توانام بداتی تابەباشترین شێوە پاداشتی ئەو چاکەیەت بدەمەوە، ئایا پێتان وایە کەئەو کەسە لەوە گەیشتووە کەئەو پیاوە پێی وتووە؟ ئەگەر لەوە تێبگەیشتایە ئەوا هاواری دەکردو یەکسەر چاکەتەکەی دادەکەند.

کەواتە: ئەگەر هەڵچونیکی گەورە نەبێت ئەوا درك کردنیش نابێتو، ئەگەر جووڵە نەبێت ئەوا هەڵچونیش نابێت، ئەم واتایانە پێغەمبەرمان (درودی خوای لەسەر بێت) لەدوو وشەدا کۆی کردۆتەوە، فقال:(الندم توبة) (أخرجه أحمد عن أنس)، (سەرزەنشت کردن و پەشیمان بونەوەو تۆبەیە)، (ئەحمەد لەئەنەسەوە هێناویەتی)،

---

[٤] هەمان سەرچاوە،ل ٢١٩.

[٥] هەمان سەرچاوە،ل ٢١٩.

لێرەدا پەشیمانی زانستە مرۆڤ بەدەستی هێناوەو بەکارو کردەوەیەك کۆتایی دێت کەئەویش تۆبە کردنە.

گوناح لای موسڵمان چەندە بچوك بێت ئەوەندە لای خودا گەورە دەبێت، هەرچەندە گوناح لای موسڵمان گەورە بێت ئەوەندە لای خودا بچوك دەبێت، بۆیە گوناح کردن لای کەسی دوو ڕوو وەك مێشێکە بێ بەڕوویداو باڵی پێوە بنێت، بەڵام گوناحی باوەڕدار وەك شاخێکە کەوتبێ بەسەر سنگیدا، بۆیە خودا باسی نەفسی کەسی تۆبەکار دەکاتو دەفەرمووێت:(لَا أُقْسِمُ بِيَوْمِ الْقِيَامَةِ ، وَلَا أُقْسِمُ بِالنَّفْسِ اللَّوَّامَةِ) (القيامة:١ - ٢)، (سوێند دەخۆم بەڕۆژی سەلا، سوێندیش دەخۆم بەدەروونی ڕەخنەگر)[1].

تۆبە سێ پایەی هەیە، زانستو حاڵ و کردار، کردار پەیوەستە بەسێ کاتەوە، ڕابردوو، ئێستاو، ئایندە، لەکاتی ڕابردوودا ئیسلاحو چاکسازی دەکرێت و، قەرزت لەسەرە، ئەگەر تۆبەت کرد ئەوا دەبێت قەرزەکەت بدەیتەوە.(ثُمَّ إِنَّ رَبَّكَ لِلَّذِينَ عَمِلُواْ السُّوءَ بِجَهَالَةٍ ثُمَّ تَابُواْ مِن بَعْدِ ذَلِكَ وَأَصْلَحُواْ إِنَّ رَبَّكَ مِن بَعْدِهَا لَغَفُورٌ رَّحِيمٌ) (النحل:١١٩)، بۆئەوانەی بەنەزانی خراپەیان لێ ڕوداوەو لەپاشان دەپرینگێنەوەو دەبنە پیاوی چاك، پەروەردگارت پاش ئەمانە گوناح بەخشو ودلۆڤانە[2]. ئەو کردارەی پەیوەستە بەڕابردووەوە چاککردنێتی، لەو کردارە خراپەشی کەپەیوەستە بەئێستاوە دەبێ بەخێرایی وازی لێ بێنی، ئەو کردارەشی کەپەیوەستە بەئایندەوە دەبێ سوور بێ لەسەر ئەوەی کە بۆئەو گوناحە نەگەڕێتەوە.

---

[1] تەفسیری مامۆستا هەژار، ل ٥٧٧.

[2] هەمان سەرچاوە، ل ٢٨١.

# یاسای سەرکەوتن

هێرۆ موحەمەد عەلی

# یاسای سەرکەوتن

(وَمَا النَّصْرُ إِلاَّ مِنْ عِندِ اللهِ)(الأنفال: ١٠)، واتە:(سەرکەوتنیش تەنها لەخواوەیە)[١].

شێوازی کورتهەڵهێنان (حصر)ەکە تایبەت کراوە، سەرکەوتن هیچ کاتێ بەدی نایەت ئەگەر خوای گەورە ویستی لەسەر نەبێت، (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِن تَنصُرُوا اللَّهَ يَنصُرْكُمْ)(محمد:٧)، واتە:(ئەی ئەوکەسانەی باوەڕتان هێناوە ئەگەر ئێوە یارمەتی (ئاینی) خوا بدەن خواش ئێوە زاڵو سەرکەوتوو دەکات (بەسەر کافراندا)[٢].

ئەمە یاسایە، سەرکەوتنی خوای گەورە بەوە بەدەست دێت کەتۆش دینەکەی سەربخەیت، بەگوێڕایەڵی کردن، پیرۆز ڕاگرتنی کتێبەکەی، مەزن ڕاگرتنی پێغەمبەرەکەی (درودی خوای لەسەر بێت) لەشوێن کەوتنی ڕێبازەکەیپاشان خوای گەورە لەئایەتی سێیەم دا موسڵمانان دڵنیادەکاتەوەو دەفەرمووێ:(إِن يَنصُرْكُمُ اللّهُ فَلاَ غَالِبَ لَكُمْ)(آل عمران:١٦٠)، واتە:(ئەگەر خوا سەرتان بخات ئەوا هیچ کەس زاڵ نابێت بەسەرتاندا)[٣].

یەکێك لەمەرجەکانی سەرکەوتن (باوەڕە)، باوەڕ ئەو شتەیە کەموسڵمان وا لێ دەکات گوێڕایەڵی خوای گەورە بێت، ئەگینا ئەو باوەڕە بایەخێکی نابێت، بەڵگەش

---

[١] پوختەی تەفسیری قورئان، محمد ملا صالح، لەبڵاوکراوەکانی کتێبخانەی وەفایە، سلێمانی،٢٠٠٤،ل ١٧٨.

[٢] پوختەی تەفسیری قورئان،ل ٥٠٧.

[٣] پوختەی تەفسیری قورئان،، ل ٧١.

فەرموودەی خوایە:(وَكَانَ حَقًّا عَلَيْنَا نَصْرُ الْمُؤْمِنِينَ)(الروم)، واتە:(یارمەتی دانی باوەڕداران مافێکە لەسەرمان)[٤].

مەرجی دووەم: ئامادەکردن

خوای گەورە دەفەرمووێ:(وَأَعِدُّواْ لَهُم مَّا اسْتَطَعْتُم مِّن قُوَّةٍ وَمِن رِّبَاطِ الْخَيْلِ تُرْهِبُونَ بِهِ عَدْوَّ اللهِ وَعَدُوَّكُمْ)(الأنفال:٦٠)، واتە:(ئەی ئیمانداران ئامادەی بکەن بۆیان ئەوەی لەتواناتاندا هەیە لەهێز لەئەسپی دابەستراو، تادوژمنی خواو دوژمنی خۆتانی پێ بترسێنن)[٥].

کەواتە: سەرکەوتن لای خوای گەورە تایبەتکراوە، سەرکەوتنیش نرخێکی هەیە، ئەویش سەرخستنی ئاینی خودایە، ئەگەر خوای گەورە سەری خستی هیچ کەس زاڵ نابێت بەسەرتا، خوای گەورە دەفەرمووێ:(وَإِنَّ جُندَنَا لَهُمُ الْغَالِبُونَ)(صافات: ١٧٣)، واتە:(سەربازە ئیماندارەکانیشمان هەر دەسەڵات دەگرنە دەستو زاڵ دەبن)[١].

باوەڕێ کەهانت دەدات بۆ گوێڕایەڵی خودا، ئامادەسازی، کەگرتنەبەری هۆکارەکانە، بەڵام خوای گەورە لەخۆئامادەکردندا زۆرمان لێناکات هێزی هاوتا بەدەست بهێنین، بەڵام ڕامان دەسپێرێت تەنها هێزێ بەدەست بهێنین کە بەردەستەو لەئارادایە، جیاوازیەکی گەورە لەنێوان هێزی هاوتاو هێزی بەردەست هەیە، لەوانەیە ئەمەش شتێکی ئەستەم بێت، بەڵام مرۆڤ لەتوانایدایە کەهێزی بەردەستو گونجاو ئامادە بکات.

---

[٤] پوختەی تەفسیری قورئان،، ل ٤٠٩.

[٥] پوختەی تەفسیری قورئان،، ل ١٨٤.

[١] پوختەی تەفسیری قورئان، ل ٤٥٢.

لێرەدا جیاوازیەکی سەیر هەیە لەنێوان واقعو دۆخی موسڵمان و بەڵێنی خوای گەورە، جیاوازیەکە توندە، بەو واتایەی موسڵمانان لەبارودۆخێکدان لەوڵاتانی خۆیاندا کەس ئێرەییان پێ نابات، قسەکانیان وەرگیراو نییە، کاروباریان بەدەستی خۆیان نییە، ئەوانی تر هەزاران هەزار ڕێگەیان هەیە بۆمل کەچ پێ کردنیان.

لەگەڵ ئەوەی خوای گەورە دەفەرمووێ:(وَعَدَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنكُمْ وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَيَسْتَخْلِفَنَّهُم فِي الْأَرْضِ كَمَا اسْتَخْلَفَ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ)(النور:٥٥)، واتە:(باوەڕداران دەبنە جێنشین، خوای میهرەبان بەڵێنی داوە بەو کەسانەتان کەباوەڕیان هێناوەو کردەوەی چاکەیان ئەنجام داوە، کەبێگومان دەیانکاتە جێنشینی (خەڵکانی تر) لەزەویدا، هەروەك ئەوانی (ئیماندارانی) پێش ئەمانی کردە جێنشین[٢])، بەوپەڕی ڕوونیو ڕاشکاوییە، ئێمە جێ نشین نین لەسەر زەوی). (وَلَيُمَكِّنَنَّ لَهُمْ دِينَهُمُ الَّذِي ارْتَضَى لَهُمْ)(النور:٥٥)، واتە:(خوای گەورە ئاینەکەیان بۆ دەچەسپێنێ، ئەو (ئاینەی) کەخوا پێی ڕازی بووە بۆیان)[٣]، ئێمە هەروەها سەقامگیر نین لەسەر زەوی.(وَلَيُبَدِّلَنَّهُم مِّن بَعْدِ خَوْفِهِمْ أَمْنًا)(النور:٥٥)، واتە:(خوای گەورە ترسو بیمیان بۆدەگۆڕی بەئاسایشو ئارامی)[٤].

ئێمە لەئاسایشو ئارامیدا نین، لەبەر ئەوەی خوای گەورەمان بەباشی نەپەرەستووە، (يَعْبُدُونَنِي)(النور:٥٥)، خوای گەورە دەفەرمووێ (هەر من دەپەرستن)[١]، ئەگەر موسڵمانان کەموکورتیەکیان هەبوو لەپەرستنی خوای باڵا

---

(٢) پوختەی تەفسیری قورئان، ل ٣٥٧.

(٣) پوختەی تەفسیری قورئان، ل ٣٥٧.

(٤) پوختەی تەفسیری قورئان،ل ٣٥٧.

(١) پوختەی تەفسیری قورئان، ل ٣٥٧.

دەست، سێ بەڵێن لەدەست دەدەن:(جێنشینایەتی – توانا و سەقامگیری – ئاسایش و ئارامی).

(وَإِنَّ جُندَنَا لَهُمُ الْغَالِبُونَ)(الصافات:١٧٣)، واتە:(سەربازە ئیماندارەکانیشمان هەر دەسەڵات دەگرنە دەست و زاڵ دەبن)[٢].

کاتێك سەربازیت بۆخوای گەورە ئەنجامدا، ئەوا بێگومان سەرکەوتویت، بەڵام هەندێ جار سەربازی بۆجگە لەخوای گەورەیە، ئەگەر تۆ سەربازی خوای گەورە بووی ئەوکاتە سەرکەوتن بێ گومانە، (وَلَن يَجْعَلَ اللهُ لِلْكَافِرِينَ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ سَبِيلاً)(النساء:١٤١)، واتە:(هەرگیز خوای گەورە (بەڵگەی) کافران بەسەر ئیمانداران (ی ڕاستەقینە)دا سەرناخات لەم جیهانەدا)[٣]، ئەگەر ئەوان هەزار ڕێگەیان هەبێت بۆ ژێردەست کردنی ئێمە، کەواتە ئەو ئیمانەی ئێمە، ئەو ئیمانەیە کەخوای گەورە ویستویەتی.

قورئانی پیرۆز وەڵامی بۆهەموو شتێك هەیە، چارەسەری تێدایە بۆخەڵك، لەم کاتەدا خوای باڵا دەست دەفەرمووێ:(وَلَيُمَكِّنَنَّ لَهُمْ دِينَهُمُ الَّذِي ارْتَضَى لَهُمْ)(النور:٥٥)، واتە:(ئەودین و ئاینەیان بۆدەچەسپێنێت کەخودا خۆی پێی ڕازییە)[٤].

پرسیار: ئەگەر خوای گەورە سەقامگیری پێ نەبەخشین ئەمە واتای ئەوەیە تێگەیشتنیان لەئاین ئەوە نییە خوای گەورە پێی ڕازی بێت؟! تێگەیشتنێکی دیاریکراوە، کەموکورتە، دەمارگیری تیایە، دوژمنایەتی تیایە، چاولەیەکی و مشت لێ

---

[٢] پوختەی تەفسیری قورئان، ل ٤٥٢.
[٣] پوختەی تەفسیری قورئان، ل ١٠١
[٤] پوختەی تەفسیری قورئان، ل ٣٥٧.

گرتنی تێدایە، دونیا ویستی تێدایە، دەستکەوتی تێدایە، ناکۆکی تێدایە، تۆمەتبارکردنی تێدایە، دەمارگیری تێدایە.

ئەگەر تۆ خەمی موسڵمانانت هەڵبگرتایە ئەوا وا نەئەبووی، ئەگەر ئێوە دڵسۆزی خوای جیهانیان بونایە، کۆمەڵ کۆمەڵو پەرتەوازە نەئەبوون، خوای گەورە دەفەرمووێ:(إِنَّ الَّذِينَ فَرَّقُواْ دِينَهُمْ وَكَانُواْ شِيَعًا لَّسْتَ مِنْهُمْ فِي شَيْءٍ)(الأنعام:١٥٩)، واتە:(بەڕاستی ئەوانەی ئاینەکەیان بەش بەش کردوو بوونە دەستەو پارچە پارچە (بڕوایان بەهەندێکی قورئان هەیەو هەندێکی تری پشت گوێ دەخەن) ئەوە لەهیچ شتێکدا تۆ لەوان نیت بەڵکو تۆ لەوان بەریت)[1].

هەر مرۆڤێك ڕیزی موسڵمانان تێك بشکێنێت ئەوا درزێك دەخاتە نێو ژیانیانەوە، دوور خستنەوە لەیەکتر ئەنجام دەدا، موسڵمانان پەرتەوازە دەکات، ئەوە بەدڵنیاییەوە لەوکەسانە نییە کەشایستەی سەرکەوتنە، ناکرێت ئەمڕۆ دونیا کتێبەکانمان بخوێننەوە، لەبەر ئەوە حاڵی شپرزوو دوا کەوتوومان بووەتە پەردەو ڕێگرێك بۆناسینی ڕاستیەکانی ئاینەکەمان، ئیسلام پەردەی بەسەردا دراوە بەهۆی موسڵمانانەوە، لایەنەکانی تر کتێبەکانمان ناخوێننەوە، سەیری فەرموودەکانی پێغەمبەرمان (درودی خوای لەسەر بێت) ناکەن.

چونکە بارودۆخێکی دواکەوتوو لەپێشیانە، هۆشیارییەکی لاواز هەیە، لاوازییەکی زۆر قورس لە هاوکاری کردندا دەبینرێ، لاوازییەکی زۆر قورس لەچارەسەرکردنی کێشەکانی ئەم ئوممەتەدا هەیە، ئەم بارودۆخە خراپە ئەویتر وات لێ دەکات ڕاستەقینەکانی ئەم ئاینە نەبینێ، خوای بەدەسەلات فەرموویەتی:(وَقَدْ مَكَرُواْ مَكْرَهُمْ وَعِندَ اللهِ مَكْرُهُمْ وَإِن كَانَ مَكْرُهُمْ لِتَزُولَ مِنْهُ الْجِبَالُ) (إبراهيم:٤٦)،

---

[1] پوختەی تەفسیری قورئان، ل ١٥٠.

واتە:(بێگومان (خوانەناسان) پیلان و تەڵەکەی خۆیانیان گێڕا، فێڵو فرِی زۆریان کرد، بەڵام هەموو پیلانو فێڵیان لای خوای گەورە ئاشکراو دیارە(بەسەر خۆیاندا دەشکێتەوە) هەرچەندە پیلانو فێڵیان کێوەکانیش لەبن بهێنێت)[٢].

دروستکەری ئاسمانو زەوی وەها وەسفی فێڵی کافران دەکات لەڕووی بەهێزیو گەورەییو ترسناکیەوە کەدەکرێ فێڵەکانیان کێو لەبن بێنێت، لەگەڵ ئەوەی مرۆڤەکان توانای ئەوەیان نییە و ناتوانن کێوەکان لەبن بێنن؛ بۆنموونە شاخی (قاسیون لەدیمەشقەوە ببەن بۆ دەرعا)؛ بەڵام چارەسەر لەدوو وشەدا کۆدەبێتەوە، (وَإِن تَصْبِرُواْ وَتَتَّقُواْ لاَ يَضُرُّكُمْ كَيْدُهُمْ شَيْئًا)(آل عمران:١٢٠)، واتە:(ئەگەر ئێوە بەئارام بن (لەسەر گوێڕایەڵی خوا)و لەخوا بترسن پیلانی ئەوان هیچ زیانێکتان پێ ناگەیەنێت، بەڕاستی خوا تەواو ئاگادارە بەهەرچی ئەوان دەیکەن)[٣].

هەموو سەرکەوتنێکی تەکنیکیو سەربازیو داراییو ئابوریو ڕاگەیاندن هەموو ئەم سەرکەوتنانە و هەمو جۆرە چەکە کۆمەڵکوژەکان ئەوەی بەدەستیانەوەیە، پەکی دەکەوێت ئەگەر ئێمە بەڕاستی ئارامـمان گرت و خۆمان پاراست لەخراپەکاری.

بەڵام ئەگەر بەچەوساوەییو زەبونیەوە ئارامـمان گرت لەگەڵ لاوازیماندا سەرپێچیمان کرد؛ یان بەهۆی خۆبەزل زانینەوە خراپەکاریمان کرد ئەوا دوای لەخوا نەترسانو ئارام گرتن تەنها گۆڕە، هیچ بابەتێك نییە کەموسڵمان بۆی بەپەرۆش بێت وەك بابەتی (سەرکەوتن)، لەبەر ئەوەی خوای گەورە دەفەرموێت:(وَيَوْمَئِذٍ يَفْرَحُ

---

(٢) پوختەی تەفسیری قورئان، ل ٢٦١.

(٣) پوختەی تەفسیری قورئان، ل ٦٥.

الْمُؤْمِنُونَ - بِنَصْرِ اللَّهِ)(الروم:٤ - ٥)، واتە:(لەوڕۆژەدا ئیمانداران دڵخۆش ئەبن بەسەرخستنی خوا)[1].

سەرکەوتن شوێنگەی بەختەوەرییە، دۆڕاندن ئەگەر بەدوای یەکدا هات باری ترسناك وەردەگرێت لەژیاندا، باری پەستی شکستخواردوو، باری ونبوون، باری ناکۆکی بەردەوام، باری کەمتەرخەمی، باری بێ هوودەیی.

بەڵام سەرکەوتن ژیانی نەتەوە یەکگیر دەکات، شانازی بەئاینەکەیانەوە دەکەن بەئیسلامەتیەکەیانەوە، بەڕابردوویانەوە، بەمێژویانەوە، بەپیاوڕۆڵەکانیانەوە، لەجۆرەکانی سەرکەوتن یەکەمیان سەرکەوتنی شایستەییە، گەورەمان پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) لەگەڵ هاوڕێکانی لەجەنگی بەدردا سەرکەوتن، خوای گەورە دەفەرمووێ:(وَلَقَدْ نَصَرَكُمُ اللهُ بِبَدْرٍ وَأَنتُمْ أَذِلَّةٌ)(آل عمران:١٢٣)، واتە:(سوێند بەخوا بێگومان خوا ئێوەی سەرخست لە (جەنگی) بەدردا لەکاتێکدا ئێوە کەمو لاواز بوون)[2].

ئەمە سەرکەوتنی شایستەیەتییە، بەڵام ڕۆمەکان کاتێك سەرکەوتن بەسەر فارسەکاندا سەرکەوتنێکی سەربەرزانە بوو، لەبەر ئەوەی ڕۆمەکان لەسەر ڕەوایەتی تەواو نەبوون.

لەبەر ئەوە خوای گەورە دەفەرمووێ:(غُلِبَتِ الرُّومُ - فِي أَدْنَى الْأَرْضِ وَهُم مِّن بَعْدِ غَلَبِهِمْ سَيَغْلِبُونَ - فِي بِضْعِ سِنِينَ لِلَّهِ الْأَمْرُ مِن قَبْلُ وَمِن بَعْدُ وَيَوْمَئِذٍ يَفْرَحُ الْمُؤْمِنُونَ)(الروم:١-٤)، واتە:(ڕۆم شکێنرانو ژێرکەوتن (فارس زاڵ بوو) بەسەریاندا، لەنزیکترین خاکیان (لەمەککەوە یا لەوڵاتی فارسەوە) ڕۆمەکان دوای تێك

---

(1) تەفسیری پوخت، ل ٤٠٤.

(2) تەفسیری پوخت، ل ٦٦.

شکانیان لەداهاتوودا سەردەکەون (بەسەر فارسەکان) دا لەماوەی چەند ساڵێکدا (لەنێوان سێ تا نۆ ساڵ) هەموو کاروبار تەنها بەدەست خوایە لەپێش (سەرکەوتن) یان لەدوا (سەرکەوتن) لەوڕۆژەدا (ڕۆمەکان سەردەکەون)و ئیمانداران دڵخۆش دەبن)[١].

سەرکەوتنی سێیەمیش هەیە، سەرکەوتنی گەردوونییە، ئەگەر دوو لایەنەکە باوەڕدار نەبن، بەهێزەکەیان سەرکەوتووە، سەرکەوتووەکە خاوەنی چەکێکی پێشکەوتووە.

سەرکەوتنی چوارم باوەڕیانەیە: ئەگەر بەشێوەیەکی باو سەرکەوتنت بەدەست نەهێنا، لەبەرئەوەی خوای گەورە شەهید بوونی بۆتۆ نوسیبێت، بەوپێیەی خاوەنی بیروباوەڕێکی ڕاستەقینەی یەکتاپەرستو سەر ڕاستی، ئەوا تۆ سەرکەوتووی، گەرچی بەپێوەرە باوەکانیش سەرکەوتوو نەبوویت.

لەبەر ئەوەیە وتراوە: جەنگ لەنێوان دوو لایەنی ڕەوا خوازدا نابێت، لەنێوان خاوەن مافو ناڕەواشدا درێژە ناکێشێو لەنێوان دوو ناوڕەوادا کۆتایی نایەت.

---

[١] پوختەی تەفسیری قورئان، ل ٤٠٤.

# یاسای سەربەرز بوون

نەوال كەریم ئەحمەد

# یاسای سەربەرز بوون

﴿مَن كَانَ يُرِيدُ الْعِزَّةَ فَلِلَّهِ الْعِزَّةُ جَمِيعًا – فاطر ١٠﴾، واتە:(ئەوەی سەربەرزیو پایە بڵندی دەوێت، بابزانێت کەهەموو سەربەرزیو پایە بڵندیەك هەر بۆ خودایە)[1]، لەهەموو مرۆڤێکدا سێ پاڵنەری سەرەکی هەیە،پاڵنەری خۆراكو خواردنەوە بۆپارێزگاریە لەتاك، پاڵنەر بۆڕەگەزی بەرامبەر بۆپارێزگارییە لەوەچە، پاڵنەری سێهەم زاناکانی دەروون ناسی ناویان ناوە سەلماندنی خود، دەتوانین ناوی بنێین شانازی بەشکۆدارییەوە، ڕەنگە مرۆڤ چێژوەرگرو نەرمو نیان بێت، بەلاَم بریندار دەکرێت، بەلاَم ناتوانێت بەرگەی ئەو سوکایەتییە بگرێت، لەوانەیە ناخۆشترین جۆری سزاکان ئەوەبێت کەمرۆڤ بچوك بکرێتەوە، یان بریندار بکرێت، بۆیە مرۆڤ پێداویستیەکی سەرەکی ئەوەیە سەربەرزو پایەبڵند بێت، تاوەکو بەخشندە بێت، بۆئەوەی لەشوێنو پایەیەکدا بێت هەست بەسوکایەتی نەکات، بێ هێزو بێ دەسەلاَت نەبێت، چ یاسایەك بۆئەمە هەیە؟ ئەم ئایەتە پیرۆزە:﴿لِّلَّذِينَ أَحْسَنُواْ﴾(یونس ٢٦)، واتە:(بۆئەوانەی چاکەیان کردووە... )[2].

وشەی (چاکەکردن) ڕەهایە، ئەگەر پزیشك بوویت پێویستە چاکەکار بیت، ئەگەر پارێزەر بوویت دەبێت چاکەکار بیت، ئەگەر مامۆستاش بوویت پێویستە چاکەکار بیت، باوکێکی چاکەکار بیت، کوڕێکی چاکەکار بیت، خوێندکارێکی چاکەکار بیت، فەرمانبەرێکی چاکەکار بیت.

---

[1] تەفسیری ئاسان،بورهان محمد أمین، کتێبخانەی ڕۆشنبیر، سلێمانی،هەولێر،عیراق، ٢٠٠٤،ل ٤٣٥.

[2] تەفسیری ئاسان،ل ٢١٢.

ڕونترین نموونەش بۆئەمە: ئەگەر فەرمانبەرێك بۆماوەی چەند ڕۆژێك لەکارەکەی دواکەوت، دیاردەکە دوبارە بویەوە، ڕەنگە بەڕێوەبەری فەرمانگەکەی قسەی ناخۆشی وەها ببیستێ کەجێی قبولْ نەبێت، چی بوو بەهۆی ئەو بچوککردنەوەیەی توش بێتو ئەم تێبینییە توندەی لەسەر بکەوێت؟ دواکەوتنەکەی، بۆیە لەهەندێك فەرموودەی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت)دا هاتووە:(إيّاك وكلّ أمر يُعتذر منه)(السيوطي عن ابن عمر بسند حسن)، واتە:(خۆت بپارێزە لەهەر کارێك کەناچار بەپۆزش هێنانەوەت بکات) (سیوتی لەئیبنو عومەرەوە بەڕچەیەکی باش هێناویەتی).

ئەوکارەی کەناچار دەبیت داوای لێبووردنی لێبکەیت، وریابە نەیکەیت، تاوەکو سەربەرز بیت، بەویقارو خاوەن ڕێز بیت، هەموو مرۆڤێك هەرچۆنێك بێت گەر ئازاری دەیت دەڕوخێت، ئەگەر کەسێك بەکەم بزانیت، هیچ چاکەیەکت بۆی نەهێشتەوە، خەریکە لەپێستی خۆی بێتە دەرەوە، ئەگەر بۆت دەرکەوت کەناپاکیت لێدەکات، هەموو جۆرەکانی بچوککردنەوەو دڵتەنگیو هەست کردن بەبێ هێزیو هەست کردن بەپەشیمانی، هەستکردن بەتاوان، هەست کردن بەکەموکورتی لەچاکە نەکردنەوە سەرچاوە دەگرێ، هەروەکو خوای گەورە دەفەرمووێ:(لِّلَّذِينَ أَحْسَنُواْ الْحُسْنَى)(یونس:٢٦)، واتە:(بۆئەوانەی چاکەیان کردووە، پاداشتی چاکترو بەهەشتی بەرین ئامادەیە)[1]، پاداشتەکەش بەهەشتە.

هەروەها خوای گەورە دەفەرمووێ:(فَأَمَّا مَن أَعْطَى وَاتَّقَى - وَصَدَّقَ بِالْحُسْنَى)(الليل:٥-٦)، واتە:(جائەوەی – ماڵو سامانو زانستو... هتد – دەبەخشێتو پارێزگارو لەخواترسە، بڕوای تەواوی بەپاداشتی چاكو بەنرخی خوایی

---

(١) تەفسیری ئاسان،ل ٥٩٥.

هەیە)[٢]، (لِّلَّذِينَ أَحْسَنُواْ الْحُسْنَى وَزِيَادَةٌ)(یونس:٢٦)، واتە:(بۆئەوانەی چاكەیان كردووە، پاداشتی چاكترو بەهەشتی بەرینو زیاتریش ئامادەیە)[٣].

چ زیادەیەك؟!

ئەوە سەیركردنی ڕوخساری خوای گەورەیە.لەهەندێك ئەسەردا هاتووە كەبڕواداران سەیری ڕوخساری خوای گەورە دەكەن، پەنجاساڵ بەهۆی خۆشی ئەو سەیركردنەوە لەهۆشی خۆیان ئەچنو نایەنەوە هۆشی خۆیان، هەندێكیان وتویانە: لەسەرووی ئەو زیادەیەوە ڕەزامەندی خوای گەورە هەیە، لەبارەی بەهەشتەوە فەرموودەیەك هەیە:(مالا عينٌ رأت، ولا أذنٌ سمِعَت، ولا خطر على قلب بشر)، واتە:(لە بەهەشتدا شتی وا هەیە كەچاو نەیبینیوە، هیچ گوێیەك نەیبیستووە، بەدڵ و خەیاڵی مرۆڤیشدا نەهاتووە)، ئەم فەرموودەیە جێی هاودەنگی بوخاریو موسلیمە كەلە ئەبوهورەیرەوە گێڕاویانەتەوە.

خوای گەورەش دەفەرمووێ:(وَلاَ يَرْهَقُ وُجُوهَهُمْ قَتَرٌ وَلاَ ذِلَّةٌ)(یونس:٢٦)، واتە:(ڕوخساریشیان ڕەشیو تاڵیو ڕیسواییو زەلیلیو ماندوێتی پێوە دیار نییە)[٤].

ڕەنگە مرۆڤ كارگوزار بێ، دەرگاوان بێ، بەڵام كارەكەی بەتێروپڕی دەبات بەڕێوە، هەست بەسەربەرزیەك دەكات كەبەڕێوەبەری فەرمانگەكە هەستی پێ ناكات، ئەگەر زانی بردنی هەندێ پارە بێ كاری دەكات، ڕووبەڕووی لێكۆڵینەوەی دەكات، پاشان بەردەدرێت بەهۆی لاوازی دەستەی دەست پاكییەوە. مرۆڤ هەرچەندە پلەوپایەی بچوك بێت سەربەرز دەبێت ئەگەر ڕاستگۆو دەست پاكبوو، بۆیە ئازایەتی

---

(٢) تەفسیری ئاسان، ل ٥٩٥.

(٣) تەفسیری ئاسان، ل ٥٩٥.

(٤) تەفسیری ئاسان، ل ٥٩٥.

مرۆڤ ئەوەیە کارێك نەکات ناچار بێت داوای لێبوردنی بۆبکات، بەعەمری کوڕی عاسیان وت: بەچ ڕێگەیەك ئەم لێزانیو وتووریاییەت بەدەست هێناوە؟ وتی: سوێند بەخوا چوبێتمە هەر کارێکێکەوە زانیوەمە چۆن لێی دەرچم، گەورەمان معاویە پێی وت: ئەی عەمر تۆ لێزان ورتو وریا نیت، چونکە سوێند بەخوا من نەچومەتە هیچ کارێکەوە ناچار بوبێتم لێی دەرچم.

کاتێك ئەرکەکەت بەتەواویو تێرو پڕی ئەنجام دەدرێت سەربەرز دەبیت، بەویقارو خاوەن هێز دەبیت، هەرچۆنێك بێت کارەکەت، لەهەموو شوێنێك، لەهەموو بوارێك، لەهەموو بەشێك، لەهەموو فەرمانگەیەك، لەهەموو دەزگایەك، لەهەموو زانکۆیەك، کاتێك مرۆڤ کارەکەی بەتەواوی ئەنجام دەدات سەرۆکەکانی ناتوانن یەك وشەی ناخۆشی پێ بڵێن، (لِّلَّذِينَ أَحْسَنُواْ الْحُسْنَى وَزِيَادَةٌ وَلاَ يَرْهَقُ وُجُوهَهُمْ قَتَرٌ وَلاَ ذِلَّةٌ)(یونس: ٢٦)، (قتر) واتە شەرم، (ذلّة) واتە: تاڵی، ڕیسوایی، زەلیلی)[1].

(أُوْلَـئِكَ أَصْحَابُ الْجَنَّةِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ)(یونس:٢٦)، واتە:(ئائەوانە نیشتەجێی بەهەشتنو بۆهەمیشە ژیانی تێدا دەبەنە سەر)[2].

جارێك پەرتوکێکم خوێندەوە بەپاڕانەوەیەك دەستی پی کردبوو کاریگەری لەناخمدا جێهێشت، لەو پاڕانەوانە (اللهم إنّي أعوذ بك أن يكون أحد أسعد بما علّمتني منيّ) واتە: خوایە پەنا دەگرم بەتۆ لەوەی ئەوەی گوێی لەقسەکانم دەگرێت لەمن بەختەوەرتر بێت.

تۆ شتێك فێربوویت ڕوونت کردەوە، دیاریت کرد، بەش بەشت کرد، بەڵگەت هێنایەوە، نموونەو چیرۆك، مرۆڤێك هاتو سوودی لەبابەتەکەت وەرگرت، ئەو وتەیەی

(١) تەفسیری ئاسان، ل ٥٩٥.

(٢) تەفسیری ئاسان، ل ٥٩٥.

وەرگرت، پەیڕەوی کرد، بەرهەمەکەی چنییەوە، بەڵام ئەوەی تەنها لەبەری کردو ڕاڤەی کرد جێبەجێی نەکرد، ئەوکەسەی لەتۆوە فێربوو لەتۆ دڵخۆشترە بەقسەکانت.

نزای دووەم:(اللهم إنّي أعوذ بك أن أتزيّن للنّاس بشيء يشيبني عندك)خودایە پەنات پێ دەگرم بەشتێك خۆم برازێنمەوە لای خەڵکی لای تۆ ناشرینم بکات، ئەوە ڕوخسارێکە، ڕوخساری چاکە کردن، ڕوخساری خواناسی، پۆشاکەکەی سپیە، بۆن خۆش، تەسبیحێکی بەدەستەوەیە، بەڕێوەیە بۆمزگەوت، بەڵام دوێنێی چۆن بەڕێ کرد، ئەی شەو چی ئەنجامدا؟

(اللهم إنّي أعوذ بك أن أقول قولاً فيه رشاك ألتمس به أحداً سواك)خودایە پەنات پێئەگرم لەوەی قسەیەك بکەم ڕەزای تۆی تیابێت، بەڵام بۆبەدەست هێنانی دڵی کەسانی تر بەکاری بهێنم، ڕەنگە مرۆڤ قسەیەکی ڕەوا بکات، مەبەستی ناڕەوا بێت، (خودایە پەنات پێدەگرم، ببم بەپەندی دروستکراوەکانت، ببمە چیرۆك لەدانیشتنەکانداو باس بکرێت، بۆیە خوای گەورە دەفەرموێت:(وَجَعَلْنَاهُمْ أَحَادِيثَ)(المؤمنون: ٤٤)، واتا:(کردمانن بەباسو خواسی ناو خەڵکی)[1].

(وَالَّذِينَ كَسَبُواْ السَّيِّئَاتِ جَزَاء سَيِّئَةٍ بِمِثْلِهَا وَتَرْهَقُهُمْ ذِلَّةٌ مَّا لَهُم مِّنَ اللّهِ مِنْ عَاصِمٍ كَأَنَّمَا أُغْشِيَتْ وُجُوهُهُمْ قِطَعًا مِّنَ اللَّيْلِ مُظْلِمًا أُوْلَـئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ)(يونس:٢٧)، واتە:(ئەوانیش گوناه و تاوانەکانیان ئەنجام داوە، هەرچەندە پاداشتی هەر گوناه و تاوانێك بەقەدەر خۆی دەدرێتەوە، بەڵام هەندێك ئەوەندە تاوانبارن خەجاڵەتیو سەر شۆڕیو ڕووڕەشی ماندووی کردوون، کەس نییە پەنایان بداتو بیان پارێزێت لەخوا، ئەوەندە ڕووڕەشن هەردەڵێی پارچەیەك لەشەوی

---

[1] تەفسیری ئاسان، ل ٥٩٥.

تاریك ڕووخساری داپۆشیون، ئائەوانە نیشتەجێی ناو ئاگری دۆزەخنو بۆهەمیشە ژیان لەناویدا دەبەنەسەر)[٢].

سەیری ڕوخساری دز بکە کاتێك دەست بەسەر دەکرێت، کاتێك وێنەی دەگیرێت لەگەڵ کەلوپەلە دزراوەکان، سەیری چاوەکانی بکە چەند شۆڕە لەشەرما، ڕوناکی لەڕوخساریدا نییە، ڕوناکی لەڕوخساریدا نابینرێت، گەش نییە، غەمبار دیارە، تۆزی ناپاکی بەسەر ڕویەوەتی.

مرۆڤ تەنها بەنان ناژیت، بەڵکو بەڕێزو ویقار دەژێت، بەسەر بەرزیەکەی دەژێت:

(اجعل لرّبك كلّ عز يستقرّ ويثبت     فإذا اعتززت بم يموت فإن عزّك ميّت)

(بۆخوا ببە، شکۆو بڵندیت جێگیرو چەسپاو دەبێت، ئەگەر شانازیت بەوکەسانەوە بێت کەدەمرن ئەوا شکۆت دەمرێ)، باوەڕداری بەهێز لای خوا خۆشەویسترە لەباوەڕداری لاواز، سەرمایە هێزە، زانست هێزە، باوەڕداری بەهێز خۆشەویسترە لەباوەڕداری بێ هێز، بۆچی؟ چونکە ئەو هەلی کارکردنە چاکەی بۆ کەسی بەهێز بەردەستە یان بۆخاوەن زانست، یان بۆخاوەن پێگە بەردەستە، بۆکەسێکی دیکە بەردەست نییە، لەبەر ئەوەی هۆی بوونی تۆ لەدونیا کاری چاکەیە، کاری چاکە پێویستی بەهێزە، پێویستی بەهێزی سەرمایەیەو هێزی زانستو هێزی پلەوپایە، هەربۆیە دەبێت بەهێز بیت، بەزانستەکەت، یا بەسەرمایەکەت، یا بەپلەو پایەکەت، بەڵام ئەگەر ئەو ڕێچکەیەت گرتەبەر لەپێناوی ئاینەکەتو بەهادارێت، ئەوکاتە ئەگەر لاواز یان هەژاریش بیت ئەمە مایەی شانازییە بۆت، بەڵام ئەگەر ئەو ڕێگا هێزە بەپێی بەرنامەی خوا گیرابێتەبەر تۆش پارێزگاریت لەبیروباوەڕت کردبێو لەسەر بەهاداریو

---

[٢] تەفسیری ئاسان،ل ٢١٢.

ڕاستیو سەقامگیریت بەردەوام بیتو پەرستشەکانت بەردەوام بێت ئەوا سڵاو لەهێز، چونکە باوەڕداری بەهێز چاکترو خۆشەویستره لای خودا لەباوەڕداری بێهێز.

مرۆڤ بەپارە دڵی خەڵکی پڕدەکات لەخۆشەویستی بۆخۆی، پارە لەپێناوی خودا دەبەخشێت، خودا لێی ڕازی دەبێت، چەند قات پارەکەی بۆزیاد دەکات، ئەگەر بەهێز بوو، بەنوکە پێنوسێك دەتوانێت ڕەوا بەڕەواو ناڕەوا بەناڕەوا بناسرێو چاکەش وەك خۆی بمێنێ، خراپەش لاببات، دڵسۆزێكو خواناسێك نزیك دەکاتەوە، خراپەکارێکی دووڕوو دوور دەخاتەوە، ئەگەر ڕێگای توانستو هێز توانرا بگیرێتەبەر بەپێی بەرنامەی خودا، پێویستە بەهێز بیت، بەڵام ئەگەر گرتنەبەری ئەو ڕێگەیە لەسەر حیسابی مەبدەئو بەهاو ئاینەکەت بوو، ئەوا دەڵێین: بێ هێزی شانازییو سەربەرزییە بۆت، هەژاری شانازییو سەربەرزییە بۆت.

لەئەبوهورەیرەوە (خوای لێ ڕازی بێت) دەگێرنەوە کەپێغەمبەری خودا (درودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی:(لەوانەیە کەسێکی قژبژ کەلەبەردەم دەرگاکان دەرئەکەوێ ئەگەر سوێند بخوا خوای گەورە سوێندەکەی بۆ جێبەجێ دەکات).

(وَالَّذِينَ كَسَبُواْ السَّيِّئَاتِ جَزَاء سَيِّئَةٍ بِمِثْلِهَا وَتَرْهَقُهُمْ ذِلَّةٌ مَّا لَهُم مِّنَ اللهِ مِنْ عَاصِمٍ) (یونس:٢٧)، واتە:(ئەوانەش گوناه و تاوانیان ئەنجامداوە، هەرچەندە پاداشتی هەر گوناه و تاوانێك بەقەدەر خۆی دەدرێتەوە (بەڵام هەندێك ئەوەندە تاوانبارن) خەجاڵەتیو سەرشۆڕیو ڕوو ڕەشی ماندووی کردوون، خوای گەورە هیچ پشتیوانییەکیان ناکات) [1].ئەم ئایەتە پیرۆزە بەیاسای سەربەرزیو سەرشۆڕی دادەنرێت، تۆ بەسەر ڕاستی خۆت، بەلێزانی ورد ئەنجام دانی کارەکەت، بەئەمانەت داری، بەرێكوپێکی سەربەرز دەبیت، کاتێك کەمتەرخەم دەبیت لەئەنجامدانی

[1] تەفسیری ئاسان، ل ٢١٢.

ئەرکەکانتدا، کاتێك پەرە بەکارەکەت نادەیت، کەمتەرخەم دەبیت لەئاست پسپۆڕییەکەتدا، پێویستیت بەشارەزاییو لێزانی نوێ هەیە، کاتێك مامەڵەت خراپ دەبێت لەگەڵ دەوروبەرت، ئەم ڕەفتارە خراپانەشت ئاشکرا دەبێت، بچوك دەبیتەوە، ئەمە شتێکە بەرگەی ناگیرێت، هەر بۆیە خوای گەورە دەفەرموویێت:(مَن كَانَ يُرِيدُ الْعِزَّةَ فَلِلَّهِ الْعِزَّةُ جَمِيعًا)(فاطر:١٠)، واتە:(ئەوەی سەربەرزیو پایە بڵندی ئەوێت، بابزانێت کەهەموو سەربەرزیو پایە بڵندییەك هەر بۆ خودایە)[٢].

سەیری ئەم نزایە بکەن کەهەمووماں ئەم نزایە دەکەین، (لایذلّ من والیت، ولا یعزّ من عادیت)، واتە:(پاکوبێ گەردی بۆتۆ، ڕسوا نابێت ئەوکەسەی تۆ پشتگیری دەکەیت، سەربەرز نابێت ئەوکەسەی تۆ دژایەتی دەکەیت).

هەرگیزاو هەرگیز ئەستەمە کەخودای گەورە بکەیت بەگەورەی خۆتو ڕیسوا بیت، یابەرەنگاری بەرنامەی خوا بیتو سەربەرز بیت بۆهەتاهەتایە، کاتێك جەنگی بەدر تەواو بوو، پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) لەگەڵ بێباوەڕانی قورەیش قسەی کرد بەناوی خۆیان یەك یەك، لەئەنەسی کوڕی مالیکەوە دەگێڕنەوە کە پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) بۆماوەی سێ ڕۆژ وازی هێنا لەکوژراوەکانی بەدرو دواتر هاتەوە بۆلایانو وەستا لەسەریانو بانگی کردنو وتی: ئەی ئەبوجەهلی کوڕی هیشام، ئەی ئومەیەی کوڕی خەلەف، ئەی عوتبەی کوڕی ڕەبیعە، ئەی شەیبەی کوڕی ڕەبیعە، ئایا ئەوەی خوای گەورە بەڵێنی پێدابوون نەهاتە دی؟ من ئەوەی خوای گەورە بەڵێنی پێدابووم هاتە دی، عومەر (خوای لێ ڕازی بێت) گوێی لەقسەکانی پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) بوو وتی: ئەی پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) چۆن گوێیان لێدەبێت؟ چۆن دەتوانن وەڵام بدەنەوە لەکاتێکدا

---

(٢) تەفسیری ئاسان،ل ٤٣٥.

ئەوان بونەتە لاشەیەکی بۆگەن؟ پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) فەرمووی: بەوکەسەی گیانی منی بەدەستە لەئێوە باشتر گوێیان لەقسەکانم دەبێت، بەڵام ناتوانن وەڵام بدەنەوە.

ئەوانەی لەکاتی تەنگانە لەگەڵ پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) بوون، ئەوانە ئێستا لەکوێن؟ لەبەرزاییە هەرە بەرزەکانن، ناوەکانیان بەئاوی ئاڵتون لەسەر پەیکەری شانازی دەنوسرێت، ئەوانەی لەدژی پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) وەستان، بانگەوازەکەیان رەتکردەوە، باوەڕیان پێ نەهێناو بەدرۆیان خستەوە، ئێستا وان لەکوێن؟ لەزبڵدانو سەرەنگوێلکی مێژوو دان.

بۆیە پەند لەکۆتاییەکەدایە، پەند لە کۆتایی هاتنەکەیدایە، خوای گەورە دەفەرمووێت:(أَلَمْ نَشْرَحْ لَكَ صَدْرَكَ - وَوَضَعْنَا عَنكَ وِزْرَكَ - الَّذِي أَنقَضَ ظَهْرَكَ - وَرَفَعْنَا لَكَ ذِكْرَكَ)(الشرح:١ - ٤)، واتە:(ئەی موحەمەد (درودی خوای لەسەر بێت) ئایا دڵودەروون و سینەمان گوشاد نەکردی؟! ئایا باری گرانمان لەسەر شانی تۆ لانەبرد؟! ئەوەی کەپشتی تۆی هیلاك کردبوو؟! ناوو ناوبانگی تۆمان بەرزو بڵند نەکردەوە)[1].

سوێند بەو خودایەی کەجگە لەخۆی کەسی تر شایستەی پەرستن نییە، هەرکات باوەڕدار ڕاستگۆو سەر ڕاستو خۆشەویستو دڵسۆز بێت، خودای گەورە ناوو ناوبانگی بەرز دەکاتەوە.

ئەم ئایەتە هەرچەندە بۆ پێغەمبەرە (درودی خوای لەسەر بێت) بەڵام هەموو باوەڕداران دەگرێتەوە، بەئەندازەی ڕاستگۆییو دڵسۆزیان، باوەڕدار پێگەی خۆی هەیە لەدونیا، باوەڕدار دەروونی بەرزە، خوای گەورەو میهرەبان بەرپێگەیەك یان ئەوی تر ناو

---

[1] تەفسیری ئاسان،ل ٥٩٦.

و ناوبانگی بەرز دەكاتەوە، بەڵكو ئەسڵ لەمەدا ئەمەیە هەركات خودای گەورە مرۆڤێكی خۆش ویست خۆشەویستیەكەی دەخاتە دڵی بونەوەرەكانەوە، ئەگەر تۆ لەگەڵ خوا بیت دوژمنەكەت خزمەتت دەكات. هاوڕێیەكەم هەیە لەدەزگایەك، سەرۆكێكی هەیە بەئەندازەی دووری نێوان زەوی‌و ئاسمان لەئاینەوە دوورە، هەرچی كاری خراپ‌و تاوان‌و قەدەغەیە دەیكات، بەیەكەوە چوون بۆ ئەنجامدانی ئەركێك، چونە ناو چێشتخانەیەكەوە لەبەرخاتری ئەم هیچ جۆرە خواردنەوەیەكی كحولی داوا نەكرد، پێی وت: ئاگات لەوەیە هیچ شتێكی حەراممان دانەناوە لەسەر سفرەكە؟ ئەویش پێی وت: بەڵێ.

پێی وت: لەبەر تۆ، چونكە ئاینەكەت ڕاستە، كەسێكی ناپەسەند خواردنەوەی كحولی دەخوات‌و كاری خراپەو تاوانكاری ئەنجامدەدات، ڕێزی لەم باوەڕدارە گرت، لەبەر ڕێزی ئەو هیچ شتێكی حەرامی لەسەر سفرەكەی دانەنا.

ئەگەر بەڕاستی پابەند بیت تۆ كەسێكی گەورەی، تەنانەت لەلای دوژمنانی ئاینیش، هەموو كارەكان ڕوون‌و ڕۆشنن، بەڵام هەیە بازرگانی بەئاینەوە دەكات، هەیە بانگەشەی ئەوە دەكات باوەڕدارە، بەڵام لەڕاستی دا وەها نییە، وەكو ڕێگەیەك بۆدونیا لەئاین دەڕوانێت، هەر بۆیە دوو ڕوویی ئەنجام دەدات، بەڵام باوەڕداری ڕاست ڕێز لێگیراوە، پایە بەرزە تەنانەت لای دوژمنەكانیشی.

(یوسف العظمة)[*] پلەو پایەو جوامێریەكەی‌و پیاوەتی‌و ئازایەتی‌و دینداریەكەی ڕێگر بوون لەوەی وڵاتەكەی تەسلیمی داگیر كەران بكات لەكاتێكدا خۆی چاك دەیزانی‌و دڵنیا بوو لەوەی ناتوانێ خۆی ڕاگرێ لەبەردەم سوپای فەرەنسادا، كاتێك

---

[*] شۆڕش گێڕێكی سوری بووە،وەزیری جەنگی حكومەتی مەلیك فەیسەڵی یەكەم بووە، لەسەر دەمی داگیركاری فەرەنسا بۆسەر سوریا.

جەنگەکە لەمەیسەلەون دەستی پێکرد کوژرا، هەموو گەورە ئەفسەرەکان بەڕێزەوە بۆی وەستانو ئەم هەڵوێستەیان بەرز نرخاندو سڵاوی سەربازیان لێکرد، چونکە مرۆڤێك بوو ئازایەتیو جوامێریەکەی ڕێگەی پێنەدا وڵاتەکەی بدات بەدەستەوە، بەڵکو ژیانی بەخشی وەك ئەرکێك لەبەرامبەر خودای خۆی، بەرامبەر نەتەوەکەی خۆی، هەر بۆیە شاعیر دەڵێت:

هذا الذي اشتاقى الكرى تحت الثرى          كي لا يرى في جلق الأغرابا

واتە:(مەزنەکانی زەوی دونیایان کردە قوربانی لەپێناوی بیروباوەڕەکانیان، ئەوان لەبەرزاییە هەرە بەرزەکاندا بوون، ئەوان مەزنەکانی کۆمەڵگاکانن.

دۆزی سەربەرزیو ویقارو ڕێز، دۆزی سەرشۆڕیو ڕیسوایی بەدەستی خۆتە، لەهەر شوێنێك و لەهەر کاتێك، لەهەر کارێك، لەهەر بوارێك، لەهەر زانکۆیەك، لەهەر دەزگایەك، لەهەر فەرمانگەیەك، لەهەر بازرگانییەك ئەگەر ڕاستگۆ بیت ڕێزت لێدەگیرێت.

بەردەوامی بەردەوامی بەدوادا دێت، چاکەش چاکەخوازی بەرهەم دەهێنێت، هەردووکیان هۆکاری سەربەرزیو شکۆداریو ڕێزن بۆتۆ لەدونیادا.

# یاسای ڕزق و ڕۆزی

هێرۆ موحەمەد عەلی

## یاسای ڕزق و ڕۆزی

مرۆڤ خەمخۆرەو سورە لەسەر ژیانو گوزەرانو ڕۆزی خۆی بەڕادەیەکی بێ سنوور، بەڵام ڕۆزی یاسا گەلێکی تایبەتی هەیە، ڕۆزی لەلای خوای گەورەیە، (وَاللَّهُ يَرْزُقُ مَن يَشَاء بِغَيْرِ حِسَابٍ)(النور:٣٨)، واتە:(خودا ڕزقو ڕۆزی دەدات بەهەرکەس بیەوێ، بەبێ ژمارەو بێ سنوور)[1].

لەویاسایانەی خوای گەورە کەسەبارەت بەڕۆزیە، ئەمەیە کەخوای گەورە لەبارەیەوە دەفەرمووێ:(وَأَلَّوِ اسْتَقَامُوا عَلَى الطَّرِيقَةِ لَأَسْقَيْنَاهُم مَّاء غَدَقًا)(الجن:١٦)، واتە:(ئەگەر ئەوان (مرۆڤو جنۆکە) بەردەوام بوونایە لەسەر ڕێی ڕاست، ئاوی زۆرمان پێ ئەنۆشین، واتە نیعمەتی خۆمان دەدانێ)[2].

کەواتە (سەر ڕاستی) بەردەوامێتی لەسەر ڕێی ڕاست، یەکێکە لەهۆکارەکانی ڕۆزیەکی زۆر، ئەگەر یەکێك بیەوێ ڕۆزیەکەی زیاد بێت دەبێت بەردەوام بێت لەسەر جێبەجێ کردنی فەرمانەکانی خوا، هەر مرۆڤێك دەیەوێت بگات بەخۆشگوزەرانی دەبێت بەردەوام بێت لەسەر جێبەجێ کردنی فەرمانەکانی خوا.

بەردەوام بوونێك کەخوای گەورەو باڵا دەست لێی ڕازی بێت، نەك بەپێی تێگەیشتنی خۆی، بەپێی سنوورێ کەلەشەرعو ڕێبازی خودادا هەیە، لێرەدا خەڵکێکی زۆر واخەیاڵ دەکەن کەبەردەوامن لەسەر ئەو ڕێبازە، بەڵام وەها نین، کاتێ زانست

---

(١) پوختەی تەفسیری قورئان، ل ٣٥٥.

(٢) پوختەی تەفسیری قورئان، ل ٥٧٣.

زیاد بوو، ڕۆشنبیریت زیاد دەکات بەو کونو کەلەبەرانەی کەلەبەردەوام بونەکەتدا هەیە، لەپابەند بونەکەتدا بەدی دەکەیت.

لەئایەتێکی تردا خوای گەورە دەفەرمووێ:(وَلَوْ أَنَّ أَهْلَ الْقُرَى آمَنُواْ وَاتَّقَواْ لَفَتَحْنَا عَلَيْهِم بَرَكَاتٍ مِّنَ السَّمَاء وَالأَرْضِ وَلَـكِن كَذَّبُواْ فَأَخَذْنَاهُم بِمَا كَانُواْ يَكْسِبُونَ)(الأعراف:٩٦)، واتە:(ئەگەر دانیشتوانی شارەکان باوەڕیان بهێنایەو خۆیان بپاراستایە (لەقەدەغەکراوەکانی خوای گەورە) بەڕاستی دەرگای بەرەکاتی ئاسمانو زەویمان بۆدەکردنەوە، بەڵام بڕوایان نەهێنا (بەپێغەمبەرکان)، ئەنجا ئێمەش ئەوانمان گرتو سزامان دان، بەهۆی ئەو خراپانەوەی دەیانکرد)[٣].

کەواتە: بڕوابوون بەخودا بەهەمان شێوە یەکێکە لەهۆکارەکانی ڕۆزییەکی زۆر، هەموو مرۆڤێك خودا خۆشەویستی ماڵو سامانی کردۆتە دڵییەوە، هەروەك خوای گەورە دەفەرمووێ:(زُيِّنَ لِلنَّاسِ حُبُّ الشَّهَوَاتِ مِنَ النِّسَاء وَالْبَنِينَ وَالْقَنَاطِيرِ الْمُقَنطَرَةِ مِنَ الذَّهَبِ وَالْفِضَّةِ وَالْخَيْلِ الْمُسَوَّمَةِ وَالأَنْعَامِ وَالْحَرْثِ ذَلِكَ مَتَاعُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا)(آل عمران:١٤)، واتە:(جوان کراوە بۆخەڵکی خۆشەویستی خۆشیو ئارەزواتی نەفسی لەئافرەتانو کوڕانو دارایی زۆری کەڵەکە کراو بەئاڵتونو زێڕو زیوو ئەسپو ماینی نیشانەدار (بەسپێتی ناوچەوانو هەرچوار پەلی)، هەروەها ئاژەڵو چوار پێیانو کشتوکاڵ، ئەمانە بەهرەو (کەلوپەل)ی زیندەگانی (ژیان)ی دونیان)[١].

هەر ئارەزویەك خودای گەورە بەخشیبێتی بەمرۆڤ ڕێچکەیەکی پاکی بۆداناوە تاکو پێیدا بڕوات، ئەگەر مرۆڤ خۆشەویستی سامانو دارایی بەشێوەیەکی سروشتی تێدابێت

---

[٣] پوختەی تەفسیری قورئان، ل ١٦٣.

[١] پوختەی تەفسیری قورئان، ل ٥١.

ئەوا خۆشەویستی بەڕێچکەیەکی پاکدا تێدەپەڕێت، ئەگەر سامانو دارایی خۆش ویست باکارێکی یاساییو پاك بکات تاسامانێکی چاکی دەست بکەوێتو چێژی لێ ببینێت.

ئەو ئارەزووانەی کەخوای گەورە کردوویەتییە ناخمانەوە تەنها بۆئەوەیە بەرزو بلّند بینەوە بۆلای خوای زەویو ئاسمانەکان، جاری واهەیە بەهۆی ئارام گرتنەوەو جاری واهەیە بەهۆی سوپاسگوزارییەوە، ئەو بەرزیو شکۆیەمان بۆبەدی دێت.

هەموو کەس ئاواتی ڕۆزیەکی زۆر دەخوازێت، پارەو سامان نەبەرەکەتو نەسزایە، بەڵکو ئەوە وەستاوە لەسەر ڕێگەی پەیداکردنو چۆنییەتی سەرفکردنو بەکاربردنییەوە، ئەگەر مرۆڤ سامانی پەیداکرد لەڕێگەیەکی شەرعیو یاساییەوەو پاشتر سەرفی بکات و بەکاری بەرێت لەڕێگەیەکی شەرعیو یاسایی، ئەوە گەورەترین بەخششو نیعمەتێکە، ئەمە ڕێڕەوی ژیانە، بۆیە دەبێت هەموو موسڵمانێك سوپاسگوزار بێتو ڕازی بێت بەوەی هەیەتی، خۆئەگەر توانی دەوڵەمەند بێت، بۆچی یە؟

لەبەر ئەوەی هۆکاری بوونت لەسەر زەوی بریتییە لەئەنجامدانی کاری چاکە لەبەر ئەوەی مرۆڤ کاتێ فریشتەی مەرگ دێت تەنها لەوکەموکورتیانەی پەشیمانە کەلەکاری چاکدا کردوویەتی.

هەرکاتێك کەبەهێز بوویت ئەوا هەڵبژاردنەکانت بۆکاری چاکە زیاترو زۆرترە، مرۆڤی بەتواناو خاوەن سەروەتو سامان دەتوانیت یارمەتی هاسەرگیری گەنجان بدات، چەندین ماڵ دروست بکاتو ئاوەدانی بکات چاوی لەبێوەژنو هەتیوان بێت، هەلی کار برەخسێنێ.

مرۆڤ کاتێك بەهێزو توانایە بژاردەکانی بۆکاری چاکە فراوانترە، بۆیە پێویستە بەهێز بێت، بۆنموونە لەلایەنی داراییەوە، بەڵام ڕێگەی تواناو هێزی دارایی

پڕمەترسییە، لەهەندێ قسەی نەستەقو جواندا هاتووە: گوزەرانی ژیانێکی مام ناوەند باشترە لەهەندێ بازرگانی کردن، ڕەنگە مرۆڤ پارەی خەڵکی ببات، کاری ترسناك دەکات، دەکەوێتە ژێر قەرزارییەکی زۆرەوە، بەم جۆرە مرۆڤانە دەڵێین: گوزەرانی ژیانێکی مام ناوەند باشترە لەهەندێ بازرگانیکردن، بەڵام ئەگەر ڕێگای دەوڵەمەند بوونەکەی دروستو گونجاو بێو بەپێی ڕێبازی خودا هەنگاو هەڵگری، ئەوا پێویستو گرنگە دەوڵەمەند بیت، چونکە هەلی کاری باش بۆدەوڵەمەندو خاوەن سامانەکان زۆرەو لەژمارە نایەت.

لێرەدا پێغەمبەر (درودی خاوی لەسەر بێت) فەرموویەتی:(لا حَسَدَ إلاّ في اثنتين:... وَرَجُلٌ آتاهُ الله القرآن فهو يَقُوم به آناء الليل وآناء النهار) (متقف عليه)، واتە:(ئێرەیی نییە لەدوو شتدا نەبێت، یەکێك لەو دووانە کەسێکە خوای گەورە قورئانی پێداوە بەشەوو ڕۆژ خەریکی قورئان خوێندنە، کەسێك خوای گەورە ماڵێکی پێداوەبەشەوو ڕۆژ خەریکی بەخشینە لەو ماڵە لەپێناوی خودادا) (هەریەکە لەبوخاریو موسلیم هاوڕان لەسەری.

بەپارەو سامان دڵی خەڵك زۆر خۆش دەبێت، بەپارەو سامان برسییەکان تێر دەخۆن، ڕەشو ڕووتەکان پۆشتە دەبن، بەپارەو سامان برینەکان سارێژ دەبن، سەرکەوتوو دەبیت لەنێو خەڵکدا، بەپارەو سامان گەنج هاوسەرگیری دەکات، بەپارەو سامان هەوڵ ئەدەیت بۆبەشوودانی کچان، چەندین کاری چاکە کەحیساب ناکرێت و ناژمێردرێت، تەنانەت ڕێگاکان بۆلای پەروەردگار چونیش، بەژمارەی هەناسەدانی دروستکراوەکانییەتی.

بۆیە وتراوە: خۆشی بۆپارەیەك کەبتوانین ئابڕومانی پێ بپارێزینو پێی لەخوا نزیك ببینەوە، ئابڕومی پێ بپارێزم، نانی مندالەکانمی پێ بدەم، خێزانەکەمی پێ

پۆشتە بکەم، ماڵی پێ پڕبکەم لەخۆشی بەدابینکردنی پێداویستیەکان، بەپارەو سامان پیشەیەکی زۆر گەورەت دەبێت، نزیك ئەبیتەوە لەخوای گەورە بەڵکو موسڵمان بەوە دڵخۆش دەبێت کەببەخشێت نەك وەرگرێت.

یەکێك لەهۆکارەکانی زۆر بوونی ڕۆزی (داواکردنی لێخۆشبوونە)، (فَقُلْتُ اسْتَغْفِرُوا رَبَّكُمْ إِنَّهُ كَانَ غَفَّارًا - يُرْسِلِ السَّمَاء عَلَيْكُم مِّدْرَارًا - وَيُمْدِدْكُمْ بِأَمْوَالٍ وَبَنِينَ وَيَجْعَل لَّكُمْ جَنَّاتٍ وَيَجْعَل لَّكُمْ أَنْهَارًا)(نوح:١٠ - ١٢)، خوای گەورە دەفەرمووێ:(ئەوسا پێم وتن: داوای لێخۆش بوون بکەن لەپەروەردگارتان، بەڕاستی پەروەردگارتان زۆر لێخۆش بووە، ئینجا ئەگەر وابکەن، بارانی خوڕەمو لێزمەتان بۆدەبارێنێ سامانو کوڕی زۆرتان پێ دەبەخشێ، باخو باخاتی زۆرتان پێ دەداتو جۆگەی ئاوی زۆرتان دەداتێ)[1].

هەروەها خوای گەورە دەفەرمووێ:(وَمَا كَانَ اللّهُ لِيُعَذِّبَهُمْ وَأَنتَ فِيهِمْ)(الأنفال:٣٣)، واتە:(بەڕاستی خوای گەورە سزایان نادات لەکاتێکدا تۆ (ئەی موحەمەد – درودی خوای لەسەر بێت –) لەناویاندا بێت)[2].

ئەستەمە هەزاران جار ئەستەمە میللەتی (موحەممەد – درودی خوای لێ بێت–) دوای مردنی ئەو سزا بدرێ ئەگەر هەمان ئەو ڕێوشوێنو سوننەتە بگرێتەبەر کەلەژیانی پێغەمبەر دا (درودی خوای لەسەر بێت) پیادە کراوە.

خوای گەورە دەفەرمووێ:(وَمَا كَانَ اللّهُ لِيُعَذِّبَهُمْ وَأَنتَ فِيهِمْ)(الانفال:٣٣)، واتە:(بێگومان خوای گەورە (بەقسەی ئەوان ناکات) بەڵاو سزا نادات بەسەریاندا لەکاتێکدا تۆ لەناویاندا بیت)[3].

---

[1] پوختەی تەفسیری قورئان، ل ٥٧٠ – ٥٧١.

[2] پوختەی تەفسیری قورئان، ل ١٨٠.

واتە سوننەتەکەت جێبەجێ کرابێت لەژیانیاندا، لەدەست کەوتنی رزقیانو سەرفکردنی پارەکانیان لەخۆشییانو ناخۆشیان، لەکێشەو گرفتەکانیان لەهەموو بابەتەکانی ژیانیان).

ئێستا (وَمَا كَانَ اللّهُ مُعَذِّبَهُمْ وَهُمْ يَسْتَغْفِرُونَ)(الأنفال:٣٣)، واتە:(خودایش سزادەر نییە لەکاتێکدا ئەوان داوای لێخۆشبوون بکەن)[٤].

تۆ لەدوو خۆشگوزەرانیدای، خۆشی داوای لێخۆش بوون، خۆشی جێبەجێ کردنی پەیامی پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت)، خوای گەورە دەفەرمووێ:(وَأْمُرْ أَهْلَكَ بِالصَّلَاةِ وَاصْطَبِرْ عَلَيْهَا لَا نَسْأَلُكَ رِزْقًا)(طه:١٣٢)، واتە:(ئەی موحەممەد (درودی خوای لەسەر بێت) فەرمان بدە بەئەندامانی خێزانەکەت نوێژەکانیان بەچاکی ئەنجام بدەن (چونکە خۆراکی ڕۆحە) و بەردەوامو کۆڵنەدەرو خۆڕاگر بە لەسەری، بێگومان ئێمە داوای ڕزقو ڕۆزی لەتۆ ناکەین)[٥].

زاناکان لەم ئایەتە ئەوەیان هەڵێنجاوە ئەگەر ماڵێك نوێژی تێدا بکرێت، هەر شوێنکارێکی بازرگانی لەشوێنی کارەکانیان پێنج نوێژەکە ئەنجام بدەن، بەرنامەو ڕێبازی خوای تێدا پیادە بکرێ، ئەوا ئەمانە هۆکاری ڕزقو ڕۆزین، نوێژو یادی خوا یەکێکە لە هۆکارەکانی بەدەست هێنانی ڕۆزی.

(نَّحْنُ نَرْزُقُكَ وَالْعَاقِبَةُ لِلتَّقْوَى)(طه:١٣٢)، واتە:(ئێمە ڕزقو ڕۆزی بەتۆ دەبەخشینو سەرەنجامی چاك هەر بۆخواناسیو دینداریيە)[١]، کاتێ خوای گەورە

---

[٣] پوختەی تەفسیری قورئان، ل ١٨٠.

[٤] پوختەی تەفسیری قورئان، ل ١٨٠.

[٥] پوختەی تەفسیری قورئان، ل ٣٢١.

[١] پوختەی تەفسیری قورئان، ل ٣٢١.

ڕزقت کەم دەکاتەوە کەمکردنەوەیەکە بۆ تەمێ کردن نەك ئەوەی کەنەتوانێ ڕزقی تۆ بدا، ئیتر ئەو کەمکردنەوەیە بەهۆی نەبارینی بارانەوە بێت یان کەمی ڕزقو ڕۆزیەوە، هەربۆیە خوای گەورەو بالادەست دەفەرموویت:(وَإِن مِّن شَيْءٍ إِلاَّ عِندَنَا خَزَائِنُهُ وَمَا نُنَزِّلُهُ إِلاَّ بِقَدَرٍ مَّعْلُومٍ – الحجر ٢١)، واتە:(هیچ شتێك نییە مەگەر خەزێنەکانی لای ئێمەیەو ناینێرین و نایدەین بەئەندازەی دیاریکراو نەبێت)[٢].

بەلام کاتی مرۆڤ ڕزقی خۆی کەم دەکات ئەوا لەبی توانایی خۆیەتی، بەلام زۆر جار داناییەکی زۆر لەئارادایە، لەبەر ئەوەی خوای گەورە زانایە بەوەی ڕویداوە یان ڕوو دەدات، زانایە بەوەی نییە ئەگەر هەبێت چۆن دەبێت.

لەبەر ئەوەی خوای تاكوتەنها زانایە بەوەی چی دەبێت ئەگەر دەوڵەمەند بیت چی ڕوو دەدات ئەگەر هەژار بیت، لەبەر ئەوە لێرەدا داناییەکی زۆر لەئارادایە، ئەگەر ئەو مرۆڤەی دەیەوێت خوای گەورە ڕزقێکی دیاریکراوی پێ بدات ئەو مرڤەی دەیەوێت خوای گەورە ڕزقێکی دیاری نەکراوی پێ بدات، لەبەر ئەمە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) دەفەرمووێ:(فكلّ ميّسر لِما خُلِق له)(أخرجه البخاري ومسلم عن علي – رضي الله عنه–).واتە:(هەموو کەسێك ئاسانکاری بۆدەکرێت بۆئەوەی کەبۆی دروست کراوە) (بوخاریو موسلیم لەعەلیەوە – خوای لێ ڕازی بێت – هێناویانە).

ئەو بۆ بەهەشت دروستکراوە، ئەگەر ڕزقێکی دیارییکراوی هەبوو لەوەدەچێت هۆکارێکی بەهێز بێت بۆ گەیشتن بەبەهەشت، خوای گەورە ئەو مرۆڤەی کردووە بەخاوەنی ڕزقێکی دیاریکراو، لەوانەیە بۆکەسێك ڕزقی کەم هۆکاری لادانو ڕۆچوون بێت لەناو ئارەزووەکاندا، پاشان ئەنجامدانی گوناحو تاوان.

---

(٢) پوختەی تەفسیری قورئان، ل ٢٦٣.

پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) دەفەرمووێ:(بادروا بالأعمال سبعاً، هل تنتظرونَ إلاّ فَقراً مُنسياً أو غنىً مُطغياً، أو مرضاً مفسداً، أوهَرَماً مُفنداً، أو موتاً مُجهزاً، أو الدّجّال، فشرٌّ غائب يُنتظر، أو الساعة، فالساعة أدهى وأمَر) (أخرجه الترمذي والحاكم على أبي هريرة).

واتە:(پەلەبکەن لە ئەنجامدانی حەوت کار، ئایا بەنیازن توشی ئەم شتانە بن: هەژارییەك کەبیر نەچێتەوە، یان دەوڵەمەندییەك کەپێی لەخۆبایی ببن، یان نەخۆشیەکی کوشندە، یان پیریەکی بێ هێز کەر، یان مردنێکی لەناکاو، یان دەجال، شەڕەنگێزترین بزرە کەچاوەڕوانی دەکەیت، یان قیامەت کەقیامەت تاڵترە) (ترمذی و حاکم لەئەبو هورەیرەوە هێناویانە).

مرۆڤێك دەسوڕایەوە بەچواردەوری کەعبەداو دەیوت:(خوایە ئایا تۆ لێم ڕازیت، ئیمامی شافیعی پێی وت: کابرا ئەرێ تۆڕازی لەخوای گەورە تا خوای گەورە لەتۆ ڕازی بێت؟ کابرا وتی: خوا پەنامان بدات، تۆ کێیت؟ وتی: من (محمد)ی کوڕی (ئیدریس)م، وتی: چۆن ڕازی بم لەخوای گەورە لەکاتێکدا من بەهیوای ڕازی بوونی ئەوم؟ ئیمامی شافیعی پێی وت:(کاتێك کەناخۆشیەکت بەسەردادێت دڵت پێی خۆش بێت، وەك ئەوەی بەخۆشیەك دڵ خۆش ئەبیت)، ئەوە ڕازی بوونە لەخودا.

موسڵمانی ڕاستگۆ لەخوا ڕازییە هەرچەندە خاوەنی ڕزقێکی کەمو سنورداریش بێت.

لە(صهيب)ەوە دەگێڕنەوە:پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) دەفەرمووێ:(عجباً لأمر المؤمن إن أمره كلّه خير، وليس ذلك لأحدٍ إلاّ لمؤمن، إن أصابته سرّاء شكر فكان خيراً له، وإن أصابته ضرّاء صَبَرَ فكان خيراً له)، (مسلم)، واتە:(سەرم سوڕماوە لەکاری ئیماندار، لەراستی دا هەموو کارێکی ئەو خێری تیایە

بۆی، کەئەوەش تەنها بۆ ئیمان دارەو بۆکەسی دیکە نییە، کەخێرو چاکەیەکی توش دەبێت سوپاسگوزاری خوا دەکات و بۆی دەبێتە خێرو چاکە، ئەگەر ناخۆشیو ناڕەحەتی هاتە ڕێی ئارام دەگرێ ئەوەش دەبێتە خێرو چاکە بۆی، واتە لەسەر هەردوو حاڵەتەکە پاداشتی خۆی وەردەگرێت) (موسلیم ریوایەتی کردووە).

کەواتە پێویستە مرۆڤ تەواو دڵنیا بێت بانگەواز بۆ خوا دەکات، لەم کاتەشدا دەبێت سەقامگیرو دامەزراو بێت، بەڵام لێرەدا هەندێجار داناییەکی زۆر لەئارادا هەیە، لەو داهاتەی کەخوای گەورە پێی بەخشیویت.

لە (عبداللە)ی کوڕی عەمری کوڕی (عاص)ەوە دەگێڕنەوە کە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی:(قد أفلَحَ مَن أسلَمَ وَرُزق كفافاً وقَنَعَه الله بما آتاه)(مسلم)، واتە:(بەڕاستی سەرفرازو سەرکەوتووە ئەوکەسەی کەخوا هیدایەتی دەدات بۆئاینی ئیسلامو ڕزقو ڕۆزیەکی تەواوی پێ بەخشیوە کەموحتاج بەخەڵك نەبێتو قەناعەت و ڕەزامەندی پێ دەبەخشێت، کەتەواو کەری ئەو نیعمەتانەی تریەتی) (موسلیم ڕیوایەتی کردووە).

لەسەلەمەی کوڕی عوبەیدوڵای کوڕی (محض ئه لخه طه مى) لەباوکییەوە بۆمان دەگێڕێتەوە، پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی:(مَن أصبح منكم آمناً في سربه، مُعافى في جسده، عنده قوت يومه، فكأنما حَيِّزت له الدنيا)(الترمذي)، واتە:(هەرکەس لەئێوەی ئیماندار، مەترسی دوژمنی نەبێت، لەناو ماڵو منالّی دا ئەمینو بێ خەم بوو، تەندروستو لەش ساغ بوو، ڕزقو ڕۆزی حەلاّلی هەبوو (نانی ڕۆژی هەبوو) ئەوا وەك ئەوە وایە هەموو دونیای پێ درابێت)(ترمذی ڕیوایەتی کردووە).

پاشایەك پرسیاری لەوەزیرەکەی کردوو وتی: کێ پادشایە؟ پێی وت: تۆ، وتی:(نەخێر، پادشا پیاوێکە نەدەیناسین‌و نەدەمان ناسێت، ماڵێکی هەیە تێیدا دەحەوێتەوە، ژنێك کەڕازی دەکات، ڕزقێك کەبەشی بکات، ئەگەر ئەو ئێمە بناسێ هەوڵ دەدات ڕازیمان بکات، ئەگەر ئێمەش ئەو بناسین هەوڵ دەدەین شەرمەزاری بکەین.

دەکرێت برێکی کەم کەمرۆڤ ژیانی پێدەگوزەرێ دۆخێکی نموونەیی بێ بۆ موسڵمان، برێکی کەم بەمانای ئەوە نایەت کە تۆ هەژاری، مانای ئەوە نییە کە زیادە ڕۆکاری وەکو وتراوە: لەم دونیایە بەشێوەیەك بە ببە کەدەتەوێ، بەقەدەر خۆی خەفەتی لێبخۆ، لەدونیا چەند لەبەشی خۆت زیاتر بەریت بەبێ ئەوەی ئاگات لەخۆت بێت ئەوەندەت لێ دەسەنرێتەوە، بێ ئەوەی هەستی پێ بکەیت.

لەهۆکارەکانی ڕۆزی پەیوەندی خزمایەتییە، کردنی نوێژەکان و باوەڕ و بەردەوامیە لەسەر فەرمانی خوای گەورەو خواناسی‌و داوای لێخۆشبوونە.

# یاسای پشتیوانی و بەرییوون

ئارام فەتحوڵا موحەمەد

# یاسای پشتیوانی و بەرییوون

کورێك هەبوو دڵسۆزی باوکی بوو، کاتێك چیرۆکێکیان بو گواستەوە سەبارەت بە باوکی کە شایەنی باوکی نەبوو، بیری کردەوە کە پێدەچێت ئەو بابەتەی بۆ هەڵبەسترابێت، چونکە دڵسۆزو پاڵپشتی باوکی بوو، بیری دەکردەوە کە لەوانەیە زیادە ڕەوی کرابێت سەبارەت بەو دەنگۆیە و بابەتە کە بەوشێوەیە نە بێت، هەروەها بیری دەکردەوە پارێزگاری لێبکات،پرسیاری لێبکات، چونکە دڵسۆز بووە بۆی و هەولێدەدا دڵنیا بێت،لێکۆڵینەوە بکات، بەرگریبکات، لێی بپرسێ،بەڵام ئەگەر مرۆڤێك دوژمنایەتی کەسێکی تری کرد، هەر هەواڵێکی خراپی لە بارەوە بڵێن، یەکسەر باوەڕی پێدەکات، بەبێ بەڵگە، چونکە کەسی دووەم دڵسۆزو پشتیوانی کەسی یەکەم نەبووە.

کاتێك دڵسۆزو پشتیوانیت بۆ خوداو پێغەمبەر (د.خ) بوو، هەموو چیرۆکێك بەدرۆ دەخەیتەوە کەشایەنی تەواویەتی خودانییە، ئەگەر گوێبیستی هەڵبەستراو و گومانێك بویت هەوڵ دەدەیت لێکولێنەوە بکەیت، دڵنیابیت لە ڕاستی بابەتەکە، لەبەر ئەوەی دڵسۆزی و پشتیوانی بناغەیەکی هەیە لە ئاییندا.

کاتێك دڵسۆز و پشتگیریت بۆ خوداو پێغەمبەرو(د.خ) موسڵمانان، ئەوا ئەوەی ئەوان پێیان خۆشە تۆش پێت خۆشە،ئەوەی ئەوان پێیان ناخۆشە ئازار بەخشە، تۆش ئازار دەدات، پارێزگاریان لێدەکەیت و هەوڵ دەدەیت پۆزشیان بۆ بێنێیتەوە و گومانی باشیان پێدەبەیت، بەڵام بۆ دوژمنەکەی دەگەڕێت بە شوێن نەنگی و هەڵە کانداو گەورەیان دەکات و ناوزڕاندن ئەنجام دەدات و بڵاوی دەکاتەوە.

باوەڕدار لەڕوانگەی پاڵپشتی (الولاء)ەوە، هەزاران هەڵسوکەوت دەنوێینێ،وەکو ئەو مرۆڤەی کە دەڕوا بۆ وڵاتی ڕۆژ ئاوا، کەباش و خراپی تێدایە ئەگەر دڵسۆزی زۆر لاوازبێت بۆ میللەت و ئاینی خۆی ئەوا ئەو هەموو تایبەتمەندیانەی لە وڵاتی ڕۆژ ئاوادایە باسیان دەکات و دەیانخاتە ڕوو، بەڵام لە ئاستی هەڵەو نەنگی و سلبیات و تاوان و بەدڕەوشتیەکاندا خۆی کوێر دەکات و باسی ناکات. چونکە مل کەچ و پشتیوانی ئەوانە، بەلاَم باوەڕدار نیگەران دەبێ لە سلبیاتی ڕۆژ ئاواو نیگەڕان دەبێ لە بەد ڕەوشتیان نیگەران دەبێ لە دوژمنایەتی کردنیان بۆ کۆمەڵگەکانی ترو زۆر ئازار دەچێژێت. کاتێکیش سلبیاتی وڵاتەکەی خۆی دەبنییێت ئازار دەچێژێت، هەوڵ دەدات ڕاستی کاتەوە، ئەو هۆکارانە بزانێ کە سەریان کێشاوە بۆ ئەو بارە، چونکە بناغە لە ژیاندا پشتیوانی کردنە لەرەوایەتی و خۆ بەری کردنە لە نارەوا.

ئەو مرۆڤەی دوژمنە بە ئاین دەبێت پشتیوانی نەبیت چونکە بەدڕەوشتی دەبینێ لەوڵاتی غەرب، سنوربەزاندن دەبینێ، ڕەفتاری نامۆ دەبینێ، دەبینێ ئەو بە هێزانە چی بەکۆمەڵگاکانی سەرزەوی دەکەن و هیچ ئازار ناچێژێت، بەڵکو ستایشی کارو پیشەو پاکوخاوێنی و سیستەم و یاساکانیان و جوان پۆشیان دەکات و بەدڕەوشتییەکانیان لەبیردەکات. بەهەرشێوەیەك بێت دەبێ پشتیوان بین بۆ موسڵمانان بالاواز و هەژاریش بن، دەبێت دور بکەویتەوە لە هاوبەش پەیدا کەران هەرچەندە دەوڵە مەندو بەهێزێش بن.

(يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَتَّخِذُوا آبَاءَكُمْ وَإِخْوَانَكُمْ أَوْلِيَاءَ إِنِ اسْتَحَبُّوا الْكُفْرَ عَلَى الْإِيمَانِ وَمَنْ يَتَوَلَّهُمْ مِنْكُمْ فَأُولَٰئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ) (التوبة:٢٣) ئەی ئەوانەی کە بڕواتان هێناوە باوك وبراکانتان دامەنێن بەدۆست و خۆشەویست ئەگەر بێ

باوەڕییان لە باوەڕ لا خۆشەویسترو چاکتر بوو،هەرکەس لە ئێوە ئەوانە بکات بە دۆستی خۆی،ئەوە کەسانێکی ستەمکارن.

تۆلەگەڵ ڕاستیبە لەهەرکوێیەك بێت؟سەرپێچیکردن چییە؟ ئەوەیە کوێرانە پاڵپشتی بکەی؟ ئەم پرسیارە بە نموونەیەك ڕوندەکەینەوە، کوڕێکت هەیە هەڵەی کردووە، مرۆڤی وا هەیە بەرگری لە کوڕەکەی دەکات لەسەر هەڵەکەی یان کوڕێك بەرگری لە باوکی دەکات لەسەر هەڵەکەی، بەلاَم باوەڕدار دڵسۆزە بۆڕاستی و ڕەوا، ئەگەر کوڕەکەی هەڵەی کرد بە توندی ئاگاداری دەکاتەوە باکوڕەکەشی بێت. بەڵام ئەگەر مرۆڤێکی تر هەڵەی کرد، بە تایبەت ئەگەر نەیاری ئەمبوو ئەوا ستایشی دەکات کە ئەگەر بەرامبەر خۆی یان کوڕەکەی یا باوکی بوایە نەیدە کرد.

(ئەبو حەنیفەی نوعمان) لای خەلیفە مەنصور بوو، لەلای (منصور) دادوەرێك هەبوو دوژمنایەتی هەبوو لەگەڵ پێشەوا ئەبو حەنیفەدا، ئەم دادوەرە ویستی ئەبو حەنیفە تووشی شەرمەزارییەکی زۆر بکات، پێی وت، ئەگەر پێشەوای موسوڵمانان فەرمانی پێکردم بە کوشتنی کەسێك ئایا بیکوژم یا پەلەنەکەم لەسەر خۆبم لەوانەیە ستەم لێکراو بێت؟ ئەگەر ئەبو حەنیفە بیوتایە بیکوژە ئەوا خودای توڕە دەکرد وەگەر بیوتایە وەڵامی مەدەرەوە بە گوێیی مەکە ئەوا خەلیفەی توڕە دەکرد، بۆیە پێی وت خەلیفە لەسەر حەقە یان ناحەقە؟ دادوەرەکەش وتی لەسەر حەقە،ئەبو حەنیفەش پێیوت، کەواتە لەگەڵ حەق بە، مرۆڤ زۆرجار پشتیوانی موسڵمانانە و نزیکە لێیانەوە، جاکاتێك کە موسڵمانانی خۆشویست و لەگەڵیاندا بوو بەرز دەبێتەوە و دەبێتە خاوەن پلە و پایە لای پەروەردگاری جیهانیان.ئەو کەسەی وازدە هێنێت لە ئومەتەکەی و خۆشەویستی نییە بۆیان ئەوا پشتی تێکردوون.

بەڕاستی مرۆڤ ئەگەر لەگەڵ ڕەواو ڕاستی دابێت ئەوا بڕواداران و موسڵمانان سەردەخات و پشتیوانیانە،ئازار دەچێژێت بەوەی موسڵمانان ئازار دەچێژن، دڵخۆش دەبێت بەوەی موسڵمانان دڵخۆش دەکات، کاتێ هێزە دژەکانی ئایین پیلان دادەنێن بۆ موسڵمانان و کار دەکەن بۆ هەڵوەشاندن و پەرتەوازە کردن و ناشیرین کردنی وێنەیان ئەو بەمە زۆرترین ئازار دەچێژێت، خوای گەورە لە ئایەتی دووەمدا دەفەرمووێت:(قَدْ كَانَتْ لَكُمْ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ فِي إِبْرَاهِيمَ وَالَّذِينَ مَعَهُ إِذْ قَالُوا لِقَوْمِهِمْ إِنَّا بُرَاء مِنكُمْ وَمِمَّا تَعْبُدُونَ مِن دُونِ اللَّهِ كَفَرْنَا بِكُمْ وَبَدَا بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمُ الْعَدَاوَةُ وَالْبَغْضَاء أَبَدًا حَتَّى تُؤْمِنُوا بِاللَّهِ وَحْدَهُ) (الممتحنة،٤) (لەڕاستیدا ئیبراهیم وئەوانەی لەگەڵیاندابوون سەرمەشقێکی باشبوون بۆ ئێوە، کاتێك کە بەگەلەکەی خۆیانیان گوت، بەڕاستی ئێمە بێزاربوین لەئێوە لەوشتانەش کەدەیان پەرستن لە بری خوا، ئێمە باوەڕمان نییە بە (ئایینی) ئێوە، دوژمنایەتی و کێشە  لە نێوان ئێمە و ئێوەدا پەیدا بووە بۆ هەمیشە تاکاتێك کە بڕوا بە خوای تاکووتەنها دەهێنن) کەوابێت پێویستە خۆشویستن و سەر خستن بۆ بڕواداران بێت، بەڵام جگە لە کەسێك کە باوەڕدار نە بێت دەتوانی پەیوەندی کارو ژیانی لەگەڵ ببەستی.

تۆ لەقوتابخانەیەکیت، لە کارگەیەکیت، لە نەخۆشخانەیەکیت، لە زانکۆیەکیت، لە پیشە و کارێکدایت، لەوانەیە هەندێ لەوانەی چواردەورت بەو شێوەیە نەبن کە تۆ ئاواتە خوازیت، پەیوەندی ئیش و کار هیچ کێشەیەکی تێدا نییە بەڵام خۆشەویستن و سەرخستن و دوورکەوتنەوەو بەریبون لە پەیوەندییە قوڵ و بەتینەکان دا دەردەکەوێت، پێویستە ئەو پەیوەندیانە لە نێوانی بڕوادارو بێبڕوادا ڕێکخرێ.

لە ئەبو سەعیدی خودرییەوە (خ،ل) هاتووە کە بیستویەتی لە پێغەمبەرەوە (د.خ) کە دەیفەرموو:(لا تصاحب إلا مؤمناً، ولا يأكل طعامك إلا تقي) هاوەڵێتی بڕوادار نەبێ مەیکە،  با تەنها خوار دنەکەت لە لایەن کەسی پارێزگارو لە خواترسەوە بخورێ)،(أخرجه  احمد و ابو داود و ترمذي)

ئەم پرسیارە لە خۆت بکە: ئایا بارودۆخی موسڵمانان ڕاڕات دەکات؟ هەندێ جار مرۆڤ بەرگەی ئەو هەواڵانە ناگرێت کە دەیبیستێت، ئازار دەچێژێت، ئەم ئازار چەشتنەی نیشانەی بۆ خوا ژیانێیتی، هەندێ جار دەڕوا بۆ وڵاتێکی دور کەشخەیی و جوانی و ڕێکی و پێکی دەبینێت، خۆشگوزەرانی و ناز و نیعمەت دەبینێت و بیری دەچێتەوە ئەم زیادە دەوڵەمەندبوون و ڕەفاهیەتە زۆربەی بەهۆی بردنی سامانی گەلە لاوازە کانەوەیە، ستەمێکی زۆر گەورە هەیە لە جیهاندا.

گەر مرۆڤێك بچێتە ماڵی کە سێکەوە بازرگانی ماددە بێ هۆشکەرەکان بێ، گەورەییەکی زۆر دەببینێت، بەڵام خۆشەویستی بۆ ڕاستی وای لێدەکات ئەم ماڵە گەورەیە بە سوك سەیر بکات کە لەسەر تێکدانی ڕەوشتی گەنجەکان بنیاد نراوە.

هەندێجار مرۆڤ دەچێتە ماڵێکی سادەو ساکارەوە، خاوەنەکەی کارمەندێکی سەرڕاستە، بەردەوامە لە کاری چاك و ڕێك و ڕاستە لە کارەکەیدا، ئەم کەسەی خۆشەوێ و ڕێزی لێ دەگرێ، لە سەر سادەیی خانووەکەی، سەر ڕاستیەکی دەبینێ، بۆیە وتویانە: سۆزی سادە و سۆزی قوڵمان هەیە، بروادار مامەلە بە سۆزە قوڵەکەوە دەکات .

هەندێ جار چەندەها وڵاتی زۆر دەوڵەمەند دەبینی کە لە سەر تاڵانکردنی سامانی گەلان دروستکراوە، لە بەر ئەوە ئەم ماڵانە هەرچەند کە شخەن و ڕێك و پێك و جوان و پێشکەوتون بەڵام نابێت ئیمانداری ڕاستگۆ پێی کاریگەر بێت، ئەوە تەنها ڕوکەشە، هەندێ هۆڵی یانە شەوانەکان لە هەندێ شوێندا تێچووەکەی سێ ملوێن دۆلارە، هەندێ جار دەچیتە زانکۆیەکەوە زۆر سادەیە، دەبینیت بیناکانیان پەنجاساڵە درووست کراوە چەندین پزیشك و زانا و مامۆستا و پسپۆڕ لە بوارەکاندا بەرهەم

دەهێنێت، بەڵام یانەی شەوانە و قومارخانە تاوانباری خۆکوژ بەرهەم دەهێنێت، ئازایەتی لەوەدایە سۆزەکان سادە نەبن، قووڵ بن.

جارێك کەسێك پێی وتم کارەکەم زۆر قێزەونە، بەلاّم نوسینگەکەی زۆر گەورە بوو بە جۆرێك گەورەییەکەی خەیاڵی تێپەڕاندبوو .لە بەرامبەردا وەك حیکمەتێکی خوایی وارێکەوت لەڕۆژی دواتردا ناچار بوم ئۆتۆمبێلەکەم چاك بکەم لە شوێنێك لە دەوروبەری شاردا بارانێکی زۆر دەباری و قوڕێکی زۆر هەبوو، خاوەنی دوکانەکە لە ژێر ئۆتۆمبێلەکەدا پاڵکەوتبوو، سەیارەکەی چاك دەکردەوە و کرێیەکی زۆر کەمی وەرگرت و بە چاکیش کارەکەی کرد بوو، لە دەرونی خۆمدا وتم، ئەم پیاوە کارەکەی زۆر پاك و خاوێنە لە چاو پیاوی یەکەمدا، لەگەڵ ئەوەشدا شوێینێکی پاك و کەشخەدابوو لە نوسینگەکەیدا لە شوێنی چاککردنی ئۆتۆمبێلەکەیدا باران زۆر بوو، قوڕ دروست ببو، پۆشاکێکی زۆر سادەی لەبەردا بوو و ڕەنگی شین بوو لەبەر قوڕ و چەوری رەنگە کەی نەدە بیندرا وتم: سوێند بە خوا کارەکەی پاکە.

تۆ پاڵەوانییەکەت، لەوەدایە کە ڕووکەشیەکان تێپەڕێنیت، ماڵیکی داگیر کراو با زۆر گەورەش بێت خاوەنەکەی تاوانبارە، مرۆڤێکیش کە ماڵەکەی زۆر سادەیە لەبەر ئەوەی هەرگیز ماڵێکی حەرامی نەخوا ردووە، ئەمە خەلاّتی ڕێزلینانی پێیە.

چەندە زیاتر قوڵببیتەوە لەئایندا ئەوەندە خۆشویستن بۆ ئەوانەیە کەلەسەر حەقن وئیماندارن باهەژاریش بن، بە ئەندازەی بڕوای بڕوادار لاواز بێت ئەوا کەسانی دونیایی بەگەورە دەگرێت وخۆشیانی ئەوێت وخۆی کوێر دەکات لە ئاست هەڵەکانیاندا و بەچاکەوە وەسفیان دەکات، ئەمەش ستایشکی ڕاست نییە، پاڵەوانێتی لە خۆ شویستن و بەری بون دایە، لە ئەبو هورەیرەوە دەگێڕنەوە کە پێغەمبەر (د.خ) فەرموویەتی:( من عادى لي ولياً فقد آذنته بالحرب.....) (بە ڕاستی هەرکەسێك

دژایەتی خۆشەویستێکی من بکا ئەوا شەڕی لەگەڵدا ڕا دەگەیەنم) بوخاری.

لەئایەتێکی تردا خوای گەورە دەفەرمووێ:

(إِنَّ الَّذِينَ آمَنُواْ وَهَاجَرُواْ وَجَاهَدُواْ بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ فِي سَبِيلِ اللّهِ وَالَّذِينَ آوَواْ وَّنَصَرُواْ أُوْلَـئِكَ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاء بَعْضٍ وَالَّذِينَ آمَنُواْ وَلَمْ يُهَاجِرُواْ مَا لَكُم مِّن وَلاَيَتِهِم مِّن شَيْءٍ حَتَّى يُهَاجِرُواْ وَإِنِ اسْتَنصَرُوكُمْ فِي الدِّينِ فَعَلَيْكُمُ النَّصْرُ إِلاَّ عَلَى قَوْمٍ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُم مِّيثَاقٌ وَاللّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ)(الانفال: ٧٢)، (ئەو کەسانەی بڕوایان هێنا و کۆچیان کرد و تێکۆشان بەماڵیان و بە گیانیان لە ڕێگای خوداوە ئەوانەی (کۆچەرەکانیان) گرتە خۆیان و کۆمەکیان کردن ئەوانە پشتیوان و دۆستی یەکترین)، ئێستا:(وَالَّذِينَ آمَنُوا وَلَمْ يُهَاجِرُوا مَا لَكُمْ مِنْ وَلَايَتِهِمْ مِنْ شَيْءٍ حَتَّىٰ يُهَاجِرُوا) (الانفال: ٧٢)، ئەوانەی کە بڕوایان هێناوەو کۆچیان نەکردووە بۆ ئێوە نییە هیچ جۆرە دۆستایەتی یەکیان بکەن هەتا کۆچ نەکەن) مادەم ناجوڵێیت، هەڵوێستێك وەرناگریت، تاکۆچ نەکەیت، تا هیچ نەکەیت و پابەند نەبیت، ئەوا لە بڕواکەتدا کەلێن هەیە.

(وَالَّذِينَ آمَنُوا وَلَمْ يُهَاجِرُوا مَا لَكُمْ مِنْ وَلَايَتِهِمْ مِنْ شَيْءٍ حَتَّىٰ يُهَاجِرُوا)(الانفال: ٧٢)، (ئەوانەی کە بڕوایان هێناوە و کۆچیان نەکردووە بۆ ئێوە نییە هیچ جۆرە دۆستایە تییەکیان بکەن هەتا کۆچ نەکەن).

ڕونترین نموونە مرۆڤێك ڕۆشتووە بۆ وڵاتی دوورو ڕەگەزنامەی وەرگرتوە و جێگیر بووە، گەلەگەی خۆی بیرچۆتەوە، ئەو کەسەی کە خۆشەویستی بۆ گەلەکەی دینەکەی هەیە دەبێت سودێك بە ئومەتەکەی بگەیەنێت، ئەگەڕێتەوە بۆ وڵاتەکەی خۆی و نەخۆشی ئیمانداران چارەسەردەکات.

(وَالَّذِينَ كَفَرُوا بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ) (الأنفال-٧٣)، (ئەوانەی کە بێ باوەڕن هەندێکیان خۆشەویستی هەندێکیانن). یارمەتی یەك دەدەن ویە کتر سەردەخەن و شەونخونی دەکەن و پلان دادەنێن و پەیوەندی پێکەوە دەبەستن، ئەو

هاوپەیمانیتییە هەموی ستەمکارییە، هاوپەیمانییە لەپێناو داگیرکردنی گەلان، بۆچەوساندنەوەی گەلانە.

( الا تفعلوه) (ئەگەر نەیکات). ئەم (هاء)ە جێناوی نادیارە دەگەڕێتە بۆکێ؟

واتە ئەگەر ئیمان نە هێنن و کۆچ نەکەن وتێنەکۆشن بە ماڵ و گیانتان لە پێناوی خوا و پەنای ئیمانداران نەدەن و سەریان نەخەن، ئەگەر خۆشەویستیتان نەبێت بۆ ئیمانداران، ئەوا خراپە یەکی زۆر لە زەویدا دەبێت و فیتنەیەکی گەورە دەبێ، ئێستا (إِلَّا تَفْعَلُوهُ تَكُن فِتْنَةٌ فِي الْأَرْضِ وَفَسَادٌ كَبِير) (الانفال-٧٣).

ئێستا هۆکاری لاوازی موسڵمانان چیە؟ پەرتەوازەییان، دوژمنە کانیان دانە دانە لێیان دەدا، لە یەکەم دەدات و هەموویان بۆی دەڕوانن، لە دووەم دەدا هەمویان بۆی دەڕوانن،تاوەکو بەسەر هەمویاندا دێت و کەسیش ناجولێت.

لێرەدا ئینتما بۆ کۆمەڵ هەیە، گەورەترین نەخۆشییەك کە موسوڵمانان پێوەی دەناڵێنن ئینتمای تاکە کەسیە، هەمومرۆڤێك دەڵێت: من کێشەم نییە، بەڵام لە ڕاستیدا کێشەیەکی گەورە لای بەشێك لە خەڵکی هەیە دەبێ ئەوەی بیریش لە چارە سەری بکەینەوە.

نموونەیەکی زۆر ڕون، ماڵێك لە شەقامێکدا دەسووتێت، ئەم ماڵانە گەر هەموویان ڕانەکەن بۆ کوژاندنەوەی ئەم، ئەوا ئاگرەکە دەگاتە هەموو ماڵەکان یە بەیەك پێوستیمان بە خۆشەویستی وپاڵپشتیە، دەبێ هەست بەوە بکەین ئەوەی کە توشی ئیمانداران دەبێ توشی تۆش دەبێت. هەندێجار مرۆڤ کێشەیەکی نییە و سەلامەتە، سوپاس بۆ خوا وڵاتەکەی ئارامە، بەڵام ئایا ئارامی بەوەی کە لە فەڵەستین ڕوو دەدا؟ یا لە وڵاتانی تری موسڵمان ڕوودەدا؟ کەمترین شت ئەوەیە کە

ئەگەر هاتوو ئازار بچێژیت، نزایان بۆ بکەیت، کەمترین شت ئەوەیە یارمەتیان بدەی بە ماڵی خۆت ئەگەر هەبوو، جائەمە خۆشەویستی و بەری بوونە.

(وَالْمُؤْمِنُونَ وَالْمُؤْمِنَاتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ)(التوبة:٧١) (پیاوانی بڕوادار و ئافرەتانی بڕوادار، هەندێکیان خۆشەویستی هەندێکی تریانن)، لە نیشانەی بڕواداری تۆ ئەوەیە ڕۆشتی بۆ هەر شوینێك، بۆهەرجێگە یەکی جیهاندا بڕوادار بمێنی، خۆشت بویَ، وەك ئەوە وابیَ کە نزیك ترین کەسە لە تۆوە.

جارێکیان گوێم لە وانەیەك بوو لە زانایەك کە بنەچەکەی دەگەڕایەوە بۆ (سند)، لەباشوری ئەفریقا، بەعەرەبی قسەی نەدەکرد، بەڵام سوێند دەخۆم بە خوا هەستم کرد کە نزیکترین کەسە لە منەوە.

(يَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَيُقِيمُونَ الصَّلَاةَ وَيُؤْتُونَ الزَّكَاةَ وَيُطِيعُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ ۚ أُولَٰئِكَ سَيَرْحَمُهُمُ اللَّهُ ۗ إِنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ)(التوبة:٧١)، (بڕواداران فەرمان دەکەن بە چاکەو ڕێگری دەکەن لە خراپە) نوێژ ئەنجام دەدەن وزەکات دەدەن و گویَ ڕایەڵی خوداو پێغەمبەرەکەی دەکەن ، ئەوانە خودای گەورە لە مەودواو لە قیامەتیشدا بەزەیی پێیاندا دێتەوە، بە ڕاستی خوای گەورە زۆر بە عیزەت و دانایە).

بە کورتی دەمەوێت واتای خۆشەویستی و پاڵپشتی ڕوون کەمەوە: کۆمەڵ بۆ یەکە و یەکیش بۆ کۆمەڵە و هەردوولا هاوکاری یەکن.

جارێکیان دروشمێك باس کرا،چیرۆکەکەش کۆنە، من سەرسام بووم بەم دروشمە، دروشمەکە ئەوەبوو(ئیمە تەنیا نین لە شەڕەکەدا)، من ڕاستم کردەوە و وتم (ئەی باوەڕدار تۆ تەنیا نیت لەژیاندا، هەزارەها برات هەیە یارمەتیت دەدات، هەزارەها برات هەیە ڕزگارت دەکات، هەزارەها برات هەیە پێشت ئەخات، هەزارەها برات هەیە

ئامۆژگاریت دەكات، هەزارەها برات هەیە دەستت دەگرێت، تۆ بەتەنیا نیت لەژیاندا، گەر وانەبێ خودای گەورە بۆمان نارواننێت.

# یاسای سەرکەوتن

گوڵە هێرۆ فەتحوڵا کەریم

# یاسای سەرکەوتن

﴿ فَمَن زُحْزِحَ عَنِ النَّارِ وَأُدْخِلَ الْجَنَّةَ فَقَدْ فَازَ وَما الْحَيَاةُ الدُّنْيَا إِلاَّ مَتَاعُ الْغُرُورِ﴾(آل عمران ١٨٥)، (ئەوسا ئەوەی دوور خرایەوە لەئاگری دۆزەخو خرایە بەهەشتەوە، ئەوە بەڕاستی سەرفراز بووە، ژیانی دونیاش بێجگە لەوەی کەڕابواردنێکی خەڵەتێنەرە شتێکی تر نییە)، هیچ کەسێك نییە لەسەر ڕووی زەوی هیوای سەرکەوتن نەخوازێت بەهەموو جۆرەکانییەوە، سەرکەوتن لەباری تەندروستیدا، سەرکەوتن لەخوێندنەکەیدا، سەرکەوتن خۆشەو هیچ شتێك بەئەندازەی سەرکەوتن مرۆڤ دڵخۆش ناکات، بەڵام کێشەکە لەوەدایە مرۆڤەکان جیاوازن لەتێگەیشتنی سەرکەوتندا.

بۆنموونە: مرۆڤێك زەویەکی کڕی، دواتر زەویەکەی ڕێکخست بەشێویەکی نوێ، ئەمەش بووە هۆی بەرز بوونەوەی نرخەکەی سەد هێندە، ئەوکاتە ئەوکەسە خۆی بەخاوەن شکۆی جیهان دەزانێ، بەشێوازێ دڵخۆش دەبێت باس ناکرێت، گەر بڕەکەی ملیۆنێك بوبێت ئەوا بووە بەسەد ملیۆن، بەهەمان شێوە سەرکەوتنی زانستی هەیە: بڕوانامەیەکی بەرزی بەدەست هێنا لەبەرزترین زانکۆکانی جیهان، ئەویش لەوڵاتەکەیدا خاوەنی ئەو پسپۆڕییە دەگمەنەیە، داهاتێکی فرە زۆری هەیە، گەشت دەکاتو دەڕوانێتە جیهان، هاوسەرگیری دەکاتو سەرکەوتوو دەبێت لەهاوسەرگیریەکەیدا.

سەرکەوتنەکان ناژمێردرێنو کۆتاییان نایەت، بەڵام سەرکەوتن لەقورئانی پیرۆز دا شتێکی ترە.ئەو سەرکەوتنە چییە کەبەرووبومەکەی لەپاش مردن دەچنرێتەوە؟

مردن کۆتایی بەهەموو شتێك دەهێنێت، قەبارەی سامانەکەی بوو بەنەوەد ملیۆن، دواتر چی؟! مردن هەیە. کاتی وا هەیە دەچیتە هەندێ ماڵەوە سەرت سوڕ دەمێنێت لەجوانیو ڕێكو پێکیەکەی، لەڕازاوەییو کەلوپەلەکانی ناویان، لەپارچە هونەریەکانو تابلۆ ڕۆنییەکانی، لەشوێنەگشتییەکانی، لەئامێرە کارەباییو پەردەو کڵاو ڕۆژنەی، ئەم نهۆمە بەرزانە، و بالکۆنەکان، و مەلەوانگەکانو دارەبەردارەکان لەگەڵ چەندین شتیتر کە ژیری مرۆڤ لەم ژیانەدا کەمەند کێش دەکات.

سەرکەوتن لەقورئاندا، بەسەرکەوتنو بردنەوە دەردەبڕدرێت، خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿فَمَن زُحْزِحَ عَنِ النَّارِ وَأُدْخِلَ الْجَنَّةَ فَقَدْ فَازَ وَما الْحَيَاةُ الدُّنْيَا إِلاَّ مَتَاعُ الْغُرُورِ﴾(آل عمران ١٨٥)، (ئەوسا ئەوەی دوور خرایەوە لەئاگری دۆزەخو خرایە بەهەشتەوە، ئەوە بەڕاستی سەرفراز بووە، ژیانی دونیاش بێجگە لەوەی کەڕابواردنێکی خەڵەتێنەرە شتێکی تر نییە).

ژیان مرۆڤ تووشی لەخۆبایی بوونو زەرەمەندیو تاڵو ترشی دەکاو دەڕوا، (خذ من الدنيا ما شئت، وخذ بقدريها همّا) (رواه الطبراني عن أبي هريرة، تەبەرانی لەئەبوهورەیرەوە گێڕاویەتیەوە)، واتە:(چیت ویست لەژیانتا بیبەو بەئەندازەی ئەوە خەم وەردەگریت).

حەز دەکەن پێتان بڵێم پاڵەوانێتی چییە؟ ئەوەیە کەپێوانەی سەرکەوتن لای تۆ هاوتەریب بێت لەگەڵ ئەو هاوکێشانەی قورئانداو هاوتا بێت لەگەڵیدا، (ڕەنگە کەسێك ببینی سەرکەوتوو بێت لەگەڵ پەروەردگاری)، ناسیویەتی و سەقامگیر لەسەر فەرمانەکانی، گوێ ڕایەڵ بووە بۆی، پەرستنەکانی ئەنجام داوە، دڵسۆز بووە لەخزمەتکردنی بونەوەرەکانی، سامانەکەی لەچاکەدا بەخشیوە،چەند کتێبو دانراوی

بەجێ هێشتووە، چەندین پرۆژەی بۆدوای خۆی هەبووە، ناوی لەسەر هەموو زارێکە، ئەمە سەرکەوتنە بۆ دوارۆژ.

ئەگەر کەسێك دوو کاتژمێر یان سێ کاتژمێر هەموو ڕۆژێك دانیشێت لەناو چاڵاوێکی شلەتێنی خۆشدا، ئایا دەبێت بەپزیشك؟ ئایا دەبێت بەبازرگان؟ ئایا تێدەگات لەکتێبێك کاتێك لەناو چاڵاوەکەدایە؟ ئەم خۆشییە کاتییە، کاریگەری ئایندەی نییە، وشەی خۆشی واتە چێژی کاتی بەسەرچوو، کاریگەری ئایندەی نییە، بەڵام هەندێك کارو کردار هەیە چێژ لەئەنجامەکەی وەردەگرێت دوای دەیەها ساڵ.

پاڵەوانێتی لەوەدایە کەکارەکەت، کاریگەری ئایندەی هەبێت، ئەگەر مرۆڤێك یاری بەزار بکات تاکاتژمێر سێی شەو، ئەوە چێژێکی کاتییەو یاساغە، یان ئەوەتا دڵخۆش دەبێت بەچێژ وەرگرتنێکی کەتەواو دەبێت بەتەواو بوونی کاتەکەی، یان کارێك دەکەیت کەکاریگەری هەبێت لەسەر ئایندە.

خوای گەورە دەفەرموویێت: ﴿وَمَن يُطِعْ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا﴾(الأحزاب ٧١)، جائەوەی فەرمانبەرداری خواو پێغەمبەرەکەی (صلى الله عليه وسلّم) بێت، ئەوە بەڕاستی سەرکەوتنو سەرفرازییەکی بێ ئەندازەو بێ سنوری بەدەست هێناوە[1].

ئەم ئایەتە واتاکەی ڕوونو دیارە، تێگەیشتنی زۆر ئاسانە، بەڵام ئەوەی لەگەڵ واتاکەیدا بژیت ئەوە شتێکی ترە، تێگەیشتنو واتاکەی شتێکی ترە، تیایدا بژیت شتێکی ترە، ئەگەر مرۆڤێك ئایەتێکی قورئان بخوێنێتو کاری تێبکات بڵێ ئابەخوا،

---

[1] تەفسیری ئاسان، بۆتێگەیشتنی قورئان، بورهان محمد أمین، چاپی چواردەهەم، ل ٤٢٧.

﴿وَمَن يُطِعْ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا﴾(الأحزاب ٧١)، (جائەوەی فەرمانبەرداری خوداو پێغەمبەرەکەی (صلى الله عليه وسلّم) بێت ئەوە بەڕاستی سەرکەوتنو سەرفەرازیەکی بێ ئەندازەو بێ سنوری بەدەست هێناوە)، ئەم مرۆڤە داهاتێکی کەم و خانوێکی بچکۆلەی بووە، ئوتومبێلی نەبوو، هاوڕێیەکی هەبوو لەقوتابخانەو خوێندندا، خانوەکەی گەورە بوو ئۆتۆمبێلەکەی گەورەو خاوەن داهاتێکی فرەو زۆر، کاڵای بازرگانییەکەی بەنرخە، بەڵام لەسەر ڕێگای ڕاستی خوای گەورە نییە، ئالەم کاتەدا بەو هاوڕێییەی بڵێ: خۆشی لەخۆی، ئەوە لەگەڵ ئەم ئایەتە پیرۆزەدا نەژیاوە ئەگەر هەزاران جار خوێندبێتییەوە.

﴿فَخَرَجَ عَلَى قَوْمِهِ فِي زِينَتِهِ قَالَ الَّذِينَ يُرِيدُونَ الْحَيَاةَ الدُّنيَا يَا لَيْتَ لَنَا مِثْلَ مَا أُوتِيَ قَارُونُ إِنَّهُ لَذُو حَظٍّ عَظِيمٍ - وَقَالَ الَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ وَيْلَكُمْ ثَوَابُ اللَّهِ خَيْرٌ لِّمَنْ آمَنَ وَعَمِلَ صَالِحًا﴾(القصص ٧٨، ٧٩).

(ئینجا ڕۆژێك قارون خۆی سازداو بەڕازاوەیی چووە دەرەوە بۆناو قەومەکەی بۆکەشخە کردنو خۆ نواندن، ئەوانەی کەئاواتیان ژیانی دونیایە وتیان: ئای خۆزگە ئێمەش وەکو قارون، سامانو دەسەڵاتمان هەبوایە، بەڕاستی خاوەنی بەختێکی گەورەیە، بەڵام ئەوانەی زانستیان پێبەخشراوە (دەربارەی حەڵاڵو حەرامو نرخی قیامەت دەزانن) وتیان: هاوار بۆ ئێوە بۆ تێنافکرن، پاداشتی خوای گەورە زۆر چاکترە بۆ ئەوکەسەی باوەڕی دامەزراوی هێناوەو کارو کردەوەی چاکی ئەنجام داوە)[1].

واتا: لەتەنگانەیەکی دارایی دابیت، دەوروبەرت نقوم بوبن لەخۆشگوزەرانیو زیادەڕەوی دا، ئاوات نەخوازیت لەجێی ئەوان بیت لەسەرپێچییەکانیاندا، خۆت وەك

[1] تەفسیری ئاسان، ل ٣٩٥.

پاشاو باڵادەستو سەرکەوتوو ببینیت، خۆت لەسەر فرازیو لوتکەی سەرکەوتندا ببینی،ئەم هەستەت ئەوکاتە بۆدروست دەبێت کەخوات ناسیو سەقامگیر بووی لەسەر فەرمانەکانی لەقورئانی پیرۆزدا هەموو پێشکەوتنو سەرکەوتنێك، هەموو تێگەیشتنو زیرەکیەك، هەموو جۆرە گونجانو سازانێك لەملکەچیو گوێڕایەڵی کردنی خودادایە، بۆیە نابێتو ئەستەمە گوێڕایەڵی بیتو بدۆڕێیتو ناشبێتو هەزار کەرەت ئەستەمە سەرپێچی فەرمانەکانی خودای گەورە بکەیتو سود مەند بیت، ئەستەمە سەرپێچی فەرمانەکانی خوای گەورە بکەیتو سەربەرز بیتو ئەستەمیشە گوێڕایەڵی بیتو سەرشۆڕو کەساس بیت.

لەنزاکردنێکی پەیامبەردا (درودی خوای لەسەر بێت) هاتووە:(سبحانك إنه لايذل من واليت، ولا يعزّ من عاديت)، (ستایش بۆتۆ پەروەردگار، هەرکەسێك تۆ پاڵپشتی بیت کەساسو سەر شۆڕ نابێت و هەرکەسێك تۆ دوژمنایەتی بکەیت سەربەرزو شکۆدار نابێت)، پاڵەوانێتیەکەت لەوەدایە پاش خوێندنەوەی قورئان، خوێندنەوەی ڕێبازو فەرمایشتەکانی، ئامادەبوونی بەردەوامت لەکۆڕی زانست دا، لەگەڵ باوەڕداران بژێیت، و پێوانەکانت بۆسەرکەوتن نزیك بکەیتەوە لەپێوانەکانی قورئانی پیرۆز.

بۆنموونە: داهاتێك هەیە بەشی پێداویستیەکان ناکات، بەڵام سەد لەسەد حەڵاڵە، فەرمانبەرایەتیەك هەیە داهاتەکەی دەهێندەیە، بەڵام گومانی تێدایە، کاتێك کەدەڵێی: پەنا بەخوا! ئەوکاتە پێوانەکانت پێوانەیەکی قورئانییە، کاتێك کەشەق لەدونیا هەڵدەدەیتو ئەگەر گومانی تێدا بێت توڕی دەدەیت؛ یاخود یاساغو حەرامی تێدابێت، یاخود دوور کەوتنەوە بێت لەخودای گەورە، یاخود سەرکەوتنو بردنەوەی تێدابێت، بەڵام لەسەر ئاینو باوەڕت بکەوێت، ئەگەر تێت هەڵدا ئەوکاتە پێوانەکانت ڕاستە، چونکە باوەڕدار ملکەچ نابێت بۆقامچی توندەکانی ستەم کارانو خشڵە ئاڵتونییە

بریسکەدارەکان، باوەڕدار ژمارەیەکی قورس‌و گرانە، ڕێکەوتنی لەگەڵدا ناکرێت، پاشەکشێی پێ ناکرێ‌و ناکڕدرێت‌و خۆفرۆش نییە، چونکە ئەو خودای ناسیوە، ﴿وَمَن يُطِعْ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا﴾(الأحزاب ٧١)، (جائەوەی فەرمانبەرداری خوداو پێغەمبەرەکەی (صلی الله علیه وسلّم) بێت ئەوە بەڕاستی سەرکەوتن‌و سەرفەرازییەکی بێ ئەندازەو بێ سنوری بەدەست هێناوە)[1]، بۆیە تەنها سەرپێچی‌و تاوانباری‌و بێ فەرمانی خواکردنی دوژمنەکەت سەرکەوتنە بۆتۆ.

ئەوکەسەی لەسەر یەکتاپەرستی‌و ڕاستی‌و پاکی بمرێت، ئەوە سەرکەوتووە، ئەگەر لەگۆڕەپانی جەنگیشدا نەکوژرابێت؛ چونکە بەبڕواوە مردووە. ئەگەر یاوەرو هاوڕێیەتی باوەڕداران بکەیت، پابەندی کۆڕی زانست بیت، ئەگەر دەوروبەرو ژینگەت بڕوادارانەبێت، ئەوکاتە پێوانەکانت بۆسەرکەوتن نزیك دەبنەوە لەپێوانەکانی قورئان‌و ڕێبازو سوننەتی پەیامبەر (دروودی خوای لەسەر بێت)، خوای گەورەش دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ اتَّقُواْ اللّهَ وَكُونُواْ مَعَ الصَّادِقِينَ﴾(التوبة ١١٩)، (ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە لەخوا بترسن‌و پارێزگار بن، هەوڵبدەن هەمیشە لەگەڵ ڕاستگۆیان‌و ڕاستاندا بن)[2].

چەند نزیك بیتەوە لەباوەڕداران ئەوەندە پێوانەکانت بۆسەرکەوتن نزیك دەبنەوە لەپێوانەکانی سەرکەوتن لەقورئانی پیرۆز دا، بەهێندەی دوورکەوتنەوەت لەباوەڕداران پێوانەکانت دەبنە پێوەرێکی مادیگەرایی پوخت. خوای پایەبەرز، لەژیاندا بوون‌و بەشەکانی وەك تاقیکردنەوەیەك دابەش کردووە، هەرکەسێك لەئێمە تاقی دەکرێتەوە

(١) تەفسیری ئاسان،ل ٤٢٧.

(٢) تەفسیری ئاسان،ل ٢٠٦.

بەوەی خوای گەورە پێی بەخشیوە، تۆ دوو لیستت هەیە، یەکێکیان لیستی ئەو شتانەی تێدایە کەپێت بەخشراوە لەخوای گەورەوە، و لیستێك بۆئەو شتانەی کە لیی بێ بەش بوویت، ئیدی تۆ تاقیدەکرێیتەوە لەو دوو فۆرمو لیستەدا، ئینجا تاوەکو باوەڕت بەخوای گەورە زیاتر بێت، دەرچوونت لەو دوو ئەزمونە سەرکەوتووانە دەبێت، زۆر کردنی ماڵو سامان پاڵەوانێتی نییە، بەڵکو گەشەپێدانی باوەڕەکەتە.

لێرەوە دەبینیت پێشەوا عومەر (ڕەزای خوای لێ بێت) کاتێ چووە بۆخزمەتی پەیامبەری خودا (درودی خوای لەسەر بێت) بینی ڕاکشاوە لەسەر حەسیرێكو شوێنەواری حەسیرەکە لەسەر ڕومەتی پاکی دەرکەوتووە، ئەوکاتە پێشەوا عومەر (خوا لێی ڕازی بێت) گریا، پێغەمبەری خودا (درودی خوای لەسەر بێت) فەرمووی: ها عومەر بۆچی دەگریت؟ عومەریش فەرمووی: پەیامبەری خودا لەسەر حەسیر دەخەوێتو کیسرای شای فارسەکان لەسەر ئاوریشم دەخەوێت، پەیامبەریش (درودی خودای لەسەر بێت) فەرمووی: ئەی عومەر ئەمە پەیامبەرایەتییە نەك پاشایەتی.

جارێکیان کەسێك پێی وتم: باوەڕدار ئاسودەتر نییە لەکەسانی تر، پێم وت: بیهێنە بەرچاوت، کەسێك هەژارەو هەشت منالی هەیەو داهاتێکی زۆر کەمی هەیەو لەخانوێکی کرێدایەو بانگهێشتی چۆڵ کردنی لەسەرە، مامێکی هەیە خاوەن پێنج ملیۆن لیرەیەو منداڵی نییەو کۆچی دوایی دەکات بەڕوداوی هاتوچۆ، ئەوکەسە هەژارە لەناکاو دەبێت بەخاوەنی پێنج ملیۆن، بەڵام پاش ساڵێك وەری دەگرێت، بۆچی ئەوکەسە لەوساڵەدا ئاسودەترین کەسە، سەرەڕای ئەوەی یەك لیرەشی وەرنەگرتوە؟ چونکە لەسەر بەڵێن پێدانو چاوەڕوانی پاداشتو دەستکەوت دەژێت، خوای گەورەش فەرموویەتی:﴿أَفَمَن وَعَدْنَاهُ وَعْدًا حَسَنًا فَهُوَ لَاقِيهِ كَمَن مَّتَّعْنَاهُ مَتَاعَ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا

ثُمَّ هُوَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ مِنَ الْمُحْضَرِينَ﴾(القصص ٦١)، واتە:(ئایا ئەوکەسانەی بەڵێنێکی چاکمان داوەتێو پێی دەگات، وەکو ئەوکەسە وایە هەر لەژیانی دونیادا کەمێك ڕابواردنی پێ ببەخشین، پاشان لەدەرەنجامی کارو کردەوەی ناپوختیدا لەئامادەکراوان بێت بۆ لێپرسینەوەو ئاگری دۆزەخ؟ خوای مەزن خاوەن شکۆ پەیمانی ژیانی خۆشی داوە بەباوەڕداران، هەوەك دەفەرمووێ: ﴿إِنَّ الَّذِينَ قَالُوا رَبُّنَا اللَّهُ ثُمَّ اسْتَقَامُوا تَتَنَزَّلُ عَلَيْهِمُ الْمَلَائِكَةُ أَلَّا تَخَافُوا وَلَا تَحْزَنُوا وَأَبْشِرُوا بِالْجَنَّةِ الَّتِي كُنتُمْ تُوعَدُونَ -٣٠- نَحْنُ أَوْلِيَاؤُكُمْ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَفِي الْآخِرَةِ وَلَكُمْ فِيهَا مَا تَشْتَهِي أَنفُسُكُمْ وَلَكُمْ فِيهَا مَا تَدَّعُونَ -٣١- نُزُلًا مِّنْ غَفُورٍ رَّحِيمٍ -٣٢﴾(القصص ٣٠، ٣١، ٣٢)، واتە:(ئەوانەی بەڕاستی وتیان: پەروەردگارمان (اللە)یە، لەوەودوا بەردەوام پابەندی ئەو ڕێبازە ڕاستەبوون، ئەوە لەسەرەمەرگدا دەستە دەستە فریشتە دادەبەزن بۆلایان، پێیان دەڵێن: هیچ ترس‌و بیمێکتان نەبێت لەداهاتوو، هیچ غەم‌و پەژارەیەکتان نەبێت بۆڕابردوو، مژدەتان لێبێت بەو بەهەشتەی کەکاتی خۆی بەڵێنتان پێدرا... (خوای گەورەو فریشتەکانیش دەفەرموون) ئێمە یارو یاوەرو هاوکارو پشتیوانی ئێوەین لەژیانی دونیاو قیامەتیشدا، مژدەتان لێبێت لەقیامەتیشدا هەرچی ئارەزووی دەکەن‌و داوای دەکەن بۆتان ئامادەیە، ئەو بەهرەیەش لەلایەن پەروەردگارێکەوە پێشکەشتان دەکرێت کەلێبوردەو میهرەبانە)[1].

---

[1] تەفسیری ئاسان،ل ٢٠٦.

# یــاســای تكاكــردن

**سەباح موحەمەد كەریم**

# یاسای تکاکردن

﴿مَنْ يَشْفَعْ شَفَاعَةً حَسَنَةً يَكُنْ لَهُ نَصِيبٌ مِنْهَا وَمَنْ يَشْفَعْ شَفَاعَةً سَيِّئَةً يَكُنْ لَهُ كِفْلٌ مِنْهَا وَكَانَ اللَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ مُقِيتًا﴾ (النساء:٨٥)

واتە:.(ئەی بڕواداران بزانن کە: ئەوەی تکایەکی باش بکات، نێوان خەڵکی ڕێك بخات، هەوڵی تەبایی بدات، دوژمنایەتی بڕەوێنێتەوە، ئەوەبەشێکی چاکی لەپاداشت دەست دەکەوێت، لەدونیادارێزدارو خۆشەویست دەبێت، لەقیامەتیشداپاداشتی بێ سنوورە، بەڵام ئەوەی تکایەکی خراپ بکات، بۆنموونە،تکابۆتاوانبارێك بکات، پاکانەبۆشەروالێ پیسێك بکات، ئەویش بەشێکی مسۆگەری هەیە لەسزاو لێپرسینەوە، خوای گەورەش بەردەوام ئاگاوچاودێرەبەسەرهەمووشتێکدا)[١]

شەفع چیە؟ خوای گەورەدەفرموێت ﴿وَالشَّفْعِ وَالْوَتْرِ﴾ (الفجر:٣) واتە:(سوێندبەجووت و تاکەکان)[٢]

وتر: واتە(یەك)یاخود(تەنها)، بەڵام(الشفع) واتە(دووان)یاخود(جوت)، یاخودبەیەك گەیشتنی مرۆڤێك لەگەڵ مرۆڤێکی دیکە، یان پیاوێك هاوسەرگیری لەگەڵ ئافرەتێکدابکات، یان کەسێك هاوبەشی یەکێکی دیکەبێت، کەواتەهەربەیەکگەیشتنێك وکۆکردنەوەی دووشت بەیەکەوەدەگرێتەوە.

یاسای تکاکردن لەفەرموودەی خوای گەورەدا﴿ مَنْ يَشْفَعْ شَفَاعَةً حَسَنَةً يَكُنْ لَهُ نَصِيبٌ مِنْهَا وَمَنْ يَشْفَعْ شَفَاعَةً سَيِّئَةً يَكُنْ لَهُ كِفْلٌ مِنْهَا وَكَانَ اللَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ

---

(١) تەفسیری ڕۆشن،بورهان محمدامین،چاپی دووەم،کتێبخانەی سارا،ژمارەی سپاردن ١٥٣٧،ساڵی ٢٠١٠.

(٢) تەفسیری ڕۆشن،ل٩٢٢.

مُقِيتًا﴾(النساء:٨٥)ئەگەر ڕێنمایی گەنجێك بكەیت تاوەكوئافرەتێكی ئیمانداربخوازێت، ئەوا لەوخێزانەی كەپێك دێت چەند نەوەی ساڵح وباشی لێ بكەوێتەوە و خێروچاكەیان هەبێت تاڕۆژی قیامەت تۆبەشداردەبیت، بەلاَم بەپێچەوانەوە خۆ ئەگەر ببێتە هۆی ئەوەی كەسێك گوناهێك ئەنجام بدات وئەم گوناهەش درێژەی هەبێت ئەوا ئەوكەسەی بۆتەهۆی پەیڕەوكردن لەو تاوانە بەشدار دەبێت لەتاوانی ئەوكەسانەش كەكردویانە. (وأفضل شفاعة أن يشفع بين اثنين في النكاح) (اخرجه الطبراني في الكبيرعن ابي رهم السمعي) واتە:(باشترین كاری بەیەك گەیاندن هاوسەرگیریەلەنێوان دووكەسدا) (تەبەرانی لە(الكبير) دا لە ئەبوڕەهەمی سەمعییە یەوە گێڕاویە تیەوە)

ئایا ڕێنومایی كەسێكت كردووە؟ یان كەسێكت فێری زانست كردووە؟ یاڕازیت كردووە كە كتێبێكی سوودبەخش بخوێنێتەوە؟ یان لەفەرموودەكانی خوای گەورەتێبگات؟ یان سونەتێكی پێغەمبەری خوا(د.خ) جێ بەجێ بكات؟ بێگومان لەوەی كەهەروشەیەك بڵێیت، یان هەرهەڵسوكەوتێك ئەنجامی بدەیت، هەردیدارێك ئەنجامی بدەیت، هەرئامۆژگاریەك كەدەیكەیت، لەبەرەنجامی ئەم كارانەوە هەرخێرێك هەبێت بەشی تۆی تێدایە.ئەمەش وەكوئەوەی خوای گەورە ویستی وابێت لەم بازرگانییەدا قازانجی زۆربكەیت، هەربۆیەخۆی ڕێگەمان نیشان دەدات تا ئەم بازرگانییە بكەین تاوەكو ئەو خێرە زۆرەمان دەستگیربێت. پێغەمبەرمان (د.خ) دەفەرمووێت (الدال على الخير كفاعله) (اخرجه الترمذي عن أنس) واتە.:(ئەوكەسەی كەڕێنمایی دەكات بۆكارێكی خێر وەكو ئەوە وایەكەخۆی ئەوكارەی كردبێت) (ترمزی لە ئەنەسەوە هێناویەتی) تەنها نییەتی ئیماندار بۆكارێكی باش خێری زیاترە بۆی لەئەنجامدانی كارەكەخۆی، نییەتی بێباوەڕیش بۆكارێكی خراپ لەئەنجامدانی

کارەکەخۆی خراپترە، کاتێك تۆخانەیەکی چاپ وبلاوکردنەوەت هەبێت، کاتێك کتێبێك چاپ دەکەیت کەگومڕاکەربێت، هەرمرۆڤێك ئەوکتێبەبخوێنێتەوە و کاریگەربێت پێی ئەوا دەچێتەنامەی کردەوەکانی تۆوە. جاری واهەیە مرۆڤ باوەڕی بەبیروباوەڕێکی پڕوپوچ هەیە بەلاّم ئاسوودەیە، رەتی بیروباوەڕێکی راست دەکات بەلاّم ماندووە، بیروباوەڕی مرۆڤ لەزۆربەی کاتدا وابەستەیە بەبەرژەوەندیەکانییەوە. لێرەوەهەر وتەیەك لەزارت دەردەچێت، هەرکتێبێك بانگەشەی بۆ دەکەیت، هەرتۆمارێك بلاّوی بکەیتەوە، ئەگەر گومڕاکەرو لادەربێت ئەوابەشی خۆت لەو تاوانە وەردەگریت.بەپێچەوانەشەوە یەکێك ڕێنمایی کەسێك بکات بەرەو مزگەوتێك کەڕاستی لێیەوە سەرچاوەی گرتبێت و ببێتەکەسێکی دامەزراو وپابەند، دواجارئافرەتێکی ئیماندار بکاتەهاوسەری خۆی منداڵی چاك وباشی ببێت و بەجوانی پەروەردەیان بکات، ئەم خێزانە کاریگەریان بەردەوام بێت تاوەکو ڕۆژی دوایی، ئەوا کارە باشەکانی ئەم خێزانە دەچێتەنامەی کردەوەکانی ئەوکەسەی کەسەرەتا ڕێنمایی کردووە بۆ کارە باشەکانی. لەبەرئەوە تۆ لەبەردەم دەرگاکانی خێری زۆردایت کە جگە لە خواکەس نایزانێت، هەروەها لەبەردەم کۆمەڵێك دەرگای شەڕدایت کەجگە لەخوای گەورەکەس نایزانێت. خوای گەورەدەفەرموویێت ﴿أَلَمْ تَرَى كَيْفَ ضَرَبَ اللَّهُ مَثَلًا كَلِمَةً طَيِّبَةً كَشَجَرَةٍ طَيِّبَةٍ أَصْلُهَا ثَابِتٌ وَفَرْعُهَا فِي السَّمَاءِ(٢٤)تُؤْتِي أُكُلَهَا كُلَّ حِينٍ بِإِذْنِ رَبِّهَا وَيَضْرِبُ اللَّهُ الْأَمْثَالَ لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ﴾(ابراهيم:٢٤،٢٥)

واتە:(ئەی مرۆڤ ئایاسەرەنجی ئەم نموونەیە نادەیت کەخوای گەورە دەیهێنێتەوە بۆ قسەی چاك و گوفتاری دروست و نەخشە و بەرنامەی بەجێ، کەوەك درەختی چاك وجوان وبەردار و پڕخێر و بەرەکەت وایە، چاك ڕەگی داکوتاوە بەزەویداو مەحکەم

وەستاوە، لق وپۆپ وگەڵای بەروبوومی تام خۆش وبۆن خۆش وڕەنگ جوانی بەئاسمان وبڵندیدا پەخش بۆتەوە، ئەودرەختە هەمووکات و هەموو دەمێك بەروبوومی (پاك وجوان وبێگەردی)دەبەخشێت بەویستی پەروەردگاری، جاخودای گەورەئەم نمونانە دەهێنێتەوە بۆ خەڵکی بەڵکو یاداوەری وەرگرن)[1]

کاتێك پێغەمبەرمان (د.خ)هاتە دنیاوە٢٣ساڵ لە دوای پێغەمبەرایەتی ژیا و هیدایەتەکەی هەموو سەرزەوی گرتەوە.هەموو ئەو کەسانەی کەشوێنی پەیامەکەی کەوتن، پێغەمبەر(د.خ)بەشدارەلە کا رەباشەکانیاندا و لەنامەی کردەوەکانیدا بۆی تۆماردەکرێت، هەموو ئەو گومڕاییانەش کەلەلایەن کەسانێکی دیکەوە بڵاوکراونەتەوە بۆتەبەشێك لەنامەی کردەوەکانیان. خوای گەورەدەفەرمووێت:

﴿إِنَّا نَحْنُ نُحْيِ الْمَوْتَى وَنَكْتُبُ مَا قَدَّمُوا وَآثَارَهُمْ وَكُلَّ شَيْءٍ أحْصَيْنَاهُ فِي إِمَامٍ مُبِينٍ﴾ (یس:١٢) واتە:(دڵنیابن کەهەرئێمە مردوان زیندوودەکەینەوەوهەمووئەوشتانەی کەئەوخەڵکەئەنجامی دەدەن و ئاسەواریشی تۆماردەکەین...)[2] کەواتەشوێنەواری کارەکانت لەنامەی کردەوەکانت دا تۆمار دەکرێت ئایا ڕێنمایی خەڵك دەکەیت بەرەولای خوا، یان بۆجۆرێکی دیکەی بازرگانی سووخۆری، ئاگاداربە ڕێگەی یەکەم دەتبات بەرەو بەهەشت، ڕێگای دووەمیش بەرپرسیاریەتیەکی گەورەیە، ئایەگەنجەکان هان دەدەیت کەئافرەتێك بکەنە هاوسەریان کەلەڕێگا لایانداوە یان ئافرەتێکی ئیماندار بکەنە هاوسەریان؟ هانی خەڵك دەدەیت بازرگانییەك بکەن قازانجی زۆربکەن بەڵام حەرام بێت، یان ڕێگایان نیشان دەدەیت کەبازرگانییەك بکەن کەحەلاڵ بێت باقازانجیشی کەم بێت؟ کەواتە هەر قسەیەك بکەیت، یان هەر کارێك

---

[1] تەفسیری ڕۆشن،ل،٣٧٧.

[2] هەمان سەرچاوە،ل،٦٥٤.

بکـەیت لەنامـەی کردەوەکانتـدا تۆمـار دەکرێـت، کەواتـە پێویسـتە زۆر وریـابین پـێش ئەوەی هەروشەیەك بڵێین یا ڕێنمایی کەسێك بکەین، یاخودئامۆژگـاری یـەکێك بکـەین. جاری وا هەیە هاوڕێیەکت پێت دەڵێت: زمـانی بیـانی زۆر پێویسـتەئامۆژگاریت دەکـات کەکوڕەکەت ڕەوانەی وڵاتێکی ڕۆژئاوایی بکـەیت، ئـەم ئامۆژگارییـە باشـە، بـەڵام ئایـا ئاگاداری دەکەیت کەدینەکەی لەدەست نەدات، چـونکە خوانەخواسـتە لەوانەیـە لـەناو گوناهو تاوانداڕۆبچێت وکاتێك دەگەڕێتەوە ببێتـە دوژمنـی گەلەکـەی خۆی! بۆیـەکاتێك ئـەم کـوڕە لـەدەرەوەی وڵات دێتــەوە فێـری زمـانی ئینگلیـزی بـووە، بـەڵام دینەکـەی لەدەست داوە، ئەوا ئەم کارە دەچێتە نێونامەی کردەوەکـانی ئەوکەسـەی هانیـداوە و ڕێنمایی کردووە بۆ ئەم کارە. هەر بۆیە هەوڵ بدە کـە تـەنها ئامۆژگـاری خێـری خـەڵك بکەیت، ئامۆژگاریان بکەیت کەملکەچی خوای گەورەبن، هەوڵ بدە دووریان بخەیتـەوە لـەوەی کـەداهاتێکی زۆریـان هـەبێت، بـەڵام گومـانی لەسـەربێت، بـەڵکو قەناعـەتیان پێبکەیت بەداهاتێکی کەم بەڵام مەشروع و حەڵاڵ بێت، کەواتـە هەوڵبـدە قسـەی خێـر بکەیت.﴿مَنْ يَشْفَعْ شَفَاعَةً حَسَـنَةً يَكُـنْ لَـهُ نَصِـيبٌ مِنْهَـا﴾(النسـاء:٨٥) واتە:(ئـەوەی تکایەکی باش بکات ئەوەبەشێکی چاکی لەپاداشت دەست دەکەوێت)[١].

جارێـك بـانگ کرابـووین بۆکردنـەوەی مزگـەوتێك لەشـوێنێکی نزیـك شـاری دیمەشـق، ئەوکەسـەی مزگەوتەکـەی دروسـتکردبوو لـە خۆشـیا ڕوویـەکی گەشـی وەك مانگی هەبوو، زۆردڵی خۆش بوو بەوکارەی ئەنجامی دابوو، زۆربەی زانایانی دیمەشقی بـانگ کردبـوو، یـەك یـەك پێشـوازی لێکـردین و خواردنیشـی ئامـادەکردبوو، هـەر لـەو مەراسیمەدا چەندین وتار پێشکەش کران، بەویستی خوای گەورە لەمزگەوتەکە چوومە

(١) تەفسیری ڕۆشن،ل١٣٩.

دەرەوە بینیم لەبەرامبەر مزگەوتەکەدا یانەیەکی ڕابواردنی شەوانە هەبووکە مەگەر خودا خۆی بزانێت چەندین گوناهو تاوانی تیادا کرابوو، بەڵام ئەوکەسەی ئەویانەیەی دروستکردبوو پاش کردنەوەی بەیەك هەفتەگیانی دەرچووبوو، هەرتاوان وخراپەیەك لەم شوێنی ڕابواردنەداکرابێت دەچێتەنامەی کردەوەکانیەوە. خوای گەورەدەفەرمووێت:

﴿وَمَثَلُ كَلِمَةٍ خَبِيثَةٍ كَشَجَرَةٍ خَبِيثَةٍ اجْتُثَّتْ مِنْ فَوْقِ الْأَرْضِ مَا لَهَا مِنْ قَرَارٍ﴾ (ابراهیم:٢٦) واتە:(نموونەی گوفتاری ناپوخت ونابەجێ ونادروستیش وەکوئەودرەختەبێ فەڕ و خراپەوایە کە هەڵکێشرابێت و فڕێ درابێتە سەرزەوی و بەهیچ بارێکدا سرەوتی نەبێت)[2] لێرەوە هەر مرۆڤێك بانگەشە بۆناهەقی وخراپەکاری بکات بەبیروباوەڕ یاخود بەڕەفتار و کردەوە یان بەبازرگانی و دانانی کۆمپانیا، بێگومان لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکرێت، ویستی خوای گەورە وایەلەبەر حیکمەتێك کەخۆی دەیزانێت کاری حەڵاڵ و باش زەحمەت و حەرامیش ئاسانە، خۆ ئەگەرحەڵاڵ ئاسان و حەرام زەحمەت بوایە خەڵکی وازیان لەحەرام دەهێنا، بەڵام لەبەرشەرم و ترس یاخود خۆشەویستی خوا نەدەبوو لەو کاتەدا، بەڵکو لەبەر ئەوەدە بوو کەحەڵاڵە کە ئاسانترە.هەر بۆیە لەبەر حیکمەتێکی خوایی زۆرگەورە حەڵاڵ قورسەوحەرامیش ئاسانە، جاری واهەیە کەسێك بەبێ دەنگ بوونی لەبەرامبەر دزییەك پارەیەکی زۆری دەست دەکەوێت، بەڵام بتەوێت ئەوپارەیەت بەحەڵاڵی دەست بکەوێت ئەوا پێویستت بەهەوڵ وماندووبوونێکی زۆر دەبێت.

---

[2] هەمان سەرچاوە،ل،٣٧٧.

# یاسای داد پەروەری

**حەیدەر حەمەسور مستەفا**

# یاسای داد پەروەری

﴿ فَمَنْ يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ خَيْرًا يَرَهُ * وَمَنْ يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ شَرًّا يَرَهُ ﴾ (الزلزلة:٧،٨).

واتە:(جائەوەی بەقەدەر سەنگی گەردیلەیەك خێرو چاكەی ئەنجام دابێت دەیبینێتەوە و ئەوەش كە بەقەدەر سەنگی گەردیلەیەك شەڕ و خراپەی هەبێت، دەیبینێتەوە). [1]

یەكەمین ڕاستییەك ئەوەیە هەموو ناوە جوانەكانی خوای گەورە لەدنیادا دێتە دی و دەچەسپێت، جگە لە ناوی دادپەروەری (العدل) كەتەنها بەشێكی كەمی دەچەسپێت، خوای گەورە(پاك و بێگەردی بۆ ئەو) پاداشتی هەندێ لەچاكە كاران دەداتەوە بۆ ئەوەی ببێتە هاندەرێك بۆئەوانی تر، سزای هەندێك لە خراپە كاران دەدات بۆ ئەوەی ببێتە پەند بۆ ئەوانی تر، بەڵام ئەم ناوەپیرۆز و گەورەیە لەڕۆژی دواییدا بەتەواوی جێبەجێ دەكرێت و دەچەسپێت.

ئێمە لەدنیا و ژیانی تاقیكردنەوە داین، نەك دنیای پاداشت وەرگرتن، لە دنیای كاركردن داین، نەك دنیای هیواو ئومێد خواستن، لە دنیای داوا لێكردن و ئەرك پێ سپاردن داین، نەك دنیای ڕێز لێنان و بێ ئەركی، كاتێك واخەیاڵ دەكەیت كەئەم دنیایە تەنها دنیای پاداشت وەرگرتنە كەوتویتە هەڵەیەكی گەورەوە، بەڕاستی ئەمە دنیای تاقیكردنەوەیە، خوای گەورە دەفەرموویێت:﴿ وَإِنْ كُنَّا لَمُبْتَلِينَ ﴾ (المؤمنون: ٣٠) واتە:(بێگومان ئێمە بەجۆرەها شێوە لەهەموو سەردەمێكدا خەڵكی تاقی دەكەینەوە). [2]

---

(1) تەفسیری ئاسان ،بورهان موحەمەد ئەمین،چاپی نۆزدەهەم،ل: ٥٩٩ .

(٢) هەمان سەرچاوە، ل: ٦٨٧ .

داد گەری (العدل) سیفەتێکە لە سیفەتەکانی خوای گەورە (جل جلاله)، بەڵام تۆ ناتوانیت بەو ژیرییەی خۆت داد گەری خوای گەورە بسەلمێنیت کە هەرگیز توانای ئەوەت نییە مەگەر لە بارێکی زۆر ئەستەم دا، کە ئەویش بریتییە لەوەی زانستێکت هەبێ وەك زانستی خوای گەورە وابێت.

خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿ وَكَفَى بِرَبِّكَ بِذُنُوبِ عِبَادِهِ خَبِيرًا بَصِيرًا ﴾ (الإسراء: ١٧)، واتە:(ئەوەندە بەسە بۆ پەروەردگاری تۆ کە ئاگادار و بینایە بەگوناهو تاوانی بەندەکانی، هیچ شتێکی لێ شاراوە نییە). [3]

تۆ تەنها ڕووی دەرەوە دەبینی، تۆ بەشی کۆتایی چیرۆکەکەت بینیوە، بەڵام هەموو بەشەکانی ترت نەبینیوە، ئەگەر هەموو بەشەکانی ترت بدیبایە ئەوە بەدڵنیاییەوە داد پەروەری خوای گەورەت دەبینی بە شێوەیەك کە مووچڕکە بەگیانتدا دەهات، کەبەڕاستی دادگەری خوای گەورە داد گەرییەکی ڕەهایە، لەبەر ئەوە ناتوانیت بەو ژیرییەی کە هەتە ئەو دادگەرییەی خوا بسەلمێنیت مەگەر تەنها لەیەك باری ئەستەمدا نەبێ ئەویش بریتییە لەوەی زانستێکت هەبێ وەك زانستی خوای گەورە وابێت.

بەڵام دەتوانیت دڵنیابیت لە داد گەری خوای گەورە لەڕێگەی ئەو ئایەتە پیرۆزانەی کە هەواڵی پێداوین، خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ وَلَا يُظْلَمُونَ فَتِيلًا ﴾ (النساء: ٤٩)، واتە:(بەقەدەر تاڵی ناوکی خورما ستەمیان لێناکرێت).[1] ﴿ لَا ظُلْمَ

---

[٣] هەمان سەرچاوە،ل : ٥٦٥ .

[1] تەفسیری ئاسان،ل: ١٧١

الْيَوْمَ ﴾ (غافر: ١٧)، واتە:(ئەمڕۆ هیچ جۆرە ستەمێك لەكەس ناكرێت)[2] ﴿ وَمَا كَانَ اللَّهُ لِيَظْلِمَهُمْ ﴾ (العنكبوت: ٤٠)، واتە:(جا وە نەبێ خوای گەورە ستەمی لێكردبن)[3].

ئەم داڕشتنە قورئانیانە ئەوە دەگەیەنن كە ستەم بەهیچ شێوەیەك شایستە نییە بەپلەو پایەی خوای گەورە ، جیاوازی گەورە هەیە لە نێوان ڕەتكردنەوەی ڕوداوێك و ڕەتكردنەوەیەكی ڕەهاو یەكجاری.

ئەگەر یەكێك پرسیاری لێكردی: ئایە تۆ برسیتە؟ دەڵێیت: نەخێر، ئەمە ڕەتكردنەوەی كارێكە، بەڵام ئەگەر مرۆڤێك نەت ناسێت، شتێكی ون كردبێت، پێت بڵێت: ئایە تۆ دزییت؟ ئایە دەتوانیت تەنها پێی بڵێی: نەخێر؟! یان پێی دەڵێی: من چیم داوە بەسەر دزییەوە، ئەوە شتێكە هیچ بیرم لێنەكردۆتەوە و پێشی ڕازی نیم وكاری من نییە، ئامانجی منیش نییە، دەست خۆشیشی لەسەر ناكەم، بێدەنگیش نابم لەئاستیدا. دەتوانیت بەزیاتر لە دە فرمان ڕەتی بكەیتەوەو بەشتێكی نەشیاوی ببینی بۆ خۆت.

خوای گەورە دەفەرموویێت: ﴿ وَمَا كَانَ اللَّهُ لِيَظْلِمَهُمْ ﴾ (العنكبوت: ٤٠)، واتە:(جا وە نەبێ خوای گەورە ستەمی لێكردبن).[٤]

جار بە جار دادپەروەری ڕوون و ئاشكرا نییە، لەبەر ئەوەی تەنها كۆتا بەشی داد پەروەرییەكە لەكۆتا بەش لە بەشەكانی چیرۆكەكەت بینیوە [5].

---

[2] هەمان سەرچاوە، ل: ٩٣٧

[3] هەمان سەرچاوە، ل: ٨٠١

[٤] هەمان سەرچاوە، ل: ٨٠١

[*] (واتە ئەگەر كەسێك كە تەنها كۆتا بەشی چیرۆكێكی بینیبێت وەك ئەو كەسە نییە كەبەتەواوی هەموو بەشەكانی چیرۆكەكەی بینیوە، چونكە لەكۆتا بەشی چیرۆكەكەدا دەرئەنجام

نوسەر دەڵێت: بەناو هەندێ لە بازاڕەکانی دیمەشقدا دەڕۆیشتم، پیاوێك لە ناو یەکێك لە شوێنکارو دوکانەکاندا هاتە دەرەوە، ڕێی لێگرتم وتی: تۆ وتار دەدەیت لەمزگەوتا؟ وتم: بەڵێ، پێی وتم: دوێنێ بازرگانێك هاتە شوێنی کارەکەی خۆی بۆدەستکەوتنی ڕسقێك تا دەرخواردی منداڵەکانی بدات، گوێی لە دەنگی فیشەکێك بوو، سەری درێژکرد تا ڕاستییەکە ببینێت، لەوکاتەدا فیشەکەکە دای لە دڕکە پەتکی یەکسەر گۆج بوو، پێی وتم: گوناهی ئەو چی بوو؟! بۆچی خوای گەورە وای لێکرد؟! خۆ ئەو لە ژێر فەرمان بەرداری خوادا بوو، بژێوی منداڵەکانی دەست دەخست، وتم: بەخوا من دەزانم و زۆر دڵنیام کە خوای گەورە دادپەروەرە، بەڵام نازانم ئاڵۆزی و نهێنییەکانی ئەم چیرۆکە چۆنە، بەم شێوەیە کارەکە کۆتای هات.

دوای بیست ڕۆژ یەکێك لە براکان کە جێی متمانە بوو پێی ڕاگەیاندم و وتی: پیاوێك لە سەرو ئێمەوە دەژیا، ماوەی هەشت ساڵە خانوێکی داگیرکردبوو، کەهی منداڵەکانی براکەی بوو کە بێباوك بوون، هیچ ڕێگەیەك نەما نەی گرنەبەر تاڕازی بکەن، کاتێ نائومێد بوون یەکێك لەزاناکانی دیمەشقیان کردە ناو بژیوان، تا مامیان ڕازی بکات و خانووەکەیان بۆ بگێڕێتەوە، کابرای داگیرکەر (مامی منداڵەکان) بوو بەزاناکەی وت بەهیچ شێوەیەك خانوەکەیان پێنادەمەوە، زاناکەش پێی وتن: ئەی ڕۆڵەکانم ئەوە مامتانە، لە ئێوە ناوەشێتەوە کە لە دادگا سکاڵای لێبکەن، لەلای خوای گەورە سکاڵای لێبکەن، ئەو پیاوە خۆی ئەم بڕیارەی دا لە سەعات نۆی شەودا، هەر خۆی لە سەعات نۆی بەیانی دا گوێی لەدەنگی فیشەکێك بوو، سەری بەرزکردەوە، لە ناکاو فیشەکەکە دای لە دڕکە پەتکی یەکسەر گۆج وگێڕ بوو.

---

دەردەکەوێت. کەسێکیش تەنها بەشی کۆتای ببینێت،ئاگاداری ڕوداوەکانی پێشتر نییە، هەر بۆیە بڕیارێکی هەڵە دەدات،یان ناڕازی دەبێت بە ئەنجامەکە) (وەرگێڕ).

کاتێك دادگەری خوای گەورە دەبینیت موچڕکە بەپێستتدا دێت، خوای گەورە داد پەروەرە، بەڕاستی هەواڵی پێداوین هەر خۆی سەبارەت بەخۆی فەرموویەتی﴿وَمَنْ أَصْدَقُ مِنَ اللَّهِ حَدِيثًا ﴾ (النساء: ٨٧)، واتە:(جا کێ هەیە قسەو گفتاری لە فەرمایش وفەرموودەی خوا ڕاستترو دروستتر بێت؟)[1]

تەنها لەڕێی ئەقڵەوە بەشوێن دادگەری خوادا مەگەڕێ، دەرکەوتەی کتوپڕ زۆرن، هەروەك خوای گەورە خاوەنی بەڵگەو نیشانە گەردوونییەکانە، ئەم گەردوونە هۆکاری جێگیربوونی یەکەمی باوەڕە، هەموو گەردوون بەناوە جوانەکانی خوای گەورەو سیفاتە بەرزەکانی ئەوەوە دێنە گۆ، ئەم گەردوونە بەچەند شێوەو شێوازێك دێتە گۆ و ڕووی جوانی خوای گەورەی تێدا دەبینرێت. باسی تەواوی و بێ کەم وکوڕی تاك و تەنهای خوای گەورە دەکەن، بەڵام کارەکانی خوای گەورە سەرسامت دەکات، دەبینیت وڵاتە ئیسلامییەکان توشی قەیران و نارەحەتی هاتوون، زەمین لەرزە گرتوونیەتیەوە، وڵاتان زاڵ بوون بەسەریاندا، داگیریان دەکەن، دەوڵەت گەلێکن نقوم بوون لەتاوان و خراپەکاریدا. لەبەر ئەوە بۆ ئەوەی بگەی بەدادپەروەری خوای گەورە لەڕێگەی کارەکانییەوە، مەترسی دارە، مینڕێژ کراوە، لەداد گەری خودا پێویستە باوەڕت بەهەواڵ دانەکانی هەبێت، ئەمە هەڵوێستی ئیمانی تەواوە، هەموو بوونەوەر و گەردوون گەواهی تەواوی و بێ کەم و کوڕی و ڕاستی خوای گەورە دەدەن، خوای گەورە لەڕێگەی ئایەتە یەکلاکەرەوە و واتا ڕوونەکانیەوە ئاگاداری کردوین کەهەرگیز ستەم ناکات، کەواتە خوای گەورە ستەم ناکات و تەواو.

دەوڵەمەند وهەژار، بەهێز و بێ هێز ، دەسەڵات دار و بێ دەسەڵات، ستەمکار و ستەم لێکراو، بەکار هێنەر و بەکار هێنراو هەیە، مرۆڤی کەشخە و جوان و مرۆڤی

[1] تەفسیری ئاسان ، ل: ١٨٣ .

ناشرین هەیە، مرۆڤی تەمەن درێژ و تەمەن کورت هەیە، مرۆڤی زۆر زیرەك و درەوشاوە و مرۆڤی توانا سنوردار هەیە، خوای گەورەی خاوەن پایە ئەم بەشانەی لەدنیادا دابەشکردووە، دابەشکردنێك کە بۆ تاقیکردنەوەیە.

خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموویت: ﴿ انْظُرْ كَيْفَ فَضَّلْنَا بَعْضَهُمْ عَلَى بَعْضٍ وَلَلْآخِرَةُ أَكْبَرُ دَرَجَاتٍ وَأَكْبَرُ تَفْضِيلًا ﴾ (الاسرا ء٢١)، واتە:(جائیتر تۆی مرۆڤ تەماشا بکە و سەرنج بدە، کەچۆن ڕێز و باوی هەندێکمان داوە بەسەر هەندێکی تریاندا، بێگومان پلەو جیاوازیەکانی ئەو جیهانە زۆر گەورەترو زۆر زیاترن )[٢].

بەڵام ئەم بەشانە لەڕۆژی دوایدا، دابەش دەکرێن و بەپێی کردەوەیان پاداشت دەکرێن. جیاوازییەکی زۆر هەیە لەنێوان دابەشکردنێك کە بۆ تاقیکردنەوە بێت لەگەڵ دابەشکردنێك کە بۆ پاداشت دانەوە بێت، دابەشکردنێك کە بۆ تاقیکردنەوە بێت کاتییە، چەند ساڵێکەو دەڕوات.

مرۆڤێك تاقیدەکرێتەوە بەهەژاری و سەردەکەوێت و ئارامدەگرێت، جوان مامەڵە لەگەڵ ئەو ژیانەیدا دەکات، پاك و پاکیزەیی ڕەفتار دەکات، ئەوە شایستەی بەهەشت دەبێت بۆ هەتا هەتایە.

ئافرەتێك جوانییەکی ئەوتۆی نییە، ئافرەتێکی تریش جوانییەکەی کەمترەو لەخوار مامناوەندییەوەیە و هەلی هاوسەرێتی بۆ ناگونجێت، بەڵام ڕەمەزانەکەی بەڕۆژو دەبێ و هەموو نوێژەکان دەکات، گوێڕایەڵی کەس و کارێتی و خزمەتی دایك و باوکی دەکات، لەسەر ئەم کارە چاکانەو بەو شێوەیە دەمرێت، ئەوا بەهەشت دەبێتە نسیبی بۆ هەتا هەتایە، بەڵام ئەوەش کەجوانییەکی بەرچاوی هەبوو خراپەی کرد بەجوانییەکەیەوە، خۆی و خەڵکی پێ گومڕا کردوو سەرپێچی پێ ئەنجام دا، ئەویش

---

[٢] تەفسیری ئاسان ، ل : ٥٦٧ .

دەمرێت و، جوانییەکەی کۆتای پێدێت، مردن کۆتایی بە هەمووشتێك دێنێت، مردن کۆتایی بەهێزی بەهێزەکان و لاوازی لاوازەکان دەهێنێت، کۆتایی بەدەوڵەمەندی دەوڵەمەندەکان و هەژاری هەژارەکان دێنێت، کۆتایی بە کەشخەیی کەشخەکان و بە ناشیرینی ناشیرینەکان، بە زیرەکی زیرەکەکان و سنورداری سنوردارەکان دێنێت، کۆتایی بە هەموو شتێك دێنێت، تەنها پاداشت دەمێنێتەوە.

خوای گەورە لەحەدیسی قودسیدا دەفەرمووێت:(لَو أَنَّ أَولَكُم وآخِرَكُم، وإِنسَكُم وجِنَّكُم كانوا فِي صَعيدٍ واحِدٍ، فَسأَلُوني فأَعطَيتُ كُلَّ إِنسانٍ مِنهُم ماسَأَلَ لَم يَنقُص ذلكَ من مُلكي شَيئاً إِلاَّ كَما يَنقُص البَحرُ أن يُغمَسَ المَخيطُ فيهِ غَمسَةً واحِدَةً، ياعِبادي! إِنَما هِيَ أعمالُكُم أحفَظُها عَلَيكُم، فَمَن وَجَدَ خَيراً فَليَحمَدِالله عَزَّ وَجَلَّ، وَمَن وَجَدَ غَيرَ ذلكَ فَلا يَلُومَنَّ إِلاَّ نَفسَهُ). (رواه مسلم عن أبي ذَر)

واتە:(ئەگەر یەکەم کەستان و کۆتا کەستان، لەمرۆڤ و لەجنۆکە هەمووی لەیەك لاوە، بەیەك جار، بانگم بکەن داوام لێبکەن، پێیان دەبەخشم، بەبێ ئەوەی هیچ شتێك لەدەسەلاٌتم کەمبێتەوە، مەگەر بەئەندازەی دەزویەك کە یەك جار بیکەیتە دەریایەکەوە چەندە ئاو هەڵدەگرێ ئەوەندە لەموڵکی من کەم دەبێتەوە، ئەی بەندەکانم ئەو کارانەی کردوتانە پارێزراوەو لەسەرتان نوسراوە، هەرکەسێك توشی خێر بوو با سوپاسی خوای خاوەن پایە بکات، هەرکەسێکیش توشی خێر نەبوو توشی شتێکی تر بوو با سەرزەنشتی کەس نەکات و، سەرزەنشتی خۆی بکات). (موسلیم لە ئەبو زەرەوە گێڕاویەتیەوە)

خوای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا دەفەرموویت:﴿ فَمَنْ يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ خَيْرًا يَرَهُ ﴾ (الزلزلة: ٧)، واتە:(ئینجا هەرکەسێك کێشی وردیلەیەك چاکەی ئەنجام دابێت، پاداشتەکەی دەبینێتەوە)[1].

هەر کارێکی چاکە یەکسانە بە وردیلەیەك، ئەگەر پوشێکت لە ناو مزگەوتا بینی، هەڵتگرتەوە، خستە ناو گیرفانت، ئەوەکارێکە هەرگیز ون نابێت.

جارێك لە لوبنان لەگەڵ برایەك سەرکەوتبووم، ئەو لە کاتی ڕوداوەکانی لوبنان لە دیمەشق جێگیر بووبوو، دیاربوو کەوتە هەڵەوە لەکاتی شۆفێری کردندا بەو هۆیەوە زیانی بە ئۆتۆمبێلێکی تر گەیاند، خاوەن ئۆتۆمبێلەکە کاری ڕۆژانەی پێ دەکرد، سەرچاوەی داهاتی ڕۆژانەی بوو، ئاشکرایە مرۆڤ کاتێك ئۆتۆمبێلەکەی توشی پێکدادان دەبێ زیانی پێ دەگات، هاوار دەکاو دەنگی بەرز دەکاتەوە و هێرش دەکات، کاتێ ئەو برایە سەیری ئەو کەسەی تری کرد، کە بووبووە هۆکاری ڕوداوەکە بەزەردەخەنەیەکی ڕازی بوونەوە، پێی وت: هیچت لەسەر نییە لێت خۆش بووم هەرچەندە زیانەکەش زۆر بوو، ئەوەی بووە هۆکاری زیان گەیاندن بەم شۆفێرەو ئۆتۆمبێلەکەی کەسێکی دەوڵەمەند بوو، بینیم کە فرمێسك بەسەر ڕومەتەکانیدا دێتە خوارێ، ئەم فرمێسکانەی سەرسامی کردم، مرۆڤی دەوڵەمەند، ئەگەر داوای پێنج هەزار دۆلاری لێبکەی هیچ نییە لەچاو دەڵەمەندییەکەیدا! ئەی بۆ فرمێسك دەڕێژێت؟ پرسیارم لێ کرد: چی تۆی گریاند؟ وتی: من کاتێ کە لە بەیروت بووم، ئۆتۆمبێلێك کە کەسێك شۆفێری دەکرد هەموو سەر نشینەکانی ئافرەتی داپۆشراو بوون، بە

[1] تەفسیری ڕامان لەماناو مەبەستی قورئان، نوسینی: ئەحمەد کاکە مەحمود،چلپی چوارەم ،ل: ٩٦٩ .

* پەندێکی کوردییە .

ئۆتۆمبێلەکەی لێی دام وئازارم پێگەیی لەناو ئۆتۆمبێلەکەم دا، ویستم گەشتەکەیان لێتێکنەدەم، پێم وت لێت خۆش بووم، وتم ئەوەچی بوو گریانیتی؟ وتی بەڕاستی خوای گەورە ئەو هەڵوێستەی ون نەکردم.

دڵنیابە لەسەر هەرکارێکی باش و چاك خوای گەورە پاداشتت دەداتەوە، جا ئەگەر لە دنیادا بێت یان لە ڕۆژی دوایدا بێت.(چاکە لەناو ناچێت لەبیر ناکرێ و نافەوتێت ، تاوانیش لەبیر ناکرێ، خوای گەورەش نامرێت، کاربکە وەك چۆن دەتەوێت، چۆن بیت لەگەڵ خەڵکیدا وا دەبن لەگەڵتا).

کورد وتەنی: چی بچێنیت ئەوە دەدوریتەوە *.

کەسێکی نزیکم کاری چاککردنەوەی ئۆتۆمبێلی دەکرد، دراوسێیەکی هەبوو هەمان کاری دەکرد، کەسێکی وڵاتە خەلیجییەکان  بە ئۆتۆمبێلێکی تازەوە هاتە لای و سور بوو لەسەر  سەلامەتی ئۆتۆمبێلەکەی، چونکە کێشەیەکی تێدا بوو، وەستاکە زانی کە خاوەن ئۆتۆمبێلەکە  نەزانە  بەوردەکاری  ئۆتۆمبێلەکەی، بەشێوەیەکی خراپ باسی ئۆتۆمبێلەکەی کرد، پێی وت لێرەدا شتێکی سوتاوە، ئۆتۆمبێلەکەی تەسلیم کردو وتی چەندت دەوێت؟ وەستا وتی دە هەزار دۆلار، پرسی کەی تەواو دەبێت؟ وتی: دوای چوار ڕۆژ، لەگەڵ ئەوەی کە چاککردنەوەی یەك دەقەی بەس بوو!  بەڵام نەزانی خاوەن ئۆتۆمبێلەکەی قۆستەوەو تێچونەکەی بەرزکردەوەو ماوەکەشی درێژکردەوە، وەستاکە لە ڕۆژی یەکەم دا بەو ئۆتۆمبێلە ماڵ و خێزانی برد بۆگەشت و گوزار، لە ڕۆژی دووەم دا بەهەمان شێوە، هەروەها لە ڕۆژی سێ هەمیش دا، لە ڕۆژی چوارەم دا خاوەن ئۆتۆمبێلەکە هات و دە هەزار دۆلاری پێدا و وەستاش سەیارەکەی پێدایەوە، کەدوای یەك خولەك چاکیکردبووەوە، بەڵام زانی خاوەن ئۆتۆمبێلەکە نەزانە بە کاروباری ئۆتۆمبێلەکەی، دراوسێکەی پێی وت: ئەوە چییە!

ئایا ئەوە ڕەوایە!؟ وەستای فیلْباز وتی: تۆ نەزانی ئیش وا ئەبێ. خۆی وا دەرخست کە کەسێکی زیرەکە، کوڕێکی هەبوو ئیشی بڕینی ئاسنی دەکرد بە کۆستەرە تەلْزمێکی بچوکی پۆلاَین چوو بەبیلبیلەی چاویدا، نەشتەرگەری دەرهێنانەوەی سی هەزار دۆلاری تێچوو.

بەڕاستی هەر مرۆڤێك خۆی نەزان بکات کە خوای گەورە لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکات، کەسێکی گەمژەیە، هەر مرۆڤێك مافی کەسانی تر بخوات وا گومان بکات کەسێکی زیرەکە، ئەوە کەسێکی گێل و ترسنۆکە. خوای گەورە دەفەرمووێت:﴿فَوَرَبِّكَ لَنَسْأَلَنَّهُمْ أَجْمَعِينَ، عَمَّا كَانُوا يَعْمَلُونَ ﴾ (الحجر: ٩٢،٩٣) واتە: (سوێند بە پەروەردگارت ئەی موحەمەد!(صلى عليه وسلم) لە هەمووان دەپرسین، لەو کارو کردەوەیە دەیانکردو، چۆنیش وەلاَمی پێغەمبەرەکانیان دەدایەوە).[1]

هەرکاتێك لەسەر فەرمانی خوای گەورە ڕاوەستایت و بەردەوام بوویت ئەوا مامەڵەیەکی تایبەتیت لەگەڵدا دەکرێت، بەلاَم هەرکاتێك شتێکت خواردو هی تۆ نەبوو ئەوا سامانی خۆتت لەناو بردووە، ماڵی خۆتت وێران کردووە، ئەوە دادگەری خوایە:﴿ وَمَنْ يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ شَرًّا يَرَهُ ﴾ (الزلزلة: ٧)، واتە:(کەسێکیش کێشی وردیلەیەك شەڕو خراپەی کردبێت، تۆڵەکەی دەبینێتەوە)[2].

هەڵگرتنەوەی پوشێك لە ناو مزگەوت دا، یابینینی مێرولەیەك لە ناو دەست شۆرەکەدا ترسایت کەنقوم بێت بەئاوی دەست نوێژ، لەبەرئەوە چاوەڕێت کرد تا چووە قەراخی دەستشۆرەکە، ئەوەیە کە خوای گەورە لەبارەیەوە دەفەرمووێت: ﴿

---

[1] تەفسیری ڕامان، ل: ٤٣٧ .

[2] تەفسیری ڕامان،ل: ٩٦٩.

فَمَنْ يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ خَيْرًا يَرَهُ ﴾ (الزلزلة: ٨). واتە:(ئەوەی بەقەدەر سەنگی گەردیلەیەك خێرو چاكەی ئەنجام دابێت دەیبینێتەوە)[1].

زەردەخەنەت بەڕووی براكەتدا، هەواڵ پرسینت بۆی ڕوو گەش لەكاتی یەك بینین دا، بیٚ فیزو سادە بونت لەگەڵ مرۆڤ دا، ناڕەحەتییەكت لەمرۆڤێك دوور خستەوە، وەستای بۆكەسێكی گەورەتر لەخۆت لەكاتی سەركەوتنی ئۆتۆمبێلی گشتی دا، ئەمانەیە خوای گەورە لەبارەیانەوە دەفەرمووێت: ﴿ فَمَنْ يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ خَيْرًا يَرَهُ ﴾ سوێند بەخوا ئەگەر هیچی تر نەهاتایە لە قورئاندا جگە لەم ئایەتە پیرۆزە بەس بوو.

پیاوێك بە ئۆتۆمبێلەكەی خۆی شۆفێری دەكرد، كەسێكی شارەزا بوو لە شۆفێری دا، جارێك سەگێكی بچوكی لەسەر قەراغی ڕێگایەك بینی، توانی تەنها دەستەكانی پان بكاتەوەو بیشێلیٚ، دەستی كرد بە پێكەنینێكی شێتگیرانە لەسەر ئەم كارە ناوازەیەی! ئەو كەسەی لەگەڵیدا بوو بەخوا سوێندی بۆ خوارد كە لەهەفتەی داهاتودا لەهەمان شوێن سەیارەكەی پەكی كەوت تایەكەی توشی كێشەیەك بوو، ئۆتۆمبێلەكەی خستە سەر جەگ، دەستی كرد بەڕاكێشانی تایەكە، بەڵام جەگەكە شكا، ئۆتۆمبێلەكە كەوتە سەر تایەكەو، تایەكەش كەوتە سەر هەردوو مەچەكی، دوای كاتژمێرێك دەستەكانی ڕەش بوویەوە پاشان بۆیان بڕییەوە، پێی وتم: سوێند بەخوا شەممە بوو هەردوو دەستی تولە سەگەكەی قرتاند، لەشەممەی دواتردا دەستەكانی خۆی بڕایەوە:﴿ فَمَنْ يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ خَيْرًا يَرَهُ* وَمَنْ يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ شَرًّا يَرَهُ ﴾ لوتكەی زیرەكیت و لوتكەی زانستی تۆ ئەوەیە كە لەخوادا بترسی لەكاتی ئازار گەیاندنت بەدروستكراوێكی خوادا.

---

[1] تەفسیری ئاسان ، ل: ١١٩٨ .

لە ئیبن عومەرەوە خوایان لیٚ ڕازی بێت گێڕاویانەتەوە لە پێغەمبەرەوە(صلى الله عليه وسلم) کە فەرموویەتی:(عُذِّبَتْ امرأةٌ في هرَّةٍ سَجَنَتْها حَتَّى ماتَتْ، فَدَخَلَت فيها النارَ، لا هيَ أطعَمَتها وَسَقَتها إذْ حَبَسَتها، وَلا هيَ تَركَتها تَأكُلُ مِنْ خَشاشِ الأرْضِ). (متفق عليه). واتە:(ئافرەتێك سزا درا لەسەر زیندانی کردنی پشیلەیەك هەتا مرد، بەهۆی ئەوەوە خوای گەورە خستییە ناو ئاگر. کاتی زیندانیکردنەکە نەخواردنی پێدا نە ئاو، وازیشی لێنەهێنا بڕوات لەخواردنی سەر زەوی بخوات). (بوخاری و موسلیم ڕێکن لەسەری) ئافرەتێك خرایە ئاگرەوە بەهۆی کوشتنی پشیلەیەك، ئەی ئێوە چی دەڵێن لەسەر ئازاردانی دروستکراوێکی تر کە لەسەرو پشیلەیەکەوە بێت! ؟

خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ فَمَنْ يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ خَيْرًا يَرَهُ ﴾، ئەم ئایەتە بەسە بۆ مرۆڤی خاوەن ژیری، لەوانەیە کەمتەرخەم بیت لە جێبەجێکردنی فەرمانەکانی خوای گەورەو باڵادەست، ئەوەی لە نێوان تۆو خوای گەورەدا ڕوویداوە بەیەك وشە لێت خۆش دەبێت، کەبڵێیت ئەی خودایە دەگەڕێمەوە بۆ لای تۆ و داوای لێبوردن دەکەم، خوای گەورە پێت دەفەرمووێت: بەندەکەم، من لێم وەرگرتی و لێت خۆش بووم، بەڵام ئەوەی لە نێوان تۆو بەندەکانم دایە نابەخشرێیت و لێت خۆش نابم، مەگەر بە پێدانەوەو جێبەجێکردنی مافەکانیان، یان لێت خۆشبن، ملیۆنێك جار حساب بکەو بژمێرە پێش ئەوەی ستەم لە دروستکراوێك بکەیت ئەگەر بێباوەڕیش بێت.

لە ئیبن عەباسەوە خوایان لێڕازی بێت گێڕدراوەتەوە کاتیٚ کە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) موعازی نارد بۆیەمەن پێی فەرموو:(إتَّقِ دَعوَةَ المَظلُوم فَإنَّها لَيسَ بَينَها وَبَينَ اللهِ حِجابٌ). (متفق عليه) واتە:(بترسە لەپاڕانەوەی ستەم لێکراو چونکە لەنێوا ئەو و خودا هیچ پەردەیەك نییە). (بوخاری وموسلیم ڕێکن لەسەری).

# یاسای دەربازبوون لە خەم و دڵتەنگییەکان

سەباح موحەممەد کەریم

# یاسای دەربازبوون لەخەم ودڵتەنگییەکان

﴿وَمَنْ يَتَّقِ اللَّهَ يَجْعَلْ لَهُ مَخْرَجًا﴾ (الطلاق:٢) واتە:(هەرکەسێك لەخوای گەورە بترسێت و سنورەکانی خوای گەورە نەبەزێنێت، ئەوا خوای گەورەدەروی خێری لێدەکاتەوە)[1].

هەموو مرۆڤێك کۆمەڵێك خەم و خەفەتی هەیە: لاوێك عەودالّی کارە، کەسێکی دی ئارەزووی ژنهێنانە، مرۆڤی واهەیەخێزانی هەیە بەلاّم ئەوە نییە کە ئاواتی بۆدە خواست، مرۆڤێکی تر داهاتی کەمە، کەسێکی تر قەرزدارە و توانای دانەوەی قەرزەکەی نییە، بۆیە خەم و خەفەتەکان زۆرن، مرۆڤێك کێشەی تەندروستی هەیە، بەم شێوەیە خوای گەورە ویستی لەسەر ژیانی مرۆڤە. ئێمە لەخانەی تاقیکردنەوەداین نەك خانەی پاداشت و ڕێزلێنان، ئێمە لە خانەی داوا لێکردنداین نەك خانەی فەرموولێکردن، ئێمە لە خانەی کارداین نەك خانەی ئاوات خواستن، ئەم جیهانەخانەی خواری وگریّ گۆڵەیەنەك خانەی لەنگەرگرتن و مانەوە، شوێنی ناخۆشییەنەك شوێنی خۆشی، بۆیە هەرکەسێك بەم جۆرە دنیابناسێت، دڵخۆش نابیّ بەخۆشیەکانی و دڵتەنگ نابیّ بەناڕەحەتیەکانی. خوای گەورە دنیای گێڕاوە بەخانەی ناڕەحەتی و تاقیکردنەوە و ئاخیرەتیشی گێڕاوە بەخانەی پاداشت دانەوە، بەو شێوەیە کە ناڕەحەتی وتاقی کردنەوەکانی دنیاهۆکارن بۆپاداشتی ئاخیرەت وپاداشتەکانی ئاخیرەتی کردۆتەپاداشتی ناڕەحەتیەکانی دنیا، خوای گەورە وەردەگرێتەوە تاببەخشێت، تاقی دەکاتەوە تاوەکو پاداشت بداتەوە. بەلاّم ئایا کامانەن ئەو

[1] تەفسیری ڕۆشن،ل٨٥٢.

بەشانەی کەمرۆڤی لەسەرتاقی دەکرێتەوە؟ تۆ بەدووشێواز و لەگەڵ دووتاقمدا تاقی دەکرێیتەوە، یا ئەوەتاجۆری یەکەمیانی خوای گەورە پێی بەخشیوی و توانات هەیە، بەجۆرێك ماڵی داوەپێت بەو ماڵەتۆ تاقی دەکاتەوە، تەندروستییەکی باشی پێداویت، ئاوەز وئەقڵێکی باشی پێداوی، خاوەنی زمان و ڕەوانبێژی، شێوەیەکی جوانی بەڕوخسارت بەخشیوە، ئەم جیاوازبونانە، ئەم تایبەتمەندیانە، ئەم بەخت وبەشانە بەشێکن لەمەیدانی تاقی کردنەوەی تۆ لە بەرامبەر خودای گەورەدا، جا یاسەرکەوتوودەبیت لەتاقی کردنەوەکەدا یاسەرکەوتوو نابیت.
جۆری دووەم لەشێوازی تاقی کردنەوەکە ئەوەیە کەئەو بەخششانەی پێیداوی لێت وەردەگرێتەوە، بۆ نموونە تەندروستیت، ماڵ و سەروەتت، لێ دەسێنێتەوە. تۆ لەنێوان دووجۆر لەتاقی کردنەوەدایت ئەو شتانەی کە خودا پێی بەخشیوی، لەگەڵ ئەوشتانەی لێی وەرگرتویتەوە، لێرە شەوە ئەم دوعا بەنرخ وجوانە هاتووە:(عن عبدالله بن يزيد الخطمي الانصاري عن رسوالله صلى الله عليه وسلم انه كان يقول في دعائه):(اللهم ارزقني حبك، وحب من ينفعني حبه عندك، اللهم مارزقتني مماأحب فأجعله قوة لي فيما تحب، اللهم ومازويت عني مماحب فجعله فراغلي فيما تحب) (الترمذي)

واتە: لەعەبدولاَی کوڕی یەزیدی خەتمی ئەنسارییەوە لە پێغەمبەری خواوە (د.خ)کە لەپاڕانەوەکانیدا دەیفەرموو:(خودایە خۆشەویستی خۆتم پێ ببخشە، خۆشەویستی کەسێکم پێ ببەخشە کەخۆشەویستیەکەی لای تۆسودم پێبگەیەنێت، خودایە ئەو شتانەی کەپێت داوم و من خۆشم دەوێن وایان لێبکە هێزم بدەنێ بۆئەوشتانەی تۆخۆشت دەوێن، خودایە هەروەها هەر شتێکیشت لێ سەندمەوە کەمن خۆشم دەوێن، دیسان بیکە هۆکارێك بۆ ئەوەی تۆخۆشت دەوێ)(ترمزی هێناویەتی)

هەروەها خوای گەورەدەفەرمووێت: ﴿وَابْتَغِ فِيمَا آتَاكَ اللَّهُ الدَّارَ الْآخِرَةَ وَلَا تَنسَ نَصِيبَكَ مِنْ الدُّنْيَا﴾ (القصص:٧٧)واتە:(لەوەی خوای گەورە پێی بەخشیویت بیکە بە هۆکاری دەستخستنی پاداشتی دواڕۆژ بەشی خۆشت لەدنیادا فەرامۆش مەکە)ئەگەر خوای گەورە ماڵی پێدایت بیخەرە خزمەتی دواڕۆژەوە، ئەگەر تەندروستی پێدای لە فەرمانبەرداری خودا بەکاری بهێنە، ئەگەر خوای گەورەسامان و دارایی پێدایت بیبەخشە لە ڕێگەی خوادا، ئەگەر خوای گەورە زمان پاراوی و ڕەوان بێژی پێدای ببە بەبانگخوازی ڕێگەی خودا و حەق وڕاستی وڕاقە و لێکدانەوەی قورئانی پێبکە.

﴿وَابْتَغِ فِيمَا آتَاكَ اللَّهُ الدَّارَ الْآخِرَةَ وَلَا تَنسَ نَصِيبَكَ مِنْ الدُّنْيَا﴾(القصص:٧٧) واتە:(لەوەی خوای گەورە پێی بەخشیویت بیکە بە هۆکاری دەستخستنی پاداشتی دواڕۆژ بەشی خۆشت لەدنیادا فەرامۆش مەکە)[1] کەواتە تۆ لەدوو جۆرتاقی کردنەوەدایت یان بەدوو شێواز تاقی دەکرێیتەوە: یا دەبیتەخاوەنی کۆمەڵێ پێ بەخشراوی خوایی، یا لەبەرامبەردا کۆمەڵێ بەخشش وشتت لێ وەردەگرێتەوە. ئەگەروادابنێین دوو مرۆڤ بەدیاری کراوی شەستساڵ ژیاون، یەکێیان دەوڵەمەند بووە، ئەوی تریان هەژار بووە، وادابنێین دەوڵەمەندەکە سەرکەوتوو نەبوو لە تاقی کردنەوەکەیدا، بەماڵەکەیەوە خۆی بە گەورەدەزانی و نازی پێوەدەکرد و خۆی ڕادەدا بەسەربەندەکانی خودادا، ماڵ وسامانەکەی لەپێناو ئارەزوبازی و حەزە حەرامکراوەکاندا بەفیڕۆدا، بەلاٌم هەژارەکە سەرکەوتوو بوو لەتاقی کردنەوەکەدا ئارامی گرت، پاکیزە و داوێن پاك بوو، گوێ ڕایەڵی خوای کرد.

(1) تەفسیری ڕۆشن،ل٥٨٧.

هیچ ئاوەز و عەقڵێك نییە لە ئەبەدی بوون تێبگات و هەموو نهێنییەکانی کەشف بکات، نێوان ئێمە و خۆرسەدوپەنجاوشەش ملیۆن کیلۆمەترە، تێڕابمێنە ئەگەر ژمارەیەك لەسەرزەوی دابنێین و سفری لەپاڵدا ڕیزبکەین تادەگاتەخۆر لە هەرمیلیمەترێکدا سفردابنێین ئەم ژمارەیەچەند دەردەچێت؟! هیچ عەقڵێك پەی پێنابات، ئەم ژمارەیەبەوێنەیەك بهێنەپێش چاوی خۆت کە ئەو سەری دیار نەبێت، بەهای ئەم ژمارەیە لەبەرامبەرئەبەدیەتدا هیچە، بەم شێوەیە دنیاش ئەگەر تەنها بۆ دنیا بژی دەکاتە هیچ وسفر. عن سهل بن سعد قال: قال رسول الله صلى الله عليه وسلم (لوكانت الدنيا تعدل عندالله جناح بعوضة ماسقى كافراً منها شربةماءٍ)(رواه الترمذي) واتە: لەسەهلی کوڕی سەعدەوە دەگێڕێتەوە پێغەمبەر(د.خ) فەرموویەتی:(ئەگەردنیا بە ئەندازەی باڵە مێشولەیەك سەنگی هەبوایە لای خودا ئەوا تەنانەت قومە ئاوێکی نەدەدا بە کافرەکان) (ترمزی هێناویەتی) لەبەرئەوە ژیری و زیرەکی وسەرکەوتن و بردنەوە لە گوێ ڕایەڵی کردنی خوادایە. ﴿ وَمَنْ يُطِعْ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا﴾ (الاحزاب:٧١) واتە: ﴿هەر کەسێك گوێڕایەڵی خودا و پێغەمبەرەکەی بکات بەڕاستی سەرکەوتووە سەرکەوتنێکی گەورە﴾[1] تێکچوونی هەموو دنیائاسانترە لای خوای گەورە کاتێك تۆ فەرمانبەرداری و گوێڕایەڵی بکەیت و دەرچەو دەرووت لێ نەکاتەوە، لەهەر شوێنێك بیت لەهەر کات و زەمانێك بیت لەهەر پارچەیەکی زەوی، لەهەر ژینگەیەك بە هەر یاسایەك لەدەوڵەتێکی هەژاریان دەوڵەمەندبیت، لەڕۆژهەڵات یان ڕۆژئاوابیت. ﴿وَمَنْ يَتَّقِ اللَّهَ يَجْعَلْ لَهُ مَخْرَجًا﴾(الطلاق:٢) واتە:(هەرکەسێك لەخوای گەورەبترسێت وسنورەکانی خوای گەورەنەبەزێنێت

---

[1] تەفسیری ڕۆشن،ل٦٣٥.

ئەواخوای گەورەدەروی خێری لێدەکاتـەوە)[٢] ئەمەبانگـەوازێکی گەورەیـە بـۆ هـەموو لاوەکان، تۆ لەچی بێزاریت؟ لەخوا بترسە، لەخوابترسە دەرووت لێ دەکاتـەوە، لـەخوا بترسە لە هەڵبژاردنی هاوسەردا، خودا دەرووت لێ دەکاتەوە و دەتپارێزێ لـە خراپـی و ناڕحەتیەکانی هاوسـەرێتی، خێـزان لەسـەرپێوەری دیـن هەڵبـژێرە، چـونکەئەو دایکـی منداڵەکانتـە، هــەر کەسـێك لەخودابترسـێ و سـنورەکانی ڕەچـاو بکـات لەپرۆسـەی هاوسەرگیریدا خوای گەورە دەرووی خێری لێ دەکاتـەوە لـە خراپـی و ناڕەحەتیـەکانی هاوسەرێتی دەیپارێزێ، هەرکەسێکیش لـەخوا نەترسـێ و سـنورەکانی ڕەچـاو نـەکات لەدەستنیشـان کردنـی هاوسـەردا، ئـەو دەکەوێتـە نـاو گرفـت و چەرمەسـەری هاوسـەرگیرێتیەوە. هـەر کەسێك لەخوابترسـێ لەپـەروەردەکردنی منداڵەکانیـدا، ئـەوا خوای گەورە دەرووی لێ دەکاتەوە بەوەی کەدەیپارێزێ لە ئـازاری منداڵـەکانی، کـاتێ هاوکاری منداڵ بچوکەکەت دەکەیت و لەگەڵ خۆت دەیبەیت بۆ مزگەوت و قورئانی پێ لەبەردەکـەیت گرنگـی بەڕەوشـتی و هاوڕێکـانی دەدەیـت، گرنگـی بەخوێنـدنی و بەتەندروسـتی بـەخوو داب ونەریتـەکانی دەدەیـت، ئـەوە لەگـەڵ خۆتدایـە و پابەندەپێتەوە، کاتێ گـەورە بـوو دەبێتـە نـوری چـاوانت، هـیچ شـتێك بۆدایـك وبـاوك لەمنداڵێکی چاك و گوێ ڕایەڵ گرنگتر نییە کەنزا بۆ دایك و باوکی بکات لەدوای خۆیان، ئەوەخێرێکی نەبڕاوەیە.

عن ابي هريرة أن رسول الله صـلى عليـه وسـلم قال:﴿اذامـات الانسـان انقطـع عنـه عمله الا من ثلاثة:الامن صدقة جارية، أو علم ينتفع به، أو ولدٍ صالح يدعو لـه﴾.(مسلم) لـــە ئـــەبوهورەیرە وە لەپێغەمبـــەری خـــواوە(د.خ) بۆمـــان دەگێڕێتـــەوە

---

[٢] هەمان سەرچاوە،ل٨٥٢.

کەدەفەرمووێت:(کاتێ مرۆڤ دەمرێت هەموو کردەوەکانی کۆتاییان دێت و دەبڕێتەوە، تەنیالەسێ ڕێگاوە نەبێت کە خێر و پاداشتەکەی بەردەوام دەبێت، یەکەم خێرێکی بەردەوام، دووەم زانیارییەکی بەسود، سێیەم منداڵێکی چاك کە دوای مردنی دایك و باوکی دوعای خێریان بۆ بکات) (موسلم گێڕاویەتیەوە).

عومەریش خوای لێ ڕازی بێت دەفەرمووێت:(أقوم الی زوجتي و مابي من شهوة، الا رجاء ولدصالح ینفع الناس من بعدي). واتە:(جاری واهەیە کە دەچمەلای خێزانەکەی خۆم هیچ ئارەزویەکم نییە بۆی، تەنیا ئارەزوودەکەم کە خوا منداڵێکی چاکم پێ ببەخشێت کەسوود بەخەڵکی بگەیەنێت لەدوای خۆم)، لە بەرئەوە منداڵ دەستکەوتێکی گەورەیە. ﴿وَمَنْ يَتَّقِ اللَّهَ يَجْعَلْ لَهُ مَخْرَجًا﴾(الطلاق:٢) یەکێ لە زاناکان بۆی گێڕامەوە کە جارێکیان گەنجێك هاتووە بۆلای، بەزاناکەی وتووە من هیچ شك نابەم زۆرهەژارم، من ئێستا لە تەمەنی گەنجێتی دام و دەمەوێ هاوسەرگیری بکەم، نەماڵ و سەروەت وسامان و نەکارێکم نییە و توانای پێدانی مارەییشم نییە بۆهاوسەرگیری، ئەو گەنجە لەجێگایەکی بازرگانی کاری دەکرد بە کرێیەکی زۆرکەم، زاناکەش پێی وت، لەخوابترسە و گوێ ڕایەڵی بکە، گەنجەکە بەباشی لە مەبەستی زاناکە تێ نەگەیشت، بەڵام بیری لەوتەی زاناکە کردەوە لەخوابترسە، شوێن و جێگای لە خواترسان بۆئەو گەنجە تەنیا شوێنی کارەکەیەتی، ئەو کارمەندێکی زۆرسادەیە لە کارگەکەیدا، پێدەچێ ئەم وتەیەی زاناکەی زۆر بەگرنگیەوە وەرگرتبێت، خۆی دەڵێ بەتەواوی و بێ کەم وکوڕی پابەندبووم بەدەوام کردنەوە، هەروەکو ئەوەی کارگەکەهی خۆم بێت، چاوم دەگرتەوە لە هەموو ئەو ئافرەتانەی کە دەهاتنە شوێنی کارەکەم، هەرگیزدرۆم نەدەکرد، ئامۆژگاری و

ئاسانكاریم بۆ ئەو كەسانەدەكرد كـە سـەردانی شـوێنەكەیان دەكـرد، پاشـان خـاوەنی كارگەكە كارەكەی منی بەئاسایی نەبینی و سەرسام بوو لەوەی كەكارەكانم بەباشـی ئەنجام دەدەم، ویسـتی بمكـات بـەزاوای خـۆی و مێـردی كچـەكەی، خـانوێكی تـازەی دروست كرد و پێمی وت: وەرەلەگەڵم من دەمەوێ كەل و پەل بـۆ ماڵەتازەكـەم بكـڕم، دەمەوێ تۆ هاوكـاریم بكـەیت و هەڵبـژاردنی تـۆم لا گرنگەتاوەكوهـەرخۆم كـەل و پـەلی ناوماڵەكـەم هەڵبـژێرم، دوای ئەوەماڵەكـە تـەواو بـوو پێـی وت، ئـەم ماڵـە بۆتۆیـە مـن كچەكەی خۆمت لێ مارەدەكەم و پێتی دەبەخشم، پاشان زاناكەیان بانگ كـرد بـۆڕێ و ڕەسمی مارەكردنەكە، دوایـی بەزاناكـەی وت گـەورەم منـت بیرناكەوێتـەوە؟ زاناكـەش وتی نەبەخوا، وتی مـن جارێكیـان هـاتم بـۆلات پێـت وتم لـە خوابترسـە منـیش هـەروام كردئەوەتا خوداخێزان و ماڵ و سامانی پێدام.

كێشەكانی جیهانی ئیسلامی شاخەكان دەڕمێنێ، ناڕەحەتیـەكان زۆرن، ڕێگاكـان گیراون، دەرگاكان داخراون، ڕق و توڕەیی زۆرهەیە، كوژرانی ڕۆژانە، نەبوونی ئـازادی، نەخۆشی كوشندە، برسێتی زۆر، شتێك لەتاقەتدانییە، ئێوە بەچـاوی خۆتـان دەبیـنن چـــی لەجیهانـــدادەگوزەرێ. بـــەلام ﴿وَمَـــنْ يَتَّـــقِ اللَّـــهَ يَجْعَـــلْ لَـــهُ مَخْرَجًـا﴾(الطـلاق: ٢)واتە:(هەركەسـێك لەخوابترسـێ خـودا دەروی لێدەكاتـەوە)[1] هەركەســێك لەهەڵبــژاردنی هاوســەردا لەخوابترســێ خــودا دەروی لێدەكاتــەوە لەناڕەحەتیەكانی خێزانی، هەركەسێك لەخودا بترسـێ لەپـەروەردەكردنی منداڵەكانیـدا خودا دەرووی لێدەكاتەوە و دەیپارێزی لە ئازاری منداڵەكانی، هەركەسێك لەبەدەسـت هێنانی سـەروەت و سـاماندالەخودا بترسـێ خـودا دەروی لێدەكاتـەوە لـە لەناوچـوونی

---

[1] تەفسیری ڕۆشن،ل٨٥٢.

ماڵەکـەی دەیپارێزیـت، هەرکەسـێك لـەخوا بترسـێ لەیەکتاپەرسـتیدا خـودا دەروی لێدەکاتەوە و لەهاوەڵدانان دەیپارێزێ. سوێند بەوخودایەی کەهیچ خودایەك نییە جگە لەو ئەگەرتەنیائەم ئایەتە لە پەرتووکی خودا دا هەبوایە بەس بوو. ﴿وَمَـنْ يَتَّـقِ اللَّـهَ يَجْعَلْ لَهُ مَخْرَجًا﴾(الطـلاق:٢) گـەورەیی ئـەم دینـە ئەوەیـە ئەگـەرکۆی خـەڵك جـێ بەجێی بکات بەرو بومێکی جوانی لێ دەچنێتەوە، ئەگەر مرۆڤ وەکو تـاك جـێ بـەجێی بکـات دیسـان بـەرو بـومێکی جـوانی لێ دەچـنێتەوە، ئـەم دینـە دینـی کۆمـەڵ و تاکـە هەرکاتێك خەڵکی دوورکەوتنەوە لەخودا، بەردەوام نەبوون لەسەرئەم ئاینـە و نرخیـان بۆ دانەنا و ڕۆچوون لەئارەزو بازی و گوناهو تاوان، تۆ وازیان لێبێنە و لەگەڵیان مەبە، خودادەفەرمووێ: ﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا عَلَيْكُمْ أَنفُسَكُمْ لَا يَضُرُّكُمْ مَنْ ضَلَّ إِذَا اهْتَـدَيْتُمْ﴾ (المائدة:١٠٥) واتە:(ئەی ئـەو کەسـانەی ئیمـان و باوەڕتـان هێنـاوە بـەردەوام بـن لـە سەرپەروەردە و خواپەرستی و چاکە و چاکەکاری خۆتـان، خـەمتان نـەبێ ئەوانـەی گومڕا و سەرلێشێواون ناتوانن زیان بە بیروباوەڕی ئێوە بگەیەنن)[٢].

---

[٢] هەمان سەرچاوە،ل١٨٤.

# یـــاســـای خۆشەویستی

گوڵە هێرۆ فتح اللە كريم

## یاسای خۆشەویستی

﴿قُلْ إِن كُنتُمْ تُحِبُّونَ اللّهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَاللّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾ (آل عمران ٣١)، واتە:(ئەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلّم) بەئیمانداران بڵێ: ئەگەر ئێوە خواتان خۆش دەوێت، دەشوێنی من بکەونو لەفەرمانی من دەرمەچن، ئەوکاتە خوایش ئێوەی خۆش دەوێتو لەگوناهو هەڵەکانیشتان خۆش دەبێت)[1].

پەیڕەوکردنی بەرنامەی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) نیشانەی خۆشەویستیە بۆ خوای گەورە، بەڵام خاڵە گرنگەکە ئەوەیە کەدانایی خوای بەرزو پاكو بێگەرد ویستی وابووە پەیوەندی نێوان تۆو ئەو پەیوەندی خۆشەویستی بێت، زانایان بەخۆشەویستی دەریانبڕیوە، ئەگەر بیەوێت زۆرت لێ دەکات پەیڕەوی بیت، وای لێدەکردی بەویستی خۆت بگەڕێیتەوە بۆلایو پەیڕەوی بکەی، بەڵام ویستی وایە تۆ خۆشت بوێت و ئەو پێویستی بەتۆ نییە بۆئەوەی پەیڕەوی بکەیتو سەرپێچی تۆ زیان بەئەو ناگەیەنێت.

﴿فَلَو أَنّ أولكُم وآخركُم وانسُكُم وجنّكُم وحيّكم وميّتكُم ورطبكّم ويابسكُم اجتمعُوا على قلب أتقى عبدٍ من عبادي مازاد في ملكي جناح بعوضَة، لَو أَنّ أولكُم وآخركُم وانسُكُم وجنّكُم وحيّكم وميّتكُم ورطبكّم ويابسكُم اجتمعُوا على قلب أفجر عبدٍ هو لي ما نقص مِن مُلكي جناح﴾(رواه الطبراني عن أبي موسى)، (ئەگەر بێتو یەکەمو کۆتاتانو مرۆڤ و پەریتانو زیندوو مردوتانو تەڕو وشکتان کۆببنەوە لەدڵی خواناسو پارێزگارترین

---

[1] تەفسیری ئاسان، ل ٥٤.

بەندە لەبەندەکانم هیچ لە دەسەلاَتی من زیاد ناکات بەئەندازەی باڵە مێشولەیەك، ئەگەر بێتو یەکەمو کۆتاتانو مرۆڤ و پەریتانو زیندوو مردوتانو تەڕو وشکتان کۆببنەوە لەدڵی خراپترینو بێ باوەڕترینی بەندەکانم هیچ لەدەسەلاَتی من کەم ناکات بەئەندازەی باڵێك) (تەبەرانی گێڕاویەتیەوە لەئەبو موساوە).

گوێڕایەڵیمان سوود بەخوای گەورە ناگەیەنێت، یاخی بونمان هیچ زیانێك بەو ناگەیەنێت، بەلاَم ویستویەتی بمان بەخشێت، دروستی کردوین بۆ بەهەشتێك پانییەکەی هێندەی زەوی‌و ئاسمانەکانە، ئەوکاتەی خوای پاكو بێگەرد خۆشی ویستین چاوەڕێی خۆشەویستی لێ کردین، و بەلگەش لەسەر ئەوە ﴿يُحِبُّهُمْ وَيُحِبُّونَهُ﴾ (المائدة ٥٤)، (پەروەردگاری مەزن خۆشی دەوێن، ئەوانیش ئەویان خۆش دەوێت)[١]، کەیەکەم جار خۆشی ویستین چاوەڕێی کرد دواتر ئێمەش خۆشمان بوێت، بۆیە خوای پاكو بێگەرد نەیویستووە پەیوەندی نێوان ئێمەو ئەو پەیوەندییەکی سەپاندنو ناچاری‌و زۆرداری بێت، بەلاَم ویستی پەیوەندی نێوان ئێمەو ئەو پەیوەندی خۆشەویستی بێت ﴿لاَ إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ﴾ (البقرة ٢٥٦)، (بەهیچ جۆرێك زۆرکردن نییە لەوەرگرتنی بیروباوەڕی ئیسلامداو دینداری بەزۆر نابێت بکرێتو دین بەزۆر نادرێت بەسەر کەسدا[٢].

بێباوەڕ دەخواتو دەخواتەوە، مولحیدو لادەرەو دەخواتو دەخواتەوەو دەخەوێتو خاوەنی تەندروستییەکی باشە، هاوسەرو منالی هەیەو خاوەن ماڵو ئۆتۆمبێلو پارەو سامانە، سەرەڕای ئەوە بوونی خودا ڕەت دەکاتەوە، گوێڕایەڵیمان

---

[١] تەفسیری ئاسان،ل ١١٧.

[٢] هەمان سەرچاوە،ل ٤٢.

سوود بەخوای گەورە ناگەیەنێت، بەڵام ویستی ئەو دڵخۆشی ئێمەیە لەنزیکی خۆی، خوای پاك و بێگەر دەفەرموویت: ﴿إِلاَّ مَن رَّحِمَ رَبُّكَ وَلِذَلِكَ خَلَقَهُمْ﴾ (هود ١١٩)، مەگەر ئەوەی بەزەیی پەروەردگار گرتبێتیەوە، هەر بۆئەو مەبەستەش خوای گەورە دروستی کردوون.

دروستی کردوون بۆئەوەی دڵنەرمو لێبوردەبێ لەگەڵیان، دروستی کردوون بۆئەوەی دڵخۆش بن، دروستی کردوون بۆبەهەشتێك پانی زەوی‌و ئاسمانەکانە، بەڵام بۆکەس نییە بانگەشەی خۆشەویستی خوا بکات بێ ئەوەی هەڵوێستی هەبێت، خودای پاكو بێگەرد دەفەرموویت: ﴿إِنَّ الَّذِينَ آمَنُواْ وَهَاجَرُواْ وَالَّذِينَ آمَنُواْ وَلَمْ يُهَاجِرُواْ مَا لَكُم مِّن وَلاَيَتِهِم مِّن شَيْءٍ حَتَّى يُهَاجِرُواْ﴾ (الأنفال ٧٢)، ئەوانەش کەباوەڕیان هێناوەو کۆچیان نەکردووە، ئەوە بۆتان نییە پشتگیریان بکەن لەهیچ شتێکدا هەتا ئەوانیش کۆچ دەکەن (بۆبەهێز کردنی دەوڵەتی ئیسلام).

هەموو بانگەشەیەکی خۆشەویستی بێ بەهایە، ئیدی چی بکەین؟!! ئایا تۆ گوێڕایەڵی فەرمانەکانی خودای؟ ئایا دەتبینێت فەرمانەکانی ئەنجام دەدەیت؟ ئایا تۆ دووری لەوکارانەی خودا لێی قەدەغە کردویت؟ ئایا تۆ گوێڕایەڵی خودایت؟

(ئاگاداربن کەبەڕاستی چاکان‌و خۆشەویستانی خودای میهرەبان نەترس‌و بیم ڕویان تێدەکات (لەسەرەمەرگو ڕۆژی لێپرسینەوەدا)، نەغەم‌و پەژارەو دڵتەنگی دایان دەگرێت (بەڵکو فریشتەکان بەڕوو خۆشەوە مژدەی سەرفرازی‌و خۆشنودیان دەدەنێ).

لەئاینی ئیسلامدا بیروبڕوا هەیەو خواپەرستی تێدایە، ڕێسای هەڵس‌وکەوت‌و مامەڵە هەیە، ڕەوشتی تێدایە، بەڵام بەشێکی ئەم ئاینە خۆشەویتی خودایە،

خودای پاكو بێگەرد فەرموویەتی: ﴿قُلْ إِن كَانَ آبَاؤُكُمْ وَأَبْنَآؤُكُمْ وَإِخْوَانُكُمْ وَأَزْوَاجُكُمْ وَعَشِيرَتُكُمْ﴾(التوبة ٢٤)، پێیان بڵێ: ئەگەر باوو باپیرانتانو ڕۆڵەو نەوەكانتانو براكانتان و هاوسەرانتانو عەشیرەتو هۆزتان، لێرەدا خودای پاكو بێگەرد مەبەستی لەكەسە نزیكەكانی ئادەمیزادە، پاشان دەفەرمووێت: ﴿وَأَمْوَالٌ اقْتَرَفْتُمُوهَا وَتِجَارَةٌ تَخْشَوْنَ كَسَادَهَا وَمَسَاكِنُ تَرْضَوْنَهَا﴾ (التوبة ٢٤)، ماڵو سامانێك كەبەدەستان هێناوە، یاخود لە بازرگانییەك دەترسن كەشكانو بێ بازاڕی ڕووی تێبكاتو خانوو بەرەو كۆشكو تەلارێك كەحەز دەكەن لێتان تێك نەچێتو دڵخۆش بن پێی، لەم ئایەتەدا خودای پاكو بێگەرد ئاماژە بەشتو مەكەكان دەكات كەبریتییە لەسامانو ئادەمیزاد، پاشان دەفەرمووێت:﴿أَحَبَّ إِلَيْكُم مِّنَ اللّهِ وَرَسُولِهِ وَجِهَادٍ فِي سَبِيلِهِ فَتَرَبَّصُواْ حَتَّى يَأْتِيَ اللّهُ بِأَمْرِهِ وَاللّهُ لاَ يَهْدِي الْقَوْمَ الْفَاسِقِينَ﴾(التوبة ٢٤)، لاتان خۆشەویستترو نازدارتر بێت لەخوداو پێغەمبەرەكەیو جیهادو تێكۆشان لەپێناو ڕێبازی ئەو زاتەدا، ئەوە چاوەڕوانبن.

ڕێگای بەروخواچوون پڕدڕكو داڵە، هەندێكجار (پیاو هەیە هاوسەرێكی هەیەو خۆشی دەوێت، هاوسەرەكەی نایەوێت خۆی پۆشتە بكات، بەڵام ئەو پابەندە بەڕازی كردنی، گوێنادات بەئاینەكەی، بەڵكو دەیەوێت هاوسەرێكی هەبێت شانازی پێوەبكات، و دڵخۆش بێت پێی و گوێ بەئاینەكەی نادات.

ئەوكاتەی كەكەسەكانو شتومەكەكان لەخودا بەنرختربن لای مرۆڤ، دڵنیا بن كەڕێگای بەرەو خواچوون سوكو ئاسان نییە، پەیامبەری بەخشندە (درودی خوای لەسەر بێت) دەفەرمووێت:(ثلاث من كنّ فيه وجد حلاوة الإيمان، أن يكون الله ورسوله أحبّ إليه مما سواهما)(متفق عليه)، واتە: سێ شت هەن لەمرۆڤدا هەبن چێژی باوەڕ

دەكات، یەكەمیان: خوداو پێغەمبەری (درودی خوای لەسەربێت) لەهەموو كەس خۆشتر بوێت.

خودای پاكو بێگەرد لەقورئانەكەیداو، پەیامبەر (درودی خوای لەسەر بێت) لەسوننەتەكەیدا، خۆشەویستر بێت لەلای لەهەموو كەسو شتێكی تر، ئەمەش لەكاتێكدا كەتێك دەگیرێنو دژ دەوەستنەوە، واتا كاتێك بەهەڵە وابزانی فەرمانێكی شەرعی قورئان یاخود فەرمانێكی شەرعی سوننەتی پەیامبەر (درودی خوای لەسەر بێت) دژی بەرژەوەندیەكانی تۆن، ئەگەر فەرمانە شەرعیەكەت پەسەند كرد، ئەوا سەلماندت كەخوات لەهەموو شتێك لا خۆشەویسترە.

بەهەر شێوەیەك بێت، ئەگەر ئارەزووت بەنرخ تر بێت لای لەخودا، كەواتە ڕێگای بۆلای خوا چوونت كراوەو ئاسان نییەو هاوبەشت بۆخودا داناوە.

خودای پاكو بێگەرد دەفەرمووێت: ﴿أَرَأَيْتَ مَنِ اتَّخَذَ إِلَهَهُ هَوَاهُ أَفَأَنتَ تَكُونُ عَلَيْهِ وَكِيلًا﴾ (الفرقان ٤٣)، (ئایا نابینیت ئەوكەسەی كەئارەزووی خۆی كردۆتە خوای خۆی)[1]، باوەڕداری چێژی خۆی هەیە، و ڕاستی خۆی هەیە، هەستكردن بەڕاستیەكانی باوەڕداری زۆر ئاسانە، پێویستی بەبیرو هۆشو خوێندنەوەو نووسینە، دەخوێنیتەوەو تێدەگەیتو ڕەوانی دەكەیت، بەڵام بۆئەوەی چێژی باوەڕداری وەربگریت دەبێت باجەكەی بدەیت، ئەویش گوێڕایەڵی فەرمانەكانی خودای مەزنو شكۆدارە.

---

(1) تەفسیری ئاسان، ل ٣٦٣.

(ثلاث من كنّ فيه وجد حلاوة الإيمان، أن يكون الله ورسوله أحبّ إليه مما سواهما، وأن يحب المرء لايحبه إلاّ لله)، واتا:(سێ شت هەیە شیرینی باوەڕت پێ دەچێژێ، یەکەمیان ئەوەیە خوداو پێغەمبەری خودای (درودی خوای لەسەر بێت) لەهەموو کەس خۆشتر بوێت، دووەمیان ئەوەیە کەکەسێکی خۆش بوێت لەبەر خودا خۆشی بوێتو لەبەر خوداش لێی جیا ببێتەوە).

باوەڕدار باوەڕداری خۆش دەوێت، تەنانەت ئەگەر هەژارو بێ تواناش بێت، و بەری دەبێت لەبێ باوەڕ، تەنانەت ئەگەر بەهێزو دەوڵەمەندیش بێت، ئەم پشتیوانیو بەری بوونە نیشانەی خۆشەویستییە.

نیشانەی سێیەم کەچێژی باوەڕداریو شیرینی ئیمانی تێدایە:(وأن يكره أن يعود في الكفر كما يكره أن يقذف في النار)، واتا:(حەزناکات بگەڕێتەوە بۆکوفرو بێ باوەڕی بەوجۆرەی کەحەز ناکات بکرێتە ناو دۆزەخەوە).

ئاینی ئیسلامی مەزن، هاتنە تێڕوانینێکی قوڵو ڕێكو پێکی گەردوونو ژیانو مرۆڤی پێشکەش کردووی، بەڵام تۆی مرۆڤ تەنیا بیرو هۆش نیت کەتێگەیشتنو هەستت هەبێت، بەڵکو تۆ عەقڵو تێگەیشتنو هەستت هەیە، و دەڵێیتو خۆشەویستی دەکەیت، بەشی بنەڕەتی لەپێکهاتەکانی کەسایەتێکەت دڵێکەو خۆشەویستی دەکات، تۆ پێویستت بەوەیە کەخودات خۆش بوێتو خوداش تۆی خۆش بوێت.

جارێکیان مامۆستایەکی دەروونناس لەگەڵمان دواو وتی: ئەو مرۆڤەی پێویستی بەوە نەبێت کەکەسی خۆش بوێت، یاخود خۆشەویست بێت لەلایەن کەسانی ترەوە، ئەوە ئادەمیزاد نییە، بۆیە لەوانەیە هاوسەرەکەت خۆش بوێت، لەوانەیە ئافرەتێکت خۆش بوێتو حەڵاڵی خۆت نەبێت، لەوانەیە حەزت لەخواردنێك بێت، حەزت

لەخانووەیەك  بێت، حەزت لەئۆتۆمبیلێك بێت، بەڵام ئەگەر خودای بێگەردو پایە بەرزت خۆش ویست، ئەوە لەبەرزترین پلەکانی باوەڕداریا دەبیت.

بۆیە وتویانە: خۆشەویستی لەپێناوی خوادا یەکتاپەرستییەکی ڕاستەو ئەوپەڕی یەکتا پەرستییە، و خۆشەویستی لەگەڵ خودا لادانە لەئاین‌و گومڕاییە، تۆ خودای بەرزو مەزنت خۆش دەوێت، خۆشەویستیت بۆپەیامبەر (درودی خوای لەسەر بێت) نیشانەی خۆشەویستیە بۆخودا، چونکە خۆشەویستی پەیامبەری خودا خۆشەویستییە لەپێناوی خودا، و خۆشەویستی یارانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) خۆشەویستییە لەپێناوی خودا، و خۆشەویستی زاناڕاستگۆو خودا پەرستە دڵسۆزەکان خۆشەویستییە لەپێناوی خودا، و خۆشەویستی مزگەوتەکان‌و خۆشەویستی قورئانی پیرۆز خۆشەویستیە لەپێناوی خودا، بەڵام هاوڕێیەکی دەوڵەمەندت خۆش بوێت کەدوور بێت لەئاین، بەڵام پارەیەکی زۆری بەسەردا هەڵڕشتوی لەپارە زۆرەکانی، ئەمە خۆشەویستییە لەگەڵ خودا، بۆیە ئەوە لادانە لەئاین‌و گومڕا بوونە.

بۆیە گەورەمان عەلی (خوای لێ ڕازی بێت) فەرموویەتی:(هاوبەش پەیداکردن شاراوەترە لەدەنگی پێی مێلوورەی ڕەش لەسەر بەردی کەڕو نابیسەر لەشەوی تاریکدا، لای کەمی ئەو هاوبەش پەیداکردنە، خۆشەویستی زۆردارە لەبەر زۆرداریەکەی، یاخود ڕقت لێی بێت لەسەر دادوەرییەکەی).

کەسێك ڕێبازێکی خواری گرتووە بەڵام خۆشمان دەوێت، کەواتە ئەوە جۆرێکە لەهاوبەش پەیداکردن، و یاخود ڕقت بێتەوە لە دادوەری، یەکێك ئامۆژگاریەکی کردی بەڕەوشت‌و خوی بەرزەوە، بەڵام بەرگەی ئەو ئامۆژگاریەت نەگرت‌و ڕقت لێی هەستا، تۆ لەجاری یەکەمدا کەسێکی چەوتت  بەشدار کرد لەگەڵ خودادا، چونکە پارەت بەسەردا هەڵدەڕێژیت لەپارە زۆرەکانی، لەجاری دووەمدا ئەوکەسەی ئامۆژگاری کردی

لەوانەیە تۆی بریندار کردبێت، بۆیە هەڵگیرسایت و توڕە بوویت و خودی خۆتت بەشدار کرد لەگەڵ خودا.

تۆ پێم بڵێ کێت خۆش دەوێت، ئەوکاتە دەڵێم تۆ کێی، باوەڕدار خودای خۆش دەوێتو حەز بەملکەچی بۆخودا دەکات.. پێغەمبەری بەخشندە (درودی خوای لەسەر بێت) دەفەرمووێت:(هیچ کەسێکتان بەباوڕدار ئەژمار ناکرێن هەتا من خۆشەویستر نەبم لەلای لەخۆیو کوڕیو باوکیو هەموو کەسێکی تر) (متفق علیە).

نیوەی ئاین خۆشەویستییە، (خۆشەویستی لەئایندا وەکو سازو گونجاوت لێ دەکات، خۆشەویستی لەئایندا وات لێدەکات چێژی شیرینی باوەڕداری بەخودای گەورە بکەی، و بەبێ خۆشەویستی ئاین بریتی دەبێت لەچەند دەق و دابونەریتێك و هیچی تر.

ئافرەتێك هەواڵی پەیامبەری خودا (درودی خوای لەسەر بێت) دەپرسێ، پێی ڕادەگەیەنن کە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) کوژراوە، بۆیە ڕادەکات بۆگۆڕەپانی جەنگ، گوێ بەهیچ شتێك نادات، هاوسەرەکەی بینی بەکوژراوی گوێی پێ نەدا، باوکی بینی بەکوژراوی گوێی پێ نەدا، کوڕەکەی بینی بەکوژراوی گوێی پێ نەدا، هەردەیوت: پەیامبەری خودا چی لێ هات؟ تاچاوی پێ دەکەوێت، ئەوکاتە پێی دەڵێت: ئەی پەیامبەری خودا هەموو کارەساتێك دوای تۆ ئاسانە.

ئەوەیە خۆشەویستی، بەڕێزان خۆشەویستی شتی ئەستەم ئاسان دەکات، خۆشەویستی یەکێك دەکات بەهەزار، بەبێ خۆشەویستی هەزار هەر هەزارە، ڕوونە کەخۆشەویستی لەپێناوی خودا کرۆکی یەکتاپەرستی ڕاستەو خۆشەویستی لەگەڵ خودا خودی گومڕابوونە، نیشانەی خۆشەویستی خودا پەیرەوی ڕێبازی پەیامبەری خودایە (درودی خوای لەسەر بێت): ﴿قُلْ إِن كُنتُمْ تُحِبُّونَ اللّهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللّهُ

وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ﴾ (آل عمران ٣١)، واتە:(ئەی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) بەئیمانداران بڵێ: ئەگەر ئێوە خواتان خۆش دەوێت دەشوێنی من بکەون‌و لەفەرمانی من دەرمەچن، ئەوکاتە خوداش ئێوەی خۆشدەوێت‌و لەگوناھ و هەڵەکانیشتان خۆ شدەبێت[١].

(١) تەفسیری ئاسان،ل ٥٤.

# یاسای وەرگێرانی کار

**رەوەند شێروان ئەمجەد**

# یاسای وەرگیرانی کار

خوای گەورە دەفەرموویت:﴿ وَمَنْ أَرَادَ الآخِرَةَ وَسَعَى لَهَا سَعْيَهَا وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَأُوْلَئِكَ كَانَ سَعْيُهُمْ مَشْكُوراً (١٩)﴾ الإسراء:١٩. واتە:(بەلاّم) ئەوەش مەبەستی بەشی ئەو جیهان بێت و هەوڵ و کۆششی چاکی بۆ بدات، لە هەمان کاتیشدا ئیماندار بێت، هەوڵ و کۆششی ئەو جۆرە کەسانە جێگەی ڕێزو سوپاسەو سوپاسکراون[1].

مرۆڤ خاوەنی کارە، جموجۆڵی هەیە لە ژیانیدا، بیەوێت یاخود نەیەوێت، خوای گەورەش ئارەزووی تێدا داناوە، ئەم ئارەزوانەش هانی دەدەن بۆ کارکردن، ئارەزووی خواردن و خواردنەوە، ئارەزووی جنس، ئارەزووی خۆشی و ڕابواردن، ئەمە وایلێدەکات زیندەوەرێکی جووڵاو بێت، ئەم کارە کەی وەردەگیرێت؟ کەی وەرناگیرێت؟

کارەساتە گەورەکە ئەوەیە کە مرۆڤ لەو کەسانە بێت کە خوای گەورە لەبارایانەوە دەفەرموێت: ﴿قُلْ هَلْ نُنَبِّئُكُمْ بِالأَخْسَرِينَ أَعْمَالاً (١٠٣) الَّذِينَ ضَلَّ سَعْيُهُمْ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَهُمْ يَحْسَبُونَ أَنَّهُمْ يُحْسِنُونَ صُنْعاً (١٠٤)﴾الكهف:١٠٣-١٠٤. واتە:ئەی محمد(ﷺ)پێیان بڵێ:ئایا هەواڵی ئەو کەسانەتان بدەمێ کە لە کارو کردەوەیاندا زۆر زەرەرمەندو خەسارەتمەندن، (ئەوانە) ئەو کەسانەن کە هەوڵ و کۆششیان لە ژیانی دنیادا بەزایەو بە هەدەر چووە، بە مەرجێك وایاندەزانی کە بەڕاستی کاری چاك دەکەن و کردەوەی ڕەوا ئەنجام دەدەن[2].

---

(1) تەفسیری ئاسان،ل٢٨٥.

(2) تەفسیری ئاسان،ل٣٠٤.

ئەم ئایەتەی ئێرە کە دەفەرمووێت:﴿ وَمَنْ أَرَادَ الآخِرَةَ وَسَعَى لَهَا سَعْيَهَا وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَأُوْلَئِكَ كَانَ سَعْيُهُمْ مَشْكُوراً (١٩)﴾ الإسراء:١٩. واتە:(بەڵام) ئەوەش مەبەستی بەشی ئەو جیهان بێت و هەوڵ و کۆششی چاکی بۆ بدات، لە هەمان کاتیشدا ئیماندار بێت، هەوڵ و کۆششی ئەو جۆرە کەسانە جێگەی ڕێزو سوپاسەو سوپاسکراون([2]).

هەوڵ و کۆششی تایبەتی خۆی، خوایی گەورە نەیفەرموو (هەوڵ و کۆششی بۆ بدات) ئەگەر خوای گەورە بیوتایە (هەوڵ و کۆششی بۆ بدات) بەڵام چ هەوڵێك وەردەگیرێت، بەڵام فەرمووی (هەوڵ و کۆششی چاکی بۆ بدات).

وەکو ئەوەی کە بڵێن:کۆلێژی پزیشکی تایبەتمەندی خۆی هەیە،ئەگەر بڵێیٚ کۆلێژی پزیشکی تایبەتمەندی هەیە، چ خاسیەتێك وات لێدەکات لەم کۆلێژە وەربگیرێیت، بەڵام ئەگەر بڵێی ئەم کۆلێژە خاسیەتی خۆی هەیە، خاسیەتی تایبەتی خۆی هەیە، لەبەر ئەوە:﴿ وَسَعَى لَهَا سَعْيَهَا﴾ الإسراء:١٩. واتە:(بەڵام) ئەوەش مەبەستی بەشی ئەو جیهانە بێت و هەوڵ و کۆششی چاکی بۆ بدات ([3]). ئەو هەوڵدانەیە کە خوای گەورە دەیەوێت. خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ﴾ ال عمران:١٠٢. واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، لە خوا بترسن و پارێزگار بن بەشێوەیەکی وا کە شایستەی ئەو زاتەیە و هەمیشە پابەند و دامەزراو بن لەسەر ئیسلامەتی ([1]).

زانایانی تەفسیر دەڵێن: ماف تەقوا ئەوەیە کە گوێڕایەڵی بکەیت و سەرپێچی نەکەیت، سوپاسگوزاربیت و سپڵە نەبیت، یادی بکەیت و لەبیری نەکەیت، ئەوەی کە

---

[2] تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان،ل٢٨٤
[3] تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان,ل٢٨٤
[1] تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان،ل٦٣

ئەمە قبولّ بكات فەرمایشتی خوای گەورەیە كە دەفەرموویّت: ﴿وَجَاهِدُوا فِي اللَّهِ حَقَّ جِهَادِهِ﴾الحج:٧٨. واتە:بەردەوام بن لە خەبات و جیهاد و هەولّ و كۆشش لە پیّناوی خوادا بەو شیّوەیەی كە شایستەیەتی([2]).

زۆر بە ئازارە كە دەڕوانیتە بازرگانیّك كە شتوومەك هاوردە دەكات، هەتاوەكو شتومەكەكە دەگاتە فڕۆكەخانە خەریكە بمریّت، لە ماندویەتی و خەم و خەفەتدا، سەرفكردن و ڕیّ و شویّنی ئالّۆز، لە دوای ئەوەی دەگات بە بەری ڕەنجەكەی لە كڕین و فرۆشتنەكەیدا، دوای ئەوەی كە دەیفرۆشیّت، بەهاكەی كۆدەكاتەوە ئەگەر شكستی گەورەی هیّنابیّت، شكستەكە زۆر بە ئازار دەبیّت،، خوای گەورە دەفەرموویّت:﴿وَقَدِمْنَا إِلَى مَا عَمِلُوا مِنْ عَمَلٍ فَجَعَلْنَاهُ هَبَاءً مَنْثُوراً﴾ الفرقان:٢٣. واتە: كاتیّك هاتین و تەماشای ئەوەمان كرد كە كردویانە (هەمووی تاوانە) بەربامانداو كردمانە تەپوتۆزیّكی پەرش و بلاّو ([3]).

(ثوبان) لە پیّغەمبەری خواوە (ﷺ) بۆمان دەگیّریّتەوە دەفەرمووێ:﴿لأَعْلَمَنَّ أَقْوَامًا مِنْ أُمَّتِي يَأْتُونَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ بِحَسَنَاتٍ أَمْثَالِ جِبَالِ تِهَامَةَ بِيضًا فَيَجْعَلُهَا اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ هَبَاءً مَنْثُورًا) قَالَ ثَوْبَانُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ صِفْهُمْ لَنَا، جَلِّهِمْ لَنَا أَنْ لاَ نَكُونَ مِنْهُمْ وَنَحْنُ لاَ نَعْلَمُ، قَالَ:(أَمَا إِنَّهُمْ إِخْوَانُكُمْ وَمِنْ جِلْدَتِكُمْ وَيَأْخُذُونَ مِنَ اللَّيْلِ كَمَا تَأْخُذُونَ وَلَكِنَّهُمْ أَقْوَامٌ إِذَا خَلَوْا بِمَحَارِمِ اللَّهِ انْتَهَكُوهَا ﴾ سنن ابن ماجة. واتە:پیّم ڕاگەیاندراوە لە ڕۆژی دوایدا هەندیّ كۆمەڵی نەتەوەكەم دیّن كە چاكەكانیان بە ئەندازەی كیّوی (تهامە) سپین وەكو تەپ و تۆز پەرشوبلاّو دەبن و دەچن بە هەوادا،(ثوبان) وتی: ئەی پیّغەمبەری خودا پەسنی ئەوانەمان بۆ بكە، بۆمان ڕوونبكەرەوە، بۆئەوەی لەوانە نەبین لە كاتیّكدا

---

[2] تەفسیری ئاسان بۆ تیّگەیشتنی قورئان,ل٣٠٢

[3] تەفسیری ئاسان بۆ تیّگەیشتنی قورئان،ل٣٦٢

بەخۆمان نازانین، فەرمووی ئەوانە برای ئێوەن و لە ئێوەن، بەشێك لە شەو شەو نوێژ دەکەن هەروەك ئێوە دەیکەن، بەڵام گەلانێکن ئەگەر دەرفەتیان بۆ هەڵکەوت دەست دەبەن بۆ قەدەغەکراوەکانی خودای گەورە.

ئایا خوای گەورە کردەوەکانمان وەردەگرێت؟ ئایا خوای گەورە نوێژەکانمان لێ وەردەگرێت؟ ئایا خوا شەونوێژەکانمان لێ وەردەگرێت؟ ئایا خوای گەورە زیکرەکانمان لێوەردەگرێت؟ ئایا خوای گەورە چاکەکانمانی وەرگرتووە؟ چ کاتێ کردەوە وەردەگیرێت؟

خوای گەورە دەفەرمووێت:﴿ فَأُوْلَئِكَ كَانَ سَعْيُهُمْ مَشْكُوراً (١٩)﴾ الإسراء:١٩.واتە: هەوڵ و کۆششی ئەو جۆرە کەسانە جێگەی ڕێزو سوپاسەو سوپاسکراون، (واتە وەرگیراوە)([1]).

پرسیار ئەوەیە: چ کاتێك کردەوە وەردەگیرێت؟ خوای گەورە دەفەرمووێ:﴿ وَأَنْ أَعْمَلَ صَالِحاً تَرْضَاهُ﴾النمل:١٩. واتە: کۆمەکیم بکە تا کاروکردەوەی چاکە ئەنجام بدەم، کە تۆ پێی ڕازی بیت[2]

زانایانی تەفسیر وەستاون لەسەر وشەی (ترضاه)، خوای گەورە کەی لە کردەوە ڕازی دەبێت؟ دەفەرموون: خوای گەورە ڕازی دەبێت لەو کردەوەیەی پوخت و تەواو بێت، پوخت بێت بەوەی کە خودای گەورە پێی ڕازییە، تەواو بێت بەوەی کە یەکبگرێتەوە لەگەڵ سوونەتدا، ئەگەر کردەوەکەت کاریگەر نەبێت نە بەستایشکردن

[1] تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان,ل٢٨٤

[2] تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان،ل٣٧٨

نەبە لۆمەکردن، زیادی نەکەیت کاتێك ستایشت دەکەن، کەمیشی نەکەیتەوە یان هەر نەیکەیت لەبەر لۆمەکردن، ئەوە تۆ ڕاستگۆ نیت.

خوای گەورە دەفەرمووێت:﴿ إِنَّمَا نُطْعِمُكُمْ لِوَجْهِ اللَّهِ لا نُرِيدُ مِنْكُمْ جَزَاءً وَلا شُكُوراً﴾ الانسان::٩. واتە: دەڵێن بێگومان ئێمە ئەم خۆراکەتان هەر لەبەر خواو بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی ئەو پێدەبەخشین، نەپاداشتمان لێتان دەوێت نە سوپاس([1]). ئەگەر بەخشینت کاریگەری لەسەر نەبێت نە بەستایشکردن نە بە لۆمەکردن ئا ئەوەیە ڕاستگۆیی.

ئیمامی ئەبوبکری صدیق (خوای لیَ ڕازی بێت) یارمەتی یەکێك لە هاوەڵەکانیدا، ئەوەی کە یارمەتی دابوو ئەو کەسە بوو کە هەواڵی بوهتان کردنی کچەکەی بڵاوکردەوە، ئەم شتە ناگونجیَ، ئازاریش سارێژ نابێت، کاتیَ ئەم یارمەتیەی ڕاگرت سەرزەنشتی کرا لە لایەن خوای گەورەوە:﴿ وَلا يَأْتَلِ أُوْلُوا الْفَضْلِ مِنْكُمْ وَالسَّعَةِ أَنْ يُؤْتُوا أُوْلِي الْقُرْبَى وَالْمَسَاكِينَ وَالْمُهَاجِرِينَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَلْيَعْفُوا وَلْيَصْفَحُوا أَلا تُحِبُّونَ أَنْ يَغْفِرَ اللَّهُ لَكُمْ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ﴾ النور:٢٢. واتە: ئەی ئەوانەی کە خاوەنی سامان و بەخشندەیین لە ئێوە با سوێند نەخۆن کە یارمەتی خزمان و هەژاران و کۆچبەران لە پێناوی خوا نەدەن (لەبەر ئەوەی بەشداربوون لە وتنی بوختانەکەدا) دەبا لێبوردە بن، دەبا چاوپۆشی بکەن مەگەر حەز ناکەن خوا لێتان خۆس بێت، خوایش هەمیشە لیَ خۆش بوو میهرەبانە[1].

ئیمامی ئەبوبکر گریا، گریانێکی بەتین، فەرمووی: بەڵی پێم خۆشە کە خوای گەورە لێم خۆش بێت. لە فەرمایشتی پێغەمبەری خوادا هاتووە دەفەرمووێ:(إِذَا لَمْ

---

[1] تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان,٥٧٩

[1] تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان،ل٣٥٢

تَسْتَحِ فَاصْنَعْ مَا شِئْتِ)رواه البخاري عن ابن مسعود. واتە: ئەگەر شەرمت نەکرد هەرچی دەیکەیت بیکە.

فەرموودەکە لە ڕواڵەتدا ماناکەی ئاشکرایە، مانای دووەمیشی هەیە، ئەگەر تۆ ڕاستگۆ بیت لەگەڵ خوادا، کردەوەیەکت ئەنجامدا کە خوای گەورە پێی ڕازییە، تۆش دڵنیا بوویت کە خوای گەورە پێی ڕازییە، گوێ بە قسەی خەڵکی مەدە،ستایشیان کردی یان لۆمەیان کردی،خوای گەورە دەفەرمووێ:﴿ قُلْ اللَّهُ ثُمَّ ذَرْهُمْ فِي خَوْضِهِمْ يَلْعَبُونَ﴾الأنعام:٩١. واتە: هەر خوا خۆی دایبەزاندووە فێریشی کردوون لەمەودوا وازیان لێ بهێنە با لە بەتاڵ و نادروستی خۆیاندا تیا بچن گەمەو یاری بکەن[2].

کردەوە وەردەگیرێت ئەگەر پوخت بێت، نیشانەی پوختی ئەوەیە کە بە هیچ شێوەیەك کردەوە کاریگەری نەبێت نەبەستایشکردن نەبە لۆمەکردن، ئامانجەکەت ڕوونە، ڕەزامەندی خوای گەورەت مەبەستە، قسەی خەڵکی هیچ نرخێکی نییە، بەڵام من ئەڵێم، خوای گەورە لەو بەندەیە خۆش بێت کە خۆی دادەبڕێت لەوەی کە خەڵکی لە پاشەملە باسی بکەن، لە (صفية) کچی (حيي)یەوە، دەڵێن:(پێغەمبەری خودا (دردو سەلامی خوای لەسەر بیت)) لە مزگەوتدا مابووەوە شەوێك چووم سەردانی بکەم، قسەم لەگەڵ کرد، پاشان هەستام و گەڕامەوە، پێغەمبەری خوا لەگەڵمدا هات بۆ ئەوەی بمگەڕێنێتەوە بۆ ماڵەوە، (ماڵی صفيە خێزانی پێغەمبەر لە خانووی ئوسامەی کوڕی زەید بوو) دوو پیاو لە پشتیوانان تێپەڕبوون، کاتێ پێغەمبەری خوایان بینی بەپەلە ڕۆیشتن، پێغەمبەری خوا فەرمووی لەسەر خۆبن ئەوە صفيەی کچی (حویەیی)ە، وتیان پاکی بێگەردی بۆ خوای گەورە، ئەی پێغەمبەری خوا!.

[2] تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان,ل١٣٩

پێغەمبەری خوا فەرمووی:شەیتان بەناو لەشی مرۆڤدا دێت و دەچێت، هەروەك چۆن خوێن لەلەشدا دێت و دەچێت،منیش لەوە ترسام گومانێکی خراپ بکاتە دڵێ ئێوە). ئیمامی بوخاری و موسلیم ڕیواتیان کردووە.

ئاواتە خوازم وەها لە قسەکانم تێ نەگەن، ئەگەر تۆ دڵنیا بیت لەسەر چەسپاوی و دامەزراوی خۆت و کارە چاکەکانت، ئیتر بە هیچ شێوەیەك گوێ بە قسەی بە خەڵکی نەدەی، خوای گەورەیە لەو بەندەیە خۆش بێت کە خۆی دادەبڕێت لەوەی کە خەڵکی لە پاشەملە باسی بکەن.

ڕوونی بکەرەوەو ئاشکرای بکە، ئازایەتی لەوەدایە کە کارێك نەکەیت کە دوو شیکردنەوە لە خۆ بگرێت، کە یەکێکیان لە بەرژوەندی تۆ نییە.

لەبەر ئەوە ڕوونکردنەوە شەیتان دوور دەخاتەوە هەر بۆیە کاتێك دەڵێم گوێ بە قسەی خەڵکی مەدە، مەبەستم لەوە نییە کە ناوبانگی خۆت پشتگوی بخەی، دڵسۆزی بەواتای ئەوە دێت کە کردەوە زۆر نەبێت بە ستایش کردن و کەمیش نەبێتەوە بە لۆمەکردن، ئامانجەکەت ڕوونە، هۆکارەکەش ڕوونە.

ئێستاش نیشانەی دووەم:کردەوە زۆر نەبێت لەبەردەم خەڵکیدا و کەمیش نەبێت لە کاتێکدا بەتەنها لەماڵەوەیت ئەمە لە نیشانەی دڵسۆزییە.

نیشانەی سێیەم: ئەوەیە کە مرۆڤ کردەوەیەك ئەنجام دەدات بە دڵسۆزی و تەنها بۆ خوای گەورە، دڵنیاشە لەوەی کە نیەتەکەی باشە ئەم کارە بەرز دەبێتەوە بۆ لای خوای گەورە، خوای بەرزو بڵند و بەخشندە، بیگومان بە لەوەی کە پاداشتت دەداتەوە لەسەر ئەو کارە، (ثاب) بەواتای (رجع) واتە: گەڕایەوە، بۆیە تۆ کارێکت

بەرزبۆتەوە بۆ لای خوای گەورە، پاداشتی خوای گەورە بۆتۆ لەسەر ئەم کردەوەیەت ئەوەیە کە دڵت پڕ دەکات لە ئارامی و هەستکردن بو ئاسوودەیی.

کاتێك کە خزمەتی مرۆڤێك دەکەیت لەبەر خوای گەورە بە هیوای ناوبانگ دەرکردن بێت و ناتەوێت ستایشت بکەن و پیاتاهەڵبدەن و سوپاست بکەن و نە لەبەر پسووڵەیەك و نە بۆ ئەوەی بڵاوبکرێتەوە لە ڕۆژنامەدا، کاتێك خزمەتێك پێشکەش بە مرۆڤێك دەکەیت لەبەرزترین ئاستی خزمەت، ئەمەش لەبەرخوای گەورە دەکەیت بێگومان دڵخۆش دەبیت، لەبەر ئەوەی خوای گەورە لەسەر ئەنجامدانی ئەم کارە ئارامی بە ناخت دەبەخشێ.

دڵخۆشیت بەم ئارامیە ئەگەر بێتوو هەموو شتێکیش لەدەست بدەیت، بەپەرۆشی کاتێك ئەو کارە لەدەست دەدەیت، ئەگەر هەموو شتێکیشت هەبێت، ئەم کارە وەردەگیرێت ئەگەر بێت و بەدڵسۆزی بە دڵسۆزی ئەنجامی بدەیت. خوای گەورە دەفەرمووێت:﴿ فَاعْبُدْ اللَّهَ مُخْلِصاً لَهُ الدِّينَ (٢) أَلا لِلَّهِ الدِّينُ الْخَالِصُ﴾الزمر:١-٢. واتە: بەندایەتی بۆ خوای گەورە بکەن بە پوختی بە بێ خەوش و خاڵ و (بەبێ ڕیـــــــا)[1]، خوای گەورە ئایینی پاڵفتەی دەوێ[2].

تۆ خاوەنی چەند ئەندامێکی لەلەشدا و دڵت هەیە و چاوت دادەخەیت و زمانت دەگری و گوێیەکانت گوێ بۆ گۆرانی ناگرن، کەسێکیت ناچی بۆ کاری خراپ، ئازاری دایك و باوکت نادەیت و ستەم لە کەس ناکەیت، ئەندامت هەیە و کۆ ئەندامت هەیە و هەموو ئەمانە ڕێك و پێك دەبن بە بەرنامەی خوای گەورە.

---

[1] تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان ل٤٥٨

[2] تەفسیری ئاسان بۆ تیگەیشتنی قورئان ل٤٥٨

مەرجی دووەم لە وەرگرتنی کردەوەدا: ئەوەیە کەتەواو بێت واتا: یەك بگرێتەوە لەگەڵ سوننەت، کەسێك بە تەنها لەگەڵ کچێکدا دەبێت بۆ ئەوەی هیدایەتی بدا بۆ لای خوای گەورە، ئەمە پێچەوانەی سوننەتە.

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرمووێ:(ألا لا يخلون رجل بامرأة إلا كان ثالثهما الشيطان) واتە:(پیاوێك بە تەنها نابێت لەگەڵ ئافرەتێکدا هەتاوەکو شەیتان دەبێت بە سێیەمیان) ئیمامی ترمذي ریوایەتی کردووە.

بانگەوازکردن بۆ لای خوای گەورە لەگەڵ بەتەنها بووندا نابێت، ئەم بانگەوازیە ڕەتکراوەیە، هەندێکجار دەڵێن (یانسیبێکی خەیریە)، ئەوە بۆ خێر نییە، وە هەندێك جاریش ئاهەنگێکی گۆرانی شەوانە داهاتەکەی تەرخان دەکرێت بۆ هەتیوان!.

کردەوە وەرناگیرێت هەتاوەکو بەدڵسۆزی و پوخت نەبێت و تەواو نەبێت پوخت بێت و لەبەر خوای گەورە بێت و تەواویش بێت بەوەی کە یەکبگرێتەوە لەگەڵ سوننەت، بەو شێوەیە خوای گەورە وەریدەگرێت.

کردەوە کردەوەیە و کاتیش کاتە، تێکۆشان تێکۆشانە، مرۆڤ دەخەوێ و شەو ناخەوێ، بەڵام سەرکەوتوو نابێت، دڵی کولدەهێنێ، پێت دەڵێ: زۆر ماندوو بووم، بەڵام سەرکەوتوو نەبووم. بەئازارە، ناخت بریندار دەکات، تۆ کارێکت ئەنجامدا، هاتوویت بۆ مزگەوت، بێدەنگ بوویت، وازت لە خواردن و خواردنەوە هێناوە، ئایا ڕازیت بەوەی کە کردەوەکەت وەرنەگیرێ؟

لەبەر ئەوە (ئەبو هورەیرە) خوای لێ ڕازی بیت فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (ﷺ):(عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رَضِيَ الله عَنْهُ قال: قال رَسُولُ صلى الله عليه وسلم" : مَنْ لَم يَدَعْ قَوْلَ الزُوْرِ والعَمَلَ بِهِ والجَهْلَ فَلَيْسَ لله حَاجَةٌ فِي أنْ يَدَعَ طَعَامَهُ وشَرَابَهُ).

واتە:(هەرکەسێك واز لە قسەی بی کەڵك نەهێنێ و کاری پێ بکات خوای گەورە هیچ پێویستیەکی بەوە نییە کە واز لە خواردن و خواردنەوە بهێنێ). ئیمامی بوخاری و ئەبو داود و ترمزی و ابن ماجە ڕیوایەتیان کردووە.

# یاسای لێکدی جودا کردنەوە

سەرگول عەلی حەمە ئەمین

# یاسای لێكدی جودا كردنەوە

﴿يِا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ إَن تَتَّقُواْ اللّهَ يَجْعَل لَّكُمْ فُرْقَاناً﴾ (الأنفال:٢٩)، واتە:(ئەی ئەوكەسانەی باوەڕتان هێناوە، ئەگەر خودا بپەرستن‌و پارێزگاری بكەن، ئەوا خوای گەورە بەرچاو ڕۆشنییەكی گەورەتان بۆ فەراهەم دەهێنێت، كەبتوانن بەتەواوەتی ڕەواو ناڕەوا لێك جیا بكەنەوە)[1].

خوای مەزن‌و بەشكۆ، گەردونەكانی ئەفراندووەو پاشان بەهۆی قورئانەوە ڕۆشنی كردۆتەوە ﴿اللَّهُ نُورُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ﴾ (النور:٣٥)، واتە:(خودا شەوق‌و ڕۆشنایی ئاسمانەكان‌و زەمینە)[2].

ئامێرەكانی ڕۆشنكردنەوەی ڕێگەی ڕێبواران‌و دەرخستنی مەترسیكانی دەوروبەریان دادەنرێ، هەندێك جار ڕێگەكان چاك دەكرێن، هەركارێك كەمرۆڤ ئەنجامی دەدات دیدێكی لەپشتەوەیە، ئەگەر دیدەكە دروست بێت ئەوا كارەكە باش كۆتایی پێدێت، خۆ ئەگەر دیدەكە خراپ بێت ئەوا كارەكە خراپ كۆتایی پێدێت، وەها دیدێكیش یان بەرەنجامی ئەزمونگەلێكە یاخود بەرەنجامی دەقگەلێكە كە دراوەكەی لەسەر زەمینی ڕێبازی خوداوەندە.

هەر لەبەر ئەوە مرۆڤ وەك هۆكار بۆدروستی كارەكانی‌و ساغ‌و سەلامەتی‌و بەختەوەری خۆی پێویستی بەدیدێكی دروستە.

---

(1) تەفسیری ئاسان، بورهان محمد أمین، قم،ئیران، چ ٤، ١٣٨١ ش،ق،ل ١٨٠.

(2) هەمان سەرچاوە،ل ٣٥٤١٨٠.

لەبارەی یاسای لێکدی جودا کردنەوە، ئایەتێك هەیە کەبەبنەما دادەنرێت، خودای گــەورە دەفــەرموێت:(یَا أَیُّهَا الَّذِینَ آمَنُواْ إَن تَتَّقُواْ اللّهَ یَجْعَل لَّكُمْ فُرْقَاناً) (الأنفال:٢٩)، (ئـەی ئەوکەسـانەی کـەباوەڕتان هێنـاوە، ئەگـەر تـەقوای خـوا بکـەن، پارێزگـاری بکـەن، ئـەوا خـوای گـەورە بەرچـاو ڕۆشـنییەکی گـەورەتان بۆفەراهـەم دەهێنێت، کەبتوانن ڕەواو ناڕەوا بەتەواوی لێك جیابکەنەوە)[٣].

واتە هەلومەرجێکتان بۆدەڕەخسێنێت کەتێیدا ڕەوا لـەناڕەوا، چاکە لـە خراپـە، پەسەند لەناپەسەند، جوان لەناشرین، بەها باڵاکان لەپێداویستییە هەرە نزمەکان جودا بکەنەوە، کەواتە جوداکردنەوەی دروستو نادروست بەرەنجامی دیدێکی دروستە.

دەتوانین بڵێین: کەوەها ڕێگایەك، ڕوناکیەکە دەنێو دڵی خاوەن باوەڕان دەنرێـتو چەندین ئایەتیش ئەوەی پێ ڕاست دەکەنەوە، وەها ڕوناکیەکیش کەدەنێو دڵی خاوەن باوەڕان دەنرێتو چـاکەی هـەروەك چـاکە پـێ دەبیـننو شـوێنی دەکـەون، خراپەشـی هەروەك خراپە پێ دەبیننو خۆیانی لێ بەدوور دەگرن، ئەمە بێ چەندو چـوون ڕونـاکی خودایە))[١].

خوای مەزنو بەشکۆ دەفەرموێت:(یَا أَیُّهَا الَّذِینَ آمَنُواْ) (البقرة:٢١) (واتـە ئـەی خاوەن باوەڕان)، وەها دەربڕینێك هێمادەکا بۆپـەیمانێکی باوەڕیانـە لـەنێوان بەنـدەو خوداوەند، واتە: ئەی کەسێك کەباوەڕت پێم هێناوە، ئەی کەسێك کەباوەڕت بەداناییو بەکارزانینم، بەتواناو دەسەڵاتم، بەمیهرەبانیم، بەبەخششەکانم هێناوە.

خودای مەزن لەقورئانی پیرۆزدا بـەم چەشـنە لـەبارەی بنـەماکانی دینەوەخـەڵکی دەدوێنێـت:(یَا أَیُّهَا النَّاسُ اعْبُدُواْ رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُمْ وَالَّذِینَ مِن قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ

---

[٣] هەمان سەرچاوە،ل ١٨٠.

[١] تەفسیری ئاسان، ل ٤.

تَتَّقُونَ)(البقرة:٢١)، (ئەی خەڵکینە پەروەردگاری خۆتان بپەرستن، ئەوزاتەی کەئێوەو پێشینانی ئێوەشی بەدی هێناوە، بۆئەوەی ڕێبازی خواناسی، تەقواو پارێزگاری بگرنەبەر)[٢].

خوای مەزنو بەشکۆمان لەبارەی لقو بەشەکانی دینەوە خاوەن باوەڕان دەدوێنێت، کەسانێك کەباوەڕیان وەك خودا، وەك پەروەردگارو پەروەرندەو ئافرێنەرو ڕێکخەرو کاربەڕێکەر هێناوە، باوەڕیان بەتاکایەتیو بێ کەمایەتیو ناوە پیرۆزو دانستە و باڵاکانی خودا هێناوە.

واتە وە ك ئەوەی پەیمانێکی باوەڕیانە لەنێوان بەندەو خوداکەیدا هەبێت، هەر لەبەر ئەوە خودا بەدەیان ئایەت خاوەن باوەڕان دەدوێنێت، چونکە لەنێوان خوداو بەندەکانیدا پەیمانێکی باوەڕیانە هەیە، ئەمە لەکاتێکدا بێ باوەڕان تەنها بەیەك ئایەت، ئەویش لەڕۆژی پەسلاندا بەم شێوەیە دەدوێنێت، (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ كَفَرُوا لَا تَعْتَذِرُوا الْيَوْمَ (التحريم:٧)، (ئەی ئەوانەی بێ باوەڕ بوون ئەمڕۆ هیچ پاکانەیەك مەکەن)، کەواتە لە هەرشوێنێکدا ئایەتی (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ (البقرة:٢١) (واتە ئەی باوڕداران) بخوێنینەوە ئەوا بێگومان گوتاری ئایەتەکە ڕوو لەهەر کەسێکە کەباوەڕی بەخودا هێنابێت، ئەوەشی هانی دابێت مل کەچو گوێڕایەڵی خودا بێت، (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَآمِنُوا بِرَسُولِهِ) (الحديد:٢٨)، (واتە: ئەی ئەوکەسانەی کەباوەڕتان هێناوە، لەخودا بترسنو پارێزگار بن، باوەڕی پتەو بهێنن بەپێغەمبەرەکەی)[١].

قورئان شتگەلێکی گشتی تێدایەو سونتەی پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم) سەروکاری لەگەڵ ووردە کارییەکاندایە، خودا پێغەمبەری (صلى الله عليه وسلم)

---

[٢] هەمان سەرچاوە،ل ١٢١ .

[١] تەفسیری ئاسان، ل ٥٤١.

ڕاسپاردووە ئەو ئایەتانەی کەبۆخەڵك هاتونەتـە خـوار ڕوون بکاتـەوە، ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَآمِنُوا بِرَسُولِهِ﴾ (الحديد:٢٨)، (واتە: ئەی ئەوکەسانەی کەباوەڕتان هێناوە، لەخودا بترسن‌و پارێزگار بن، باوەڕی پێ‌و بهێنن بەپێغەمبەرەکەی)[٢] ﴿يُؤْتِكُمْ كِفْلَيْنِ مِن رَّحْمَتِهِ﴾ (الحديد:٢٨)، واتە دوو بەرامبەر پاداشت‌و ڕەحمـەتتان بەسـەرا دەبارێنێـت، شـرۆڤەکارانی قورئـان فەرموویانـە: بـەزەیی‌و میهرەبانییـەك لـەدونیاداو بـەزەیی‌و میهرەبانییـەك لـەدوا ڕۆژدا، ئەمـەش ئەوشـتەیە ئـەم ئایەتـە دوپـاتی دەکاتەوە:﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَآمِنُوا بِرَسُولِهِ يُؤْتِكُمْ كِفْلَيْنِ مِن رَّحْمَتِهِ وَيَجْعَل لَّكُمْ نُورًا تَمْشُونَ بِهِ﴾ (الحديد:٢٨)، واتە (ئەی ئـەو کەسـانەی کـەباوەرتان هێناوە، لەخوا بترسن‌و پارێزگار بن‌و باوەڕ بهێنن بەپێغەمبەرەکـەی، تـا دوو بەرامبـەر پاداشت‌و ڕەحمەتتان بەسەردا ببارێنێت، هـەروەها نـورو ڕوناکیـەکتان پـێ ببەخشـێت لەبەر ڕۆشناییەکەی دا چالاکی بنوێنن‌و ڕێبازی ژیان بگرنەبەر)[٣].

لەبـەر ڕۆشـنایی ئـەو ئایەتـەدا ئـەوە ڕوون دەبێتـەوە کـەخاوەن بـاوەڕ دیـدێکی دروستی هەیە، چاکە هـەروەك چـاکەو خراپـەش هـەروەك خراپـە، ڕەوا هـەروەك ڕەواو ناڕەواش هەروەك ناڕەوا دەبینێـت. ڕوون‌و ڕەوانـی هـەم شـتێك کەپێویسـتەو هـەمیش شـتێك کەناپێویسـتە دەبینێـت، شـوێنی یەکـەمیان دەکـەوێت‌و خۆشـی لەدووهـەمیان بەدوور ئەگرێت.

پێشـەوا غـەزالی (بـەر بـەزەیی خـودا بکـەوێت) لەبـەر ڕۆشـنایی ئـەو دنیـا بینیـەدا فەرموویەتی:(تەقوای خوای گەورە بریتییە لەو ڕۆشناییەی خـودای گـەورە لـەنێو دڵـی خاوەن باوەڕی دەنێت، کەبەهۆیەوە چاکە هەروەك چـاکە و خراپـەش هـەروەك خراپـە

---

(٢) هەمان سەرچاوە،ل ٥٤١.

(٣) هەمان سەرچاوە،ل ٥٤١.

دەبینێت،خاوەن باوەڕ چەشنی مرۆیەکە کە شەو بەڕێیەکی پڕ لەچاڵو چۆڵو گردو مێروو ئاژەڵو مەترسیو خلیسکەدا ڕێ دەکات، بەلام بەهۆی ڕۆشناییەکی بەهێزو دەرخەرەوە لەسەرجەم مەترسیەکانی ڕێگا ڕزگاری دەبێت).

ڕۆشناییەکی لەو چەشنە، هەم بۆ دوورخستنەوە لەچاڵو چۆڵەکانو خۆلادان لەگردەکان، هەمیش بۆ کوشتنی مێرووەکانو خۆڕزگار کردن لەهەر مەترسیەك یارمەتی دەدات، وەها ڕۆشناییەکیش بێ شك ڕۆشنایی خودایە کاتێك دەنێو دڵی دەنێت، (اللهُ وَلِيُّ الَّذِينَ آمَنُواْ ــ البقرة ٢٥٧) (واتە خودا پشتو پەنای خاوەن باوەڕانە).

خودا پشتو پەنای خاوەن باوەڕانەو پەروەردەیان دەکات، ڕێنمونیان دەکاتو تەمێشیان دەکات، هەندێك جار دەشیان ترسێنێت، موژدەیان دەداتێو شانو شکۆیان بەرز دەکاتەوە.(اللهُ وَلِيُّ الَّذِينَ آمَنُواْ يُخْرِجُهُم مِّنَ الظُّلُمَاتِ إِلَى النُّوُرِ...) (البقرة:٢٥٧)، (خودا پشتو پەناو خاوەنی ئەو کەسانەیە باوەڕیان هێناوە، لەتاریکیەکانو گومانو ستەم دەریان دەهێنێتو دەیان بات بەرەو نورو ڕوناکی).

شتێك کەلەئایەتەکەدا سەرنج ڕاکێشە ئەوەیە تاریکستانەکان کۆیەو ڕۆشنایی تاکە، چونکە حەق دابەش ناکرێتو لەنێوان دوو خاڵیشدا تەنها ڕاستەهێڵ دەکێشرێت، هەرچەندە هەوڵ بدەی لەنێوان دوو خاڵدا هەزاران ڕاستە هێڵ بکێشیت، ئەوا هەمویان دەکەونە سەر یەك، هەق دابەش ناکرێت، هەر لەبەر ئەوەشە کەلەئایەتەکەدا ((ڕۆشنایی)) تاکە، وەلێ ناهەق چەشنی هێڵگەلێکی چەماوەو لارە، دەشکرێت لەنێوان دوو خاڵدا هەزاران هێڵی چەماوەو لار بکێشین، (وَالَّذِينَ كَفَرُواْ أَوْلِيَآؤُهُمُ الطَّاغُوتُ يُخْرِجُونَهُم مِّنَ النُّورِ إِلَى الظُّلُمَاتِ) (البقرة ٢٥٧)، (لەبەر ڕۆشنایی ئەو ئایەتانەدا ئەوە ڕوون دەبێتەوە کەمرۆڤ لەجولەدایە، پێداویستیو ئارەزوو غەریزەو

هیواو خەونەکانی دەیجولێنن، جوولەکەش یان دیدێکی دروستی لەپشتەوەیە، بێگومان وەها کەسێکیش خاوەن باوەڕە، یان دیدێکی نادروستی لەپشتەوەیە، وەها کەسێکیش خودا نەناسیو بێباوەڕە، کەسێکە ڕاستە ڕێی ون کردووەو بەپێچەوانەی بەختەوەریو خۆشنودیەوە ڕێی کردووە).

هەر بەتەنها خوداش سەرچاوەی هیدایەتو ڕێنماییە، (یاعبادي كلّكم ضال إلاّ مَن هدَيته، فاستهدوني أهدكم)(أخرجه مسلم والترمذي، عن أبي ذر الغفاري)، (واتە: ئەی بەندەکانم، هەمووتان گومڕاو سەر لێشێواون بێجگە لەکەسانێك کەمن ڕێنمونیم کردوون، کەوایە پەنام بۆ بهێنن و داوای ڕێنمونیم لێبکەن، ئەمنیش ڕێنمونیتان دەکەم)(موسلیمو بوخاری لەسەر زاری ئەبو زەری غەفاری گێڕاویانەتەوە).

خودای گەورە دەفەرموویت:(وَمَن لَّمْ يَجْعَلِ اللَّهُ لَهُ نُورًا فَمَا لَهُ مِن نُّورٍ) (النور:٤٠)، (واتە: ئەوەی خودا نوری پێ نەبەخشێت، هەرگیز نوری دەست ناکەوێت)[1]، ڕوناکیو دیدی دروستو بڕیاری سەنگینیش سەرچاوەکەیان خودایە، کاری هەرە گەورەی باوەڕ ئەوەیە کەڕوناکی خودا ڕێنیشاندەری بێت، بەڕەزامەندی خودا بجولێتو بەئامانجێکی ڕوونو ئاشکراش کەبەرەنجامی دیدێکی دروست بێت، ڕێبکات، هەرچەندە لەخودای خۆمان بترسینو گوێڕایەڵی بین، ئەوا ڕوناکیەك لەدڵمان دەنێت.

مرۆڤ هەندێك جار لەکۆمەڵگەیەکی گەندەڵو لادەردا ژیان بەسەر دەبات، وەها کۆمەڵگایەك دیدێکی دروستی نییە، وەلێ خاوەن باوەڕ دیدێکی دروستی هەیەو ناکەوێتە دوای شتە فریودەرەکانو ئەو هەڵانەش کەئەوانی دیکەی تێدەکەون.

---

[1] تەفسیری ئاسان، ل ٥٤١.

سەرنج ڕاکێش فەرموودەی خودایە کەدەفەرموویێت:(يُرِيدُونَ أَن يُطْفِؤُواْ نُورَ اللّهِ بِأَفْوَاهِهِمْ) (التوبة:٣٢)،واتە:(بیهێنە پێش چاوی خۆت کەچۆن مرۆیەکی لەڕادەبەدەر گەوج، دەکۆشێت تیشکی خۆر بەفووی دەم خامۆش بکەن، هەر لەبەر ئەوە کەسێك کەهەڵدەدات هەق لەنێو بەرێت، یاخود دەکۆشێت هیدایەت پوچەڵ بکاتەوە، یان کار لەخودا تێك بدات، کاتێك ئافەریدەکانی وەسەر ڕاستە ڕێ دەخات، هەروەك چۆن ئەستەمە کەسێك بتوانێت بەفووی دەم تیشکی خۆر خامۆش بکات، وەها کارێکیش ئەستەمەو هەزاران جار ئەستەمە.

کەوایە سەرجەم هێزەکانی سەر زەمین ناتوانن کار لەخودا تێك بدەن کاتێك ئافەریدەکانی خۆی وەسەر ڕێگای ڕاست بخات هەرلەبەر ئەوەشە کە ئیسلام هەمیشە بەسەربەرزی دەمێنێتەوە، کەوابێت خەمی دینی ئیسلامت نەبێت چونکە دینی خودایە، بەڵکو لەخەمی خۆتدا بە کە ئایا خودا دەرفەتت پێدەدات یاخود نا کەببیتە یەکێك لەسەربازەکانی ئەو.

# یـــاســــــای نـــزا

سەرگوڵ عەلی حەمە ئەمین

# یاسای نزا

خوای گەورە دەفەرموویێت:(وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌ أُجِيبُ دَعْوَةَ الدَّاعِ إِذَا دَعَانِ فَلْيَسْتَجِيبُواْ لِي وَلْيُؤْمِنُواْ بِي لَعَلَّهُمْ يَرْشُدُونَ) (البقرة:١٨٦)، (واتە: ئەی محمد (صلی الله علیه وسلّم) ئەگەر بەندەکانم پرسیارت لێبکەن دەربارەم، ئەوا من نزیکم لێیانەوە، بەهاناو هاواری نزا گۆیانەوە دەچم، کاتێك لێم بپاڕێنەوەو نزا بکەن، دەبا ئەوانیش بەدەم بانگەوازی منەوە بێنو باوەڕی دامەزراو بەمن بهێنن، بۆئەوەی ڕێگای هۆشیاریو ئاگایی بگرنەبەرو بۆبەدەست هێنانی سەربەرزیو سەرفرازی هەدوو جیهان)[١].

نزا بەندایەتییە، خودای مەزنیش دەفەرموویێت:(قُلْ مَا يَعْبَأُ بِكُمْ رَبِّي لَوْلَا دُعَاؤُكُمْ فَقَدْ كَذَّبْتُمْ فَسَوْفَ يَكُونُ لِزَامًا) (الفرقان:٧٧)، (واتە: تۆ ئەی محمد (صلی الله علیه وسلّم) پێیان بڵێ (خەڵکینە) پەروەردگارم هیچ گوێتان پێنادات‌و نرختان بۆ دانانێت ئەگەر نزاو خواپەرستیتان نەبێت)[٢].

ئەگەر لەخودا نەپاڕێنەوەو هانای بۆنەبەن، ئەوا بەتەنگتانەوە نایەت‌و خەمیشتان لێ ناخوات، بۆچی؟ چونکە سەرەتایترین واتای نزا ئەوەیە کەباوەڕت بەهەبوونی خودا هەیە ئەگەر نا لێی دەپاڕێتەوە؟ هەروەها باوەڕیشت بەوە هەیە کەخوای مەزن ئەگەر قسە بکەیت دەیبیستێت‌و ئەگەر دەجوڵێیت دەت بینێت‌و ئەگەریش شتێك بشاریتەوە ئەوا دەیزانێت، باوەڕت بەهەبوونی خودا هەیەو باوەڕیشت بەوە هەیە کەئاگاداری هەموو شتێکی ئاشکراو پەنهانی تۆیە.

---

[١] تەفسیری ئاسان، ل ٢٨.

[٢] هەمان سەرچاوە،ل ٣٦٦.

باوەڕیشت بەتواناو دەسەڵاتی ئەو هەیە، تواناو دەسەڵاتێك کەخودای گەورە لەوبارەیەوە فەرموویەتی:(إِنَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ) (الأحقاف:٣٣)، (واتە: خودای گەورە دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە)، هەروەك باوەڕیشت بەفەرمانی ئەو هەیە کەخۆی لەبارەیەوە دەفەرمووێ:(إِنَّمَا أَمْرُهُ إِذَا أَرَادَ شَيْئًا أَنْ يَقُولَ لَهُ كُنْ فَيَكُونُ) (یس:٨٢)، (واتە: بێگومان هەرکاتێك فەرمانی خودا دەرچوو، وە ویستی شتێك جێبەجێ بکاتو بیهێنێتە دی، پێی دەڵێت ببە، ئەویش دەست بەجێو بێ دواکەوتن پێش دێتو ئەنجام دەدرێتو دروست دەبێت)[٣]، (ماشاءالله کان، وما لم يشأ لم يكن)(أخرجه أبو داود عن بعض بنات النبي صلى الله عليه ولسلّم)، (واتە: ئەوەی کەخودا ویستی لەسەریەتی وەدی دێت، ئەوەش کەخودا ویستی لەسەر نییە وەدی نایەت)(ئەبو داود لەسەر زاری هەندێك لەکچانی پێغەمبەرەوە (صلى الله عليه وسلّم)ەوە گێڕاویەتیەوە)، هەروەها باوەڕیشت بەخودا هەیە کە (فَعَّالٌ لِّمَا يُرِيدُ) (البروج:٦)، (واتە: خوادی گەورە زۆر بەکارە بۆهەرشتێك کەخودا ویستی لەسەر بێت)[١].

هەر شتێك کە ڕووی داوەو وەدی هاتووە ویستی خودای لەسەر بووە، هەرشتێکیش ویستی خودای لەسەر بوبێت ڕوویداوەو وەدی هاتووە، ئەگەر خودای مەزن ویستی لەسەر هەر شتێك هەبوایە فەرمانی پێکرد ببە، دەست بەجێ وەدی نەهاتبایە، ئەوا لێی نەدەپاڕامەوەو نەشم دەپەرست، هەروەها ئەگەر باوەڕت بەمیهرەبانی خودا نەبوایە، باوەڕیشت بەوە نەبوایە کەخودا بەندەکانی خۆی خۆش دەوێتو بەتەنگ سەلامەتیو بەختەوەری ئەوانەوەیە، ئەوا لێینەدەپاڕایتەوەو نەشت دەپەرست.

---

[٣] هەمان سەرچاوە،ل ٣٦٦.

[١] تەفسیری ئاسان، ل ٥٩٠.

(قُلْ مَا يَعْبَأُ بِكُمْ رَبِّي لَوْلَا دُعَاؤُكُمْ) (الفرقان:٧٧)، خەمتان دەخواتو بەتەنگتانەوە دێت ئەگەر لێی بپاڕێنەوە، چونکە ئەگەر لێی بپاڕێنەوە، ئەوا باوەڕتان بەهەبوونو زانستو توانای بیستنو دەسەڵاتو میهرەبانی خودا هێناوە، تۆ ئەی مرۆڤ ناکرێت لەزاتێك بپاڕێیتەوە کە بوونی نییە، گوێبیست نەبێتو بەتوانا نییە، خۆشیشی ناوێیت، لەوە ناپاڕێیتەوەو هانای بۆنابەیت، کەوایە ئەم ئایەتە بنەمایە لەنزا کردندا، هەر فەرمانێك لەقورئاندا واتای واجب بوون ئەگەیەنێ، مەگەر بەڵگەیەك هەبێ پێچەوانەی ئەوە بسەلمێنێت، خوای گەورە دەفەرموویت:(وَقَالَ رَبُّكُمُ ادْعُونِي أَسْتَجِبْ لَكُمْ) (غافر:٦٠)، (ئەی خەڵکینە پەروەردگارتان فەرموویەتی: ئێوە هاناو هاوار بۆمن بهێنن ئەوە من نزاو پاڕانەوەتان گیرا دەکەم)[٢]، واتە خوای گەورە فەرمانی پێکردوین کەلێی بپاڕێینەوە، تەنها لەبەر ئەوەی کەبەدەنگمانەوە بێت.

(وَقَالَ رَبُّكُمُ ادْعُونِي أَسْتَجِبْ لَكُمْ) (غافر:٦٠)، واتە: خودا چاوەڕێمان دەکات کەلێی بپاڕێینەوە، خودا ئەوکەسانەی خۆش دەوێت کەپێداگری لەسەر نزاو پاڕانەوە دەکەن، خودا پێی خۆشە بەندەکەی بۆخاتری پسانی شوێن پەنجەی نەعلەکانیو خوێی خواردنەکەییو سەرجەم پێداویستیەکانی ژیانی خۆی هانای بۆبەرێت،خودا پێی خۆشە نزا بکەینو لێی بپاڕێینەوە، چونکە چاوەڕوانی نزاو پاڕانەوەکانی ئێمەیە بۆخاتری ئەوەی کەبەختەوەرو ساغو سەلامەتمان بکات، هەم لە دونیاداو هەم لەدوا ڕۆژدا.

هەرئەوەشە مانای فەرموودەی خوای گەورە:(وَقَالَ رَبُّكُمُ ادْعُونِي أَسْتَجِبْ لَكُمْ) (غافر:٦٠)، (ئەی خەڵکینە پەروەردگارتان فەرموویەتی: ئێوە هاناو هاوار بۆمن

---

[٢] هەمان سەرچاوە،ل ٤٧٤.

بهێنن ئەوە من نزاو پاڕانەوەتان گیرا دەکەم)[1]، (وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌ - البقرة ١٨٦)، (ئەی موحەممەد (صلی الله علیه وسلّم) ئەگەر بەندەکانم پرسیارت لیٚ بکەن دەربارەی من ئەوە من نزیکم لێیانەوە)[٢]، لەقورئانی پیرۆزدا ئایەتگەلێکی زۆر هەن کەلەنێوان پرسیارو وەڵامدا وشەی (قل – بلیٚ)ی تێدایە (وَيَسْأَلُونَكَ مَاذَا يُنفِقُونَ قُلِ الْعَفْوَ - البقرة ٢١٩)، (پرسیارت لێدەکەن کە چی ببەخشن؟ پێیان بلیٚ: هەرچیان لیٚ زیادە)[٤]،دەیان ئایەتی دیکەش هەن کەهاوشێوەی ئەو ئایەتانەن بەڵام لەم ئایەتەدا لەنێوان پرسیارو وەڵام دا وشەی (بێژە)ی تێدا نییە، واتە ئەی مرۆڤ لەنێوان تۆو خودای تاکو تەنها دا هیچ بژیوانو پەردەیەك هەبوونی نییە.

مەرجەکانی نزاو پاڕانەوەش لەم ئایەتەدا دەردەکەون: (فَلْيَسْتَجِيبُواْ لِي) (البقرة:١٨٦)، (دەبا ئەوانیش بەدەم بانگەوازی منەوە بێنو باوەڕی دامەزراو بەمن بهێنن)[٥]، واتە شوێن ڕێبازی من بکەونو پەیڕەوی من جیٚبەجیٚ بکەن. (وَلْيُؤْمِنُواْ بِي)(البقرة:١٨٦)، (باوەڕی دامەزراو بەمن بهێنن)[٦]، پاش ئەوەی کەباوەڕی تەواو بەمن دەهێنن ئەوا (لَعَلَّهُمْ يَرْشُدُونَ)(البقرة:١٨٦)، (ڕێگای هۆشیاریو ئاگایی بگرنەبەر، بۆبەدەست هێنانی سەربەرزیو سەرفرازی هەردو جیهان)[٧].

---

[١] تەفسیری ئاسان، ل ٤٧٤.
[٢] هەمان سەرچاوە،ل ٢٨.
[٤] هەمان سەرچاوە،ل ٣٤.
[٥] هەمان سەرچاوە،ل ٢٨.
[٦] هەمان سەرچاوە،ل ٢٨.
[٧] هەمان سەرچاوە،ل ٢٨.

لەبەر ڕۆشنایی ئەو ئایەتەدا ئەوە ڕوون دەبێتەوە کەباوەڕهێنان بەهەبوونی خودا یەکەمینی مەرجی نزایە، دووەمیان سەرپێچی نەکردنە لەفەرمانەکانی، ئەوسا دەزانین کەلەبارەی چییەوە پرسیاری لێبکەیتو لێیبپاڕێیتەوە، لەبارەی چاکەی دونیاو دواڕۆژەوە پرسیاری لێدەکەیتو لێشی دەپاڕێیتەوە، (وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌ أُجِيبُ دَعْوَةَ الدَّاعِ إِذَا دَعَانِ فَلْيَسْتَجِيبُواْ لِي وَلْيُؤْمِنُواْ بِي لَعَلَّهُمْ يَرْشُدُونَ) (البقرة:١٨٦)، (ئەی محمد (صلى الله عليه وسلّم) ئەگەر بەندەکانم پرسیارت لێبکەن دەربارەم، ئەوە من نزیکم لێیانەوە، بەهاناو هاواری دوعاگۆییانەوە دەچم هەرکاتێك لێم بپاڕێنەوەو نزا بکەن، دەبا ئەوانیش بەدەم بانگەوازی منەوە بێنو باوەڕی دەمەزراو بەمن بهێنن، بۆئەوەی ڕێگای هۆشیاریو ئاگایی بگرنەبەر، بۆبەدەست هێنانی سەربەرزیو سەرفرازی هەردوو جیهان)[(١)]، هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت:(وَلِلّهِ الأَسْمَاء الْحُسْنَى فَادْعُوهُ بِهَا) (الأعراف:١٨٠)، (هەربۆخوایە ناوە جوانو پیرۆزەکان، جا ئەی ئیمانداران بەوناوانە نزاو دۆعا بکەی هاناو هاوار بۆئەو زاتە بەرن)[(٢)].

خودای مەزن بۆیەکێك لەهۆکارە کاراکانی گیرابوونی نزاکانمان ڕێنوێنی کردوین، خودای مەزن خاوەنی ناوە جوانو پیرۆزەکانە، دانسقەی هەفیازو بالآیە، ئەگەر بڕێك لەکەماڵی خودا لەخۆتدا بەرجەستە بکەیتو بەهۆیەوە لێی نزیك ببیتەوە، ئەوا نزاکانت گیرا دەبن، خودا میهرەبانە، ئەگەر ڕادەیەك لەمیهرەبانی خودا بەدەست بهێنیتو بەهۆیەوە لەهەمبەر بەندەکانیدا میهرەبانی بنوێنیت، ئەگەر چاوتان لەمیهرەبانی من بڕیوە، ئەوا لەبەرامبەر ئافەریدەکانمدا میهرەبانی بنوێنن، چونکە نواندنی میهرەبانی

---

(١) تەفسیری ئاسان، ل ٢٨.

(٢) هەمان سەرچاوە،ل ١٧٤.

لەهەمبەر بەندەکانی خودا یەکێکە لەهۆکارە کاراکانی گیرابوونی نزاکانت، خودای مەزن دادپەروەرە، ئەگەر بەویژدانەوە مامەڵە لەگەڵ بەندەکانیدا بکەیت ئەوا خودا بەهاناتەوە دێتو نزاکانیشت گیرادەکات، هەرئەوەنییە واتاکەی خودای مەزنو باڵا دەفەرمووێت:(وَلِلّهِ الأَسْمَاء الْحُسْنَى فَادْعُوهُ بِهَا) (الأعراف:١٨٠)، (هەربۆخوایە ناوە جوانو پیرۆزەکان، جا ئەی ئیمانداران بەوناوانە نزاو دۆعا بکەی هاناو هاوار بۆئەو زاتە بەرن)[٣]، واتا مامەڵە لەگەڵ یەکدا بکەنو هەوڵ بدەن لەخودا نزیك بنەوە بەهۆی کەماڵێکی وەرگیراو لەکەماڵی خوداوە، بیکەنە ناوبژیوان لەنێوان خۆتانو خودا بۆخاتری ئەوەی بەهاناتانەوە بێتو نزاکانیشتان گیرا بکات، خودای مەزن دەفەرمووێت:(فَادْعُوهُ مُخْلِصِينَ)(غافر:٦٥)، (کەواتە هاناو نزاکانتان ڕوو بەئەو بێت)[٤].

بۆسەلماندنی دڵسۆزی خۆت پێویستە لەدڵەوە نزا بکەیتو لەخودا بپاڕێیتەوە، بەزمانتو تەواوی هەستەکانت نزا بکەیت، لەخودا بپاڕێیتەوەو هانا بۆکەسی دیکە نەبەیت، نزا بکەیتو لەوەش دڵنیا بیت کە ملکەچی خودا بیت، لەخودا بپاڕێیتەوەو باوەڕیشت بەتاکو تەنهایی‌و بێ هاوەڵی ئەو هەبێت، باوەڕیشت بەوە هەبێت کەجڵەوی هەموو شتێك لەدەستی ئەودایە، هەم بەخشەرەو هەمیش بەرگریکارە، شانو شکۆی کەسانێك بەرزدەکاتەوەو هی کەسانێکی دیکەش دەشکێنێت، کەسانێك سەرفراز دەکاتو کەسانێکی دیکەش دووچاری سەرشۆڕی دەکات.

---

[٣] هەمان سەرچاوە،ل ١٧٤.

[٤] هەمان سەرچاوە،ل ٤٧٤٠.

لەفەرمانەكانی خودای مەزنو باڵا:(فَادْعُوهُ مُخْلِصِينَ)(غافر:٦٥)، (كەواتە هاناو نزاكانتان ڕوو بەئەو بێت)[1]، خودای مەزن لەهەندێك ئایەتدا ڕێوشوێنی نزا ڕوون دەكاتەوەو دەفەرمووێت:(ادْعُواْ رَبَّكُمْ تَضَرُّعًا وَخُفْيَةً إِنَّهُ لاَ يُحِبُّ الْمُعْتَدِينَ)(الأعراف:٥٥)، (هاناو هاوار بكەن لەپەروەردگارتان بەپاڕانەوەی بەكوڵ، بەنهێنی لەكاتو شوێنی لەباردا، چونكە بەڕاستی ئەوزاتە دەست درێژكارانی خۆ شناوێتو مەبەست ئەوانەن كەهاناو هاوار بۆغەیری خودا دەبەن)[2].

خودا پێی خۆشە كەكڕنوشی بۆبەریتو گەردنی خۆتی بۆكەچ بكەیت، چونكە ئەگەر وەها كارێك بكەیت ئەوا خودا شانو شكۆت بەرز دەكاتەوەو سەرفرازت دەكات، هەربەو هۆیەشەوەیە كە سەركزانەو گەردن كەچانەو پاڕانەوە لەخوداو كڕنوش بردن بۆی ڕێوشوێنەكانی نزا كردنن، پاداشتی پەرستنی خوداش ئەوەیە كەخودا شانو شكۆی هەركەسێك كەئەو دەپەرستێت بەرز دەكاتەوەو سەرفرازی دەكاتو بەسەر هەركەسێكدا كەبەهێزترە سەری دەخات.

نزا كردن بەدەنگی نزم یەكێكی دیكەیە لەڕێو شوێنەكانی نزاكردن، چونكە ئەگەر بەدڵ لەخودا بپاڕێیتەوە ئەوا بێگومان دەیبیستێت، كاتێك خودای باڵا لەبارەی زەكەریای سەروەرمانەوە دەدوێت، خودای گەورە دەفەرمووێت:(إِذْ نَادَى رَبَّهُ نِدَاء خَفِيًّا)(مريم:٣)، (كاتێك لەپەرستگای خۆیدا هاناو هاواری برد بۆ پەروەردگار بەپەنهانی)[3]، (واتە دەتوانیت بەدڵ لەخودا بپاڕێیتەوەو لێوەكانیشت نەجوڵێنیت، چونكە خودای مەزن دەتبینێتو دەزانێت چی لەنێو دڵتایە، دەشت بینێت، كەواتە

---

(1) تەفسیری ئاسان، ل ٤٧٤٠.
(2) هەمان سەرچاوە،ل ١٥٧.
(3) هەمان سەرچاوە،ل ٣٠٥.

یەکەمین ڕێو شوێنی نزاکردن پاڕانەوەیە، دووەمیشیان نزا کردنە بەدەنگی نزم، بەڵام دەنگ بەرزکردنەوەو دەنگ هەڵبڕین، ئەوانە شتێکن خودا پێویستی پێیان نییە، خودا تەنها دڵێکی گەردن کەچو گوێڕایەڵی لەتۆ دەوێت.

لەبارەی ڕێو شوێنێکی دیکەی نزا کردنەوە خودای مەزن دەفەرمووێت:(وَادْعُوهُ خَوْفًا وَطَمَعًا) (الأعراف:٥٦)، (بەردەوام هاناو هاوار بۆخودا بەرن لەترسی سزای دۆزەخ، واتە پێویستە ترسو ئومێد پێکەوەبن، نەترس بەرەو نائومێدی پەلکێشت بکات، نەئومێدیش وەرت چەرخێنێت بۆ هۆکارێك کەملکەچ بوون بۆفەرمانەکانی خودا دوورت بخاتەوە)[1].واتە پێویستە هەم بەترسەوەو هەمیش بەحەزو خۆشەویستییەوە خودا بپەرستیت، مەرجەکانی نزا لەچەندین ئایەتدا باس کراون، یەکەم: باوەڕت بەبوونی خودا هەبێت، دووەم: لەفەرمانەکانی خودا دەرنەچیت، سێیەم: دڵپاکانە بپاڕێیتەوە، هەروەها بەدەنگی نزم نزا بکەیت، گەردن کەچانە نزا بکەیت، بەترسو ئومێدەوە نزا بکەیتو بپاڕێیتەوە.

ئەم مەرجانەی نزا لەئایەتەکانی قورئاندا باس کراون، بەڵام خودای مەزن هەر میهرەبانە لەهەمبەر ئەو کەسانەشدا کەمەرجەکانی نزایان تێدا بەدی ناکرێتو لەتەنگانەدان، واتە نزاکانیان گیرا دەکات، خوای مەزن دەفەرمووێت:(أَمَّن يُجِيبُ الْمُضْطَرَّ إِذَا دَعَاهُ) (النمل:٦٢)، (ئایا کێیە جگە لەخوای پەروەردگار کەبێت بەهاناو هاواری لێقەوماوو بێ دەرەتانو بێ دالدە)[2].

ئومێد بڕاوانو کەسانێك کەلەتەناگانەدان مەرجەکانی نزا نایانگرێتەوە، خودای مەزن بەدەنگیانەوە دێت نەك لەبەر ئەوەی کەبەهۆی نزاکانیانەوە شایستەن، بەڵکو

---

(1) تەفسیری ئاسان، ل ١٥٧.

(2) هەمان سەرچاوە،ل ٣٨٢.

لەبەر ئەوەی خودا بەهۆی میهرەبانی خۆیەوە بەدەنگیانەوە دێت، خودا نزای ستەم لێکراویش گیرا دەکات، پێغەمبەری ئازیز لەوبارەیەوە دەفەرمووێت:(اتقوا دعوة المظلوم ولو كان كافراً، فإنها ليس بينها وبين الله حجاب)(أخرجه البخاري ومسلم و داود والترمذي والنسائي عن عبدالله بن عباس)، (لەنزای ستەم لێکراو سڵ بکەنەوە تەنانەت ئەگەر بێ باوەڕیش بێت، چونکە لەنێوان ئەوو خوادا هیچ پەردەیەك نییە) (بوخاریو موسلیمو ترمزی لەسەر زاری عەبدوڵای کوڕی عەبباس گێڕاویانەتەوە).

# یاسای ڕزگاربوون

رەوەند شێروان ئەمجەد

# یاسای ڕزگاربوون

﴿فَاسْتَجَبْنَا لَهُ وَنَجَّيْنَاهُ مِنْ الْغَمِّ وَكَذَلِكَ نُنْجِي الْمُؤْمِنِينَ﴾الأنبياء:٨٨. واتە: ئێمەش بەهانایەوە چووین و ڕزگارمان کرد، لەو غەم و پەژارەو تەنگانەیە کە تێی کەوتبوو، بەو شێوەیەش ئیمانداران ڕزگار دەکەین[1].

بنچینەی ڕزگاربوون لە فراوانترین واتاکانیدا ئەوەیە کە خوای بالآدەست دروستی کردووین بۆ ئەوەی میهرەبانی خۆیمان پێ ببەخشێت.

خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿إِلاَّ مَنْ رَحِمَ رَبُّكَ وَلِذَلِكَ خَلَقَهُمْ﴾هود:١١٩. واتە: مەگەر ئەوەی بەزەیی پەروەردگارت گرتبێتیەوە، هەر بۆ ئەو مەبەستەش خوای گەورە دروستی کردوون[2].

ئازادی لە هەڵبژاردندا پێ بەخشیوین، فەرمانی پێ کردووین کە پابەندی بەرنامەکەی بین لە پێناوی سەلامەتی و خۆشگوزەرانیماندا، لەهەمانکاتدا بانگی کردووین بۆ ڕزگاربوون لە فراوانترین مانایدا.

خوای گەورە دەفەرمووێت:

﴿هَلْ أَدُلُّكُمْ عَلَى تِجَارَةٍ تُنجِيكُمْ مِنْ عَذَابٍ أَلِيمٍ (١٠) تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَتُجَاهِدُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ بِأَمْوَالِكُمْ وَأَنفُسِكُمْ ذَلِكُمْ خَيْرٌ لَكُمْ إِنْ كُنتُمْ تَعْلَمُونَ (١١) يَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَيُدْخِلْكُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الأَنْهَارُ وَمَسَاكِنَ طَيِّبَةً فِي جَنَّاتِ عَدْنٍ ذَلِكَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ (١٢) وَأُخْرَى تُحِبُّونَهَا نَصْرٌ مِنَ اللَّهِ وَفَتْحٌ قَرِيبٌ وَبَشِّرْ الْمُؤْمِنِينَ (١٣)﴾الصف:١٠-١٣

واتە: ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! دەتانەوێ مامەڵەیەکتان پێبێژم کە لە ئازارێکی بە ژان ڕزگارتان کا؟ بڕواو بە خواو بە پێغەمبەری ئەو بهێنن بە دارایی و گیانی خۆتان لە ڕای خودا تێبکۆشن " ئەمە بۆ ئێوە باشترە گەر بیزانن، لە گوناهانوو دەبورێ و

[1] تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان،بورهان محمد أمین،چاپی چواردەهەم،٢٠٠٤،ل٣٢٩
[2] تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان،ل٢٣٥

دەتانباتە ناو باغاتێك جۆ باریان بە بەردا دەڕواو خانووی زۆر خۆش و خاوێنتان لە بەهەشتی هەمیشەییدا دەداتیٚ، ئەمە دەستکەوتی گەورەیە، شتی تریش — کە ئێوە حەزی لێدەکەن، یاریدەرانی لە خوداوە و سەرکەوتنێکی نزیکیش، ئەم موژدەیە بە باوەڕدارەکان بدە([1]) !

خوای پاك و بێگەرد دەیەویٚ کە ڕزگار بین لە سزای دونیاوە سزای دواڕۆژ وە بانگمان دەکات بۆی: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اسْتَجِيبُوا لِلَّهِ وَلِلرَّسُولِ إِذَا دَعَاكُمْ لِمَا يُحْيِيكُمْ﴾ الأنفال:٢٤. واتە:ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، بەدەم بانگەوازی خواو پێغەمبەری خواوە بچن کاتێك بانگتان دەکات بۆ بەرنامە و ڕێبازێك کە دەتانژێنێتەوە و ژیانبەخشە ([2]).

بانگماندەکات بۆ ژیان، بۆ ژیانەوەی دڵ، بۆ ژیانی تەواوی، بۆ ژیانێك بمانبات بەرەو بەهەشتێك کە پانتاییەکەی بە ئەندازەی ئاسمانەکان و زەوی یە. بانگی کردووین بۆ ڕزگاربوون، پێشنیازی بۆ کردووین کە بازرگانی لەگەڵدا بکەین بۆ ئەوەی براوە بین، ئەم بازرگانییەش پێویستی بە سەرمایەیەك هەیە، سەرمایەی ئەم بازرگانییەش لە توانای هەموو مرۆڤێکدایە. ئەو سەرمایەیەشی لە باوەڕبوون بە خوای گەورە زیاتر نییە.

تەواوی ئەم گەردوونەش بەڵگەیە لەسەری، تەواوی ئەم گەردوونەش بەرجەستەی ناوە پیرۆزەکانی خوای گەورەو سیفاتە بەرزەکانیەتی، تەواوی ئەم گەردوونە بەڵگەن لەسەر بوونی پەرستراوێکی مەزن، بەخشندەو میهرەبان، هەموو موڵکی ئاسمانەکان و زەوی بەدەستی ئەوە، هەموو کارێك بۆ لای ئەو دەگەڕێتەوە، بۆیە پێویستە

---

([1]) قورئانی پیرۆز وەرگێڕانی هەژار،سازمان دار القران الکریم،چاپی یەکەم،٢٠١٠،ل٥٥٢.

[2] تەفسیری ئاسان,ل١٧٩.

بیپەرستین و پشتی پێببەستین، ئەنجامی ئەم بازرگانیەش سەلامەتی و خۆشگوزەرانییە لە دونیا و دوارۆژدا. بەڵام ئەو پرسیارەی کە لێرەدا دەخرێتە ڕوو: کێ یە ئەو کەسەی کە شایستەی ئەم ئەنجامە نایابانەیە لە بازرگانییەکەیدا؟ لەم بارەیەوە خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿**فَنَادَى فِي الظُّلُمَاتِ**﴾الأنبياء:٨٧. واتە: تا لەناو تاریکایدا هاواری کرد ([1]).

گەورەمان یونس (باشترین سڵاو سەلام لە ئەو و پێغەمبەرەکەمان بێت) ئەم پەیامبەرە بەڕێزە کە لە پڕێکدا خۆی لەناو سکی نەهەنگێکدا بینییەوە، هیوای بە ڕزگاربوون نەبوو، بەڵام خودای گەورە دەیەوێ وانەیەکی پڕ مانامان فێربکات، ئەم وانەیە بە واتای ئەوە دێت ئەی ئیمانداران ئەگەر چی وابزانیت بەڵاکە گەورەیە ئەو بەڵا گەورەیەش بەدی دێت، هیوای ڕزگاربوونیش نەمابێت، ئەوە خودای گەورە هەموو شتێکی بەدەستە، پەیامبەرێکی بەڕێز خۆی لەناو سکی نەهەگێکدا بینییەوە.
خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿**فَنَادَى فِي الظُّلُمَاتِ أَنْ لا إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ سُبْحَانَكَ إِنِّي كُنتُ مِنْ الظَّالِمِينَ**﴾ الأنبياء:٨٧. واتە: تالەناو تاریکایدا هاواری کرد: لە غەیرە تۆ هیچ خودایەك شك نابەم، پاکی و بێ عەیبی بۆ تۆیە، من لە ڕیزی ناحەقان بووم ([2]). زاناکان دەڵێن: ستایش پاڕانەوەیە، چۆن بانگی خوای خۆی کرد؟
فەرمووی: ﴿**لا إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ سُبْحَانَكَ إِنِّي كُنتُ مِنْ الظَّالِمِينَ**﴾ الأنبياء:٨٧. لەناو سکی نەهەگدا بە بۆچوونی مرۆڤ هیچ هیوایەك نەماوە، خودای گەورە دەفەرمووێ: ﴿**فَاسْتَجَبْنَا لَهُ وَنَجَّيْنَاهُ مِنْ الْغَمِّ**﴾الأنبياء:٨٨. واتە: ئێمەش بە هانایەوە چووین و ڕزگارمان کرد، لەو غەم و پەژارەو تەنگانەیە کە تێی کەوتبوو ([1]).

---

[1] قورئانی پیرۆز "وەرگێڕانی هەژار"،ل٣٢٩

[2] قورئانی پیرۆز "وەرگێڕانی هەژار"،ل٣٢٩

[1] تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان، ل٣٢٩

خودای گەورە چیرۆکێکمان بۆ دەگێڕێتەوە کە ڕوویداوە، بۆ ئەوەی بە هەڵەدا نەچین کەوا ڕوویداوەو ڕوونەداتەوە، خودای گەورە لە کۆتاییەکی ناوازەدا لەسەر ئەم چیرۆکە نایابەی کە کردی بەیاسایەك کەوا شایەنی هەموو ئیماندارێك بێت دەفەرمووێ:
﴿**وَكَذَلِكَ نُنْجِي الْمُؤْمِنِينَ**﴾ الأنبياء:٨٨. واتە: بەو شێوەیەش ئیمانداران ڕزگار دەکەین.

کەواتە: ڕزگاربوون مافی هەموو ئیماندارێکە کە پابەندە بە فەرمانی خوای بالاّدەست، کاری چاك دەکات و خۆی بۆ یەکلایی کردۆتەوە.

ئەم ئایەتە ئاماژە بە سەرنجێکی ورد دەکات کە خودای گەورە کاتێ چیرۆکێکمان بۆ دەگێڕێتەوە بە تەنها ئامانج لێی زانینی ڕووداوەکە نییە کە ڕوویداوە، بەڵکو ئامانجە گەورەکە ئەوەیە کە ئەو چیرۆکە ببێت بەیاسایەك و بەرنامەیەك بۆمان.

هەربۆیە لە هەندێك لە چیرۆکەکان خودای گەورە بەشێکی زۆریان باسناکات، وە هەندێکیش دەیانەوێ ئەم وردەکاریانە بزانن، لە ڕاستیدا کاتێك خودای گەورە شتێك باسناکات پێویستە پرسیار نەکەین لەبارەیەوە لەبەر دانایی و ژیریەکی زۆر مەزن، خودای گەورە دەیەوێت ئەم چیرۆکانە نموونەی دووبارە کراوبن و چیرۆکێك نەبن ڕوویدابێ و ڕوونەداتەوە، خودای گەورە چاوەڕوانی ئەوەمان لێدەکات کە داوای ڕزگاربوونی لێ بکەین.

لەبەرئەوە خودای گەورە دەفەرمووێ: ﴿**وَلَقَدْ نَادَانَا نُوحٌ فَلَنِعْمَ الْمُجِيبُونَ (٧٥) وَنَجَّيْنَاهُ وَأَهْلَهُ مِنْ الْكَرْبِ الْعَظِيمِ (٧٦)**﴾ الصافات:٧٥-٧٦، واتە:بێگومان نوح هاناو هاواری بۆ هێناین، ئێمەیش چاکترین فریاد ڕەسێك بووین کە بەهاناو هاواریەوە چووین، خۆی و کەسوکاری باوەڕداریمان لەتەنگانە گەورەکە ڕزگار کرد ([1]).

هەڵوێستەکانی پێغەمبەران پێشەنگن بۆ ئێمە، بۆیە ئێمە کاتێ دەبینین پەیامبەرێکی بەڕێز بانگی پەروەردگار دەکات، داوای ڕزگاربوونی لێ دەکات، پێویستە ئێمەش ئاوا داوای ڕزگاربوون لە خودای گەورە بکەین لە هەموو خەمێك، لە هەموو

---

[1] تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان ل٤٤٦

تەنگانەیەك، لەهەموو كێشەیەك، لێرەوە پاڕانەوە شوێنێكی گەورەی هەیە لە ئیسلامدا لەبەر فەرمایشتی خوای گەورە: ﴿وَجَعَلْنَا ذُرِّيَّتَهُ هُمُ الْبَاقِينَ﴾الفرقان:٧٧.

واتە: تۆ ئەی محمد(ﷺ) پێیان بڵێ:(خەڵكینە) پەروەردگارم هیچ گوێتان پێ نادات و نرختان بۆ دانانێت، ئەگەر دوعا و نزاو خواپەرستیتان نەبێت كەچی زۆربەتان هەر پێغەمبەر و قورئانتان بەدرۆزانی ئەگەر بەردەوام وابن، ئەوا سزاو تۆڵەی خوایی لە ئایندەدا یەخەتان پێ دەگرێت لە كۆڵتان نابێتەوە([2]).

مرۆڤ كاتێك داوا لە خوای گەورە دەكات ئەوە باوەڕی بە بوونی خودا هەیە، باوەڕی وایە كە گوێبیستیەتی و خودای گەورە دەتوانێ داواكەی جێ بەجێبكات باوەڕیشی وایە كەوا خودای گەورە خۆشی دەوێت.

خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَضَرَبَ اللَّهُ مَثَلاً لِلَّذِينَ آمَنُوا امْرَأَةَ فِرْعَوْنَ إِذْ قَالَتْ رَبِّ ابْنِ لِي عِنْدَكَ بَيْتاً فِي الْجَنَّةِ وَنَجِّنِي مِنْ فِرْعَوْنَ وَعَمَلِهِ وَنَجِّنِي مِنْ الْقَوْمِ الظَّالِمِينَ﴾ التحريم:١١. واتە: هەروەها خوا نموونەی هێناوەتەوە بە هاوسەرەكەی فیرعەون بۆ ئەوانە كە باوەڕیان هێناوە، كاتێك وتی: پەروەردگارا لەلای خۆت لە بەهەشتداماڵێكم بۆ دروست بكە (تا بەردەوام بە دیدارت شادببم) و لەدەست فیرعەون و كارو كردەوەی ڕزگارم بكە و لەدەست ئەم قەومە ستەمكارەش دەربازم بكە([1]).

خودای گەورە لە پاڕانەوەكانی لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرمووێت: ﴿رَبَّنَا لا تَجْعَلْنَا فِتْنَةً لِلَّذِينَ كَفَرُوا﴾الممتحنة:٥. واتە: پەروەردگارا مەمانكە بە مایەی گومڕا بوون بۆ ئەوانەی بێ باوەڕبوون ([1]).

كاتێ موسڵمان كەمتەرخەمە، پەیڕەوی بەرنامەكەی خوای گەورە ناكات، دوا دەكەوێت، ئەگەر ناموسڵمانێك ببینێ دواكەتووە واتە پێویستی بە هۆكاری بەهێزكردن هەیە بۆ سەركەوتن لە ژیاندا، وا گومان دەبات ئەمە كاریگەری ئاینەكەیەتی خۆی لا پەسەندتر دەبێت، ئەم ئاینە گەورەیە ڕەتدەكاتەوە، بۆیە هەر موسڵمانیك لە قولەو

---

[2] تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان،ل٣٦٦

[1] تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان،ل٥٤٨

قەلأیەکی ئیسلام دایە، پێویستە هیچ کەسێك لە ڕێگەی ئەوەوە دزە نەکات و لاوازییەکان نەبینیێتەوە،بۆیە مرۆڤ کاتێك فەرمانی خودای گەورە جێبەجێ دەکات و پێوەی پابەند دەبێت، دەبێتە نموونەیەکی بالأ.

بەلأم کاتێك کەمتەرخەمی دەنوێنێ لە پەرەستنی پەروەردگاریدا و لە بەئەنجامگەیاندنی بەرنامەکەیدا، گیرۆدە دەبێت بە چەندەها کێشەوە، دەبێتە مایەی خۆشحالّی بی باوەڕان، بێ باوەڕان کاتێك کۆمەڵگای ئیسلامی دەبینن کە دواکەوتوو کەمتەرخەمن و گیرۆدەی چەندەها کێشەی جیاوازن، ئەم دواکەوتنە پەیوەست دەکەن بەم دینە گەورەیەوە، هەر بۆیە دلّخۆش دەبن بە ڕێبازی خۆیان و دووری لە خوای گەورە و ئەو کەمتەرخەمیەی کە پەیڕەوی دەکەن ئەم ئاینە تۆمەتبار دەکەن بەوەی کە هۆکارە بۆ دواکەوتن.

پێویستە مرۆڤ داوای ڕزگاربوون بکات کاتێك لەشساغە بەلأم هەموو مرۆڤێك هەرکەسێك بێت کاتێك تووشی ناڕەحەتی دەبێت دەگەڕێتەوە بۆ لای خوای گەورە و بە توانا، بەلأم ئازایەتی لەوەدایە لەکاتی خۆشیدا بیناسی.

هەموو مرۆڤیك کە تووشی ناخۆشی دەبێت هەر ڕوودەکاتە خودای گەورە، بەلّام ئەگەر ئەو کەسە خاوەنی باوەڕێکی لاواز بێت، ئەگەر ناخۆشیەکەی لەسەر هەلّبگیرێت دەگەڕێتەوە دۆخی جارانی، ئەمە شتێکە هەموو مرۆڤێك دەیکات، بەلأم ئازایەتی مرۆڤی موسلّمان ئەوەیە کە لەگەلّ خوای گەورەدایە لەخۆشی و ناخۆشیدا، لە هاتن و لە چوونی دونیادا، لە لەشساغی و لە نەخۆشیدا، ئەمە لە سیفەتی ئیماندارە کە داوای ڕزگاربوون لە خوای گەورە دەکات کە لە خۆشگوزەرانیدایە.

بەلّام لەکاتی ناخۆشیدا هەموو مرۆڤێك داوای ڕزگاربوون لە خوای گەورە دەکات بەلّام لەوانەیە بگەڕێتەوە دۆخی جارانی دوای ئەم داواکردنە.

# یاسای بە فیڕۆچوونی کارەکان

رەوەند شێروان ئەمجەد

## یاسای بە فیڕۆچوونی کارەکان:

مرۆڤ لە دونیادا تووشی زۆر نەخۆشی دەبێت، پێغەمبەر (درودو سەلامی خوی لەسەر بێت) ڕایگەیاندووە کە بۆ هە موو دەردێك دەرمانێك هەیە، ئەم نەخۆشیە زۆرانە چارەسەری سەرکەتوویان هەیە و شیفا بەخشن، بەڵام هەندێك نەخۆشی بە ئازار هەن کەوا کوشندەن، هەروەها هەندێك نەخۆشی ئاڵۆز هەن کە ئەم نەخۆشیانە مەترسیدارن، کۆتایی بە ژیانی مرۆڤ دەهێنن.

جیاوازیەکی زۆر هەیە لە نێوان نەخۆشیەکی لە ناکاو کە دەرمان و چارەسەری هەیە لەگەڵ نەخۆشیەك کە کۆتایی بە ژیانی مرۆڤ دێنێ، ئەم نموونەیە دەستپێکی ڕاستیەکی مەترسیدارە.

کارێکی زۆر هەن کە مرۆڤ دەیانکات، هەندێکیان خودای گەورە وەریدەگرێت و هەندێکی دیکەش وەرناگرێت، بەڵام ئەو کارانەی کە خودای گەورە وەریناگرێت جێی ڕەزامەندی خودای گەورە نییە، لەوانەیە ئیماندار تۆبەی لێ بکات و ڕەنگە پەشیمان بێتەوە، بەڵام هەندێك کار هەن لێکچوون لەگەڵ نەخۆشییە دژوارەکان کۆتای بە هەموو کارەکان دەهێنێ. هەموو پەرستنەکان ڕەتدەکەنەوە، ئەم کارانە زانایان ناویان لێناون (بەفیڕۆدەرەکان).جموجۆڵت لە ژیاندا، پەرستشەکانت، نوێژەکانت، ڕۆژووت، حەجت، زەکاتت، ئایا دەگونجێ بە فیڕۆ بچن؟ ڕەتبکرێتەوە؟

پێغەمبەر(درودو سەلامی خودای لەسەر بێت) دەفەرمووێ: ﴿لأَعْلَمَنَّ أَقْوَامًا مِنْ أُمَّتِي يَأْتُونَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ بِحَسَنَاتٍ أَمْثَالِ جِبَالِ تِهَامَةَ بِيضًا فَيَجْعَلُهَا اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ هَبَاءً مَنْثُورًا)

قَالَ ثَوْبَانُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ صِفْهُمْ لَنَا، جَلِّهِمْ لَنَا أَنْ لاَ نَكُونَ مِنْهُمْ وَنَحْنُ لاَ نَعْلَمُ، قَالَ:(أَمَا إِنَّهُمْ إِخْوَانُكُمْ وَمِنْ جِلْدَتِكُمْ وَيَأْخُذُونَ مِنَ اللَّيْلِ كَمَا تَأْخُذُونَ وَلَكِنَّهُمْ أَقْوَامٌ إِذَا خَلَوْا بِمَحَارِمِ اللَّهِ انْتَهَكُوهَا ﴾ سنن ابن ماجة. واتە:پێم ڕاگەیاندراوە لە ڕۆژی دواییدا چەند كۆمەڵی نەتەوەكەم دێن كە چاكەكانیان بە ئەندازەی كێوی تهامە سپین وەكو تەپ و تۆز پەرش و بڵاو دەبن و دەچن بە هەوادا، (ثوبان) وتی: ئەی پێغەمبەری خودا پەسنی ئەوانەمان بۆ بكە، بۆمان ڕوونبكەرەوە بۆ ئەوەی لەوان نەبین، لەكاتێكدا بەخۆمان نازانین، فەرمووی ئەوانە برای ئێوەن و لە ئێوەن، بەشێك لە شەو نوێژ دەكەن هەروەك ئێوە دەیكەن، بەڵام گەلانێكن ئەگەر دەرفەتیان بۆ هەڵكەوت دەست دەبەن بۆ قەدەغەكراوەكانی خودای گەورە كەواتە هەندێك كار پووچ دەبنەوە، ئەمەش هەندێ لەو كارانەیە

خودای گەورە دەفەرموویت ﴿وَمَنْ يَكْفُرْ بِالإِيمَانِ فَقَدْ حَبِطَ عَمَلُهُ﴾ المائدە:٥ واتە: جا ئەوەی باوەڕی بێت بە شەرعی خواو لەم حەرامانە خۆی نەپارێزێت، ئەوە ئیتر هەموو كارو كردەوە چاكەكانیشی پووچ دەبێتەوە([1]).

مرۆڤێك باوەڕ بە خوداهێنان ڕەتدەكاتەوە، ڕەتی دەكاتەوە كەوا باوەڕ بە ڕۆژی دوایی بهێنێ، بڕوای بە دونیایە كردویەتی بە كۆتایی هیواكانی، وێستگەی بە جێهێشتنی، ئەمە باوەڕهێنانە بە دونیا و پشتكردنە لە دواڕۆژ، پشت دەكات لە بەهاكانی ئیمان، لەبەهەكانی بەردەوامبوون، ئەم هەڵوێستی ڕەتكردنەوەی دینە دەبێتە هۆی بە فیڕۆچوونی كارەكانی، واتە هیچ نرخێكی نییە هیچ كێشێكی نییە لە دواڕۆژدا.

[1] تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان،ل١٠٧

بەڵکو لەوانەیە ئەم کارە ببێتە مایەی دەردەسەری هەمیشەیی بۆی کاتێك مرۆڤ هەر لە بنەڕەتەوە باوەڕو ملکەچ بوون بۆ بەرنامەکەی خودا ڕەتدەکاتەوە، هەر لە بنەڕەتەوە ڕەتیدەکاتەوە بەڕاستی لەسەر فەرمانی خودا بێت، ئەم ڕەتکردنەوە گشتگیرە بۆ ڕاستیەکانی باوەڕ، لە وردەکارییەکانی باوەڕهێنان بەتاك و تەنهایی ملکەچی بۆ کراو "الدیان" (ناوێکە لە ناوەکانی خوای گەورە) هەموو کارێکی ڕاست رەتدەکاتەوە کە خاوەنەکەی بە کاری باشی تێبگا، لەبەر ئەوەی بۆ خودای گەورە نییە و یەکناگرێتەوە لەگەڵ سوننەتی نێردراوی خودا.

کارێکی دیکە لە بەفیڕۆدەرەکان بەدرۆخستنەوەی ئایەتەکانی خواو بێ باوەڕی بە دواڕۆژو خوای گەورە فەرموویەتی ﴿**وَالَّذِينَ كَذَّبُوا بِآيَاتِنَا وَلِقَاءِ الآخِرَةِ حَبِطَتْ أَعْمَالُهُمْ**﴾ الأعراف:١٤٧، واتە: جا ئەوانەی کە ئایەت و فەرمانەکانی ئێمەو بەیەکگەیشتنەوەیان لە دواڕۆژدا بەدرۆزانی، ئەوانە هەموو کارو کردەوەکانیان پووچ و بێنرخ و بێسوود بوو[1].

چەندین بەڵگەی گەورە هەن گوزارشت لە گەورەیی خودا دەکەن، ئەم گەردوونە بەهەموو وردەکاریەکانییەوە زمانحاڵە بۆ هەبوون و تاك و تەنهایی و تەواوی خودای گەورە.ئەم ئایەتانە پێکهێنەری کردارەکانی خودای گەورەن، ئەو ئایەتە قورئانیانە" قسەی خودای گەورەن، ئەم ئایەتانە نیشانەو ڕێنیشاندەرن بۆ گەیشتن بە ناسینی خودای گەورە، کاتێك مرۆڤ بێ باوەڕ دەبێت پێیان و بایەخیان پێ نادات و بەدرۆیان دەخاتەوە، بەڵکو گاڵتەی پی دێ کارەکانییەکناگرێتەوە لەگەڵ بەرنامەکەی خودای گەورە.

---

[1] تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان،ل١٦٨

کارەکەی بەپێی بەرژەوەندییەکان و سروشت و ئارەزووەکانی دەبێت، لەسەر بنەمای ئازاردانی کەسانی تر، یان لەسەر بنەمای ڕووتانەوەی ماڵ و سامانیان بێت، یان لەسەر دەستدرێژی بۆ ناموسیان بێت، لەبەرئەوەی ئەم بۆچوونە هەموو کارێك تێك دەدات، دەبێتە هۆکارێك بۆ بەدبەختی مرۆڤ لە دونیاو دواڕۆژدا.

کارێکی دیکە لەو کارانەی کە بەفێرۆدەرن بەڵام مەترسیدارە، ڕق بوونەوەیە لە قورئان هەروەك خودای گەورە دەفەرمووێت ﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّـهُمْ كَرِهُوا مَا أَنزَلَ اللَّهُ فَأَحْبَطَ أَعْمَالَـهُمْ﴾ محمد:٩. واتە: ئا ئەوە بەهۆی ئەوەوەیە بێگومان ئەوان ڕقیان لەقورئان بۆتەوە، حەزیان لەبەرنامەی خودا نەبووە جا خوایش کارو کردەوەکانی پووچ کردنەوە[2]

ئەو دەقانەی بەدڵ نەبوو کە دەیگەیەنێ بەخودا،حەرامکردنی سووی بەدڵ نەبوو، حەرامبوونی تیکەڵاوی بە دڵ نەبوو، حەرامبوونی کارە خراپەکانی کۆمەڵگەی بەدڵ نەبوو، ئەو حەرامکراوانە بە کۆسپ دابنێ کە لای ئەو پاکانەو پاساوی نییە، لەوەش تێناگات کە ئەم حەرامکراوانە ئارامی وئاسایش و هێمنی مرۆڤ دەستەبەر دەکەن، بەڵکو بە کۆت و بەندی ئازادییەکانی تێبگا، بۆیە ئاوات دەخوازێ کە هەر نەبن، خۆشی لێ دەدزێتەوە و گوێشی پێنادات و پێوەی پابەند نابێت.

کاتێ مرۆڤ ڕقی لەبەرنامەکەی خودای گەورە دەبێت، کاتێك مرۆڤ ڕقی لە ئامۆژگارییەکانی کردگار دەبێت، بەڵکو کاتێك ڕقی لەوە دەبێتەوەو وا دەزانێ کۆت و بەندی ئازادییەتی و لە کاتێکدا ئەو شتانە لە ڕاستیدا ئاسایشی ئەو دەستەبەر دەکەن لەوەی کارەکەی بە فیڕۆبچێ.

---

[2] تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان،ل٥٠٧

بەتەواوی وەك ئەوەی ئەگەر مرۆڤێك بەسەر زەوییەكی تەختدا بڕوات، تابلۆیەك بەدیبكات و لەسەری نوسرابێت: سەرپێچی قەدەغەیە، كێڵگەی مینە، ئایا مرۆڤی هۆشیار هەستدەكات ئەوەی كە ئەم تابلۆیەی داناوە دەیەوێ سنوور بۆ ئازادی ئەو دابنێ؟

نەخێر، بەڵكو دانەری ئەم تابلۆیە دەیەوێت سەلامەتی ئەو دەستەبەر بكات، ئەگەر نا ڕووبەڕووی ڕێگای مین دەبێتەوە.

كەواتە كاتێك لەوە تێبگەین كە فرمانەكانی خوای گەورە، وە قەدەغەكراوەكانی سەلامەتیمان دەستەبەر دەكەن و سنورێك نین بۆ ئازادیمان ئەوا ئێمە تێگەیشتووین، یەكێك لە گەورەترین چاكەكان ئەوەیە كە مرۆڤ تێگەیشتوو بێت لە دین.

هەڵوەشێنەرەوەیەكی كە لە هەڵوەشێنەرەوەكانی كردەوە، شوێن كەوتنی شت گەلێكە خەشمی خوا دەهێنێ، یاخود حەز بە ڕەزامەندی ئەو ناكەن، هەروەك خودای گەورە دەفەرمووێ: ﴿**ذَلِكَ بِأَنَّهُمُ اتَّبَعُوا مَا أَسْخَطَ اللَّهَ وَكَرِهُوا رِضْوَانَهُ فَأَحْبَطَ أَعْمَالَهُمْ**﴾محمد:٢٨، واتە: ئەو سوكایەتی سەرەمەرگە بۆیە بەسەریاندا دێت، چونكە ئەوانە شوێنی ئەو شتانە كەوتبوون كە قین و خەشمی خودا دەبزوێنێت ئەوانە بێزاربوون لە ڕەزامەندی خوا، خواش كاروكردەوەكەیانی پووچ و بێ ئاكام كرد([1]).

كاتێك مرۆڤ لەسەر ئەو كارانە دەڕوات كە خوای گەورە توڕە دەكەن، كاتێ دەڕوات بۆ ئەوەی ئازاری بەندەكانی خوا بدات، دەڕوات بۆ ئەوەی تینوێتی لەزەت و

---

[1] تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان،ل٥٠٩

خووەکانی بشکێنێ لەسەر ئەستۆی ماف کەسانی تر، کاتێ دەستدرێژی دەکاتە سەر ناموسیان کاتێماڵیان بەتاڵان دەبات، کاتێك شتێك دەبات کە هی ئەو نییە.

ئەم جووڵانەوەیەی لەسەر بنەمای دوژمنایەتی و هەڕەشەکردنە، ئەم جۆرە بزوانە ئەو کارانەی پووچ دەکەنەوە کە بەلای خەڵکیەوە باشن، ئەو کارانەی کە لەسەر بنەمای بەتاڵانبردنی سامانی کەسانی تر و دەستدرێژی کردنە سەر ناموسیان بەدەست هاتووە، لەوانەیە کارێك بکات کە خەڵکی بەباشی دەزانن، کارەکانی کە خەڵکی پێیان وایە باشن دەڕوخێن، هیچ نرخێکی نابێت، بە گشتی هیچ سەنگێکیان نابێت لای خودا، لەبەرئەوەی جووڵاندنەوەی لە ژیاندا لەسەر بنەمای دەستدرێژی بووە لەسەر ماڵی خەڵکی یان لەسەر ناموسیان، بەڵام پووچکەرەوەی گەورە هاوەڵدانانە بۆ خودای گەورە، لەبەر ئەوەی خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلَقَدْ أُوحِيَ إِلَيْكَ وَإِلَى الَّذِينَ مِنْ قَبْلِكَ لَئِنْ أَشْرَكْتَ لَيَحْبَطَنَّ عَمَلُكَ وَلَتَكُونَنَّ مِنْ الْخَاسِرِينَ﴾ الزمر:٦٥. واتە: سوێند بەخوا باڵئاگادار بن کە وەحی و نیگا بۆ تۆ و ئەوانەی پێش تۆش، ئەگەر هاوەڵگەربیت و شەریك بۆ خوا بڕیاربدەیت کارو کردەوە چاکەکانیشت پووچە و دەچیتە ڕیزی خەسارەتمەندو زەرەرمەندانەوە([2]).

---

[2] تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان،ل٤٦٥

# یاسای جێنشینی

حەیدەر حەمەسور مستەفا

# یاسای جێنشینی

خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا فەرموویەتی: ﴿ وَعَدَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنْكُمْ وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَيَسْتَخْلِفَنَّهُمْ فِي الْأَرْضِ كَمَا اسْتَخْلَفَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ ﴾ (النور: ٥٥) واتە:(بێگومان خوا بەو کەسانەتان کە بڕوایان هێناوەو کارە جوانەکانیان ئەنجامداوە، بەڵێنی دا لەم زەمینەدا بیانکا بەجێنشین و، کلیلی دەسەڵاتداری دنیایان تەسلیم بکا. واتە بیانکا بەخەلیفەی ڕوی زەوی، هەروەك چۆن موسڵمانانی پێش ئەوانی کردە جێنشین).[1]

﴿ كَمَا اسْتَخْلَفَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ ﴾ ئەوە یاسایەکی خواییە.﴿ وَلَيُمَكِّنَنَّ لَهُمْ دِينَهُمُ الَّذِي ارْتَضَى لَهُمْ وَلَيُبَدِّلَنَّهُمْ مِنْ بَعْدِ خَوْفِهِمْ أَمْنًا ﴾ (النور: ٥٥) (ئەو دین و ئاینەش خوا خۆی بۆی پەسەند کردوون، ڕیشە دارو سەقامگیرو دامەزراو دەکا بۆیان، ترس و بیمەکەشیان بۆدەگۆڕێ بە ئارامی و ئاسودەی).[2] ڕاستییەکی تاڵ هەزار جار باشترە لە خەیاڵ پلاوی و ئاسودەییەك کە تەنها خەیاڵ بێت. ئایا ئێمە جێنشینین لە زەویدا؟ نا بەخوا، ئایا ئێمە پەسەندو دامەزراوین؟ نا بەخوا، ئایا ئێمە ئارام و ئاسودەین؟ نابەخوا، ئەمە بەڵێنەکانی زەوی و ئاسمانەکانە، تێکچونی گەردوون لە لای خوا ئاسانترە لە وەی کە بەڵێنەکانی بۆ ئیمانداران نەهێنێتەجێ، چەند بەڵێنێکی تریش هەیە لەوانە خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ وَكَانَ حَقًّا عَلَيْنَا نَصْرُ الْمُؤْمِنِينَ ﴾ (الروم:

---

[1] تەفسیری ڕامان لە ماناو مەبەستەکانی قورئان ،ئەحمەد کاکە مەحمود، چاپی چوارەم،ل: ٥٨٦ .

[2] هەمان سەرچاوە، ل : ٥٨٦ .

٤٧) واتە:(سەرخستن و یارمەتی دانی باوەڕ دارانیش مافێکە لە سەر خۆمان واجبمان کردووە).[3]

هەروەها دەفەرمووێت: ﴿ وَإِنَّ جُنْدَنَا لَهُمُ الْغَالِبُونَ ﴾ (الصافات: ١٧٣)، واتە:(بێگومان هەر لە شکری خوا زاڵ و سەرکەوتووە بەسەر دوژمناندا)[4]، لە ئایەتێکیتردا دەفەرمووێت: ﴿ إِنَّا لَنَنْصُرُ رُسُلَنَا وَالَّذِينَ آمَنُوا فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا ﴾ (غافر: ٥١)، واتە:(بێگومان ئێمە یارمەتی پەیامبەرانمان و ئەوانەش بڕوایان هێناوە دەدەین، لە ژیانی دونیادا و بەسەر دوژمنانیاندا سەریان ئەخەین). [5]

چی بکەین بۆ ئەم بەڵێنەی خوای زەوی و ئاسمانەکان؟ وەك دەزانن، جارێکی تر دووبارەی دەکەمەوە تێکچونی گەردون لای خوا ئاسانترە لەوەی  کە ئەگەر ئەو بەڵێنانەی بەئیمانداراانی داوە نەیەتە جیّ.

## مەرجەکانی جێنشینی چییە؟

﴿ وَعَدَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنْكُمْ وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَيَسْتَخْلِفَنَّهُمْ فِي الْأَرْضِ كَمَا اسْتَخْلَفَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ وَلَيُمَكِّنَنَّ لَهُمْ دِينَهُمُ الَّذِي ارْتَضَى لَهُمْ وَلَيُبَدِّلَنَّهُمْ مِنْ بَعْدِ خَوْفِهِمْ أَمْنًا ﴾ (النور: ٥٥)، واتە:(بێگومان خوا بەو کەسانەتان کە بڕوایان هێناوە و کارە جوان و چاکەکانیان ئەنجامداوە، بەڵێنی دا لەم زەمینەدا بیانکا بەجێنشین و، کلیلی دەسەلاّتداری دنیایان تەسلیم بکات، واتە بیانکات بەخەلیفەی ڕوی زەوی، هەروەك چۆن موسڵمانانی پێش ئەوانی کردە جێنشین. ئەو دین و ئاینەش خوا خۆی بۆی

---

(3) هەمان  سەرچاوە، ل : ٦٦٢ .

(4) هەمان سەرچاوە، ل :  ٧٢٥ .

(5) هەمان سەرچاوە ، ل: ٧٥٤  .

پەسەند کردوون، ڕیشەدارو سەقامگیرو سابت و دامەزراو دەکا بۆیان، ترس و بیمە کەشیان بۆدەگۆڕێ بە ئارامی و ئاسودەیی).[١]

خوا دەفەرمووێت: ﴿ يَعْبُدُونَنِي ﴾ (النور: ٥٥)، واتە:(تەنها من بپەرستن)[٢]. وەك ئەوەی ئەم بەڵێنە گەورەو بەڕێزە لەلای خوای زەوی و ئاسمانەکان نرخ و بەهای خۆی هەیە، نرخ و بەهاکەی ئەوەیە کە موسڵمانان پەرستش و بەندایەتی بۆ خوا بکەن بە شێوەیەك کە شایستە بێت بۆ خوا، ئەو بەندایەتییە بێت کە خوا فەرمانی پێکردووە، یان ملکەچبێت بۆ بەرنامەی خوا بەهەموو وردەکاری بەشەکانییەوە.

جا ئەگەر بەندەی خوا ئەم بەڵێنە گەورانەی بەڕاست زانی جێبەجێی کردن، ئەوا کێشەو ئاریشەکانی موسڵمانانی پێ چارەسەر دەکرێت. بەندایەتی کردن بۆ خوای باڵادەست ئەوەیە کە ملکەچبیت بۆ تێکڕای بەرنامەکەی خوا، بەڵکو ئەم بەرنامەیە لەپەیوەندی خێزانەکانەوە دەستپێدەکات و بەپەیوەندییە نێو دەوڵەتییەکان کۆتایی دێت، بەرنامەیەکی تێر و پڕە ﴿ يَعْبُدُونَنِي ﴾، بەندایەتی و پەرستش گوێڕایەڵییەکی خۆرسکی پڕ خۆشەویستییە، ئاوێتە بووە بەخۆشەویستی دڵ، بنچینەکەی ناسینێکی گومان هەڵنەگرو پڕ دڵنیاییەو ئەتبات بۆ ئاسوودەییەکی هەمیشەیی، جا ئەگەر بەندە دوورکەوتەوە لە جێبەجێکردنی ئەوەی کە لە سەریەتی ئەوا خوای گەورە هەر سێ بەڵێنە مەرجدارەکەی ناهێنێتەدی.

یاسای جێنشینی لە زەویدا بریتییە لە بەندایەتی کردنمان بۆ خوا، ئەوبەندایەتییەی کە خوا دەیەوێت، ئایەتێکی قورئانی پیرۆزمان هەیە کە تیشك دەخاتە سەر ناوەڕۆکی ئەم یاسایە (یاسای جێنشینی) خوای گەورە لە قورئانی

---

[١] تەفسیری ڕامان سەرچاوەی پێشوو،ل: ٥٨٦.

[٢] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل : ٥٨٦ .

پیرۆزدا دەفەرموویت: ﴿ فَخَلَفَ مِنْ بَعْدِهِمْ خَلْفٌ أَضَاعُوا الصَّلَاةَ وَاتَّبَعُوا الشَّهَوَاتِ فَسَوْفَ يَلْقَوْنَ غَيًّا ﴾ (مريم: ٥٩)، واتە:(جا لەدوای ئەوان کەسانی لاساری نەشیاو بوونە جێگریان، ئەوسا نوێژەکانیان زایە کردوو بەلایانەچوون. وەیان زۆر خاوو سست بوون تێیدا، شوێن ئارەزوو نەفسی خۆیان کەوتن، ئەوانە توشی ئازارو زیان دەبن دەگەن بە تۆڵەی سەر لێشێواویان لە دنیاو ئاخیرەتدا)[١].

زانایان ڕوونیانکردۆتەوە کەواز هێنان لە نوێژ شتێکەو، فەوتاندتی نوێژ شتێکی ترە، بەڵکو واتای بەتاڵکردنەوەیەتی لە ناوەڕۆکدا، بەڕاستی موسڵمانان توشی ئەم سەر لێشێواوییە بوون.

خوای گەورەلە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموویت:﴿ يَوْمَ لَا يَنْفَعُ مَالٌ وَلَا بَنُونَ*إِلَّا مَنْ أَتَى اللَّهَ بِقَلْبٍ سَلِيمٍ ﴾ (الشعراء:٨٩،٨٨)، واتە:(ئەو ڕۆژەی کە نەماڵ و سامان فریای ئادەمیزاد دەکەوێت نە منداڵ و نەوەکانی، بەڵکو تەنها ئەوانە سەر فرازن کە بەدڵێکی پڕ لە ئیمان و دەرونێکی سالامەت و بەدوورن لە شیرك و ڕیا ئامادە دەبن لە بەردەم دادگای خوای گەورەدا)[٢].

دڵی ساغ و سەلامەت ئەو دڵەیە، کە پارێزراو بێت لە هەواو ئارەزوویەك کە خوا پێی ڕازی نییە، هەروەها پارێزراوبێت لە بەڕاست زانینی هەواڵێك کە پێچەوانە بێت لەگەڵ سروش (وەحی) خوادا، پارێزراوبێت لە بەندایەتیکردنێك بۆ شتێکی تر جگە لە خوا و لە پەیڕەوکردنی یاسایەك جگە لە یاسای شەریعەتی خوا، ئا ئەوە دڵێکی پارێزراو و سەلامەتە.

---

(١) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل : ٥٠٨ .

(٢) تەفسیری ڕۆشن ،بورهان محمد ئەمین، چاپی یەکەم،ساڵی (٢٠١٠)،ل: ٥٢٠ .

ئەگەر کەمێك سەرنجمان بدایە لە ئایەتی ﴿ وَعَدَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنْكُمْ وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَيَسْتَخْلِفَنَّهُمْ فِي الْأَرْضِ كَمَا اسْتَخْلَفَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ وَلَيُمَكِّنَنَّ لَهُمْ دِينَهُمُ الَّذِي ارْتَضَى لَهُمْ ﴾ (النور: ٥٥)، واتە:(خوای گەورە بەڵێنی داوە بەو ئیماندارانەی کە کارو کردەوە چاکەکان ئەنجام دەدەن بەوەی کە پایەدارو دەسەڵاتداریان دەکات لەسەر زەویدا، هەروەك ئیماندارانی پێش ئەمانی پایەدار کرد، هەروەها بەڵێنی داوە کە ئەو ئاینەش لە نێوانیاندا پایەدارو پیادە بکات کەلای پەسەندەو پێی ڕازییە، تا لە هەموو بوارێکدا پیادە بکرێت)[1].

چ ئاینێك بەڵێنی سەقامگیری و سەروەری پێدراوە؟ ئەو ئایینەی خوای گەورە پێی ڕازییە ئایین بێت بۆ ئێمە، بەلآم ئەگەر تێگەیشتنمان بۆ ئاین تێگەیشتنێك بێت جیاوازبێت لە تێگەیشتنی هاوەڵە بەڕێزەکان، ئەوا تێگەیشتنمان بۆی تێگەیشتنێکی ڕووکەشییە، تێگەیشتنمان بریتی دەبێت لە چەند شتێك نەپێشی دەخات و نەدوای دەخات، ئەو کاتە تێگەیشتنمان دوژمنکاری و ناحەزییە، تێگەیشتنێکی دەمار گیرییە، ئەم تێگەیشتنە بۆ ئایین شایستەی ئەوە نییە لە ڕێگەیەوە سەرکەوتن بەدەست بێنین.

هەندێ جار وا لە ئایین تێدەگەین تێگەیشتنێکە خوای بەرزو باڵا دەیەوێت، هەندێ جاریش لەگەڵ ئاییندا بەشێوەیەك ڕفتار دەکەین و دەجوڵێینەوە ئەو ڕەفتارو جوڵەیەیە کە خوای گەورە دەیەوێت. لەبەر ئەوە ئەگەر سەرنج بدەینە یەکێك لە زانایانی ڕۆژئاوا لە بەریتانیا، کەخوای گەورە ڕێنوێنی کردووە بۆ ئیسلام وشەیەکی جوان دەڵێت، وتویەتی: من وانازانم کە جیهانی ئیسلامی بتوانن بگەن بە ڕۆژئاوا لانیکەم لە کاتێکی چاوەڕوانکراوی مەودا دیاردا لەبەر ئەو جیاوازییە زۆر و فراوانەی لە نێوانیاندا هەیە. بەلآم بڕوام وایە بەوپەڕی بڕوابوونمەوە کە هەموو جیهان کڕنوش

---

[1] هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل: ٥٠٠ .

دەبەن لە بەردەم پێیەكانی موسڵماناندا، لەبەر ئەوەنا كە بەهێز دەبن، بەڵكو لەبەر ئەوەی كە ڕزگاربوونی جیهان بەئیسلامە، بەڵام بەمەرجێك تێڕوانین و تێگەیشتنیان چاكەن بۆ ئایینەكەیان و بەجوانی پراكتیكی بكەن و بەباشی بیخەنە ڕوو بۆ لایەنی بەرامبەر.

ئەم بەڵێنی پەروەردگارە لە ڕێگەی ئایەتی جێنشین بونەوە (الإستخلاف) داویەتی، ئەم بەڵێنە نایەتە جێ، هەتا كاتێ موسڵمانان هەوڵ و نرخی خۆی پێنەدەن.

لێرەدا هەندێ لایەنی ئەم ئایەتە پیرۆزە تێدەگەین ، خوای گەورە دەربارەی دوژمنانی ئاین قسەدەكات و دەفەرموویت:﴿ وَقَدْ مَكَرُوا مَكْرَهُمْ وَعِنْدَ اللَّهِ مَكْرُهُمْ وَإِنْ كَانَ مَكْرُهُمْ لِتَزُولَ مِنْهُ الْجِبَالُ ﴾ (إبراهيم: ٤٦)، واتە:(بێگومان خوا نەناس و پیلان گێڕان نەخشەی خۆیان كێشاو دەكێشن دژی ئەم پەیامەو شوێنكەوتوانی، بەڵام بابزانن هەمووی لای خوای گەورە ڕوون و ئاشكرایە (سەر ئەنجام بەسەریاندا دەشكێتەوە) هەرچەندە ئەوەندە پیلان و نەخشەكانیان ورد و مەحكەم و پتە و بێت كە كێوەكان لە بن بهێنێت)[1].

بێنە پێش چاوی خۆت كە خوای زەوی وئاسمانەكان وەسفی فێڵ و تەڵەكەی لایەنی بەرامبەر دەكات كە شاخەكان دەتوێنێتەوە، لەگەڵ ئەوەی هەموو میلەتەكانی سەر ڕوی زەوی كۆببنەوەو ناتوانن شاخێك لە شوێنێكەوە بۆشوێنێكی تر بگوازنەوە.

ئێستا گوێ دەگرین بۆ ئایەتێك بەڵكو ڕزگاربوونی جیهانی ئیسلامی تێدا بێت، ئەو ئایەتەی خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿ وَإِنْ تَصْبِرُوا وَتَتَّقُوا لَا يَضُرُّكُمْ كَيْدُهُمْ شَيْئًا ﴾ (آل عمران: ١٢٠)

---

[1] هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل: ٣٦٥ .

واتە:(جا ئەگەر بتوانن خۆگرو خۆڕاگر بن و خۆتان لە شەڕیان بپارێزن و خواناس و دیندار بن، ئەوا دڵنیابن کەنەخشە و پیلان و تەڵکەی ئەوان ناتوانێت هیچ زیانێکتان پیێ بگەیەنێت )[٢].

ڕێگە ڕوونە بۆ گەیشتن بە ڕزگاری، بۆ بەهێز بوون و سەرکەوتن و باڵا بوون ئەم ڕزگار بونە نایەتەدی ئەگەر نەگەڕێینەوە بۆ خودی خۆمان و بەسەر کارەکانمان دا نەچینەوە، ئەگەر خۆمان چاککرد لەگەڵ خوای خۆمان، ئەگەر ئاراممان گرت لەسەر ئەوەی کەتێیداین، پاشان جولاێن بۆئەوەی کە ئەمانەوێ پێی بگەین، ئەو کاتە بەویستی خوا شایستەی ئەوە دەبین کە جێنشین بین لە زەویدا.

یاسای جێنشینی لە زەویدا پێویستی بەتێڕامانێکی قووڵ هەیە، لەبەر ئەوەی ڕزگاری موسڵمانان  تاوەکو ئامادەبن ڕۆڵی سەرکردەیی ببیننەوە لەنێوان نەتەوەکان، ئەوەیە کە خۆیان چاك بکەن لەگەڵ خوای خۆیان، ڕزگاربوونی موسڵمانان ئەوەیە کەبگەڕێنەوە هۆشی خۆیان و ڕێبازی خوایی پیادە بکەن، ڕازی نەبن بەڕووکەش وچوار چێوەیەکی دیاریکراو، جیاوازییەکی گەورە هەیە لە نێوان پاپەند بون بە چوار چێوەو ڕووکەشی ئیسلامی لەگەڵ پابەندبوون بەوردەکارییەکانی ئەم ئایینە گەورەیە، لێرەدا پێویستە ئاگاداربین سەبارەت بەوەی کاتێك خوای گەورە دەفەرموویت:﴿ إِنَّ اللَّهَ لَا يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّى يُغَيِّرُوا مَا بِأَنْفُسِهِمْ ﴾ (الرعد: ١١)، واتە:(دڵنیا بن کەخوای گەورە بارو دۆخ و ژیانی هیچ قەوم و هۆز و گەلێك ناگۆڕێت هەتا ئەوان ناخی خۆیان و ڕەفتاری خۆیان و کرداری خۆیان نەگۆڕن)[٣].

---

[٢] هەمان سەرچاوەی  پێشوو،ل:  ٩٨.

[٣] هەمان سەرچاوەی  پێشوو،ل: ٣٥٠.

واتە کەموسڵمان هەندێجار لە بەردەم هێزێکی زۆر گەورەدایە، ماڵ و کارەکەی لە ژێر کۆنترۆڵی ئەو دایە، جا کاتێ فەرمانی خوا هات بۆ ئەوەی کە خاوەن موڵك و دەسەڵاتە، خوای گەورە بەسە بۆئەوەی کە دەسەڵاتی نییە، هەرچییەکی موسڵمانان هەیە وەك تۆپێك وایە لە یاریگایەکدا، کاتێك بڕیارێکی قورس و چارەنوسساز دەدات بەچاککردنی خۆی لەگەڵ خوادا، یەکەم بەجێبەجێکردنی بەرنامەی خوا لە خۆیدا، دووەم لە ماڵەکەی خۆیدا، سێ یەم لە کارەکەیدا، نرخی هەموو ئەمانە دەبنە پاراستنی لە لایەن خواوە، خوای گەورە بەردەوامی دەکات، پشتگیری دەکات، سەری دەخات، ئەوە ڕێگەی تەواوە، جا ئەگەر نەگەڕاینەوە بۆ بەرنامەی خواکەمان، ئەو بەرنامەیەی خوامان جێبەجێنەکرد وەك ئەوەی کەخۆی دەیەوێت، بە دڵنیاییەوە ناگەینە ئەوەی کە بۆی داناوین.

# یـاســای نـیازی بــاش

سەباح موحەمەد کەریم

# یاسای مەبەستی باش

﴿وَمَنْ يَخْرُجْ مِنْ بَيْتِهِ مُهَاجِرًا إِلَى اللَّهِ وَرَسُولِهِ ثُمَّ يُدْرِكْهُ الْمَوْتُ فَقَدْ وَقَعَ أَجْرُهُ عَلَى اللَّهِ﴾ (النساء: ١٠٠) واتە:(ئەوەی کە دەردەچێت لە ماڵەکەی بە مەبەستی کۆچی یەکجاری بۆلای خوا و پێغەمبەرەکەی (د.خ) پاشان مردن یەخەی بگرێت و وەفات بکات ئەوە ئیترئەجر و پاداشتەکەی بێ سنوورە و پەروەردگاری میهرەبانی بەڵێنی داوە کەئەجر و پاداشتەکەی کەوتۆتەسەرزاتی خوای گەورەخۆی)[1] بنەمای ئەم بابەتە فەرموودەیەکی پێغەمبەری خودایە (د.خ) کەدەفەرمووێ ﴿انماالاعمال بالنیات﴾ واتە:(هەموو کردەوەکان بەپێی مەبەستەکەیەتی) (بوخاری وموسلیم وئەبوداودو ترمزی ونەسائی لە عومەری کوڕی خەتتابەوەهێناویانە) بەلأم پێش هەمووشتێك و لەسەرەتاوە: دەبێ ئەوە بزانین هۆکاری بوونی مرۆڤ لەسەرئەم زەوییە ئەوەیە کەدەبێ خواپەرستێ، خواپەرستیش بەشێوەڕاستی و دروستییەکەی بریتییە لەگوێ ڕایەڵییەکی خۆبەخشانە کە تێکەلأوە بە خۆشەویستیەك لە ناودڵدا و بنەماکەی زانستێکی چەسپاو و جێگیرە کە مرۆڤ دەگەیەنێتە بەختەوەری هەتاهەتایی.

پەرستش دووجۆرە: پەرستشی ئەندامەکان، پەرستشی دڵ، پەرستشی ئەندامەکان ئەوەیە کەگوێ ڕایەڵ بێت بۆیاسا و بەرنامەی خودا گوێ ڕایەڵی و پابەندبوون، بەلأم پەرستشی دڵ ساغ کردنەوەی مەبەستە بۆخودا. کردەوەکان لای خودا وەرگیراونین تەنیا ئەوانە نەبێت کە مەبەست پێی تەنیا خودایە وە بەپێی بەرنامەی خودابێ، بۆخودابوون ئەوەیە کە تەنها خودات مەبەست بێت، بەپێی بەرنامەی بۆخودابوون

[1] تەفسیری ڕۆشن،ل،١٤٤.

ئەوەیە کە دێتەوە لەگەڵ قورئانی پیرۆز و سوننەتەکانی پێغەمبەر(د.خ)، بەوشێوەیە ئەو مەبەستەی کەلەپشت کردەوەکانەوەیە کردەوەکانی پێ هەڵدەسەنگێنرێ، بەڵکو نرخی کردەوە باشەکان دیاری دەکرێت بەپێی مەبەستەکەی. تایبەت بەو ئایەتەش کە دەبێتە بنەما بۆ ئەم بابەتە فەرموودەی خودایە کەدەفەرمووێ: ﴿فَاعْبُدْ اللَّهَ مُخْلِصًا﴾ (الزمر:٢) واتە:﴿دڵسۆزانە خوا بپەرستە و تەنها ملکەچ و فەرمانبەرداری ئایینەکەی ئەو زاتەبە﴾[٢] بنەمای کردەوەکان مەبەستی پاك و دروستە، بەڵام ئەم مەبەستە نابێت چاولێکەری بێت مەبەستی چاك لە ناسینی خوداوە بەدەست دەهێنرێت، بەرهەمی گوێ ڕایەڵی کردنی خودا و تێکۆشانە لە بەرامبەرنەفس و ئارەزووەکاندا، هەروەها لە پابەندبوون بە فەرمانەکانی خوداوە بەدەست دێت، بەرهەمی کردەوەکانی مرۆڤە، ئەم نیازە جوانە دەینەخشێنێ، بەڵام ئەگەر چاولێکەری نیازباشی بین و خۆمان هیچ بنەما و بەندەکانیمان لا نەچەسپی بێت ئەوە کارێکی نەکردەیە. بەجۆرێك لە جۆرەکان پەرستشی دڵ نیازچاکی و پەرستشی خوایە بەدڵسۆزی. لەتایبەتمەندییەکانی دڵسۆزی ئەوەیە ئەگەر تۆدەستت کرد بە ئەنجامدانی کارێك و کێشەیەکت بۆدروست بوو نەتتوانی کارەکە بەتەواوی بەئەنجام بگەیەنی، خودا پاداشتی تەواوی کردەوەکەت بۆدەنوسێت وەکوئەوەی کردەوەکەت بە تەواوی ئەنجام دابێت، ئەمەش چەندین دەق جەختی لەسەردەکاتەوە، هەربۆنموونە خوای گەورەدەفەرمووێت: ﴿ وَمَنْ يُهَاجِرْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ يَجِدْ فِي الْأَرْضِ مُرَاغَمًا كَثِيرًا وَسَعَةً وَمَنْ يَخْرُجْ مِنْ بَيْتِهِ مُهَاجِرًا إِلَى اللَّهِ وَرَسُولِهِ ثُمَّ يُدْرِكْهُ الْمَوْتُ فَقَدْ وَقَعَ أَجْرُهُ عَلَى اللَّهِ ﴾ (النساء:١٠٠)، واتە:(ئەوەی کۆچ دەکات لە پێناوی خوادا، بۆگەیندنی

[٢] هەمان سەرچاوە،ل٦٨٦.

ئاینەکەی، یان بۆ ڕزگاربوونی خۆی لەکۆمەڵگە و ناوەندێکی بێ دین وخراپ، ئەوە خوای گەورە لەوشوێن و وڵاتەی کە بۆی دەچێت دەروی خێری زۆرو دەروازەی ڕزق و ڕۆزی لێ دەکاتەوە، ئەوەش کە دەردەچێت لە ماڵەکەی بە نییەتی کۆچی یەکجاری بۆلای خوا و پێغەمبەرەکەی (د.خ)، پاشان مردن یەخەی بگرێت وەفات بکات، ئەوە ئیترئەجر و پاداشتەکەی بێسنوورە، پەروەردگاری میهرەبانی بەڵێنی داوە کە ئەجر و پاداشتەکەی کەوتۆتە سەرزاتی خوای گەورەخۆی)[1] لەژیانی دونیادا و لای مرۆڤەکان پاداشت وەرناگریت بەبێ ئەنجامدانی کارێك، بەلام لای خوای گەورە ئەوەندە بەسە دەست بەکارەکە بکەیت و تێیدا کارەکەت تەنها بۆخودابێت، جابگەیت بەکۆتایی کارەکە یانەگەیت پاداشتەکەت وەکویەکە، ئەمەش لەسۆزوبەخشندەیی خوداوەیە. کردەوەکان لەئاشکرادا وەکو یەکن و یەکسانن، بەلام لەڕووە نهێنیەکەیدا جیاوازن، لەسەرئەمە نموونەیەك دەهێنینەوە: مرۆڤێك بەڕێگایەکدا دەڕوات لەسەر زەوی لیرەیەکی ئاڵتون دەدۆزێتەوە، دەچەمێتەوە و هەڵی دەگرێت و دەیخاتە گیرفانییەوە، ئێمەش وێنەمان گرت، مرۆڤێکی دیکە بەهەمان شێوەلیرەیەکی بەوجۆرەمان لەڕێگایدا دانابوو چەمییەوە و هەڵی گرتەوە و ئێمەش وێنەمان گرت، ئەگەرئەم دوو وێنەیە بخەینەڕوو، هەردوو وێنەکە هاوشێوەی یەکترن سەد لە سەد، بەلام ئەوەی یەکەم مەبەستی وابوو بگەڕێت بەشوێن خاوەنەکەیدا کردەوەکەی باش و چاك بوو. بەلام دووەمیان مەبەستی وابوو هەڵیگرێت بۆخۆی کردەوەکەی خراپ بوو، لێرەوە کارەکەیان هاوشێوەی یەکترە، بەلام مەبەستەکایان جیاوازە لە نێوان باشە و خراپەدا. نموونەیەکی دیکە: مرۆڤێك زەوی یەکی بەخشی تاکو مزگەوتێکی لەسەردروست بکرێت، ئەمەکارێکی گەورەیە، کەسێکی دی دێت و

(١) تەفسیری ڕۆشن،ل،١٤٤.

بـەگویّ ی یـەکێکی تـردا دەچـرپێنێت ئەگـەر تۆئـەم زەوییـەت بەخشـی بـە مزگـەوت شارەوانی ناچاردەبێت زەوی یەکەت بۆ ڕێك بکاتـەوە و بـەم شـێوەیە نرخەکـەی بـەرز دەبێتەوە، ئەمـەیان هـەرگیز بابـەتی مزگەوتەکـەی لاگـرنگ نییـە، بـەڵام لـە بەرچـاوی خەڵکی ئەم کەسە زەوی یەکی پێشکەش بە مزگەوت کردووە، پیـاوی یەکـەم و دووەم لـە کردەوەکانیانـدا یەکسـانن، بـەڵام کردەوەکـەیان بـە مەبەسـتەکەیان دەپێورێـت و هەڵدەسەنگێنرێت. بەڵکومەبەستی باش خووەکانیش دەگۆڕێت بۆپەرسـتش، بـاوەڕدار خووەکانیشـی، خـواردنی ، خواردنـەوەی، جـل پۆشـینی، جوڵـەی سـەردانەکانی هەموویان دەبنە پەرستش بۆی، بەڵام بێباوەڕەکان پەرستشەکانیشیان کەمەبەسـتیان پێـی ڕوپاماییـە، دەبێتەخراپـە بـوونی مەبەسـتی چـاك و خێرخووەکـانیش دەگۆڕێـت بۆپەرستش، بەڵام بوونی مەبەسـتی خـراپ پەرستشـەکان دەگۆڕێـت بـۆ گوناهوتـاوان. کەواتە ڕژدترین کەس ئەو کەسەیە ڕژدە لە نیاز و مەبەسـتە چاکەکانیشـیدا کـەدەکریّ بە هۆی ئەو مەبەستەوە لە خودا نزیك بێتەوە.

# یاسای تێكۆشان لە ڕێگای خوادا

ڕەوەند شێروان ئەمجەد

# یاسای تێکۆشان لە ڕێگای خوادا

﴿وَمَنْ جَاهَدَ فَإِنَّمَا يُجَاهِدُ لِنَفْسِهِ﴾العنكبوت:٦. واتە: هەرکەس تێبکۆشێ، ئەوە لە پێناوی خۆی و سودی خۆی بەو کارە هەستاوە[1]. خوای گەورە لەسەر خوڕەوشت و سروشتێ دروستی کردوین و ئەرکێکی پێ سپاردوین، دژ یەکیەك هەیە لە نێوان تایبەتمەندییەکانی خوڕەوشت و ئەرکدا، ئەم دژیەکییە بەهاکەی بەهەشتە، خۆشەویستی بۆ ماڵ و سامان یەکێکە لە خووڕەوشتەکانمان و ئەرکەکەی سەرفکردنیەتی، ئارەزووی نووستن یەکێکی ترە لە خوڕەوشتەکانمان و ئەرکەکەشی هەستانە بۆ نوێژی بەیانی لەکاتی خۆیدا، باسکردنی نەنگی خەڵکی لە خوڕەوشتمانەو ئەرکەکەشی ئەوەیە کە بێدەنگ بین، پاراستنی ژیانمان لە خوڕەوشتمانەو ئەرکەکەشی ئەوەیە کە تێبکۆشین.

ئەم دژیەکییە لە نێوان خوڕەوشت و ئەرکدا بەهاکەی بەهەشتە، لەبەر فەرمایشتی خوای گەورە:

﴿وَأَمَّا مَنْ خَافَ مَقَامَ رَبِّهِ وَنَهَى النَّفْسَ عَنْ الْهَوَى (٤٠) فَإِنَّ الْجَنَّةَ هِيَ الْمَأْوَى (٤١)﴾ النازعات:٤٠-٤١.

واتە: بەڵام ئەوەی لە پایەو شکۆی پەروەردگاری ترسابێت و حیسابی بۆ کردبێت و جڵەوی نەفسی گرتبێتەوە لە هەموو هەواو هەوەس و ئارەزوویەکی نادروست، بێگومان هەر بەهەشت جێگەی مانەوەو حەوانەوەو گوزەرانیەتی[2].

ئەو ئایەتەی کە بنچینەی ئەم بابەتەیە فەرمایشتی مەزنیەتی:﴿ أَمْ حَسِبْتُمْ أَنْ تَدْخُلُوا الْجَنَّةَ وَلَمَّا يَعْلَمْ اللَّهُ الَّذِينَ جَاهَدُوا مِنْكُمْ وَيَعْلَمَ الصَّابِرِينَ﴾ آل عمران:١٤٢. واتە:یان وا

---

[1] تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان,ل٣٩٦

[2] تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئانل٥٨٤

گومانتان دەبرد (هەروا بە ئاسانی) دەچنە بەهەشتەوە؟! کە هێشتا خوا (لە جیهانی واقیعدا) دەریشی نەختستوە کامتان هەوڵ و کۆشش و جیهادی کردووە و کامتان خۆڕاگرو ئارمگربووە[1].

ئەگەر باسمان لە (جیهاد) تێکۆشان کرد نابێت بەتەنها بیرمان بڕوات بۆ لای (جیهادی جەنگ) لەگەڵ ئەوەشدا جۆری جیاواز هەن لە جیهاد.

خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَمَنْ جَاهَدَ فَإِنَّمَا يُجَاهِدُ لِنَفْسِهِ﴾العنكبوت:٦.

واتە: هەرکەس تێبکۆشێ، ئەوە لە پێناوی خۆی و سودی خۆی بەو کارە هەستاوە[2]

جیهاد(تێکۆشان) چوار جۆرە: جۆری یەکەمیان بنچینەیە، هەروەك چۆن بەرنامەی فێرکاری سەرەتایی هەیە کە قۆناغەکانی تری لەسەر بنیات دەنرێ، لەبەر ئەوە هەرکەسێك جیهادی نەفسی خۆی و ئارەزووەکانی نەکات ئەوا ناتوانێت بگاتە ئاستی جۆرەکانی تری جیهاد.

ئەوەی کە دەدۆڕێت بەرامبەر بە نەفسی خۆی ناتوانێت ڕووبەڕووی مێروولەیەك ببێتەوە، خوای گەورە دەفەرمووێت:﴿وَالَّذِينَ جَاهَدُوا فِينَا لَنَهْدِيَنَّهُمْ سُبُلَنَا﴾العنكبوت:٦٩. واتە: ئەوانەش لە پێناوی ئێمەدا بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی ئێمە هەوڵ و کۆششیان کردووە و خۆیان ماندووکردووە، ئەوانە ڕینموونی دەکەین بۆ هەموو ڕێگایەك[3]

جیهادیان لەگەڵ خۆیاندا کرد واتە وایان لە خۆیان کرد گوێڕایەڵی فەرمانی خودا بن، بەهای گوێڕایەڵیەکەیان بە ئارامگرتن بوو لەسەری، بەهای یاخبوونەکەیان بە

[1] تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان,ل٦٨
[2] تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان,ل٣٩٦
[3] تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان،٤٠٤

ئارامگرتن بوو لێی، ڕازیبوون بە قەزاو قەدەری خوای گەورە لەبەر ئەوەی بڕیاری خوای گەورەیە.

لێرەوە ئارامگرتن لەسەرپێچی و ئارامگرتن لەسەر گوێڕایەڵی و ئارامگرتن لەسەر قەزاو قەدەر هەیە، ئەمە جیهادی یەکەمە، جیهادی نەفس و ئارەزوو، دەتوانیت بگەیت بە بەرزترین ئاستەکانی ئەم جیهادە لە کاتێکدا کە تۆ لە ماڵەوەیت یان لەسەر کاریت، لەبەر ئەوەی کە نەفست کۆنترۆڵ کردووە، خۆت ڕاهێناوە لەسەر گوێڕایەڵکردنی خوای گەورە، ئەم جیهادە بەس نییە بێگومان جیهادێکی دیکە هەیە ئەویش جیهادی بانگەوازە، بەڵگەکەی لە قورئانی پیرۆزدایە: ﴿وَجَاهِدْهُمْ بِهِ جِهَاداً كَبِيراً﴾الفرقان:٥٢.
واتە: بەم قورئانە هەوڵ و خەبات و کۆششێکی گەورەیان لەگەڵ بکەن[1]

واتە (بەقورئان)، خوای گەورە ناوی لێنا جیهادی گەورە لەبەرئەوەی بنچینەی هەموو جیهادێك بریتی یە لە گەیاندنی ڕاستی بۆ کەسانی تر. لێرەوە پێغەمبەر (درودو سەلامی خوای لەسەر بێت) دەفەرمووێت:(خيركم من تعلم القرآن وعلمه).(البخاري عن عثمان) واتە: باشترینتان ئەو کەسەیە کە فێری قورئان دەبێت و خەڵکیشی لێ فێر دەکات.

خوای گەورەش دەفەرمووێت:﴿ وَمَنْ أَحْسَنُ قَوْلاً مِمَّنْ دَعَا إِلَى اللَّهِ وَعَمِلَ صَالِحاً وَقَالَ إِنَّنِي مِنْ الْمُسْلِمِينَ﴾الفصلت:٣٣. واتە:جا کێ لەوکەسە جوان گوفتارترو قسەی بەجێترە کە بانگەوازی کردووە بۆ لای خوا، کارو کردەوەی چاکیشی ئەنجام داوە، وتوشیەتی بەڕاستی من لە ڕیزی موسڵماناندام ([1]). بانگەواز کردن بۆ لای خوای گەورە

---

[1] تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان,ل ٣٦٤
[1] تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان،ل٤٨٠

ئەركی هەموو موسڵمانێكە لە سنووری ئەوەی كە دەیزانیت و لە سنوری ئەوانەی كە دەیانناسی.

فەرموودەی پێغەمبەر (درودو سەلامی خوای لەسەر بێت) ئەوە دووپات دەكاتەوە كە دەفەرمووێ:(بَلِّغُوا عَنِّـي وَلَوْ آيَةً) أخرجة أحمد و البخاري والترمذي عن ابن عمر.

واتە: بیگەیەنن لەمنەوە ئەگەر ئایەتێكیش بێت.(ئیمامی ئەحمەد و بخاری و ترمذی لە ئیبن عمرەوە ریواتیان كردووە).

هەروەها ئەم فەرموودەیەی خوای گەورە هەمان مەبەست دووپاتدەكاتەوە وەك دەفەرمووێ:﴿وَالْعَصْرِ (١) إِنَّ الإِنسَانَ لَفِي خُسْرٍ (٢) إِلاَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَتَوَاصَوْا بِالْحَقِّ وَتَوَاصَوْا بِالصَّبْرِ (٣)﴾سورە العصر١_٣. واتە:سوێند بە زەمانە، سوێند بە كاتی عەسر، بەڕاستی ئادەمیزاد لە زەرەرمەندی و خەسارەتمەندیدایە، بێجگە لەوانەی كە باوەڕیان هێناوە كارو كردەوە چاكەكانیان ئەنجامداوە و ئامۆژگاری یەكتریشیان كردووە كە هەمیشە پابەندی حەق بن ([2]).

یەكێك لە كۆڵەكەكانی ڕزگاربوون ڕاسپاردەكردنە بە ڕەوایەتی نەك هەر ئەوەندە بگرە خوای گەورە لە بارەی گرنگیەكەیەوەدەفەرمووێ: ﴿قُلْ هَذِهِ سَبِيلِي أَدْعُو إِلَى اللَّهِ عَلَى بَصِيرَةٍ أَنَا وَمَنْ اتَّبَعَنِي﴾ یوسف:١٠٨. واتە:ئەی پێغەمبەر بڵێ: ئائەمە ڕێگەو ڕێبازمە، من و شوێنكەوتوانم بانگ دەكەین بۆ لای خوای پەروەردگار، لەسەر بنچینەو بناغەیەكی ڕوون و ئاشكرا[1].

جیهادی دووەم جیهادی بانگەوازە، هەموو موسڵمانێك لێپرسراوە لەوەی پێویستە بانگخوازێك بێت لەسنووری ئەوەی كە دەیزانێت و ئەوەی كە دەیناسێت ئەوەیە

[2] تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان،٦٠١

[1] تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان،ل٢٤٨

جیهادی دووەم: ﴿وَجَاهِدْهُمْ بِهِ جِهَاداً كَبِيراً﴾الفرقان:٥٢. واتە: بەم قورئانە هەوڵ و کۆششێکی گەورەیان لەگەڵدا بکە[2].

بەڵام جیهادی سێیەم جیهادی بونیاتنانە، خوای گەورە لەم بارەیەوە دەفەرمووێت:

﴿وَأَعِدُّوا لَهُمْ مَا اسْتَطَعْتُمْ مِنْ قُوَّةٍ وَمِنْ رِبَاطِ الْخَيْلِ تُرْهِبُونَ بِهِ عَدُوَّ اللَّهِ وَعَدُوَّكُمْ﴾الأنفال:٦٠. واتە: خوا فەرمان دەدات بە کاربەدەستانی دەوڵەتی ئیسلام، هەرچی لە تواناتاندا هەیە بۆ بەهێزکردنی سوپای ئیسلام بیخەنە گەڕ و ئامادەی بکەن (هێزی ئاسمانی و دەریایی و وشکانی...هتد) لە ئامادەکردنی هەموو جۆرە ئەسپ و (هۆکاری گواستنەوە، کەمەتەرخەمی مەکەن تا دوژمنانی خواو دوژمنانی خۆتانی پێ جاوترسێن بکەن![3]

ڕاستی و ڕەوایەتی پێویستی بە هێزێکە پاڵپشتی بکات، کەسانێك هەن لە جیهانی ڕۆژئاوادا پێیان وایە، تۆ لەسەر ڕاستی لەبەر ئەوەی کە بەهێزی، ئەم قسەیە ڕاست نییە، ڕاستی ئەوەیە کە کارو ڕەفتارت بە پێی بەرنامەی خوای گەورە بێت.لەبەر ئەوە موسڵمان لەسەر حەقە ئەگەر خاوەنی بەڵگە و بیانویەك بێت، بەڵام ئەم ڕاستییە پێویستی بەهێزە.

لێرەوە پێغەمبەر (درووودو سەلامی خوای لەسەر بێت) دەفەرمووێ:(*الْمُؤْمِنُ الْقَوِيُّ خَيْرٌ وَأَحَبُّ إِلَى اللَّهِ مِنْ الْمُؤْمِنِ الضَّعِيفِ*)أخرجة مسلم عن أبي هريرة. واتە: موسڵمانی بەهێز باشترو خۆشەویسترە لای خوای گەورە لە موسڵمانی بێهێز.

[2] تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان،ل٣٦٤

[3] تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان،١٨٤

خوای گەورە دەفەرمووێ﴿وَأَعِدُّوا لَهُمْ مَا اسْتَطَعْتُمْ مِنْ قُوَّةٍ﴾الأنفال:٦٠. واتە: هەرچی لە تواناتاندا هەیە بۆ بەهێزکردنی سوپای ئیسلام.

خوای گەورە ئەرکی ئەوەی نەخستە سەرشانمان کە هێزی یەکسان و هاوشان ئامادە بکەین، بەڵکو خوای گەورە ئەرکی گونجاوی خستە سەرشانمان کە بە گوێرەی توانای خۆمان بێت.

وشەی هێز (قوة) بەشێوەی نەناسراوی دیارینەکراوی گشتگیر هاتووە واتا هەموو جۆرە هێزێکیان بۆ ئامادە بکەن، بەڵام لەسەر دەمی پێغەمبەر (درووود و سەلامی خوای لەسەر بێت) هێز بەرجەستە بوو لە ئەسپدا، خوای گەورە دەفەرمووێت ﴿وَمِنْ رِبَاطِ الْخَيْلِ﴾الأنفال:٦٠. الأنفال:٦٠. واتە: ئەو ئەسپانەی کە دائەنرێت کە لەلایەن خاوەنەکانیانەوە کراون بە خێر کە بۆ جیهاد کردن بەکاربێت.

بەڵام پاش ماوەیەك هێز ڕێڕەوێکی دیکەی گرتە بەر هەتا دەگەینە ئەوەی کە ڕاگەیاندن بە هێز هەژمار بکرێت، مانگە دەستکردەکانیش بە هێز هەژمار بکرێن، چەکە کوژەرەکان بەهێز هەژمار بکرێن، هەروەها یەکگرتووی لەناوخۆدا هێزە، ئایەتەکە هەموو جۆرەکانی هێز دەگرێتە خۆی ﴿وَأَعِدُّوا لَهُمْ مَا اسْتَطَعْتُمْ مِنْ قُوَّةٍ وَمِنْ رِبَاطِ الْخَيْلِ﴾ الأنفال:٦٠. واتای تایبەتی پەیوەست کرد بە واتای گشتیەوە، لەکاتی دابەزینی ئەم ئایەتەدا: ﴿تُرْهِبُونَ بِهِ عَدُوَّ اللَّهِ وَعَدُوَّكُمْ﴾الأنفال:٦٠. واتە: تا دوژمنانی خواو دوژمنانی خۆتانی پی چاوترسێن بکەن.

وشەی دەترسێن (ترهبون) ڕێیانلێدەگرن، ئامادەکردنی هێز لە پێناوی ڕێگریکردن لە توندوتیژی بە چەمك و زاراوەی هاوچەرخ. (ترهبون بە) واتا ڕێگری لەکەسانی دیکە بکەن کە بیر لەوە بکەنەوە بگەن بە ئێوە، ئەمە جیهادی سێهەمە (جیهادی بونیاتنان).

هەر دەبێت ژیان بگۆڕێت و سامانەکانی ژێر زەوی دەربهێنرێت و بەنداوەکان دروست بکرێن و کێشەی گەنجان چارەسەر بکرێت و خانووەکان دروست بکرێت و، هەموو ئەم کارانە لەژێر ڕۆشنایی جیهادی بونیاتنانن.

کەواتە جیهادێکی خودی هەیە کە جیهادی نەفس و ئارەزووەکانە، جیهادی بانگەوازی هەیە، جیهادی بونیاتنان هەیە، بەتەنها جیهادێکی تر دەمێنێ ئەویش (جیهادی جەنگە). چەندین ئایەت هەن کە ڕێی پێ دەدەن لەو ئایەتانە: ﴿وَقَاتِلُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ الَّذِينَ يُقَاتِلُونَكُمْ وَلا تَعْتَدُوا إِنَّ اللَّهَ لا يُحِبُّ الْمُعْتَدِينَ﴾ البقره:١٩٠. واتە: بجەنگن لە پێناوی ڕێبازی خوادا دژی ئەوانەی کە دژتان دەجەنگن نەکەن دەستدرێژی بکەن (دژی ژن و منداڵ و ماڵات....هتد) چونکە بەڕاستی خوا ئەو دەستدرێژی کارانەی خۆش ناوێت[1].

واتە بۆ بەرز ڕاگرتنی وشەی خوای گەورە، بۆ ئەوەی وشەی خوای گەورە بەرزترین بێت، ئەگەر موسڵمانان لە جۆرەکانی جیهاد تێبگەن بە وردودرشتی ، یاخود ئەگەر موسڵمانان بەباشی سەرکەوتوو بوون لە جیهادی نەفس بەوپەری سەرکەوتوییەوە، هەروەها لە جیهادی بانگەوازی و جیهادی بونیاتنان سەرکەوتنێکی نایاب بەدەستبهێنن. ئەو موسڵمانەی بەم ڕیزبەندییە بڕوات چاوەڕێی ئەوەی لێدەکرێت کە لە جیهادی جەنگدا سەرکەوتوو بێت.

ئەو کەسە کەسێکە کە نەفسی خۆی داوە بەو بەرنامەیەی کە خوای گەورە دەیەوێت، ئەو بەهایەشی بەدەستهێناوە کە خوای گەورە قبووڵی دەکات بۆ سەرکەوتنی بێ گومان و گرانبەها.

---

[1] تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان،ل٢٨

# یاسای جیاواز بوون

هێرۆ موحەمەد عەلی

# یاسای جیاواز بوون

لەقورئانی پیرۆزدا ئایەتی زۆر هەیە، جیاوازیەكی توند لەنێوان موسڵمان‌و ناموسڵمان دا دەكات، جیاوازی لەنێوان خەڵكدا نییە، تاوەكو خەڵكی وەها نەزانێ كەتەنها جیاوازیەكە خواپەرستییە، لەڕاستی دا جیاوازییەكە جیاوازییەكی كرۆكی‌و جەوهەریەو دەگاتە بنیاتی مرۆڤ، چەشنی بیركردنەوەی، تاوەكو بەهاكانی، هەڵوێستەكانی، ڕێكوپێكی پابەند بوونی، هەربۆیە خوای مەزن دەفەرمووێ:(أَفَمَن كَانَ مُؤْمِنًا كَمَن كَانَ فَاسِقًا لَّا يَسْتَوُونَ)(السجدة:١٨)، واتە:(ئایا ئەوكەسەی ئیماندار بوبێت وەك ئەوكەسە وایە كەتاوانبار بووبێت)[1].

لەبەرامبەری باوەڕدا فاسق هەیە، خراپەكار (فسق)یش گرێدراوی دووربوونە لەخوا، جیاوازیەكی گەوهەری، جیاوازی لەپێكهاتەدا، جیاوازی لەهەڵوێست دا، لەپابەند بووندا، بنەماو بنچینەدا، باوەڕ دەبەخشێت‌و وەرناگرێت، بێ باوەڕی وەردەگرێ‌و نابەخشێ، باوەڕدار بۆخەڵك دەژی، بێ باوەڕ خەڵك بۆی دەژی، باوەڕدار دڵەكان بەدەست دێنێ، بێ باوەڕ خەڵكی كۆیلەو مل كەچ دەكات.

ئایەتی زۆر هەیە قسە دەكات لەسەر جیاوازیەكی توندو دژ یەك لەنێوان كەسێك خودا دەناسێ‌و كەسێك خودا نەناسێت، بەڵام ڕاستەقینەی گەورە ئەمەیە كەئادەمیزاد جیاوازن لەشێوەیاندا لەڕەگەزیاندا، لەنەتەوەیاندا، لەنەسەبیان دا، لەهۆزەكانیان دا، لەئاراستەیاندا، لەڕێبازەكەیاندا، لەلای خوای گەورە دوو نموونە هەیە سێیەمیان نییە، نموونەیەك خودا بناسێ‌و ڕێبازەكەی بەڕێكی جێبەجێ بكات.

---

[1] پوختەی تەفسیری قورئان،ل ٤١٦.

چاکە لەگەڵ دروستکراوەکانی دا بکاتو ئاشتی خواز بێ، بەمەش دڵخۆش دەبێ لەدونیاو دوارۆژدا، نموونەی دووەمیش بێ ئاگاییە لەخوای گەورە، دەربازبوونە لەڕێبازەکەیو خراپە کارە لەگەڵ خەڵکیدا، خۆی سەرگەردانەو لەدونیاو لەکۆتایی دا تیادەچێ، ئەم فەرموودەیەی خوای گەورە ڕاستی ئەو بنەمایە دەسەلمێنێ، هەروەك دەفەرمووێ:(فَأَمَّا مَن أَعْطَى وَاتَّقَى، وَصَدَّقَ بِالْحُسْنَى) (الليل:٥ - ٦)، واتە:(جائەوەی ماڵو سامانو زانستیو... دەبەخشێتو پارێزگاری لەخوا ترسە... بڕوای پتەوی بەپاداشتی چاكو بەنرخی خوای گەورە هەیە)[٢] وەڵامی خوایی:(فَسَنُيَسِّرُهُ لِلْيُسْرَى)(الليل:٧)، ئەوا:(ئەوە ڕێگەی چاكو چاکەکاری بۆئاسان دەکەینو سەرەنجام دەیخەینە خێرو خۆشیەوە)[١]، لەنموونەی یەکەمدا:(أَعْطَى وَاتَّقَى وَصَدَّقَ بِالْحُسْنَى)، واتە:(ماڵو سامان دەبەخشێتو پارێزکارو لەخواترسە، بڕوای پتەوی بەپاداشتی چاكو بەنرخی خودایی هەیە)[٢].

باوەڕدەکات بەوەی دروستکراوە بۆبەهەشت،، خۆی پاراست لەبێ فەرمانی خوا، ژیانی بنیات نا لەسەر بەخشین، شایستەی ئاشتیو خۆشی دەبێت لەدونیاو کۆتایی دا، ئەم ئایەتەشی:(وَأَمَّا مَن بَخِلَ وَاسْتَغْنَى - وَكَذَّبَ بِالْحُسْنَى)(الليل:٨-٩)، واتە:(بەڵام ئەوەی ڕەزیلو دەست نوقاوبێتو خۆی بێ نیاز بزانێت (ڕەزامەندی خوایی بەمەبەست نەبێت)[٣] بڕوای نەبێت بەپاداشتو بەهرەی چاکی خوایی و بەدرۆی بزانێت)، ئەم جۆرەیان نموونەی ئەو کەسەیە کەژیانی بنیاد ناوە لەسەر وەرگرتن، بێ

---

[٢] پوختەی تەفسیری قورئان، ل ٥٩٥.

[١] پوختەی تەفسیری قورئان، ل ٥٩٥.

[٢] پوختەی تەفسیری قورئان، ل ٥٩٥.

[٣] پوختەی تەفسیری قورئان، **ل ٥٩٥.**

نیاز بوون لەگوێ ڕایەڵی کردنی خوای گەورە، لەبەر ئەوە بێ بڕوایە بەڕۆژی دوایی، بڕوادارە بەدونیا، وەڵام دانەوەی خوایی بەم شێوەیەیە:(فَسَنُيَسِّرُهُ لِلْعُسْرَى)(الليل: ١٠)، واتە:(ئەوە ئێمە ڕێبازی تەنگانەو ناخۆشی بۆئاسان دەکەین و سەرەنجام بەدۆزەخی دەگەیەنین)[٤].

ئەگەر مرۆڤ بێ ئاگا بوو لەخوای گەورە، لەبیری کرد کەخوایەکی گەورەی هەیە و لێی دەپرسێتەوە، ئەو مرۆڤە بەهێزانە تواناکەیان بەکار هێنا بۆ لێکێشانەوەیماڵو موڵکی خەڵکی، دەست درێژی کردنە سەر شەرەفو ناموسیان، ئەوشتانەی کەهی ئەوان نەبوو دەیانبرد، وەك ئەوەی لەڕاستیدا تاوانبارێ بەهۆی ئەو هێزەی کەهەیەتی.

لێرەدا پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێت) دەفەرمووێ:(المؤمن القوي خير وأحبب إلى الله من المؤمن الضعيف)(أخرجه مسلم عن أبي هريرة)، واتە:(ئیمانداریکی بەهێز چاکترو خۆشەویسترە لای خوای گەورە لەئیمانداریکی لاواز) (مسلم لە (أبی هريرە)ەوە هێناویەتی)، تەنها نەیفەرموو بەهێز، بەڵکو فەرمووی باوەڕ داری بەهێز، لەبەرئەوەی باوەڕ مرۆڤ ڕێك دەخات، باوەڕ پەرژینێکە بۆمرۆڤ.

لەئایەتی سێیەمدا خوای گەورە دەفەرمووێ:(أَمْ حَسِبَ الَّذِينَ اجْتَرَحُوا السَّيِّئَاتِ أَن نَّجْعَلَهُمْ كَالَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ سَوَاء مَّحْيَاهُم وَمَمَاتُهُمْ سَاء مَا يَحْكُمُونَ)(الجاثية: ٢١)، واتە:(ئایا ئەوانەی کەگوناه و تاوانەکانیان ئەنجام داوە، وایان زانیوە هەروەك ئەوانە حسابیان بۆدەکەین کەئیمانیان هێناوەو کارو کردەوە چاکەکانیان ئەنجام داوە؟!! ژیانی دونیاو دوای مردنیان وەك یەك بێت؟! ئای کە چ بڕیارێکی خراپ دەدەن).

---

[٤] پوختەی تەفسیری قورئان، ل ٥٩٥.

گومانی تێدا نییە کەڕۆژی دوایی جیاکردنەوەیەکی ڕوونو ئاشکرای تێدایە، بەڵام ئەم ئایەتە ئاماژەیەکیشە بۆدونیا، بۆژیانی ئیماندار، بۆناوبانگی، بۆهاوسەرگیرییەکەی، بۆپەروەردەکردنی منداڵەکانی، بۆ هەڵبژاردنی خێزانەکەی، بۆهەڵبژاردنی پیشەکەی.

جیاوازیەکی جەوهەری لەنێوان ژیانی باوەڕدارو بێ باوەڕدا هەیە، (أَمْ حَسِبَ الَّذِينَ اجْتَرَحُوا السَّيِّئَاتِ أَن نَّجْعَلَهُمْ كَالَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ)(الجاثية ٢١)، واتە:(ئایا ئەوانەی گوناحو تاوانەکانیان ئەنجام داوە وایان زانیوە هەروەك ئەوانە حیسابیان بۆدەکەین کەئیمانیان هێناوەو کاروکردەوە چاکەکانیان ئەنجام داوە؟!)[1].

ئەگەر سەیرێکی ئەو ڕستەیە بکەین، لەو ئایەتە پیرۆزەدا جیاوازی لەنێوان مرۆڤی باوەڕدارو بێ باوەڕ دەکات، ئەوانەی باوەڕدارن لای خوای گەورە شوێنو پێگەی خۆیان هەیە، ناوبانگی هەیە، خوای گەورە پارێزەری بۆداناوەو پشتیوانی دەکرێ، خۆشەویستی ئەوی هەیە، ژیانێکی پڕ لەسۆزو خۆشەویستی هەیە، دەزانێ بەشێویەکی باش خێزانی هەڵبژێرێو لەپەروەردەکردنی باشی منالەکانیدا سەرکەوتووە، دەزانێ بەباشی پیشەکەی هەڵبژێرێ[*]، هەرگیزاو هەرگیز بێباوەڕو باوەڕدار یەکسان نابن لای خوای باڵادەست، باشو خراپ، دادپەروەرو زۆردار، کۆشش کەرو کۆشش نەکەر، یەکسان نین لەگەڵ یەکتر.

---

[1] پوختەی تەفسیری قورئان،ل ٥٠٠.

[*] هەموو ئەمانە لەلایەن باوەڕدارێکی هۆشیارەوە بەدی دێ، ئەگینا ئەکرێ مرۆڤ باوەڕداربێو لەهەندێ بواری ژیاندا سەرکەوتوو نەبێت (وەرگێڕ).

ئەگەر سەيرێكی سەرەنجامو داهاتوو بكەين لەئێستادا باوەڕدار لەگەڵ بی باوەڕ بەيەكەوە دەژين لەسەر يەك زەویو لەيەك وڵاتدا لەيەك بارودۆخو ژينگەدا لەژێر چەندين فشاری وەك يەكدا، لەسايەی چەندين هەڵخەڵەتێنەری وەك يەكدا لەبەردەم چەندين ڕووداوی وەك يەكی ڕۆژگاردا، بەڵام سەرەنجامی ئەمو ئەو چۆنە؟ خوای گەورە دەفەرمووێ:(وَالْعَاقِبَةُ لِلْمُتَّقِينَ)(الأعراف:١٢٨)، واتە (سەرەنجاميش هەر بۆ پارێزكارانە)[٢].

پەند لەسەرەنجامدايە، لەبەر ئەوەی خوای گەورە ئەفەرمووێ:(أَفَمَن وَعَدْنَاهُ وَعْدًا حَسَنًا فَهُوَ لَاقِيهِ كَمَن مَّتَّعْنَاهُ مَتَاعَ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا ثُمَّ هُوَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ مِنَ الْمُحْضَرِينَ)(القصص:٦١)، واتە:(ئايا ئەوكەسەی بەڵێنێكی چاكمان داوەتیو پێی دەگات وەكو ئەوكەسە وايە هەرلەژيانی دونيادا كەمێك ڕابواردنی پی ببەخشين، پاشان لەدەرەنجامی كارو كردەوەی ناپوختدا لەئامادەكراوان بێت بۆ لێپرسينەوەو ئاگری دۆزەخ؟)[١].

خوايەكی گەورە دروستكەری ئاسمانەكانو زەوی بەڵێنی بەهەشتێك دەدات بەباوەڕدار فراوانیو بەرينيەكەی بەئەندازەی ئاسمانەكانو زەويە، بەڵێنی بەخشيشێكی گەورە بەباوەڕدار دەدات، هەر لەساتی باوەڕبوونو بەردەوام بونيەوە دەست پێدەكاتو بەردەوام دەبێت هەتاهەتايە ئايا يەكسانن، ئايا ڕاستە مرۆڤێك چەند ساڵێك لەخۆشيدا ژياوە، دەوڵەمەندێكی زيادەڕەو بووەو ئيسرافی كردووەو فيزاویو لوت بەرزو زۆردارو مل هوڕ بووە، يەكسان بێت لەگەڵ ئەو مرۆڤەی شايستەی بەهەشتە بۆ هەتاهەتايی، ئايا ئەم دوو مرۆڤە وەكو يەكن؟

---

(٢) پوختەی تەفسيری قورئان،ل ١٦٥.

(١) پوختەی تەفسيری قورئان،ل ٣٩٣.

خوای باڵادەست دەفەرمووێ:(فَأَمَّا مَنْ أُوتِيَ كِتَابَهُ بِيَمِينِهِ فَيَقُولُ هَاؤُمُ اقْرَؤُوا كِتَابِيهْ - إِنِّي ظَنَنتُ أَنِّي مُلَاقٍ حِسَابِيهْ)(الحاقة:١٩-٢٠)، واتە:(جا ئەوەی نامەی کردەوەکانی درایە دەستی ڕاستی ئەوە (بەدڵخۆشییەکی بی سنورەوە بەهاوەڵو ناسیاوانی) دەڵێت: هائەوە نامەی کردەوەکانم بگرنو بیخوێننەوە، و تەماشای بکەن، بەڕاستی من کاتی خۆی سور دەمزانی و دڵنیابووم کەبەم لێپرسینەوەیە دەگەم!!)[٢].

جارێکیان لەقوتابیەکیان پرسی کەپلەی یەکەمی بەدەست هێنابوو لەقۆناغی ئامادەیی چۆن ئەم پلەیەت بەدەست هێنا؟ وتی: لەبەرئەوەی چرکەساتی تاقیکردنەوەکە هەرلەخەیاڵمدا بووەو لەخەیاڵم دەرنەچووە بۆچرکەساتێك لەماوەی ساڵی خوێندنم.

خوای گەورە دەفەرمووێ:(إِنِّي ظَنَنتُ أَنِّي مُلَاقٍ حِسَابِيهْ)(الحاقة:٢٠)، واتە:(بەڕاستی من کاتی خۆی سور دەمزانیو دڵنیابووم کەبەم لێپرسینەوەیە دەگەم)[٣].

بەڵام دیمەنی دووەم:(وَأَمَّا مَنْ أُوتِيَ كِتَابَهُ بِشِمَالِهِ فَيَقُولُ يَا لَيْتَنِي لَمْ أُوتَ كِتَابِيهْ - وَلَمْ أَدْرِ مَا حِسَابِيهْ - يَا لَيْتَهَا كَانَتِ الْقَاضِيَةَ - مَا أَغْنَى عَنِّي مَالِيهْ - هَلَكَ عَنِّي سُلْطَانِيهْ) (الحاقة ٢٥-٢٩)، واتە:(بەڵام ئەوانەی نامەی کردەوەکانی دەدرێتە دەستی چەپی، ئەوە دەڵێت: خۆزگە نامەی کردەوەکانم پێ نەدرایە، هەر نەمزانیایە لێپرسینەوەم چۆن دەبێت، خۆزگە مردنەکەم یەکجاری بوایە (ئاوا زیندوو

---

[٢] پوختەی تەفسیری قورئان،ل ٥٦٧.

[٣] پوختەی تەفسیری قورئان،ل ٥٦٧.

نەکرامایەتەوە) ئەوەتە ئەو ماڵو سامانەی کەبووم فریام نەکەوت (بەڵکو نەماو تەفرو تونا بوو)، ئەو دەسەڵاتەی کەبووم لەدەستم نەماو لەدەستم چوو)[1].

بڕوای نەهێنا بەخوای گەورە، ئەگەر مرۆڤ بیری بکردایەتەوە لەدروستکردنی ئاسمانەکانو زەوی، ئەگەر بیری لەو هەموو مەجەڕانە بکردایەتەوە، ئەگەر بیری لەئەستێرەکان بکردایەتەوە، ئەگەر بیری لەخواردنەکەی، لەخواردنەوەکانی بکردایەتەوە، لەبارانەکانو دەریاکانو دەریاچەکان، لەڕووەکەکان، لەماسیەکان، لەباڵندەکان، لەمناڵبوون، لەتایبەتمەندیەکانی لەش، ئەوا خودای باڵا دەستی دەناسی، باوەڕی دەهێنا بەوخوا گەورەیە، باوەڕکردنەکەشی ڕێگر دەبوو لەئەنجام دانی تاوانو خراپەکاری.

ئایەت گەلێکی زۆر هەن باس لەجیاواز بوونو هاوسەنگی کردن و بەراورد کاری دەکەن لەنێوان باوەڕدارانو بێ باوەڕان و یاخی بوواندا، خوای گەورە هەموومان بگێڕێ لەباوەڕداران، لەبەر ئەوەی خوای گەوەرەو میهرەبان ڕێزو هەیبەتی پێ بەخشیون و یادیانی بەرز ڕاگرتووەو پارێزگاری لێکردوونو پشتگیریو پشتیوانیان دەکات.

---

[1] پوختەی تەفسیری قورئان، ل ٥٦٧.

# سەرچاوەی سوود لێبینراو بۆ وەرگێڕانەکە

١. تەفسیری ئاسان، بورهان محمد أمین، کتێبخانەی ڕۆشنبیر، سلیمانی، هەولێر، (٢٠٠٤)، چاپی ئێران،١٣٨١ش،ق.

٢. تەفسیری ڕامان لەماناو مەبەستی قورئان، ئەحمەدی کاکە محمود، چاپی دووەم، ساڵی ٢٠٠٩، چاپخانەی دار الفکر، بیروت، لبنان.

٣. پوختەی تەفسیری قورئان، محمد ملا صالح، چاپی هەشتەم، لەبڵاو کراوەکانی کتێبخانەی تیشك، سلێمانی، ژمارەی سپاردنی (٥٧٢)ی ساڵی ٢٠٠٤ ی پێدراوە.

٤. دیوانی د. صباح بەرزنجی، دەستنوس.

٥. فەرهەنگی شیرین، فازڵ نیزامەدین، بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی زانیار، سلێمانی، ٢٠١٥، چ ٣.

٦. فەرهەنگی قوتابخانە، محمد جعفر مجید، بڵاو کراوەی کتێبخانەی حاجی قادری کۆیی، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٦.

٧. فەرهەنگی قوتابی، ئامانج محممەد، بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانە گشتیەکان، سلێمانی، ٢٠١٥.

٨. فەرهەنگی گیرانی ئاسان، ئاکۆ فاتیح، چاپخانەی خەنساءبۆ چاپەمەنی.

٩. فەرهەنگی سەرچاوە، مجید عبدالله إبراهیم، بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی زانیار، سلێمانی، ٢٠١٥.

١٠. فەرهەنگی دەریا: ڕزگار کەریم، ساڵی ٢٠٠٦، نەشری دار ئیحسان.

١١. فەرهەنگی ژین، حسن نجم الدین، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٣.

١٢. هەمبانە بۆرینە (کردی — فارسی)، هەژار (عبدالرحمن شرف کندی)، سروش، تهران ١٣٩٢.

١٣.صحيح البخاري، المؤلّف: ابن الحجر العسقلاني، دار المعرفة، بيروت، ١٣٧٩ (رقم الحديث ٦١٣٥ – ١١٥٨٢).

١٤.نيل الأوطار، تأليف: محمد بن علي بن محمد الشوكاني، نشر: دار الحديث، مصر، سنة النشر الأولى: ١٤١٣ – ١٩٩٣م.

١٥.مقاييس اللغه، إبن الفارس، إتحاد الكتاب العرب، ٢٠٠٢ م.

١٦.(المعجم المعانى الجامع) www.almaany.com

١٧.الأنترنيت– موسوعه النابلس للعلوم الاسلاميه.

# پێڕست


| بابەت | وەرگێر | لاپەڕە |
|---|---|---|
| دەستپێك | فاتیح سەنگاوی | ٢ |
| دیداری پەروەردگار | سۆزان عسکر علی | ١١ |
| یاسای کۆچکردن | ئارام فتح الله محمد | ٢٠ |
| یاسای ئاسایش | مریم لەتیف عبدالله | ٣١ |
| یاسای دوژمنایەتیو ڕق لێبوون | پەروین عمر کاکە عبدالله | ٤١ |
| یاسای ئاسان و دژوارکردن | ڕەوەند شێروان ئەحمەد | ٤٩ |
| یاسای بەدەمەوە بوونو لێکدابڕان | پەروین عمر کاکە عبدالله | ٦٣ |
| یاسای ژیانی خۆش و گوزەرانی ناخۆشو تاڵ | مەریم لەتیف عەبدوڵا | ٧٣ |
| یـاسـای گـــۆڕان | نەوال کەریم ئەحمەد | ٨٥ |
| یاسای گەڕانەوە و پەشیمانی | سۆزان عەسکەر عەلی | ٩٦ |
| یاسای سەرکەوتن | هێرۆ موحەمەد عەلی | ١٠٥ |
| یاسای سەربەرز بوون | نەوال کەریم ئەحمەد | ١١٤ |
| یاسای ڕزق و ڕۆزی | هێرۆ موحەمەد عەلی | ١٢٦ |
| یاسای پشتیوانی و بەریبوون | ئارام فەتحوڵا موحەمەد | ١٣٧ |
| یاسای سەرکەوتن | گوڵە هێرۆ فەتحوڵا کەریم | ١٤٨ |
| یـاسـای تکاکـردن | سەباح موحەمەد کەریم | ١٥٧ |
| یاسای داد پەروەری | حەیدەر حەمەسور مستەفا | ١٦٤ |
| یاسای دەربازبوون لە خەم و دڵتەنگییەکان | سەباح موحەمەد کەریم | ١٧٧ |
| یـاسـای خۆشەویستی | گوڵە هێرۆ فتح الله کریم | ١٨٦ |
| یاسای وەرگیرانی کار | ڕەوەند شێروان ئەحمەد | ١٩٦ |
| یاسای لێکدی جودا کردنەوە | سەرگول عەلی حەمە ئەمین | ٢٠٧ |
| یـــاســـــای نـــزا | سەرگوڵ عەلی حەمە ئەمین | ٢١٥ |
| یاسای ڕزگاربوون | ڕەوەند شێروان ئەحمەد | ٢٢٥ |
| یاسای بە فیڕۆچوونی کارەکان | ڕەوەند شێروان ئەحمەد | ٢٣٢ |
| یاسای جێنشینی | حەیدەر حەمەسور مستەفا | ٢٣٩ |
| یـاسـای نـیازی بـاش | سەباح موحەمەد کەریم | ٢٤٨ |
| یاسای تێکۆشان لە ڕێگای خوادا | ڕەوەند شێروان ئەحمەد | ٢٥٣ |
| یاسای جیاواز بوون | هێرۆ موحەمەد عەلی | ٢٦١ |
| سەرچاوەکان | | ٢٦٩ |

زانكۆی گەشە پێدانی مرۆیی
كۆلێجی زمان

# چەند یاسایەك لە قورئانەوە

نوسینی: د. موحەممەد راتب نابولسی

وەرگێڕانی:
دەستەیەك لە خوێندكارانی بەشی عەرەبی / كۆلێجی زمان

سەرپەرشتی و پێداچوونەوەی:
د. فاتیح سەنگاوی


لە بڵاوكراوەكانی
زانكۆی گەشە پێدانی مرۆیی